

# رۆژە سەختەکان

نووسینی : برایم چووکەڵی

ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی









## پێشەکی

ئاوڕدانەوە لە مێژوو کارێکی زۆر بە نرخە. چونکە ئەگەر نەزانین ڕابردوومان چۆن بوە ڕێگای داهاتوومان تاریک دەبێ. لە تاریکیی داهاتوودا ناچارین ئەزموونەکانی رابردوو دووپات بکەینەوە. بۆیە دەبێ هەموومان بزانین لە مێژوودا چیمان هەیەو چیمان کردوە. بە ئاوردانەوە لە رابردوو نەسلەکانی داهاتوو بەرچاویان روونتر دەبێ. مێژووی ئێمە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتری پێویستە تا ئەزموونە باشەکانی بەکار بێنینو هەڵەکانی دووپات نەکەینەوە .

خەباتی چەکدارانە لە پێناو دەستەبەرکردن و وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستییەکی لەمێژینەی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد بووەو یەکیک لەو فاکتۆرە هەرە گرینگ و بە هێزانە بووە کە کاریگەریی ریشەیی لە سەر بەهێزکردن و بەرزبوونەوەی شوناسی نەتەوەیی داناوە. لەو بەرەنگارییەداو لە سەردەمی دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامیدا نزیکەی ٥ هەزار کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و زیاتر لە پەنجا هەزار کەس خەڵکی بێدیفاع شەهید بوون. لەو ٥ هەزار کادرو پێشمەرگە شەهیدە، ٥ لە سەد، واتە ٢٥٠ کادرو پێشمەرگە خەڵکی ناوچەی بۆکان بوون. لە نێو ئەو ٢٥٠ شەهیدە نزیکەی ١٤ لە سەد دوو براو سێ برای بنەماڵەیەک کە گەورەترین سەرمایەی ژیانیان پێشکەش کردوە. ئەوە تەنیا لە بۆکان و هێزی بەیانە کە ئەو ئامارەم هەڵێنجاوە ئەگینا لە شارەکانی دیکەش زۆر بنەماڵە دوو براو تەنانەت زۆر لەوە زیاتر لە یەک بنەماڵە شەهید بوون.






دوا بەدوای تەواو بوونی کتێبی "ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات" بیرم لەو سوژەیە کردەوە کە لە سەر بیرۆکەیەکی واقعی ئاورێک لەو پێشمەرگە شەهیدانە بدەمەوە کە ئەندامی بنەماڵەیەک بوون(دوو کوڕیان سێ کوڕ). بۆیە حەماسەکانی رابردووی ئەو شەهیدانە لە مێشکم دا خولی خوارد، منیش تەمبەڵیم نەکردو لە کومپیتێرەکەم دا پاراستمن و زۆر بە وردی بیرم لێکردەوە. لە بنەماڵەیەک را دەست پێ بکەم و بیکەمە سەرەتایەک بۆ نووسینەوەی رووداوە گرینگەکانی چارەگە سەدەیەک بەرخۆدان و ئەزموونی شەڕی پارتیزانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەژاندنی گۆمی مەندی فەراموش کردنی مێژوویی.

ئەو کتێبە باسی دوو برا دەکا. ناوی خوازراوم بۆ داناون بۆیەش پەنام بۆ ئەو ناوانە بردوە وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد لەو ناوچەیە زۆر نموونەی لەو چەشنەمان هەیە کە دوو براو سێ برا لە بنەماڵەیەکدا شەهید بوون. هەر جارێ لە شوێنێکی کتێبەکە باسی فیداکاری و لەخۆبوردوویی شەهیدێک کراوە، بەڵام هەر بەناوی "هیوا"و"ڕێباز" تا کۆتایی بەشی یەکەمی کتێبەکە رۆڵی سەرەکییان هەیە. ناوی هیچ زیندوویەک لەو بەشەدا نیە هەرچی ناوی هاتووە شەهید بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کتیبەکەدا ئەم ناوانەم لە زەین دا بوو: دووبرا لە یەک سەنگەردا، دوو برای شەهید، ژیانی بنەماڵەیەکی پێشمەرگە، دوو شەهید لە یەک سەنگەردا، دوو ئەستێرەی گەشاوەو سەرئەنجام "ڕۆژە سەختەکان"م هەڵبژارد. بۆیە ڕۆژە سەختەکانم هەڵبژارد، هەم ژیانی بنەماڵەکە بە سەختی تێدەپەڕێ هەم ژیانی پێشمەرگایەتی بە قۆناغی سەختدا تێدەپەرێو هەم گوردانی نۆبار بە سەختی دەستی بە سەر دا گیرا. کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ هەر وەک ئاماژەی پێکرا بەشی یەکەمی باسی ژیانی دوو برای شەهیدە دەکاو بەشی دووەمی باسی دەست بەسەر داگرتنی گوردانی ئیمام حەسەن لە گوندی "نۆبار"ی بۆکان دەکا کە وەک لاپەرەیەکی پرشەنگدار لە مێژووی خەباتی حیزبی دیموکراتدا ماوەتەوە. لەو بەشە نهێنییەکانی وەستا ئەحمەد و چونییەتی دەست بە سەرداگرتن لەمەر گوردانی ناوبراوم ئاشکرا کردوە.

ڕۆژە سەختەکان، باسی ژیانی بنەمەڵەیەک دەکا کە لە بارێکی نزمی ئابووری و ئاستێکی نالەباری ژیان و گوزەران دایەو منداڵەکانی پەروەردە دەکا. کەچی سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەش لەبەر ئەوەی کوڕیان پێشمەرگەیە راپێچی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێن.
هەروەها باسی فیداکاریی باوکی پێشمەرگە دەکا کە تەسلیمی ڕێژیم نابێ و سیخوڕیی بۆ ناکا.

ڕۆژە سەختەکان، باسی چۆنیەتی هاتنی دوو برا بۆ ریزەکانی هێزی پێشمەرگە ئەو شانازییانەی کە تۆماریان کردوە دەکا. باسی رەفتاری مرۆیی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕو باسی برسییەتی و ماندوو بوون لە پێناو رزگاری و بەختەوەریی نەتەوەیەکی زوڵم لیکراو دەکا.

ڕۆژە سەختەکان، باسی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و کوشتنی خەڵکی بێدیفاع و زوڵم و زۆری ئەم رێژیمە لە خەڵکی کوردستان دەکا. لە بەشی دووەم دا باسی دەست بە سەرداگرتنی گوردانی نۆبارو ئاشکرا کردنی نهێنی‌یەکانی فەرماندەیی شەهید وەستا ئەحمەد دەکرێ. ئەو کە چۆن لە بنەماڵەیەکی کوردەواریدا گەورە بووو دواتر بوو بە فەرماندەیەکی لێهاتوو کە هێزی کۆنەپەرەستی بەدەستییەوە دامابوو. هەموو پیلانەکانی سوپایەکی پۆشتەو پەرداخی پووچەڵ دەکردەوە.

لە کۆتایی‌دا هیوادارم توانیبێتم ئەزموونێکی بە نرخم لە هاوڕێ شەهیدەکانم تۆمار کردبێ و نیشانم دابێ کە چۆن لاپەرەکانی مێژووی نەتەوەکەیان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوە.

برایم چووکەڵی ٢ی پووشپەری ١٣٩٢






# بۆ پێزانین

ئەوەندی من بزانم ئەوە شەشەمین کتێبی چاپ کراوی تێکۆشەر برایم چووکەڵییە کە دەخرێتە بەر دیدی خوێنەری کوردو کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند دەکرێ. کتێبە چاپکراوەکانی دیکەی کاک برایم بریتین لە:

١- چەپکێک گوڵالە سوورە.

٢- لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە.

٣- ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی.

٤- قەڵای بەرخۆدان.

٥- ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات. هەم ئەم کتێبەو هەم کتێبە چاپکراوەکانی دیکەی ئەو بەڕێزە یان باسی خەباتی ڕۆڵە تێکەشەرەکانی کورد دەکەن کە لەڕیزی پێشمەرگەدا فیداکارییان لە پێناو وەدی هێنانی ئاواتەکانیان دا کردوە، یان باسی ئوسوول و ڕێوشوێنە دروستەکانی ئەو خەباتە پڕ مەترسییە دەکەن. بەمجۆرە ڕەنگە کاک برایم لەو دەگمەن کەسانە بێ کە هەموو بەرهەمەکانی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و لە پێناو خزمەتێکی پیرۆز دا نووسیبێ .

تێکۆشەر برایم چووکەڵی کەسێکە لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە ڕێگای خەباتێکی پڕ مەترسیی گرتۆتە بەرو لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکانی دا کوێرەوەریی زۆری دیوەو بەسەر بازگە پڕ مەترسییەکانی ژیاندا تێپەڕیوە. ناوبراو کە خۆی لەنێو ڕەوتی ئەو خەباتە پڕ فیداکارییە دا بووەو بە ڕەگو پێستەوە هەستی بە مەترسییەکانی کردوە ناحەقی نییە هەموو تواناو وزەی خۆی بۆ گەیاندنی دەنگی پێشمەرگە بە نەسلی نوێ و دوارۆژی نەتەوەکەی تەرخان بکا. من پێشتر لە زنجیرە نووسراوەیەک دا بە ناوی "مێژووی زیندوو" باسی ژیان و خەباتی تێکۆشەر چووکەڵیم کردوە کە پێم باشە بەشێکی کەمی لێرە دووبارە بکەمەوە.

کە بەسەر هاتی چووکەڵی دەخوێنییەوە، لە قووڵایی ناعەداڵەتییەکانی کۆمەڵ و ئازاری ئینسانەکان دەگەی. کە بڕیاری چووکەڵی بۆ بەربەرەکانی دەبینی، بڕیاردانت بۆ هاسان دەبێ و پێت خۆشە هەموو مەترسییەک تاقی کەیەوە. (ئاخر برایم هێشتا تازە لاوێکی پازدە ساڵانەبوو کە خۆی بە دەریای پڕ لەکارەساتی پێشمەرگایەتی داکردو دەگەڵ شەپۆلە پڕ هەیبەتەکانی ئەو دەریایە کەوتە هاتوچۆ). کە ڕەوتی خەبات و فیداکارییەکانی برایم چووکەڵی تاقیب دەکەی، ڕقت لە دوژمن زیاترو دڵسۆزیت بەرانبەر خەڵک و نیشتمان چەند هێندە دەبێ. کە لە زمانی چووکەڵییەوە ناوی ئەو هەموو قارەمان و تێکۆشەرە دەبیسی، حەسرەتی نەناسینی ئەوان بەربینگت پێ دەگرێ و ئازارت دەدا. کە چووکەڵی مەیدانی شەڕی پێشمەرگە و هێزی دوژمنت بۆ تەرسیم دەکا، ژێنراڵە سەرسینگ پڕ لە میداڵەکانت لێ دەبێتە هیچ. کە باری قورسی سەرشانی برایم چووکەڵی دەبینی، خۆت لەبەر چاو دەکەوێ. لە یەک قسە دا: کە تێکۆشانی برایم چووکەڵی دەبینی، لە مانای ڕاستینی خەبات دەگەیو هەربۆیە پێشمەرگەت بە هەیبەتتر دێتە بەر چاو. خۆزگە تەرازووی عەداڵەت لانیکەم لە حاند هەڵسەنگاندنی پێشمەرگە درۆی نەکردبا و جارێک لە جاران قورسایی ئەو گەوهەرەی بە دروستی کێشابا" (مێژووی زیندوو بەشی ٥).

ئێستا کە ساڵانێکە ڕەوتی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕاوەو حزووری پێشمەرگە لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات دا ڕەنگی نەماوە، کاک برایم بەو نووسینانەی بە زمانێکی خۆماڵییانەو هەر بەو تێگەیشتنە قووڵەی خۆی لەمانای پێشمەرگە وەبیرمان دێنێتەوە کە خەباتیان لەبیر نەکەین و قەدری ئەو گیانبازی و چاو نەترسییانەیان بزانین. ئەو وەبیرمان دێنێتەوە کە هەزاران "هیوا" و "ڕێباز" لە پێناو ئازادیی






کورد دا گیانیان فیدا کردوە و هەزاران "مام عەلی"یش بە هۆی ئەوە بابی ئەو تێکۆشەرانە بوون کەوتوونەتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی دوژمن.

"ڕۆژە سەختەکان" کە شەشەمین بەرهەمی تێکۆشەر کاک برایمە تەنیا لە خەباتی بێوچانی پێشمەرگە نادوێ، تەنیا باسی قارەمانەتی و چاونەترسیی ئەو ڕۆڵە ئازایانە ناکا، بەڵکوو لە ئازارێک دەدوێ کە جەستەی هەموو کۆمەڵی کوردی داگرتوە. لەم کتێبە دا نەسلی ئێستای کورد کە بە چاوی خۆی ئەو خەباتەی نەدیوە بۆی ڕوون دەبێتەوە باوک و دایک و خوشک و براکانی لە ڕابوردوودا چیان چێشتوە و چۆن بەرگەی ئازاریان گرتوە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێ چۆن لەم کوردستانە سەدان بنەماڵە بە دوو کوڕو سێ کوڕیان یەک بە دوای یەکدا ڕەوانەی بەرەکانی خەبات کردوەو بەشێکی زۆری ئەوانەش وەک هیواو ڕێباز لە پێناو ئاواتەکانی کورد دا گیانیان فیدا کردوە.

من لەم کورتە نووسینەدا نەم ویستوە بچمە سەر خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەم کتێبە کە ئەوەیان ئەرکی ڕەخنەگرانی ئەدەبییە. ئەوەی بۆ من گرینگەو زۆریش بە حەزەوە وەدووی دەکەوم دوو شتن :

یەکەم، هەر وەک گوتم نووسەر خۆی بە تەمەنێکی کەمەوە دەستی بە خەبات کردوەو هەموو پلەکانی چوونە سەری پێشمەرگایەتیی بڕیوە هەتا بۆتە فەرماندەرێکی بە توانا. یانی کاک برایم پیشەی نووسەریی نەبووە و بۆشی نەخوێندوە.، بەڵکوو تەنیا حەزو دڵسۆزییەکانی بوونەتە هۆی ئەوە کات و توانای خۆی بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕۆژە سەختانە تەرخان بکاو نەسلەکانی دوارۆژی لێ ئاگادار بکا.

دووهەم، وەفاداریی نووسەر بەرامبەر بە هاوسەنگەرە شەهیدەکانییەتی کە حورمەتی منی ڕاکێشاوە. هەتا ئێستا کەسی دیکەم نەدیوە وەک کاک برایم خەمی شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی بەو جۆرە بەربینگی پێ گرتبێ و هەموو توانای خۆی بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەوانو ڕێزگرتن لە خەباتەکەیان تەرخان بکا. من کە ئەم کتێبە دەخوێنمە لە جیاتی دۆزینەوەی هەڵەی نووسین و دارشتنی ئەدەبی، وەدووی ئەوە دەکەوم کە بزانم بۆ "مام عەلی"یەکان ئێستا لە مەیدان دا نین هەتا بە ڕاوەستانی خۆیان زەندەقی بەکرێگیراوانی ڕیژیم بەرن. من کە ئەم کتێبە دەخوێنمەوە هەزاران "هیوا" و "ڕیباز" لە پێش چاوم سەف دەبەستن و چەک لەشان بەرەو لووتکە هەڵدەکشێن. بۆیە لە لایک لە بەرامبەر گەورەیی ئەو فیداکارانەدا دەبمە تنۆکێک ئاوو لە لایەکی دیکەش پرسیار لە سەر پرسیار بەربینگم پێ دەگرن: ١.... ٢ ..... ٣.....

بە بۆنەی بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە "ڕۆژە سەختەکان" پیرۆز بایی لە تێکۆشەر برایم چووکەڵی دەکەم و پێی دەڵێم دەستخۆش کە هاوڕێیانی خۆت لە بیرن. ئەمن دەزانم سووژەی ئەم کتێبە بۆ ڕۆمانێکی گەورەی پڕکێش دەست دەدا و خۆزگە ڕۆمان نووسەکانمان ئاوڕیان لەو جۆرە سووژانە دابایەوە. سەرکەوتن بۆ کاک برایم چووکەڵی و ئەو خەباتە ڕەوایەی "هیوا" و "ڕیباز" و هەزاران شەهیدی لە پێناو دا دراوە.

هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا - ٩ / ٧ / ٢٠١٣ = ١٨ / ٤ / ١٣٩٢






## یەک [ ١ ]

لە نیوەی ساڵی ١٣٤٢ دابەش کردنی زەوی بە سەر جووتیارانی موکریان کە بۆ ئەوان زۆرتر وەک خەون وابوو، وەڕاست گەڕا.
نزیک بە دوو ساڵ بوو کە ئاغاو دەرەبەگایەتیی نەمابوو، خەڵکی ناوچەی موکریان کە لە سەر زەوی کوێرەوەریی زۆریان دیبوو، تەنانەت لە لایەن ئاغاکانەوە (١) دەربەدەریش کرابوون، وەک زۆر بنەماڵەی دیکەی کوردستان ببوونە خاوەن زەوی و خەریکی کاری وەرزێڕی بوون و خۆیان ماندوو دەکرد بۆوەی ژیانێکی باشتریان هەبێ و پاشەکەوتی زیاتر بۆ زستان بخەن.
لە یەکێک لە گوندەکانی ئەو مەڵبەندە ماڵێک کوڕێکیان دەبێ بە ناوی عەلی، کە سەوادی خوێندنو نووسینی نەبوو. ئەو شەوو ڕۆژ خەریکی کارو تێکۆشان و کوێرەوەریی لە سەر زەوی بوو. حەسانەوەی نەبوو، ماندوویی نەدەناسی. لەکەڕەی بەیانییەوە بە چەند نان و پیاڵەیەکی چووکە ماست و چەند کوڵە قەندێکەوە ڕێی مەزرای دەگرتە بەرو تا شەو تاریکان نەدەگەڕایەوە. کە دەگەیشتەوە ماڵێ ماندوو شەکەت پاڵی وەکۆڵەکە قورماوییەکەی نێوماڵ دەداو پارووی لە زاردا دەما خەوی لێ دەکەوت. براگەورەکانی لێی تووڕە دەبوون: هەستە کوڕە هەستە، نان و زەهرەمارەکەت بخۆ. بە گیانی ناخێرت تازەت ژن هێناوە، ئەوە بۆ خەونووچکە دەتباتەوە، شەواو شەو دێیەوە نابێ تاوێک لای دانیشی؟
عەلی داماو و ماندوو ڕادەچڵەکی و بە دەم خەوەوە نانەکەی دەخواردو دەچۆوە دیوی خۆیان.
ماڵی عەلی لە یەکێک لە دێهاتەکانی ناوچەی موکریان بوو، چوار دەوری گوندەکەیان باخی میوەی جۆراوجۆری وەک سێو، قەیسی، هەرمێ، گێلاس و بەڵاڵووک و... بوو. وەرزەکانی ساڵ بەپێی سروشتی خۆیان دەهاتن و دەچوون. زستانانی ساردو زیاتر لە ٣ مانگ بوو. چۆمی تەتەهوو کە قەت ویشکی نەدەکرد، بە نێوەڕاستی ئاوایی دا سەرەو خوار دەبۆوەو بە درێژایی زیاتر لە ٥٠ کیلومیتر بە گوندەکانی حەمامیان، تاراوە، وشتەپە، ئەمیرئاباد، ئەنبار، داشبەند، هەباساوە، مەڵلالەر، قەرەموساڵی، گۆلێ، حوسێنمامە، کیلواباد، حاجیاباد، قەڵاوقارنجە، ساروقامیش و شیناوەدا تێدەپەڕی.
لە هاوینان‌دا کچان بۆ جلک و قاپ و قاچاغ شۆردن دەچوونە سەر چۆمی. دڵدارەکانیان دەچوونە سەر ڕێگەیان و بە قسەی خۆشی دڵداری دەیان‌لاواندنەوەو وادەی شەوژوانیان لێ وەردەگرتن و دڵخۆش و لێوبەبزە بەرەو ماڵێ دەگەڕانەوە.
هەشبوون ئەو لاوە چەقەسرۆیانەی گراوەکانیان بۆ کەوی نەدەبوو. لە کچە تووڕەبوون و نازو نووزو لەویش پێداگری و پاڕانەوە. بەمجۆرە خۆرئاوابوون هەرکەسەو بەرەو ماڵەخۆیان دەگەڕاوە .
زستانان جحێڵان دەستە دەستە کۆ دەبوونەوە. دێ بە دێ ملی ڕێگایان دەگرت. هەر شەوێ لە گوندێک جۆرابێن دەکراو ئەو قرمەوقاڵە بە دەم خواردنی شەوچەلە تا نیوەشەو درێژەی دەبوو. پاییزانیش مێشن، تۆپێن، شەڕەکەڵ، شەڕەسەگ وکەڵەمەستێن، خەڵکی لە دەوری یەکتر کۆ دەکردنەوەو زۆر جاریش لە سەر شەڕەکەڵو ئەو کایەو بەزمانە شەڕ ساز دەبوو.
کە بەهار دەهات و دوای جێژنی نەورۆز ئیدی خەڵکی ئاوایی بۆ ماوەی ٦ مانگ بە کارو کوێرەوەرییەوە خەریک دەبوون. زۆر جاریش لە هەرەوەزی نۆک و دروێنەدا لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و لەگەڵ کارو ماندوو بوون، ڕۆژگاری درێژی هاوینیان بە قسەی خۆش و سۆحبەتان تەواو دەکرد .

١- مەبەست لە ساڵی ١٣٣٢ کە ڕاپەرینی جووتیارانی موکریان بە دەستی ئاغاکان سەرکوت کرا.






لە یەک قسەدا گوندەکەی عەلی گوندێکی پڕ پیت و بەرەکەت و دڵ بلاوێن بوو کە لە لێواری چۆمی تەتەهوو هەڵ کەوتووە. هەیاس گوتەنیّ " چاوت بە دەیان دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ دەکەویّ کە هیچی وەک ئەوی تر ناچیّ. بەراستی دەستی سروشت و هێزی ئینسان لە دەوری ئەو گوندە هونەری نواندوەو شتێکی وەک بەهەشتی خوڵقاندوە. هەموو شوێنێک سەرسەوزو دڵگیر، باغاتی هەموو جۆرە میوەیەک و بەروبێستانی نەخشاو جۆگەوجۆباری ڕێکوپێک و پڕئاو"، گوندێک لە چاو گوندەکانی دیکە پڕ حەشیمەت و ئاوەدان، خەڵکێکی ماندوویی نەناس و پڕکار .

عەلی نیزیک دوو ساڵێک بوو ژنی هێنابوو، زۆری نەمابوو ببیّ بە باوک. ئەو دوای ژنهێنانەکەی ئەرکەکانی ئەوندەی دیکە قورستر ببوو. ڕۆژ تا ئێواریّ خەریکی کارو بێنەوبەرە بوو بۆ ئەوەی بتوانی نەمری نەژی بژیوی خێزانیکی ١٥ کەسی دابین بکا .

عەلی سێهەمین کوڕی ماڵەوەیە، برا چووکەی هێشتا ڕەبەنەو، خوشکێکی نازداریشی هەبوو. کچێکی جوان و ڕەزاسووک، باڵابەرزو چاوئەستێرە. خەڵکی دەیان گوت چاوی وەک بنەژێرپیاڵە وایە، ٢٣ ساڵی تەمەن بوو، هەرچی کوڕی گوند بوو بە ئاواتی بوو. کاتێک ڕووی لە چۆمی دەکرد ئاراو قەرا لە جحێڵی ئاوایی هەڵ دەگیرا. تاک و تەراو پۆلپۆل لە سەر ڕێی چۆمی ڕیزیان دەبەست. چەند ساڵ لەوە پێش چەند ئاوایی خوار لە ئاواییەکەی خۆیان بە کابرایەکی خێڵوخوار ژن بەژنەی پیّ کرابوو، زۆری پیّ نەچوو لە سەر منداڵ چوو.

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٣٤٣ بوو. عەلی سەعات تاریکانی ئێوارە لە مووچەی گەڕابۆوە. لە حەوشە دەهاتو دەچوو. خەریکی تاقەتکردنی گاجووت و وڵاغەکانیان بوو. لە ژوورەکەی کە داروو دیواری بە هێلانەی جاڵجاڵۆکە تەنرابوو، گوێی لە زیقەی منداڵێک بوو. خۆی بە ژووریّ داکردو کوتی کوڕە یا کچ؟ چەند ژنێک کە لە دەوری خێزانی بوون، گوتیان لە خودای بەزیاد بیّ کوڕە... خودا کوڕێکی جوانی پیّداون .

لە خۆشیان کەوشە جیرە دڕاوەکەشی لە پیّ نەکردو بە پێخاوسی چۆوە تەویلە تا لە تاقەت کردنی وڵاغ و گاوجووتەکەی دڵنیا بیّ .

پاش ئەوەی حەوتووی مناڵەکەیان چوو، بانگی مەلای ئاوەدانی‌یان کرد بانگیان بە گوێی کوڕە ساواکەدا خوێندو ناویان نا محەممەد.

حوسێن برا گەورەی عەلی کە کەینو بەینی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، ئەو ناوەی بە دڵ نەبوو. لە نێوان حوسێن و مامۆستا بوو بە مشتومڕ. حوسێن دەیگوت ناوی دەنێم هیوا. مەلا دەیگوت سجیلی پیّ نادەن. حوسێن قسەی خۆی بردە سەریّو کۆرپەی ساوایان ناو نا هیوا. میوانەکانیش گوێزەبانەیان خواردو چۆڵیان کرد.

عەلی ڕۆژ تا ئێواریّ لە مەزرا لە بەر خۆیەوە گۆرانیی بە سەر کوڕەکەی دا هەڵدەگوت، هەزار خەون و خولیای بۆ کوڕەکەی هەبوو. بەرەبەرە کوڕەکەی گەورە بوو. تەمەنی هیوا گەیشتبۆ ٥ ساڵان، ئێواران کە عەلی لە مووچە دەگەڕایەوە، کەرەکەی پێش خۆی دەکەوت. لە پشتی دەرگا گوێی لیّ دەبوو هیوا دەیگوت کەرە گیان، ئەدی کوا بابم؟ ئەو نەهاتەوە؟ ئەدی ئەو کەی دێتەوە؟ دایکی هیوا بە هەڵدانی شایی لە دڵدا دەگەڕا. شەوانە قسە خۆشەکانی هیوای بۆ عەلی دەگێڕاوە. بەڵام ئەو هێندە شەکەت و ماندوو بوو زۆرجار گوێی بەو قسانەی نەدەدا. زۆر جاریش پێی دەگوت کە بۆ خۆت هەڵی دەبەستی، دەنا منداڵێکی ٥ – ٦ ساڵان قسەی لەو جۆرەو شتی وا چووزانیّ ....

عەلی ماوەیەک بوو لە ماڵی جودا ببۆوە. بە دوو سیپاڵە کۆنەوەو جلوبەرگ و گیازی خێزانی ماڵی خۆی دانابوو.

پاییزی ساڵی ١٣٥٢ بوو. تازەتراکتۆر پەیدا ببوو، خزمێکیان بە تراکتۆر جووتی بۆ دەکردن. ئەو ڕۆژە، هەینی بوو. قوتابخانە نەبوو. عەلی کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بردبۆ مەزرا.. پاییزی درەنگوەخت، گڤەگڤی بای سارد منداڵە ٨ ساڵانەکەی عەلی ئازار دەدا. لە سەرمان خۆی وێک هێنابوو، کرووشمەی کردبوو، عەلی چاوی بە کوڕەکەی کەوت، چارەکە گەنمەکەی لە خۆی کردەوەو ئاگرێکی بۆ کردەوە، هەر لە ماڵەوە دایکیشی چارەکەی شانی خۆی بە هیوا دادابوو تا سەرمای نەبیّ. عەلی ئاگری بۆ کردەوەو کوتی ڕۆڵە لە قەراغ ئەو ئاوەرە دانیشەو خۆت






گەرم کەوە. چەند کووزم ماوە، تۆوەکە بڵاو دەکەمەوەو دەڕۆینەوە. عەلی چووبۆوە سەر کووزەکەی لە پڕ دیتی شۆفیر تراکتۆرەکە بەرەو هیوا رادەکا، عەلی ئاوڕی داوەو دیتی چارەکەی سەرشانی کوڕەکەی ئاوری گرتووە. خۆیان گەیاندێ. ئاورەکەیان بۆ نەدەکووژاوە. جۆگە ئاوێکیان لێ نیزیک بوو، شۆفیری تراکتۆرەکە زوو هیوای لە جۆگە ئاوەکە هەڵکێشاو ئاگرەکە کوژایەوە. هیوا لە ترسان ژاکابوو. سەری هەڵپڕووزابوو. دەستەکانی سوور هەڵگەڕابوون. ئەوان بە ناچاری دەستیان لە کاری ئەو رۆژە هەڵ گرت و بە پەلە بەرەو ماڵێ گەڕانەوە.

عەلی تەواو نەهاتبۆوە سەرەخۆ، هەر لەبەر دەرگاوە دایکی هیوای دایە بەر جنێوو قسەی سووک کە بۆ ئەو چارەکەیەت بە شانی ئەو کوڕە دا داوە.

دایکی هیوا کە لە هیچ کوێ جێی نەبوو، لە تاوی کوڕەکەی ئاراو قەرای لێ هەڵگیرابوو، مێردەکەشی چی قسەی سووک و ناشیرین بوو یەک لە دوای یەک ڕیزی دەکردن. براکانی عەلی گەیشتنێو لێی تووڕە بوون کە خۆ هیچ رووی نەداوە. تازە ئەگەر خەتایەکیش کرابێ ئەوە تۆ کردووتە ئەو ژنە داماوە بلێ چی؟ پێم ناڵێی بەو سەرمایە ئەو منداڵەت بۆ کوێ بردوە؟

زستانی ئەو ساڵە زۆر سەخت بوو. زیاتر لە دوو میتر بەفری تێ کردبوو. عەلی لە کارەساتەکەی پاییزێ کە خەریک بوو کوڕەکەی تێدا بچێ، دەرسی وەرنەگرتبوو، شەوانە بۆ شەونشینی لەگەڵ خۆی ئەم ماڵ و ئەو ماڵی پی دەکرد. شەوێک لەو شەوانە درەنگ وەخت کە لە شەونشینی دەگەڕانەوە، لە کوچەو کۆڵانەکانی ئاوایی تووشی ڕەوە گورگێک بوون، هەموو چەکێکی ئەو کات گۆپاڵی گەورە بوو. بزماریان لە سەری گۆپاڵەکە دەدا، هیچ ڕەشاییەک لە سەر زەوی دیار نەبوو لە تاو کوڕەکەی نەیدەزانی چی بکا .هەر دڵخۆشی دەداوە کە هیچ نیە، ئێستا لێیان دەدەمو دەیان تۆپێنم، گورگ فشاریان بۆ عەلی هێنا، وردە وردە لە تاو کوڕەکەی بەرەو دیوار دەکشایەوە، ڕەوە گورگ خستبوویانە تەنگانەوە. گۆپاڵی هەڵێناوە کە لێیان بدا، بەڵام گۆپاڵەکە لە پشتەوە رانی کوڕەکەی گرتو هاواری لێ بڵیند کرد. وەی بابەڕۆ !!!.....

عەلی بێچارە نەیدەزانی چی بکا. لە لایەک کوڕەکەی کە بە هەموو هێزی لاقی گرتبوو، لە لایەکی دیکە گورگ خەریک بوو بە تەواوی دەوری بدەن و ورگی بدڕن، ئەمجارەیان گۆپاڵەکەی راست بە سەری یەکیان دا هێنایە خواری. قورچکەی لە گورگ هێناو خۆی دا پەنا دەرگایەک. لە هیوای کوڕی دڵنیا بوو کە گورگەکان لێی دوورن. هەر بۆیە ئازایانەو هەرجارێ گورزێکی لە گورکێک دەداو هاواری خەڵکی دەکرد فریایان کەون. بەڵام دەنگی کپی زستانان زۆر نەدەرۆیشت.

زۆری پێچوو تا چەند کەسێک گەیشتنە سەریانو لە چنگ ڕەوە گورگ ڕزگاریان کردن.

هیوا دەچووە قوتابخانە. چاو وگوێی بە تەواوی کرابۆوە، کوڕێکی زیرەکو دەرس خوێن، بزۆزو پیتۆڵ بوو. ساڵی ١٣٥٥ بوو. هیوا پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو. مامۆستایەکیان ناوی ئەبووبەکر بوو. ئەو مامۆستایە زۆربەی رۆژەکان بە گێڕانەوەی حەقایەتو بە زمانی سادەو ساکار لەگەل منداڵەکان دەدوا. ئەوانی فێری ژیان دەکردو لەبارەی ژیانی دەوروبەریان و کۆمەڵگاکەیان قسەی بۆ دەکردن. خەڵک دەیانگوت کاک ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر سیاسیە .

ڕۆژێکیان کاک ئەبووبەکر حەقایەتێک بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە کە باسی بژار دەکا. لەو حەقایەتەدا ئاوا هاتوە کە کابرایەک باغێکی سێوی دەبێ. مالوێنچە فشار بۆ دارەکانی دێنێو خاوەن باغ چەند جار بە ڕیشەوە دەریان دێنێ بەڵام سەر لە نوێ شین دەبنەوە. کابرا ڕۆژێکیان مالوێنجەی لە بن ریشەوە دەر دێنێ و لە سەر بەردێک وردورد دەیجنێ، لەو کاتەدا بایەک هەڵی دەکاو تۆوی مالوێنچەکە لەگەڵ دەباو بەبن بینایەکی دەوڵەتی وەردەکا. مالوێنچەکە لەوێ شین دەبێ، چەکەرە دەداو گەلای بە دیواردا هەڵ دەچێ و پاشان لە کلێنی پەنجەرەوە






لقوپۆپی بۆ ژوورەوە داوێ. لەو ژوورەدا چەند گیانلەبەرێک لە شوێنێک گیریان خواردبوو. ئەوان بە گەڵای ئەو مالوێنچەیە دا سەرکەوتن و توانیان خۆیان رزگار بکەن.

ئەبووبەکر کە بۆ پێگەیاندنی منداڵان زۆر بە پەرۆش بوو، لە هەموو کاتێکی خوێندندا لەگەڵ منداڵان هەوڵی دەداو بە چیرۆکو شێعری خۆش زوو گۆشی دەکردن. شۆخی و کایەو جەفەنگ لەگەڵ دەورووبەر تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی مامۆستا ئەبووبەکر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی وانە گوتنەوەدا زۆر جیددی بوو. منداڵەکان حەقایەتەکانیان پێ خۆش بوو، بەڵام زۆر لە مەبەستی حاڵی نەدەبوون، قوتابی‌یەکان هەموو خۆشیان دەویست، ئەویش هەروا، تەنانەت لە وەختی پشوودانی نێوان دەرسەکانیشدا قسەی بۆ دەکردن .

بەیانیی ڕۆژێکیان لەندەروێرێک لە بەر دەرگای قۆتابخانەی ئاوایی راوەستا، سێ کەسی لێ دابەزین و بێ سێ و دوو کردن چوون نێردیوانێکیان هێناو پێی‌داچوونە سەربانی قوتابخانەکەو، پاش دەمێک بە چەند کتێب و نامیلکە هاتنە خوارێ و یەکسەر مامۆستا ئەبووبەکریان وێڕای کتێبەکان لەگەڵ خۆیان برد. کەس نەیدەزانی چ باسەو، ئەوانەی هاتنە ئاوەدانی کێ بوون و مامۆستای خوێندنگەکەیان بۆ کوێ برد. هیوا کە گەڕایەوە ماڵەوە داستانی بردنی مامۆستاکەی لەلایەن چەند کەسەوە کە نەیدەزانی کێن، بۆ دایک و باوکی و براکانی گێڕایەوە. یەکو دوو باوکی تووڕە بوو و گوتی رۆڵە "دیوار موش دارد موش گوش دارد." هیوا هیچ لەوە ی تێ‌نەدەگەیشت، بەڵام باوکی چونکی براکەی پێشتر لەلایەن ساواکەوە گیرابوو، دەیزانی چ باسەو شتێک هەر هەیە.

عەلی ماڵی خۆی هەبوو. خاوەنی زەوی‌وزار بوو. ٦ کوڕو دوو کچی هەبوو. کەمێک بوژابوویەوەو لە سەر پێی خۆی راوەستابوو. پیاوێکی ئازاو بەکار بوو. ماندوو بوونی نەدەزانی. کاتێک لە بەهارێدا وەرزێڕان دەچوونە جۆماڵ، عەلی دوو سەعات پێش هەموویان تەواو دەبوو. هیوا کە کوڕی گەورەی بوو ئەو ساڵەی مامۆستاکەی گیرا ٥ی سەرتایی دەخوێند. ئیمتحاناتی ئاخری ساڵ سەراسەری بوون و لە شاری بۆکان بەڕێوە چوون. هیوا ئەو ساڵی خوێندنیشی بە نمرەی باش‌و سەرکەوتوویی بڕی. ئەو سەرەڕای کەم و کوڕی‌یەکانی ژیان پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی بە دوای یەکدا بڕیبوو. ئەو دەبوو بۆ ساڵی داهاتوو لە شاری بۆکان درێژە بە خوێندن بدا، چونکی گوندەکەی خۆیان قوتابخانەی ناوەندی لێ نەبوو. هیوا هاوینان و دوای تەواو بوونی وەرزی خوێندن بە لەشی شلک و ناسکی لەگژ کاری مەزراو مووجە ڕادەچوو. ئەو لە بەر سوورەتاوی هاوین ئەو سێ مانگەی پشوودان کاری دەکردو وێڕای ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی خۆیان بۆ ژیانێکی باشتر ماندوو دەکرد .

ئەو هاوینە باوکی هیوا زۆری بیر کردەوە کە چ رێگا چارەیەک بۆ درێژەدانی خوێندنی کوڕەکەی ببینێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ داهاتوویەکی روونی هەبێ. ئەو دوایە لە بۆکان ڕووی لە ماڵی خزمێکیان ناو ئەوانیش رێگایاندا کە هیوا لە ماڵی وان بمێنێتەوە. هیوا تا ئەوکات قەت لە ماڵەوە دوور نەکەوتبۆوە. هەو بۆیەش سەری هەموو حەوتوویەک دەگەڕاوە ماڵە خۆیان لە گوندەکەیان و دوایە بە کۆڵێک نان و پەنیرو ماست و ڕۆنی کەرە دەگەڕاوە ماڵی خزمەکەیان. باوکی هێندێک جار قەندو تەلیسە ئاردێکیشی بۆ ماڵە خزمەکەیان دەبرد .

هیوا لەو ماڵە لەگەڵ پیرێژنێک کە دایکی خاوەن ماڵەکە بوو، زۆر تێکەڵ بوو. زۆری رێز لێ دەگرت. خاوەن ماڵەکە ٤ کوڕو کچێکی ٧ساڵەی هەبوو. جیا لە هیوا کوڕێکی دیکەش کە پوورزای خاوەن ماڵ بوو لەوێ دەژیاو زۆر جار بە هەموویان گاڵتەیان بە هیوا دەکرد. هەرچەند باوکیان و دایەگەورەیان لە منداڵەکان دیکە تووڕە دەبوون، بەڵام هیوا هەمیشە بیری لە رێنوێنی‌یەکانی بابی دەکردەوەو هەموو شتێکی قەبووڵ دەکرد. هەر بۆیە زۆرجاریش کە تووڕە دەبووو بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، لە سەر پێداگریی باوکی سەرلەنوێ بۆ درێژەدانی خوێندن دەچۆوە بۆ ماڵە خزمەکەیان لە بۆکان‌و ئەو بارودۆخەی قەبووڵ دەکرد.

هیوا پۆلی یەکی ناوەندی بوو. شەڕ لە لوبنان کەوچکی تێ‌نەدەگەڕا. خزمەکەیان کە مامۆستای قوتابخانە بوو بەردەوام گوێی لە رادیۆ






بی‌بی‌سی ڕادەگرت و لە کاتی هەواڵ دا نەدەبوو کەس سریوەی لێوە بێ. ئێرانیش بەرەبەرە بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، لە هێندێک شارە گەورەکان خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کردبوو، وڵات ڕۆژبەڕۆژ بەرەو شلەژانی زیاتر دەچوو.

باوکی هیوا ترسی ڕێنیشتبوو کە نەکا کوڕەکەی لەو بگرەو بەردەو بشێوی‌یەدا شتێکی بەسەر بێ، بەڵام دڵی نەدەهات دەستی پێ لە خوێندن هەڵ بگرێ. ئەو ساڵە هیوا دەرسەکانی بەباشی خوێندو گەڕایەوە ماڵە خۆیان. ئەو هاوینە هیوا هەموو کاتەکانی بۆ یارمەتیدانی باوکی لە کاروباری مەزرا تەرخان کرد.

ساڵی دواتریش خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون. ئێران شێوابوو. کوردستانیش لەو بەزمە بێبەری نەبوو. بە تایبەت پاییزی ساڵی١٣٥٧ قوتابیان و خوێندکاران زۆربەی ڕۆژەکان بەجێی کلاس لە سەر شەقامەکان بوون. خەڵک بە تەواوی چاوو گوێی کرابۆوە. ترس لە دڵی کەس‌دا نەمابوو. لەو سەروو بەندەدا بوو کە مامۆستاکەی هیوا کە دوو ساڵ پێشتر گیرابوو، وێڕای چەند کەسی سیاسیی دیکە لە زیندان ئازاد کران. هیوا ئەو کاتە بۆی دەرکەوت کە مامۆستا ئەبووبەکر دژی ڕێژیمی شا بووەو لە تەشکیلاتی ڕێکخراوێکی سیاسی‌دا بە نهێنی کاری دەکرد. هیوا وەک زۆربەی قوتابیانی دیکەی شاری بۆکان لە خۆپێشاندانەکان‌دا بەشداری دەکرد. باوکی زۆری هەوڵ دا دەستی پێ لە خوێندن هەڵ بگرێ، بەڵام هیوا وازی نەدەهێنا. هیوای تازەلاو ئەو بەزمەی پێ خۆش بوو. مانگی ڕێبەندان بوو. لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە بەزمی خۆپیشاندانەکان گەرم بوو، تەقە لە خەڵکەکە کرا. یەک لەو لاوانە بە ناوی کەماڵ گوللەی بەر کەوتو لەجێدا کوژرا. شار شلەژا. حکومەتی نیزامیی ڕاگەیەندرا. هیوا نەیتوانی خۆی بگەیەنێتەوە ماڵە خزمەکەیان. دوو ڕۆژ خۆی لە ماڵێکدا حەشار دا تا بارودۆخەکە برێک ئەهۆن بۆوەو حکومەت نیزامی نەما. باوکی هاتە بۆکان‌و ئیدی ڕێگای پێ‌نەداو لەگەڵ خۆی هێنایەوە ماڵێ. دیارە دوای ڕووخانی حکوومەتی پادشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش هیچ قوتابێک رەد نەکرایەوە. هەموو منداڵەکان شیرینیی سەرکەوتنی شۆڕشیان پێ دراو ئەو ساڵەیان بە سەرکەوتن بۆ دانرا. بەڵام لە هیوا قەوما. چونکی باوکی دەستی پێ لە خوێندن هەڵ گرتو چیدی نەیناردەوە بۆکان.



لە ڕاستەوە : ئەبووبەکر نوورانی [ شەهیدان : محەممەد عوسمان زادە و عوسمان دادخاە






## دوو [ ٢ ]

پاییزی ١٣٥٧ باوکی هیوا لەگەڵ دوو خزمی خۆی، ماڵێکیان بۆ گرتبوون، وەک باس کرا زۆربەی ڕۆژەکان خەڵک دەڕژانە شەقامەکان و لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دروشمیان دەدا. بە تایبەت لاوەکان خوێنگەرم بوون، وازیان نەدەهێناو شەقامیان چۆڵ نەدەکرد. زۆربەی ڕۆژەکان بە خۆپێشاندان تێپەر دەبوون، بازاڕی دروشمو دانی وادەوبەڵێن بە خەڵکی گەرم بوو. بە خەڵکەکە دەگوترا ئەگەر خومەینی بێتە سەرکار، هەرکەس بەیانی لە خەو هەستێ ٧٥ تمەنی لە بن سەری دادەنرێو ئەوەش خەڵکی هان دەدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕێژیمی پاشایەتی تەنگاو بکەن و لە هەڵدێری نیزیک کەنەوە و تەنانەت خۆیانی لەسەر بە کوشتن بدەن.

ڕاپەڕینی خەڵک سەرکەوت و سەرئەنجام ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا. ئەو ڕاپەڕینە ڕێژیمێکی هێنایە سەرکار بە ناوی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێک کە خەڵک بۆ هێنانە سەرکاری قوربانیی زۆری دابوو، ئەو ڕێژیمەش وادەو بەڵێنێکی زۆری بە خەڵک دابوو. ئەو دەسەڵاتە نوێیە ئیدیعای دەکرد لە سەر بنەمای ئامانج و فکری ئینسانی دروست بووەو دەیەوێ عەداڵەتی ئیسلامی لەگەڵ کۆماری سیاسی، پێکەوە بۆ خەڵکی بە دیاری بێنێ. ڕێبەرانی ئایینیی ئەو هێزە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان بەباشی کەڵکیان لە هەستی مەزهەبیی خەڵک وەرگرتو بەری ڕەنج و قوربانیدانی گەلانی ئێرانیان کە بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی وەدی هاتبوو بە تاڵان بردو زۆری پێ نەچوو کە ناڕاستیی وادەو ئیدیعاکانیان ڕوون بۆوە.

ئەوەی لە ڕۆژانەدا لە کوردستان زۆر لەسەر زارو زمان بوو، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. حیزبی دێموکڕات کە لەبەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا وەستاوە. حیزبی دێموکڕات کە ڕاپرسیی دیاری کردنی ئەو نیزامەی بایکۆت کردوە. حیزبی دێموکڕات کە بە پێکهێنانی شووڕای شارو گوندەکان کوردستان بەڕێوە دەباو داوای مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا .

هیواش هەر ئەو کاتە بوو کە بۆ یەکەم جار ناوی حیزبی دیموکراتی بیست کە داوای لە خەڵک دەکرد بەشداری لەو ڕێفراندۆمەدا نەکەنو دەنگ بە کۆماری ئیسلامی نەدەن. چونکی نازانن ئەو حکومەتە چی بۆ کورد پێیە. هیوا دەیدی کە چۆن خەڵکەکە بە پێشوازی داواکەی حیزبەوە دەچن.

هیوا لەو قسانە تێ دەگەیشت. خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات لە ناخی دا ڕیشەی داگوتابوو. لەماڵێ لەگەڵ باوکی کێشەی لێ پەیدا ببوو. هەرچی باوکی قسەن و ٧٥ تمەنی چی و شتی چی. حیزبی دێموکڕات قسەی خۆی بردە سەرێ. لە کوردستان لە سەر داوای حیزب پشت لەو ریفراندۆمە کراو کەس بەشداری تێدا نەکرد، یان باشتر وایە بڵێین کەس دەنگی بە کۆماری ئیسلامی نەدا.

ساڵی ١٣٥٨ بوو. ڕێژیم لە هەوڵی خۆ بەهێزکردن دابوو. نێوشاری بۆکان هێزی دەوڵەتی تێدا بوو. خەڵک پێیان دەگوت مجاهید! (٢) بەرپرسی ئەو هێزە کەسێک بوو بە ناوی " وەلی پوستکەن". ئەو هێزە لە سەر ناڵەشکێنەش بە تانگێک و چەند بەناو مجاهیدی دیکە دامەزرابوون. وەلی پوستکەن لە بۆکان کە خۆی بە خاوەنی دەسەڵات دەزانی ناوو ناوبانگی بۆ خۆی دەرکردبوو. زۆرجار لە چوارڕێیانی بوو دەیگوت لە ڕاپرسییەکەدا بەشدار دەبین با ڕۆژانە ٧٥ تمەنەکەمان پێ بدرێ. هیواش لەگەڵ باوکی دەکەوتە باس کە ئەوانە هەموو ئەسکەندەری خەڵکی کۆ دەکردەوەو پێی دەگوتن: " ئەمن وەلی پوستکەنم، بەقسەم نەکەن هەموو پێستوو هەڵدەکەنم". خەڵکی ئازار دەدا. ئەو کات حیزب لە نێو شاردا نەمابوو. فتواکەی خومەینی بۆ گرتنەوەی کوردستان شەڕی حیزب و دەوڵەتی لێ ساز ببوو. ئەو شەڕەی بە

٢- لە سەرەتای ئینقلاب بە هێزی دەولەتی دەگوترا مجاهید.






شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد.

زۆری پێنەچوو حیزبی دێموکڕات نێو شاری بۆکانی گرتەوە. شار کەوتبۆ دەستی حیزبەکان. ئەو بارودۆخە تا پاییزی ساڵی ١٣٦٠ ی کێشا. ئەوەی لەو نێوەدا زۆر دیارو بەرهەست بوو شەڕە دەندووکەو پڕوپاگندەی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەسەر بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا بوو. کۆمەڵە کە هێزێکی سیاسی تازە سەری هەڵدابوو دامەزرابوو، حیزبی دێموکراتی بە حیزبێکی سوننەتی ناو دەبردو بە نوێنەری بوورژوازی دەزانی لەو بارودۆخەدا هەموو شتەکانی دژی حیزبی دێموکڕات بوو .

ئەو چەند ساڵەی بەڕێوەبردنی شارو ناوچەکانی کوردستان بە دەست حیزبەکانەوە بوو، کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیەوە ئابلۆقەی ئابووریی خرابوە سەر .

زستانی ساڵی ١٣٥٨ زستانێکی سەخت بوو. ڕێی هێنانی هەرچەشنە سووتەمەنییەک بۆ نێوشاری بۆکان گیرابوو، خەڵک بۆ گەرمکردنی ماڵەکانیان لە کورەی دار کەڵکیان وەردەگرت. ئەو خەڵکە بۆ کڕینی دار بە گوندەکاندا دەگەڕان تا بتوانن بەشی زستانیان سووتەمەنی پاشکەوت بکەن.

لە سەر چۆمی بۆکان دارستانێکی چڕو زۆر هەبوو. ئەو دارانە ملکی ئاغاکان بوون. خەڵک بۆ بڕینی ئەو دارانە روویان لە چۆمی کرد. لەو لاش ئاغاکان کە پێشبینی ئەوەیان کردبوو، چەکدارێکی زۆریان لەوێ دامەزراندبوو. لەو نێوەدا ئەوە خەڵک بوون کە توانییان بەشی خۆیان لەو دارانە ببڕنەوەو زستانی ئەو ساڵە تووشەی پێ بگەیەننە بەهار.

پاییزی ئەو ساڵە هیوا دەستی بە خوێندن کردەوە. هەموو بەیانییەک دەچۆوە بۆکان و ئێوارێ دەگەڕایەوە ماڵێ. ڕۆژانەکەی ٥ تمەن بوو. بە دوو تمەن دەچووە نێوشار. گاراجی ماشێنەکان نیزیک فەلەکەی ئەسکەندەری بوو. لەوێڕا بە پێیان تا مەیدانی فوتباڵ دەچووکە قوتابخانەکەیان لەوێ بوو. دوای تەواوبوونی دەرسەکانیشی بە پێیان دەهاتەوە گەراج و سواری ماشێن بۆ ئاوایی دەهاتەوە. ڕۆژانە تمەنێکیشی بۆ دەمایەوە. زۆر جار ئەو تاقە تمەنەشی لێ ون ببوو، بۆیە تا ئێوارە هیچ نەبوو بیخوا.

شەڕە دەندووکەی حیزبەکان ئەو ساڵەش بەردەوام بوو، ئەو مشتومڕانە دەکێشرانە نێو قوتابخانەکان و هەرجارەو بە بیانوویەک قوتابییەکان بەرێ دەکرانەوە. یان دەنا هەر ڕۆژێ حیزبێک دەچووە قوتابخانەو کۆبوونەوەی بۆ قوتابیان دەگرت. تەنانەت ڕۆژێک کەسێک بە ناوی برایم هاتە قۆتابخانەی "شۆرش" کە هیوا دەرسی لێ دەخوێندو لە پۆلەکەی ئەوان دەرسی ژ - ٣ ی گوتەوە. دوای تەواو بوونی وانەکەو لە کاتی دەرسی عەمەلیداو لە نێو پۆل نارنجەکی سەری ژ - ٣ ی بە هەڵە لە دەست دەردەچێ، بەڵام لە بەخت و شانسان ناتەقێتەوە. قوتابیان هەر یەکە بە لایەک داو بە پەنجەرەدا خۆیان فڕێدا خوارەوە، هیوا لەو نێوەدا لەگەڵ کوڕێکی دیکە بەناوی حوسێن بە سووکی بریندار بوون. دەسبەجێ ئامبڵانس و هێزی دیکەی پێشمەرگە هاتنو وەزعەکە کۆنترۆڵ کرا. ئیدی لەم کاتەوە ڕێگە بە کەس نەدرا لە قوتابخانە دەرسی نیزامیی بڵێتەوە .

لەو سەروو بەندەدا هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ پارڵمانی ئێران لە کوردستان دەستی پێ کرد. لەو هەڵبژاردنانەداو لە شاری بۆکان نوێنەری حیزبی دێموکرات دەنگی هێنایەوەو لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستان حیزبی دیموکرات زیاتر لە سەدا ٧٠ی کۆی دەنگەکانی هێنایەوە.

نەورۆزی ١٣٥٩ خەڵکی بۆکان بە هەڵمژینی هەوای ئازادی جێژنیان گرت.

خەڵکی خۆیان بۆ سێزدەبەدەرو سەیرانێکی خۆش ئامادە دەکرد.

ئەو ڕۆژە، نمنم باران دەباری. لای قاوڵتوونێ خەڵکی لەبەر ماڵان کۆببوونەو چاویان لە ئاسمان بڕیبوو. لە پڕ کابرایەکی گوندی شیناوە لە






مینوبوسێک دابەزی و هاتە نێو خەڵکەکەو گوتی: سەروان ئەفشین (٣) لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە لە پۆمپی بێنزینی میاندواو شەهید بووە. یەک لەو خەڵکە کە حیزبی دێموکراتی زۆر خۆش دەویست، هەر کە ئەوەی بیست گوتی: درۆ دەکا ئەو سەگبابە! وەک کوندە بەبوو وایە.. تێی هەڵدەن !

کۆمەڵێک کە لاو لەوێ بوون داگژانە کابراو هێندێک کەس فریای نەکەوتبان شڕیان دەکرد. ئەو ماڵ وێرانە هیچ تاوانێکی نەبوو، قسەکەشی بەڕاست دەرچوو، ئیدی لە بەختی ڕەشی کتوپڕ هەواڵەکەی داو خۆی تووشی ئەو چەرمەسەرییە کرد. دوایە خەڵکی دیکەش هاتنەوە نێو دێ و باس باسی ئەو ڕووداوە بوو .

سەروان ئەفشین یەکێک لە فەرماندەو کەسایەتییە خۆشناوو دیارەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچە بوو کە لای خەڵکی زۆر خۆشەویست بوو. ئەو ڕۆژە سەروان ئەفشین لە گەڵ دوو کەسی دیکە بە ماشێن دەچێتە پۆمپی بەنزینی میاندواو بۆوەی بەنزین لە ماشێنەکەی بکا. وادیاربوو هەر پێشتر پێیان گوتبوو نەچێ بەڵام گوێی پێ نەدابوو. سەروان ئەفشین و هاوڕێکانی لەوێ دەکەونە کەمینی پاسدارەکانەوەو دەسڕێژیان لێ دەکرێ. لەو ڕووداوەدا سەروان ئەفشین و دوو پێشمەرگەی لەگەڵی بوون بە ناوی عەوڵاو عومەر شەهید دەبن. ڕۆژی دوای ئەو رووداوە لە بۆکان ڕێپیوانێکی گەورە بۆ مەحکووم کردنی ئەو پیلانە وەڕێ خرا.


ڕێپێوان لە شاری بۆکان بە بۆنەی شەهید بوونی سەروان ئەفشین و دوو هاوسەنگەری

باوکی هیوا دوای ئەو ڕووداوە ویستی پێش بە خوێندنی هیوا بگرێ، بەڵام هیوا کۆڵی نەداو خوێندنی ئەو ساڵەشی بە سەرکەوتوویی بڕی.

لەو بارودۆخەدا کەش و هەوای کوردایەتی و هەیمەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان باڵی بەسەر هەموو شارو گوندەکان کێشابوو. باوکی هیوا ترسی ئەوە لە دڵی نیشتبوو کوڕەکەی بەو تەمەنە کەمە وەدوای پێشمەرگایەتی و سیاسەت کەوێ. بۆیەش ئاگای لە هەست و خوستی بووو ڕێگەی بۆ شل نەدەکرد .

هیوا ساڵی دواتر چووە قۆتابخانەو سێهەمی ناوەندیشی تەواو کردو هاوینەکەی گەڕاوە گوندەکەیان.

باوکی لە مەزرا لە کاتی کارو لە ماڵێ پەیتا پەیتا پێی دەگوت کە لەو بارودۆخەدا خوێندن بە کەلکی هیچ نایە، بەڵام هیوا باوکی بەوە قایل کرد کە ئەو هاوینە شەوو ڕۆژ مل وەبەر کاری مەزراو مووچە بنێ، بەڵام بەو مەرجەی باوکی بێڵێ درێژە بە خوێندن بدا .

کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٠ بوو. ڕێژیم دەستی بەسەر زۆربەی شارەکانی کوردستان داگرتبوو. خەڵکی ناوچەی بۆکان هێشتا دەغڵ و دانیان

٣- سەروان ئەفشین فەرماندەری هیزی بەیان بوو ڕۆژی ١٣ بەدەری ١٣٥٩ شەهید بوو.






کۆ نەکردبۆوە. خەلەو خەرمان هەر لە گۆڕێ بوو. لە یەکەم ڕۆژەکانی پاییزدا ڕێژیم لە سێ قۆڵی میاندواو، سەقزو ساینقەڵاوە هێرشی کردە سەر بۆکان کە تا ئەو کاتیش هێشتا بە دەستی پێشمەرگەوە بوو. جیا لە هێزی پێشمەرگە، خەڵکی ناوچەکەش وەک هێزی بەرگری ئەو شوێن و جێگایانەیان دەپاراست کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بۆیان دیاری کرابوو. بەڵام هێرشی ئەوجارەی ڕێژیم زۆر توند بوو. هێزی بەرگریی خەڵکی کوردستان توانای بەربەرەکانیی زۆری لەگەڵ هێزی کۆکو پۆشتەو تەیاری ڕێژیم نەبوو. هێزێک کە بە جۆرەها چەک و چۆڵی قورس و سووکەوە پەلاماری شاری بۆکانی دابوو. لەو بارودۆخەدا هێزی بەرگری پەرەوازە بوون، گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و چەکەکانیان بۆ هەلومەرجێکی لەبار شاردەوە.

لە هێرش بۆ سەر شاری بۆکان یەکەم کەس لە هێزی پێشمەرگە بۆ دیفاع لە شاری بۆکان شەهید بوو دراوسێییەکی ماڵی هیوا بوو. لە کاتێکدا پەیتا پەیتا هەواڵی شەڕو لێکدان دەهاتو باسی گەرمیی شەڕەکەیان دەکرد، لە پڕ بە نێو ئاواییدا بڵاو بۆوە کە کوڕەکەی کاک محەممەد شەهید بووە.

ئەو هەواڵە ماڵ بە ماڵ بڵاو بۆوە، ژنان دەگریان و هاواریان دەکرد: ئەی کوێر بم کوڕە تاقانەکەی شەهید بوو؟ دەک ئەو کەسە بەرگوللە کەوی کە لێی داوە؟ ڕەببی زەلیل بێ و دایکی لە سەر تەرمی دانیشێ. قەرە باڵغییەکی زۆر لە سەر جادە درووست بوو. لە پڕ جیبێک کالی ٥٠ بە سەرەوەو لە گەڵ چەند پێشمەرگە رووی کردە سەرووی ئاوایی و خەڵک بە شوێنیدا، لە بەر دەرگای ماڵی شەهیدەکە شین و گریان دەستی پێ کرد. ژنان هەموو دەمووچاوی خۆیان رنیبوو، دوو کەس چووبوونە بن پیلی باوکی شەهیدەکەو بەرەو مزگەوت دەڕۆیشتن، پەیتاپەیتاش هەواڵی شەڕ بە نێو ئاواییدا بڵاو دەبۆوە .

هیوا زۆری هەوڵ دا بتوانێ لە سووچێکەوە شەهیدەکە ببینێو بزانێ گوللە بەر کوێی کەوتوە. هەموو جارێ دەچوە پێش و چەند کەس لە خۆی گەورەتر لێی تووڕە دەبوونو دەکشایەوە.

تازە ٦ ڕۆژ لە پاییز تێپەڕیوەو ئەو شینو شەپۆرە کەوتۆتە گوندەکەی هیوا. خەڵکێکی زۆر لە سەر قەبران کۆبوونەوە. لەوێ پێشمەرگەیەک لە سەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە قسەی بۆ خەڵکەکە کردو باسی فیداکاری و ئازایەتیی شەهیدەکەی دەکرد. خەڵکی ئاواییش لە دڵی خۆیاندا بیرەوەرییەکانیان لەگەڵ ئەو کوڕە بێدەنگ و فەقیرحاڵە بیر دێنایەوە کە ئێستا لای ئەوان قارەمانی نەتەوەیی بوو. چونکی گیانی لە پێناو ئازادیی ئەواندا بەخشیبوو.

شەڕ، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەرمتر دەبوو. لە زۆربەی ناوچەو بەرەکان دا شەڕ بەردەوام بوو. هێزی ڕێژیم لە هەر هێرشێکدا چەند گوندێکی سەر جادەی میاندواو بەرەو بۆکانی داگیر دەکردو لەکاتی داگیرکردنی ئەو ئاوایی یانەشدا هەموو خەڵکەکە بەرەو ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە ڕایان دەکرد. هەرجارەش هێزی پێشمەرگە لە شوێنێک پێشیان بە دوژمن دەگرتو چەند کاتژمێرێک بەربەرەکانییان دەکرد. بەڵام نەیان دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ پێش بەو هێزە کۆکو پۆشتەیەی ڕێژیم بگرن کە بە تەمای گرتنەوەی بۆکان ڕێ کەوتبوو.

بەیانی ڕۆژی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ بوو. هێزی دوژمن لە گوندەکەی ماڵی هیوا نیزیک دەبۆوە. چەند هێلیکۆپتێر بە سەر گوندەکەو نێو باغ و باغاتی قەراخ دێ دەسووڕانەوە و جارجارە ناوچەکەیان دەدایە بەر ڕەهێلەی راکێت. زۆری پێنەچوو زرێپووشێک لە تەپکەی ئاوایی راوەستاو بە تیربارێکی قەناسە باغەکانی سەرچۆمی ئاورباران کرد، هیوا لەگەڵ بنەماڵەکەیو خەڵکی ئاوایی بەرەو ئاواییەکی نزیک گوندەکەی خۆیان ڕایان دەکرد، ئەوەش لە حاڵێک دابوو کە پەیتاپەیتا بە تیرباری قەنناسەو شێستیری کۆپتێر ئاورباران دەکران، هەڵات هەڵاتێک بوو باب ئاگای لە کوڕ نەمابوو. خەڵک لە ترسی گیانیان خۆیان بە بن دارو ڕەزدا دەکرد. هاوارو زیقەی منداڵ ئەو دەشتەی






داگرتبوو، ئەو ڕۆژە لە" ڕۆژەسەختەکان" بوو.

خەڵک هەموو لە بیری دەربازکردنی گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیاندا بوون.

هیوا وێڕای خەڵکەکە تا گوندەکەی نزیک خۆیان بە هەڵاتن چوو. بەڵام هەموو گیان تەڕو قوڕاوی،و دەمووچاوی تەپ و تۆزاوی بوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو گەیشتبوونە ئەو گوندەکە ئەوێشیان بە تۆپ داگرت. خەڵکی بە تەواوی شڵەژا بوون. گوندەکانی ئەوبەری چۆمیش وێڕای ئەوان بۆ شوێنی دوورتر هەڵدەهاتن بە جۆرێک تا ئێوارێ هێزی حکومەت لە گوندەکەی هیوا تێپەڕیو لە ٦ کیلومیتری شاری بۆکان جێگیر بوون. هەر ئەو ئێوارەیە هێزی پێشمەرگە خێوەت و بنکەی دوژمنیان بە کالیپەنجاو خومپارەو تۆپی ١٠٦ ئاورباران کرد.

بەیانی ڕۆژی دواتر شاری بۆکان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراو کەوتە بەر دەستی هێزەکانی دوژمن.

کاتێک شاری بۆکان گیرایەوە رادیۆو تلفزیونی ئێران بانگەوازی بڵاو کردەوە کە هێزەکانی شۆڕش شاری بۆکانیان لە دەست "دژە شۆڕش" و حیزبی مونحلەی دێموکڕات دەرێناوەو داوایان لە خەڵکی شارو ناوچەکە کرد بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ بکەنەوەو لە باوەشی هێزی ئیسلام! هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

بەرەبەرە خەڵک لە ڕووی ناچاری بۆ شارو گوندەکانی خۆیان دەگەڕانەوەو ماڵی هیوا پاش چەند ڕۆژێک گەڕابوونەوە گوندەکەیان، بەڵام باوکی هیوا هێشتا دەغڵو دانی هاوینی کۆ نەکردبۆوە. بۆ ئەوان زۆر سەخت بوو کە دەبوا هەر جارەو چووبانە مەزرا، ئیجازەیان لە هێزەکانی ڕێژیم وەرگرتبا. جیا لەوەش کە مەزراو مووچەی خەڵک هەموو ڕۆژێ لە پایەگاکانی زاڵ بەسەر ناوچەکەڕا دەدرانە بەر ڕەهێڵەی تۆپو خۆمپارە.

هێزی ڕێژیم تا کاتژمێری ٢ی دوانیوەرۆ هاتوچۆی دەکرد، لە سەعات ٢ی دوانیوەڕۆ هەر ڕەشاییەکیان دیبایە تەقەیان لێ دەکرد.

ماڵی هیوا لە یەکێک لەو ڕۆژانەو لە کاری مەزرا هیندێک درەنگ تەواو بوون، تا تراکتۆرەکەیان وەرێ خستو گەڕانەوە سەعات لە ٢ ی دوانیورۆ تێپەڕیبوو. لە پایەگای سەرجادەڕا دەست بە تۆپبارانی باخ و ڕەزی ئاوایی کرا. ئەوانیش زوو خۆیان پێچایەوەو، هێشتا وەرێ نەکەوتبوون کە لە خوار ئەوانەوە زاق و زرووق و ژاوەژاوی خەڵک دەستی پێ کرد، لە نیوەی ڕێ تووشی ئەوکەسانە هاتن کە بە بانگ و سەڵا هاواریان دەکرد. خۆمپارە باران درێژەی بوو، هیوا لە گەڵ باوکی و مامی دابەزین، لەو ئاور بارانەی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر مووچەو مەزرای خەڵک گوللە خۆمپارەیەک لە مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ بە ناوی محەممەد کەوتبوو، ئەو بەستەزمانە لەت و پەت ببوو. خەڵک ئەوەندەی بۆیان کرا لەت و کوتی لەشیان کۆکردەوەو لە نێو ئاغابانوویەکدا بەرەو ئاوایی شۆڕ بوونەوە، کزە لە جەرگی هیوا هەستا. هەموو گیانی ڕق و کین بوو. لە ئاوایی نیزیک بوونەوە. خەڵک هەموو وەسەر گەڕان، کەم کەس دڵی بڕوایی دەدا چاو لەو قەسابخانەیە بکا، لەتی گەورەی لەشی محەممەد ٢ کیلۆ نەدەبوو. هیوا کوڵی گریانێکی خەست هەڵی گرتبوو. هەموو بیرەوەرییەکانی لەگەڵ محەممەد زیندوو بوونەوە. ئەو ڕۆژانە بە بەرچاوی دا دەهاتن و دەچوون کە لە مەزراو نێو ئاوایی کایەی گۆیەن و هەلووکێنیان دەکرد. محەممەدی ١٢ ساڵ کە بۆ لێکردنەوەی سێو بە دارێکدا هەڵگەڕابوو، کەوتە بەر پەلامارو بەم شێوەیە ئەنجن ئەنجن کرا.

کوشتنی محەممەد تەنیا تاوانی هێزەکانی ڕێژیم نەبوو. لەو ڕۆژەوە کە هیزەکانی ڕێژیم بۆکانیان گرتبۆوە، هەموو ڕەشاییەکی دەوروبەری بۆکانیان پێ دوژمن بوو. هەر بۆیەش لە هیچ تاوانێک سڵیان نەدەکرد. لە کاتی گرتنەوە شاری بۆکانیشدا زۆر کەسیان گرتو کوشت. هیوا لە بیری بوو کە لە گوندی حەمامیانڕا ٤ کەسیان گرت و هێنایان لە ئاواییەکەی ماڵی هیوا کوشتیان و بە لۆدێر وەبن گلیان دان .

چەند ڕۆژ دواتر چەند کەسی خەڵکی ئاوایی حەمامیان پێوشوینی ڕۆڵەکانیان وێڵ و سەرگەردان بە دێهاتاندا دەخولانەوە، ئەو شوێنەی لۆدێر

گڵەکەی هەڵ دابۆوە بۆنی کردبوو. پێشتر چەند کەسی خەڵکی ئاواییش بەو نیزیکانە تێپەڕیبوون، بەڵام نەیان وێرابوو باسی بکەن. ئەو ڕۆژە لە بۆکانڕا ١٥ تا ٢٠ کەس هاتنە شوێنەکەو پاش لادانی گڵەکە تەرمەکان دەرکەوت.

کەس ئەوانی نەدەناسی. هێزەکانی دەوڵەت هێنابوویانن و لەوێ ئێعدامیان کردبوون، کاتێک بە تەواوی لە گڵەکە هێنرانە دەرێ، یەک لە حەشیمەتەکە بە سەعاتی دەستی یەک لە کوژراوەکان براکەی خۆی ناسی یەوەو ئەوانی دیکەش هەر یەکەی بە لباس یا نیشانەیەک مردووی خۆیان ناسی یەوەو هەڵیان گرتن و لەگەڵ خۆیان بردیاننەوە.

ئەو کات هیوا تازە ١٧ ساڵی تەواو کردبوو. ئەو بە ژیانی دیمەنی وای نەدیبوو بە دەسرەیەک توند دەمی گرتبوو. باوکی بەوەی نەزانیبوو کە هیوا شوێنی ئەو کوژراوانە چووە. شەو لە کاتی نان خواردن هیوا نانی پێ نەخورا، باوکی بۆی پرسیار بوو ئەوە چۆنە هیوا نان ناخوا؟ دایکیشی هەر بۆی پرسیار بوو، چونکی هیوا نیوەڕۆش نانی نەخواردبوو.

باوکی وەک هەمیشە تووڕە، لە هیوای هەڵپێچا کە چۆنە لە بەیانی‌یەوە نانی نەخواردووە؟ هیوا لە ترسی باوکی دەبوو ڕاستییەکەی پێ بڵێ. بۆیە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەو دیتنەوەی جنازەکانی بۆ گێڕانەوە، هیوا هەر دڵی تێکەڵ دەهات ئەوجارەیان تاوانەکەیان لەسەر خۆی قورستر کردبوو! چونکی دەیزانی باوکی بەوە لە کۆڵی نابێتەوە. باوکی بێ سێ و دوو لێکردن دەستی دایە خەرەزەن (٤) و لە ژوورە قورماوی‌یەکەیان ئەوسەرووسەری بە هیوا کرد کە چۆن خۆی لە شتی وا هەڵقورتاندوە. هیواش خۆی لە پشت دایکی دەهاویشت و هەموو جارێ بە بۆنەی هیواوە دایکە داماوەکەشی بەردەکەوت. هیوا ئەو شەوە بەهۆی سەرەڕۆییەکەی کوتانێکی باشی وێ کەوت.

باوکی هیوا بڕیاری دا لەبەر ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە چی دی بە هیوا نەخوێنێ. خەڵکی ناوچەی بۆکان زراویان لە هێزی دوژمن چوبوو. چونکی هەر ڕۆژەو بە بیانوویەک پەلاماری گوندێکیان دەداو خەڵکی بی تاوانیان دەکوشت.

کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قارنێ و قەلاتان و سەوزی و سەرچنارو قەرەگۆل ترسێکی زۆریان لە هێزەکانی سوپای ئیسلام! خستبۆ دڵی خەڵکەوە. هەر چەند ڕۆژ جارێک، هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان دەکردە سەر گوندەکەی ماڵی هیواو خەڵکیان لە مزگەوت کۆ دەکردەوەو دەستیان بە لێدان و کوتانی خەڵکی دەکردو داوای چەکیان لە خەڵکەکە دەکرد. ئاوایی یەکەی ماڵی هیوا لە سەر جادە هەڵکەوتبوو، ڕۆژانە هێزەکانی حکومەت هاتووچۆیان دەکردو بەو حاڵەش خەڵکی ترسی زۆری هەبوو، بۆیە هەرکات هەواڵی هێزی ڕێژیم بۆ سەر ئەم گوندە دەهات خەڵک بەرەو موچەو مەزرا رایان دەکردو خۆیان دەشاردەوە.

بەیانیی ڕۆژێکیان هێزی حکومەت بە ئایفایەکی پڕلە پاسدار، تۆپێکی ١٠٦ میلیم، کالیبرٍ٥٠ و جیبێکی فەرماندەیی دەوری ئاوایی‌یان دا. هێندێک لە خەڵک توانیان لە دەرەوەی ئاوایی خۆیان بشارنەوە، هیوا لە گەڵ دوو هاوڕێی خۆیان دەرباز کردو تا قاوەڵتوون لە نێو باغ و ڕەزەکانی ئاوایی خۆیان شاردبۆوە. هێزەکانی ڕێژیم خەڵکیان کۆ کردبۆوە و بەر لێدانیان دابوون کە پێیان بڵێن شەوی رابردوو چۆنە حیزبی دێموکراٍت هاتۆتە نێو ئاوایی. خەڵکیان هەموو بە دیوارەوە نابوو. هەڕەشەیان لێ دەکردن کە ئەگەر ڕاستی نەڵێن دەتان کوژین، لولەی تۆپەکەیان بەرەو گوندەکەی ئەوبەر ڕاگرتبوو. خەڵکیشیان لە پشت تۆپەکەوە ڕاگرتبوو پێیان دەگوتن بە تۆپەکە ئەو گوندە وێران دەکەین و ئاگرەکەشی لەپشتەوە ئێوە دەسووتێنێ، فەرماندەی پاسدارەکان زۆر ویشکو بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ خەڵک دەکردو پاسدارەکانیش هەموو ژ - ٣ بە دەست، قامک لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ چاوەڕێی بڕیاری فەرماندەکەیان بوون بۆ وەی ئەو خەڵکە بێ تاوانە لە سەر ئەوە بدەنە بەر دەسرێژ کە ئاخۆ پێشمەرگەیان دیوە یان نا؟ هەموو جارێ فەرماندە دەستوری دەدا ئامادە بن؟!! پاشان دەستی بەرز دەکردەوە بە

٤- خەرەزەن لە پێستی کەڵ درووست دەبێ پاشان سێ قەدی دەهۆننەوە.






نیشانەی راوەستان واتە جارێ دەست ڕاگرن. دوایە دەیگوت: ئەوانە پیاوی چاکن و راستیمان پێ دەڵێن؟ زۆر جاریش فەرماندە دووپاتی دەکردەوە کە ئاقل بن با وەک خەڵکی لای نەغەدەتان لێ بەسەر نەیە!

لەو بارودۆخەدا چەند ریش چەرمووو کەیخودای ئاوایی هاتنە پێشێ و گوتیان: جەناب سەرهەنگ! خەڵکی ئێرە هیچ تاوانێکیان نەکردوە، هەموو خەریکی کاری کەشاوەرزیی خۆیانن. ئەوان ئاگایان لە" زیلدی ئینقلاب" نیە...

هێشتا قسەکانیان تەواو نەببوو فەرماندە چاوی لە دوو پاسداران هەڵتەکاندو ئەوانیش بە قۆنداغە تفەنگ کەیخودایان بە نێو خەڵک دا کردەوە. فەرماندی پەیتا پەیتا لەگەڵ سەرەوەی خۆی بە بێسیم لە پێوەندی دابوو .

هیوا لەگەڵ هاورێکانی کە گوێیان لە تەقوتۆق نابێ، پێیان وایە هێزی رێژیم گەڕاوەتەوە، بۆیە لە باخی دێنە دەرێو بەرەو ئاوایی مل پێوە دەنێن .

پاسدارەکان دوور و نیزیک چاویان پێ دەکەوێو سەنگەریان لێ دەگرن، ئەوانیش یاری یاری بە نێو باغەکانی ئاغای گوندا دەهاتنە پێشەوەو تا گەیشتنە چەند میتریی پاسدارەکان. لە پڕ لێیان هەستانە سەر پێ،" دستها بالا پدرسگ". پاسدارەکان داوایان دەکرد خۆیان بە دەستەوە بدەن !

هیوای بێچارە کە قەت شتی لەم جۆرە نەدیبوو هەر ئەوەندە بوو دڵی نەتۆقی. هیوا لە بەرئەوەی لە دوو هاورێکەی دیکەی چووکەتر بوو زۆر ترسابوو. رەنگی سپی هەڵگەڕابوو، هەرسێکیان لە بن دیوارێک راگرتو سێ پاسداریش رووبەروویان راوەستان. هیوا ئاوڕی بۆ لای چەپی خۆی دایەوەو چاوی بە زیاتر لە ٦٠ – ٧٠ کەسی خەڵکی ئاوایی کەوت کە لەولاتر کۆیان کردوونەتەوە. ئەو سێ پاسدارەی رووبەرووی هیوا راوەستابوون بانگی فەرماندەکەیان دەکرد بزنیم؟ کاتێک هیوا گوێی لەو وشەیە دەبوو، شادوئیمانی دێنا.

فەرماندەی پاسدارەکان لێیان هاتە پێشو سەعید کە لە هەموویان گەورەتر بوو بانگی کردو پرسی:" ضد انقلاب دیدی؟ شما کجا بودید"؟ [ پێشمەرگەتان دیوە؟ ئێوە لە کوێ بوون؟] سەعید لە ترسان نەیدەزانی بڵێ چی؟ بە لەرزەلەرز گوتی:

"من ندیدم" هەر وای کوت و لێدانێکی باشی لێ دراو بە قونداغە تفەنگو نووکە تفەنگ هەموو گیانیان شین کردەوەو ناردیانەوە بۆ لای خەڵکەکە. فەرماندە لە هیواو کوڕەکەی دیکە کە ناوی ئەحمەد بوو چووە پێش و بانگی ئەحمەدی کرد کە ئەویش دوو ساڵ لە هیوا گەورەتر بوو. هەر ئەو قسەیەی لە سەعیدی پرسی لە ئەحمەدیشی پرسی کە لە کوێ بوون و پێشمەرگەیان دیوە یان نا؟ ئەحمەد بە پێچەوانەی سەعید گوتی دیومە! ئەو پێی وابوو مادام لە سەعیدیان داوە ئەو ئەگەر بڵێ دیومە هیچی پێ ناڵێن. فەرماندە لێی هەڵپێچا: لە کوێ بوون؟ لە کوێ دیتووتانن؟ چەند کەس بوون؟ ئەحمەد بۆی ساغ نەبۆوە بڵێ چی! ئەو کە هیچی بۆ نەدەچۆوە سەر یەک ئەوەندەیان لێ دا خوری شۆریان کرد،

لە نێو خەڵکەکە کەس نەیدەوێرا بڵێ ئەوانە خەڵکی ئێرەن و بۆ لێیان دەدەن؟. ئەحمەدیش بە قۆنەقۆن خۆی گەیاندەوە لای خەڵکەکەو نەیدەتوانی بۆ ماڵەوە بڕواتەوە لەبەر ئەوەی هەموو لایەکیان گرتبوو. هیوا نەیدەزانی چی بکا چونکی نەیدەوێرا هیچ کام لەو قسانە بڵێتەوە کە سەعیدو ئەحمەد کردبوویان. دەیزانی رۆژێکی سەختی لە پێش دایە، ئەو چوار ساڵ لە سەعیدو دوو ساڵ لە ئەحمەد چوکتر بوو. فەرماندە لێی چووە پێش گوتی: "بچەجان شما پسر خوبی هستی تو راستشو بگو دیدی یا نە؟" هیوا لە کاتێکدا رووبەرووی فەرماندەکە (٥) راوەستابوو پاسدارێک سەرنێزەی تفەنگێکی ژ - ٣ کەی بە پشتی هیواوە نابوو. قامکییشی لەسەر پەلاپیتکە بوو. فەرماندە زوو زوو ئەو

٥- فەرماندەکەیان سیاد شیرازی بوو کە لە سەرەتای دەیەی ١٣٨٠ لە تاران کوشتیان.






پرسیارەی دووبارەی دەکردەوە. هیوا تەڕایی لە زاردا نەمابوو. گەرووی ویشک ببوو. لە بن خۆیەوە گوتی بەخێر! فەرماندە لێی حاڵی نەبوو بۆیە پێی دووبارە کردەوە.


شەهید فەتتاح خورشیدی — شەهید سەلاح خورشیدی — شەهید سمایل خورشیدی — شەهید خالید خورشیدی

بە تووڕەیی لێی پرسی یانی چی؟ مانای بەخێر یانی چی؟

هیوا لە ترسان ئەوەی بە زاری داهات نەیدەگوتەوە. بۆ خۆشی نەیدەزانی ئەوەی دەیڵێ یانی چی! فەرماندە چاوێکی لە پاسدارەکەی پشتەوە کردو ئەویش هیوای بە شەق و قونداغە تفەنگ بەنێو خەڵکەکە دا کردو لەوی پاڵێکی پێوەناو بە عەرزی دادا. هیوا هەموو دەم ولووتی پڕبوو لە خوێن، ئەو سێ تازەلاوەی بێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ بێ، لێدانێکی زۆریان لە پاسدارەکان خوارد .

دواتر فەرماندەکە یەک لەو خەڵکەی جیا کردەوەو لە پەنا دیوارێک بە پێوە رایگرت و دەستی کرد بە قسە کردن بۆ خەڵکەکە. باسی خومەینی وگەورەیی ئەو، سپای ئیسلام و ئەوەی کە ئەو ڕێژیمەو سپای ئیسلامەکەی چەندە لە گەڵ خەڵک باشن! و هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر کەسێک دژی ئیسلام بێ یا دژی شۆڕش بوەستێتەوە، ئەوا لێی خۆش نابن.... ئەو پاسدارە هەر بە چەند قسەش گوللەیەکی لە نێوان دوو لاقی ئەو کەسە دەدا کە لە بن دیوارەکە بە پێوە ڕایگرتبوو. لەو کاتەدا مەلای ئاوایی کە لەلای خەڵک زۆر بەڕێزو خۆشەویست بوو هاتە ئەوێ، مەلا تەمەنی ٦٥ ساڵ زیاتر بوو، مەلایەکی خوێندەوارو لێزان و بە ئەخلاق بوو، مەلا گەیشتە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەو چاوی بڕیە ئەو کەسەی بەپێوە لە بن دیوارەکە ڕایان گرتبوو. فەرماندەکە هەڵی دایە کە ئەو دژەشۆڕش و تێکدەرە گرتوومانە...

مەلا لێی وەدەنگ هات و گوتی ئەگەر ئەو تێکدەرو دژە شۆڕش بێ ئەمنیش و هەموو ئەو خەڵکەش ڕاست دەبێ وابین. پاشان مامۆستا لە فەرماندەکە چووە پێش و گوتی ئەوانە هەموو خەڵکی ئێرەن، خەڵکی ئەو ئاواییەن، هەموو لەو گوندە گەورە بوون و لێرە کارو کاسپی خۆیان دەکەن. فەرماندە بە مەلای گوت تۆ زەمانەتیان دەکەی؟

مامۆستا کە دیار بوو بەو تەمەنە پیرەوە لە خۆی رادەبینی، بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە کە ئەوانە دانە بە دانەیان دەناسم و ئەوە نیە پێت دەڵێم کە خەڵکی ئەو گوندەن. دوایە مامۆستا چەند ئایەتی قورئانی خوێندەوەو بەرەبەر پاسدارەکان سەریان بەردایەوە تەنیا ئەوانەی لە سەربانەکان بوون نەدەگریان، ئەوانی دیکە بە فەرماندەوە ملیان لە گریان نابوو، دەتگوت بابیان مردوە.

مامۆستا چەند دەقەیەک قورئانی بۆ خوێندن و دوای ئەوەی ئەوانیش لە گریان بوونەوە، ئەو پیاوەیان ئازاد کرد کە لە چەند سەعاتێک بوو سەر پێ ڕایان گرتبوو. دوایەش زۆر بێ شەرمانە خۆیان پێچاوەو لە کاتێکدا بەرەو گوندەکەی ئەوبەری چۆمی دەرۆیشتن، مۆڕەیان لە خەڵکەکە دەکرد. دوایە خەڵکی ئاوایی بیستیانەوە کە هەر ئەو بەڵایەیان بە سەر خەڵکی ئەو ئاواییەش هێنابوو.

لەو کاتانەدا خەڵکەکە دوو دەستە بوون. دەست دوعایان دەکردو دەپاڕانەوە کە پێشمەرگە لەو کاتو ساتەدا بگاتە سەریان و بۆ بابی خۆیان عاقڵیان بکا. هەبوون کەسانێکیش دەیانگوت ئەگەر ئێستا پێشمەرگە لێیان دا ئەوە دوایە ڕێژیم بە هێزێکی زیاترەوە دەرژێتە سەر خەڵکەکەو قڕانیان تێ دەخا، وەک ئەوەی لە قەرەگوڵ و سەرچنار کردبووی....






## سێ [ ٣ ]

هیوا بە تەواوی لە قوتابخانە دابڕاو کاری موچەو مەزراو بوو بە پیشەی شەوو ڕۆژی. ئەو زۆر جار لە مووچە تووشی کێشەی جۆراوجۆر دەبوو. ئەوکاتەی لە قوتابخانە دەرسی دەخوێند لەگەڵ ئەوەی بەدفەرو کونجکاو بوو، بەڵام کەمتر شەڕی دەکرد، کەچی ئێستا زۆر جار لە موچەو مەزرا لەسەر عەرزو مەڕومالآت کێشە و شەڕی بۆ درووست دەبوو. لەو شەڕانەشدا زۆرتر کوتانی بەردەکەوت، چونکی تەمەنی کەم بوو، کەچی لە ماڵەوەش لە ترسی باوکی باسی نەدەکرد. ڕۆژێک هیوا چەند کەڵ و گامێشی وەپێش خۆی دابوون. هۆشی بڕابوو نەیزانیبوو کەڵ و گامێشەکانی چوونەتە وێنجەی ماڵی جیرانەکەیانەوە. دوو کەس لە جیرانەکەیان کە هەردووکیان بە حەوت ساڵ و هەشت ساڵ لە هیوا گەورەتر بوون بیانوویان پێ گرت و بە شووڵی لاوێن کە جۆرە دارێکی باریکەو زۆرتر بۆ گۆچان دروست کردن کەڵکی لێ وەردەگرن، هەموو گیانیان ڕەش و شین کردەوە .

ئێوارێ کە دەگەڕاوە لە ڕێگا تووشی ئەو دوو کەسە بوو کە مۆڕەیان لێ دەکردو هەڕەشەیان لێ دەکرد کە نابێ لە ماڵەوە باسی بکا، ئەوان دەیانزانی کە ماڵی هیوا لە ئاواییدا بنەماڵەیەکی گەورەن و لەوانەیە ئەو ڕووداوە شەڕی گەورەی لێ ساز بێ، یا دواتر ئەوان تۆڵەی خۆیان لەو دوو کەسە بکەنەوە.

هیوای ماڵوێران لە ترسی باوکی چەند ڕۆژ بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوەو بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکا کاری دەکردو لە هات و چۆ دابوو .

هیوا ئەگەرچی لە قوتابخانە دابڕابوو، بەڵام لە خوێندنەوە نا. ئەو زۆر جار کتێبی ڕۆمانی لە گەڵ خۆی دەبردە مووچەو لە کاتەکانی بێکاریدا خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆمانەوە خەریک دەکرد. ئەو لەو کاتانەدا سرزمین کفـ'ی پێ خۆشترین ڕۆمان بوو، بەڵام باوکی ڕقی لەو کارە بوو، تەنانەت جاری وابوو باوکی کتێبەکانی لێ دەسووتاند.

هیوا شەوانەو دوای نان خواردن وەک هەموو گەنجەکانی ئاوایی بە نێو دێدا دەخولایەوە. زۆر شەو پێشمەرگە روویان لە گوندەکە دەکردو تا شەو درەنگانێک لە گەڵیان قسەو باسی دەکرد، پێوشوێنیان دەکەوت و گوێی بۆ چیرۆکی شەڕەکانیان رادەگرت. دوایەش کە دەگەڕایەوە ماڵەوە، لە بن لێفەو پێش نووستن هەمووی لە مێشکیدا زیندوو دەکردنەوە. خەیاڵ هەڵی دەگرت ئەگەر پێشمەرگە بوایە ئەو جارە کە پاسدار لێیان دا، ئەو ئاوا لێیان خۆش نەدەبوو، شەڕی دەکردو لەو خەیاڵە زۆر جار دەنگی بەرز دەبۆوەو باوکی لێی وەدەنگ دەهات ئەوە بۆ نەخەوتووی؟ دیسان مێشکی بۆ جێگایەکی دیکە دەڕۆیشت و دوایە کەمە خەوێک دەهاتەچاوی و ڕۆژ دەبووە. بەیانی کە دەچوو بۆ مەزرا چاوی بە پایەگای پاسدارو ڕێگرەکانی سەرجادە دەکەوتەوە. دیسان شەو پێشمەرگە، شەوێک دیموکرات و جارجارەش کۆمەڵە، رووی لە گوندەکەیان دەکردو هەرکامەش تەبلیغاتی خۆی دەکردو گەنجەکانیان لە دەوری خۆیان کۆ دەکردەوە. لەو کاتەدا چەپ و کومونیست باوی زۆر بوو، جار جار کە لە ماڵەوە وشەی کومونیستی بە زاردا دەهات، دایکی دەیکوت ئەستەغفروڵا! ڕۆڵە بڵێ خودایە تۆبە گوم خوارد کافر دەبی...!! هیوا لە دەرەوە گوێی لە ڕەفیقەکانی دەبوو کە باسی کۆمەڵەیان بۆ دەکردو لە ماڵەوە پەشیمانیان دەکردەوە. بەشی زۆری گەنجەکانی گوندەکەیان کە نەشیان دەزانی کومونیست چیە، هەر لەخۆڕا دەکەوتنە پیاهەڵدانی، گوایە کە لە کومونیستدا بەرابەری هەیەو کەس حەقی کەس ناخوا.....دنیا یەکسانەو هەموو بە قەت یەکیان پێ دەبڕێ !

خەڵکێکی دیکەش کە چاوکراوە بوون‌و زیاتریان ئەزموون هەبوو، باسی حیزبی دێموکڕاتیان دەکردو کە ٣٥ ساڵە هەیەو دیفاع لە نەتەوەی کورد دەکاو دەڵێ ئێمەش نەتەوەین و لە سەر مافی خۆمان سوورین .... ئەوانە هەموو مێشکی هیوای تەنیبوو، ئەو لەو کاتانەدا فەرقی پێ






نەدەکردن و وەکوو گەنجەکانی دیکە هەر کەسێک بە ناوی پێشمەرگە هاتبا نێوئاوایی، لە دەوریان کۆدەبوونەوەو هەر کەسەو چەند کەسێکی بۆ نان خواردن دەبردە ماڵەوە. خەڵک حورمەتی زۆری پێشمەرگەکانیان دەگرت و لەگەڵ کوڕی ماڵێ فەرقیان نەدەکرد، بۆ خواردنیش چی لە بەردەست دا بوایە، پێکەوە دەیان خوارد .

تازە مانگێک لە پاییز تێپەڕیبوو. شەو درەنگ ببوو، بەڵام هێشتا پێشمەرگە لە نێو ئاوایی بوو. کە گەنجەکان لە جادەڕا هاتبوونە خوارەوە پاسدارایان دیبوو کە بەرەو نێو دێ هاتوون. هەر بۆیە زوو پێشمەرگەکان ئاگادار دەکرێنەوەو پێشمەرگەکانیش بۆ ئەوەی لە نێو ئاواییدا شەڕ ساز نەبێ‌و خەڵکەکە زیانیان بەر نەکەوێ، بە بێ دەنگی لە ئاوایی چوونە دەرێ‌و خەڵکیش هەر کەس بێ چرپە روویان لە ماڵی خۆیان کردەوە. شەو تا بەیانی سەگوەڕ بوو، ئەو شەوە وەک شەوانی دی نەبوو، خەڵک دەیانزای خەڵکی نامۆ لە نێو ئاواییدا هەیە. بۆیە بەیانی ئەو پیاوە بە تەمەنانەی بۆ نوێژ کردن چوبوونە مزگەوت، نەهاتنەوە. هێزە جەکدارەکانی ڕێژیم لە شەودا دەوری گوندەکەیان گرتبوو، کەس هاتووچۆی نەدەکردو تووشی هەرکەس بوایەن لەگەڵ خۆیان بۆ مزگەوتیان دەبرد. بەیانیش ماڵ بە ماڵ گەڕان‌و هەموو خەڵکەکەیان لە مزگەوت کۆ کردەوە. هیوا زور دەترسا پێی وابوو دیسان لێی دەدەن. سەرچۆمی گیرابوو، کالیبرِ ٥٠ و تۆپێکی ١٠٦ میلیمیان لە سەر چۆمی روو بەو بەری کە شکی پێشمەرگەی لێ دەکرا دابەستبوو، هەموو چەکدارەکان دەوروبەری گوندیان گرتبوو، دەستەو تفەنگ تەواوی کوچەو کۆڵانەکانی ئاوایی دەگەڕان، خەڵک لەرزی ئەوەی هەبوو کە لە گوندەکەی ئەوانیش ڕەشەکوژی بکرێ.

مەلایەکی تەمەن باوخۆش کە لە نێو هێزەکانی پاسدار دابوو، لە مزگەوت دەستی کرد بە قسەو داستانی ئیمامی زەمانی بۆخەڵک وەرد دایەوە، ئەمجارە فەرماندەکەیان لەسەر خەڵکی کرد کە دەبێ ماڵێ تفەنگێک بێنن و تەحویلیان بدەن، دیارە بۆیان گرینگ نەبوو چ چەکێک، بێ تەنیا ناوی تفەنگ بوایە. ئەو دەیگوت کە لیستەمان هەیەو دەزانین کێ و کامە چەکیان هەیەو لە ماڵان لە کوێ شاردراونەوە، بۆیە بێتوو چەکەکانیان ڕادەست نەکەن، بە بەرچاوی خەڵک گوللە باران دەکرێن... کەس متەقی لێوە نەدەهات. مامۆستای ئاوایی بە لەرزە لەرز هاتە ژووری مزگەوت و لە نیزیک مەلای پاسدارەکان دانیشت، مامۆستا وەک بەرنامەی پێشوو دەستی بە خوێندنەوەی قورئان کرد. مەلای شیعە لە پێشەوەو پاسدار بە دوویدا ملیان لە گریان نا، خەڵکی ئاوایی بە جۆرێک تاسابوون خەریک بوو ئەوانیش مل لە گریان نێن. لە پڕ ئەو ماشێنەی کالیبرِی ٥٠ی لەسەر بوو ڕەگبارێکی بەرەو گوندەکەی ئەوبەری چۆمی هاویشت و پاسدار لە مزگەوت دەرپەڕین. نیوەیان کەوشی خەڵکیان لەبەر کردبوو پاش ئاڵۆزییەکی زۆر دەرکەوت کە هیچ نەبووەو نیگهبانەکەیان خەڵکی موچەومەزرای لێ ببووە پێشمەرگە. دیارە بۆ ئەوەی لای خەڵک تووشی خەجاڵەتی‌و شەرمەزاری نەبن بە چەکی دیکەش هێندێک فیشەکیان بە مەزرای خەڵکدا باراند. بە بەرز بوونەوەی دەنگی تەقە هیوا لەو مزگەوتەدا جێگای نەدەبۆوە. باوکی لای سەرەوە دانیشتبوو، هیوا دەیەویست لێی نزیک بێتەوە، بەڵام لە ترسی دوو پاسداری منداڵ کە لە نزیکی ئەو، دەستەو تفەنگ راوەستابوون جووڵەی نەدەکرد. ماڵی هیوا تفەنگیان نەبوو، بۆیە هیوا لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە باوکی دەبێ تفەنگێگ بکرێ و تەحویلی پاسدارانی بدا. پێی وابوو ئەگەر پاسدارەکان خەڵکی چەک بکەن یان هەر چەند چەکیان لە ئاوایی دەست کەوێ، ئیدی روو لەو گوندە ناکەنەوە. دوای ئەو بشێویە پاسدار هاتنەوە نێو مزگەوت، بەڵام مەلاکەیان لای مەلای ئاوایی دانیشتبوو. هەر نووکەی گریانی دەهات، فەرماندە یەک کاتژمێری مۆڵەتی بۆ خەڵکەکە دانا ئەوەی چەکی هەیە بیهێنێ و تەحویلی بدا، ٢٣ چەکی برِنووو، ١٠ ئێمیەک و دوو ژ - ٣ یان کۆ کردەوە. قسەی مامۆستای ئاوایی وای کرد کە لە قسەو هەڕەشەی یەکەمجاریان پاشگەز ببنەوە. بەڵام بەوەندە رازی نەبوون، چونکی باشیان دەزانی ماڵی مام رەحمانێک بوو لە جیاتی چەکێک دوو چەکیان هەبوو. هەر لە مزگەوت پێیان گوتن کە دەبێ هەردووکیان بێننەوە، هەرچی بە سوێندو قورئان دانووسان باوەریان نەکرد، ئەوان چەند






ڕۆژ پێشتر تفەنگی ژ - ٣ کەیان فرۆشتبوو، بەڵام پاسدارەکان بەو قسانە حاڵی نەدەبوون، کوڕی رحمان ناوی فەتتاح بوو، هێنایانە بەردەرگای مزگەوت و لە بن دیوارێک رایان گرت. هەموو خەڵکەکەش لە گەڵی هاتنە دەرێ. ماموستای ئاوایی چووە لای فەرماندەی پاسدارەکان و زۆری لێ پاراوە کە ئەوە بێ گوناحە کابرایەکی کاسبکارە ئەو قسانەی مامۆستاش هیچ تەعسیری نەبوو، هەر لەوێ دەستوری دا بیکوژن. مامرحمان چووە بن گوێی مامۆستای ئاوایی و پێی گوت: تەفەنگەکەی دیکە فرۆشراوە یەکدانەی دیکەیان بۆ دەکڕم! مامۆستا چووە لای مەلای پاسدارەکان ئەو قسەیەی رەحمانی پێگوت، ئەویش سرتەیەکی لە گەڵ فەرماندەکە کردو بڕیاری وەستانی کوشتنەکەی داو بە دەنگی بەرز گوتی: ئەمرۆ سێ شەممەیەوڕۆژی پێنج شەممە تفەنگێکی ژ - ٣ مان دەوێ، ئەوە فەتتاح لەگەڵ خۆمان دەبەین، ئەگەر تفەنگیان هێنا ئەوە رۆژی پێنجشەممە ئازادی دەکەین". لەگەڵ ئەوەش تا سواری ماشێنیان کرد هەر لێیان دا. لای نیوەڕۆ بوو کە پاسدارەکان خۆیان کۆ کردەوە بەرەو بۆکان بگەڕێنەوە. لە سەر جادە فەتتاح دادەبەزێنن و ئەویش بە سەروو چاوی خوێناوی بەرەو ماڵ گەڕاوە. بۆ بەیانی چوون تفەنگێکیان کڕی و تەحویل رێژیم دراو کوڕەکەیان لە مردن رزگار کرد.

ئەو رۆژە هیوا لە نێو ئەو خەڵکەدا هەر ئەوسەروو ئەوسەری دەکرد. لە هەموو شوێنەکان پاسدار راوەستابوو. دەچووە هەرلایەک دووکەسی ئامادە لێ وەستابوو، هەموو جارێ باوکی چاوی لێ دەکرد کە نەجوڵێتەوە، هیوا چونکی جاری پێشتر زۆریان لێ دابوو، پێی خۆش نەبوو چاوی بە چاویان بکەوێ .

هیوا زۆر جار خەیاڵ هەڵی دەگرت و بەرەو پێشمەرگایەتی دەبرد. جارجاریش بیری دەکردەوە کە کوڕی گەورەی ماڵەوەیە، ئەدی ئەگەر ئەو ببێتە پێشمەرگە کێ خزمەتی دایک و بابی بکا؟ هەموو جارێ لەماڵەوە دەنگیان دەداو پێیان دەگوت ئەوە لە کوێی، خەیاڵ بۆ کوێی بردووی ....

باوکی دەیگوت بیری لە مەزراو لای گەنم وحیوان بووە، یەکی دیکە دەیگوت لە فیکری دەرس خوێندن دابووەو هەر یەکەی شتێکی دەگوت! کەس بیری بە لای ئەوەدا نەچوو. پێشمەرگایەتیی ئۆقرەی لە هیوا هەڵگرتبوو. لە ماوەیەکی کورتدا چەند جاری دیکەش پاسدار روویان لەو گوندە کردەوەو خەڵکیان ئازارو ئەزییەت دەکرد، هەر ئەوەش وای کرد تا هیوا بڕیاری دا باشترە یەکجار بمرێ لە پێناو ژیان‌دا، نەک هەموو رۆژێ جارێک بمرێو ئەو سووکایەتی‌یە بە چاوی خۆی ببینێ.








## چوار [ ۴ ]

بەرەبەرە پاییز سارد دەبوو. هیوا بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە، هەر چاوەڕێی ئەوە بوو تا پێشمەرگە روو لە گوندەکەیان بکەن، شەوێک ئاواتەکەی هاتە دی. هیوا ٧٠٠ تمەنی پووڵ لە ماڵێ هەڵگرتو لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ئاوایی دەرکەوت. لە رێگا جارجار کە پێشمەرگەکان بۆ پشوودان دەوەستان، لە نێوخۆیان دا هەر سرت و خورتیان بوو، باسی هاتنە پێشمەرگایەتیی ئەویان دەکرد. ئەو شەوە لە گوندێک نزیک مەقەڕەکەیان مانەوە و سەعات سێی نیوەشەو چوونە کەمین، هیوا زۆری پێ سەیر بوو بۆچی سەعات سێی نیوەشەو لەو شاخە دانیشتوون و چاوەڕێ دەکەن کە رۆژ بێتەوە، بەری بەیانی کە هەوا رووناکی کرد بەرەو مەقەڕەکانیان داگەڕان. دوای نانو چایی بەیانی نەفەرێکیان لە سەربانی بنکەکە وەک نیگهبان داناو هەرکەسە لە گۆشەیەکی مقەڕەکە پەتۆی بڵاو کردەوەو بۆی خەوت. هیوا کە هیچکات شتی وای نەدیبوو بە تەنیا بۆی دانیشت و چاوی لە دارو دیوار دەکرد، هەر کەسە زۆر بە رێکوپێکی بزمارێکی قایمی لە پشت سەری داوەو رەخت و تفەنگی پێدا کردوە، لیستێکی نیگهبانیی رۆژ بە کۆڵەکەی مقەڕەکەوە بوو کە مزگەوت بوو. نیزیک نیوەرۆ فەرماندەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە کە سەرپەلیان پێ دەگوت، ئەوانی دیکەی بۆ نان و چایی نیوەرۆ لە خەو هەستاند. پاش نان و چایی سەرپەل، لەگەڵ بەرپرسی سەرەوەتری خۆی قسەی کردو پێی گوت کەسێک هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی چی لێ بکەین؟ لە سەر بڕیاری فەرماندەری لک تفەنگێکی ژ - ٣ی بەقونداغیان بە هیوا داو یەکێک لە پێشمەرگەکان بە ناوی سمایل پاش چەند جار کردنەوەو بەستنەوە، فێری بەکارهێنانی چەکی کردو هەر ئەو شەوە لە گەڵ کەسێکی دیکە بۆ ئەوەی لەو بەشەش دا بار بێ، سەعات دووی شەو بۆ یەکەمین جار بە نیگهبان داندرا ...

لەولاش نیوە شەو عەلی، باوکی هیوا وەخەبەر دێو چاوی بە جێگای هیوا دەکەوێ کە نەهاتۆتەوە. هەڵدەستێ سەردانی ژووری ماڵەوە دەکاو دەبینێ لەوێش نیە، خێزانی لە خەو هەڵدەستێنێ، بەڵکوو ئەو بە جێگای هیوا بزانێ، بەڵام ئەویش هیچ ئاگای لە کوڕەکەی نەبوو. بەو نیوە شەوە شەڕ لە نێوان ژن و مێرد سازبوو. هەرکامە خەتای یەکتری دەگرت کەچی هیچیان تاوانیان نەبوو. رۆژ بۆوە ئەوسەراوسەری گەڕەک و ماڵی رەفیقەکانی هیوایان کردو لە هیچ شوێنێک سەروسۆراخی هیوا دیار نەبوو. رێباز، براچووکەی هیوا کە شەو چاوی بە پێشمەرگەکان کەوتبوو، شکی چووبوە سەر ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکان رۆیشتبێ؟ دایک و باوکی بێ راوەستان بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە وەڕێ کەوتنو دوای نیوەرۆ خۆیان بە نێو مقەڕی پێشمەرگەکاندا کردو هەرکە چاویان بە هیوا کەوت سوکنایی دڵیان هات. دایکی گوتی ئۆخەیش ئەوە کوڕەکەم دیتەوە؟!! باوکی هیوا دوای قسە کردن لەگەڵ پێشمەرگەکان کە زۆربەشیان خەڵکی ناوچەکە بوون، داوای لە هیوا کرد کە لە گەڵی بێتەوە. ئەو زۆری دڵخۆشی داوە و پێی گووت هەرچی بیەوێ بۆی دەکا، بەڵام هیوا لەگەڵی نەچۆوە. دایکیشی زۆری لێ پاڕایەوە، بەڵام هیوا سوور بوو لەوەی کە نەچێتەوە، بۆیە نە گریانی دایکی و نە قسەوباسەکانی باوکی بڕیاریان پێ نەگۆڕی و ئێوارەی ئەو رۆژە دایک و بابی بە دەستی بەتاڵ و هیوابڕاو گەڕانەوە. ئەوە بوو کە بە نێو خەڵکی ئاوایی دا بڵاو بۆوە کە هیوای کاک عەلی بۆتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات .

سێهەمین رۆژی پێشمەرگایەتیی هیوا بوو کە پەلەکەیان بەرەو گوندەکەی خۆیان وەڕێ کەوت، هیوا هەموو گیانی لەرز دایگرتبوو، چونکی تازە هاتبوو شەرمی دەکرد بە سەرپەلەکەی بڵێ کە ئەو پێی خۆش نیە لە گەڵیان بچێ. لە بەر ئەوەی هیوا لەگەڵ زۆر کەسی ئاوایی شۆخی و جەفەنگی هەبوو، لەوە نیگەران بوو کە گاڵتەی پێ بکەن ...

نیو سەعاتی رۆژ مابوو پێشمەرگە بە پەنا دارو باغات دا چوونە نێو ئاوایی، هیوا چونکی رۆژەکانی دیکە بە ئازادی دەگەڕا، پێی سەیربوو






که بۆ بەنێو داران دا دەرۆن‌و لە ڕێگا لایان داوە. لەسەر چۆمی کۆمەڵێک خەڵک ڕاوەستابوون، هیوا تا لە ئاوایی نزیکتر دەبۆوە، زیاتر لەشی لەرز دایدەگرت. لە هەورازی بەرماڵان سەرکەوت و ئەوانەی لە سەر چۆمەکە بوون هەموو بە پێشوازیانەوە هاتن، هیوا نەیدەزانی کە چی ڕوو دەدا، چەند میترێکی مابوو بگاتە خەڵکەکە. دوو پێشمەرگەی لە پێشەوە بوون، چونکی پاییز بوو خەڵک لە کاری مووچەو مەزرا تەواو ببوون، ئەوانەش کە لە کورەخانەو شیرکەتەکان کاریان دەکرد گەڕابوونەوە سەر ماڵ و حاڵیان.




نێو ئاوایی زۆر ئاوەدان بوو. بەو جێگەیەدا تێپەڕی کە پێشتر پاسدارەکان لەوێ لێیان دابوو. لەبەرخۆیەوە دەپاڕاوە دەی خودایە ئێستا پاسدارەکان بێنەوە تا بتوانم داخی دڵی خۆمیان پێ بڕێژم! بە دەنگە دەنگی ئاپۆڕای خەڵک لە داڵغە ڕاپەڕی و لەگەڵ گەیشتنی بۆ نێو خەڵکەکە دەستیان کرد بە ماچ کردن و لەباوەش گرتنی. هیوا لە نێو بەشێکی زۆر خەڵکەکەدا بوو بە کاک هیوا، دوو پێشمەرگە بە شۆخی ڕوو بە خەڵکی ئاوایی گوتیان کاکە ئەوە چیە خۆ سێ ڕۆژ نیە بۆتە پێشمەرگە، ئەدی بۆ چەند وەختە ئێمە دێین ئاوا وەرتان نەدەگرتین؟؟

چەند کوڕی گەنج گوتیان ئەوە لە نێو ئێمەدا لە هەموومان پیاوترە، بۆیە دەبێتە خۆشەویستی خەڵکی. خەڵکەکە دەوری هیوایان دابوو وێڕای ئەو بەرەو نێو ئاوایی هەڵکشان و هەر دەهات و زیاتر دەبوون. خەڵکی ئەو ئاوایی لە منداڵەوە تا پیاوی ماڵان بە دووی هیواوە بوون، هیوا کە قەت شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو لە خۆشی‌یان شاگەشکە ببوو. لە پێستی خۆی‌دا جێی نەدەبۆوە. بە لای ماڵی خۆیان‌دا تێپەڕی، بەڵام ڕووی تێ نەکرد. دوو کوڕی ڕەفیقی، بە هەڵەداوان خۆیان بە ماڵی باوکی داکردو هەواڵی هاتنی هیوایان بە دایکی دا. لەو کاتەدا دایکی هیوا خەریکی مانگا دۆشین بوو بە دەم گریانەوەو بە گۆرانی مانگاکانی دەدۆشین. سەرپەلەکەیان پێشمەرگەکانی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی ناوی شەویان بۆ دابنێ و کاتیان بۆ دیاری بکا کە کەی خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەن، بەڵام هیوا تاسابوو. گوێی لە هیچ نەدەبوو. ئەو خەڵکە جۆرێک چاویان لە هیوا دەکرد دەتگوت دە ساڵە نەیان دیوە.

پێشمەرگەکان بۆ نانی شەو بە سەر ماڵاندا دابەش بوون، هیوا پێچەوانەی ئەوەی پیشتر بیری لێ کردبۆوە دەیدی کە خەڵکی ئاواییەکەی چەندە بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ کردوە. دەیزانی باوکی لێی توڕەیە بۆیە بۆ نان‌خواردن ڕەفیقێکی لەگەڵ خۆی بردەوەو دوای نان خواردنیش تا نیزیک خەوتنان خەڵکی ئاوایی بە دەوری ئەو کوڕە پێشمەرگە تازەیەوە بوون. هیوا ئەوەندەیان دەوردابوو کە نەیتوانی تەنانەت لەگەڵ ڕێبازی برای دووقسان بکەن، لە کاتی ڕێکەوتنیشیان لە ئاخری سەفی پێشمەرگەکانەوە دەڕۆیشت و زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە و دەستی لە خەڵکەکە بەرز دەکردە و فرمێسکی بە چاودا دەهاتە خوارێ. خەڵکەکەش تا لێیان بزر بوو هەر چاویان لێ کرد. پێشمەرگە بەرەو شوێنی خۆی ڕێ کەوت و خەڵکیش هەر کەسەو بەرەو ماڵی خۆی بڵاوەیان کرد.

بەیانی زوو هێزی ڕێژیم بە نێو ئاوایی دا وەربوون و بگەیشتبانە هەر کەس وەبەر شەقیان دەدا. دوایە خەڵکیان لە شوێنێک کۆ کردەوەو داوای باوکی هیوایان کرد. کەس مەتەقی لێوە نەهات. عەلیی بەستەزمان کە تەمەنی سەروو ٤٥ ساڵ بوو، لە حاڵێکدا ترس لە






سووکایەتیی پاسدارەکان هەموو گیانی داگرتبوو، بە دەنگێک کە دەتگوت لە بن چاڵەوە دێ گوتی "جەناب سەروان باوکی هیوا منم". فەرماندەی پاسدارەکان بانگی کردە نیزیک خۆی و کوانێ کورەکەت؟ بۆ بۆتە دژی شۆرش؟ دوایە لێی توند کرد کە ئەو شەو هاتۆتەوە بۆ نەت گرتوەو رادەستی ئێمەت نەکردوە؟ عەلیی داماو کە نەیدەزانی چۆنی وەڵام بداتەوە لە کۆڵی بێتەوە هەر ئەوەندەی گوت کە کوڕەکەی چاوی بە ماڵەوە نەکەوتوە. هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە جەناب سەروان! بە قۆنداخە تفەنگ بەربوە گیانی و لەسەر عەرزی درێژی کرد. لاقی لە سەر پشتی داناو رووی لە خەڵکەکە کردو گوتی" ئەوە چارەنووس و عاقیبەتی هەموو ئەو کەسانەیە کە کوڕەکانیان دەبنە دژی شۆڕش؟ لەو کاتە ٣ هێلی کۆپتێڕ بە سەر ئاوایی‌دا تێپەڕین و وا وێدەچوو کە بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بچن، جەناب سەروان تا شل بوو بە مستو پێلاقە لە علی دا. دوایە چەکدارەکانی کۆ کردەوەو بەرەو بۆکان گەڕانەوە.

هێلی کۆپتێڕەکان بە پێی بەرنامەی پێشتریان راست چوونە سەر ئەو گوندەی کە مەقەڕی پێشمەرگەی لێ بوو. هیواش لەو بنکەیە بوو. ئەو نەیدەزانی کە ئەو ڕۆژە چییان لە باوکی کردوەو چەندەیان جەزرەبە داوەو سووکایەتی‌یان پێ کردوە.

کۆپتێرەکان خەریک بوو دەگەیشتنە سەر ئاوایی‌و لە مەقەرەکانی پێشمەرگە نیزیک دەبوونەوە. لەو کاتەدا "ساڵە" کە پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لە سەر تەپەکەی نیزیک ماڵان نیگابان بوو. ئەو هەر کە لە دوورەوە کۆپتیرەکانی دی هاواری کرد: کوڕینە خۆتان ببەستن کۆپتێر هات. هیوا وێڕای پێشمەرگەکان گورج رەختو تفەنگی لە خۆی داو دوایە بە کوچەو کۆڵانەکان دا بڵاو بوونەوە. کۆپتێرێکیان جارێک بە سەر ئاوایی دا سووڕایەوەو بەرەو ئاوایی گەڕایەوە. دیار بوو لور بۆوە خۆی بۆ تەقە کردن ئامادە دەکرد. یەکیان زۆر بەرز بووو هەر بەسەر گوندەکەدا دەخولاوەو ئەوانی دیکەش نەزم دەگەڕان، لە پڕ گوندەکەیان بەر راکیت و شەستیردا، پێشمەرگەش تەنیا بە تفەنگی دەستیان تەقەیان لێ دەکرد. ئەوە یەکەم شەڕ بوو کە هیوا تێی‌دا بەشدار بوو. ئەو ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە شڵەژا بوو. ئەو تا ئێستا هەر لە فیلمە سینەمایی‌یەکان دا شتی وای دیبوو، بەڵام ئێستا مەیدانی شەڕ لەبەر چاوی و بۆ خۆیشی یەکێک لەو شەڕکەرانە بوو کە دوژمن هاتبووە سەریان. هیوا لەسەری کوچەیەک لە گەڵ سمایل و سەدیق و مستەفا سەنگەریان لە کۆپتێرەکان گرتبوو. هەر کۆپتێرەکە روو بە ئاوایی گەڕاوە، هیوا ٣ تلی بۆ نێوەراستی کۆڵان لێ داو بە تفەنگی ژ - ٣ بە رەگبار تێی هەڵکرد، لە بەر ئەوەی تەکانی تفەنگەکەی زۆر بوو هیوا هێزی پێی نەدەشکاو لەگەڵ هاویشتنی چەند گوللە دوو هەنگاو بە پشتەوەدا دەکشایەوە. کۆپتێرەکە لووتی خوار کردەوەو سمایل کە شەڕی زۆر دیبوو زوو هاواری کرد: کوڕە لاچۆ. هەتیو وەرەوە بن ئەو دیوارە دەکوژرێی... هیوا دەتکوت لە گەڵ ئەویشیان نیە گوێی لێ نەبوو، سمایل بە تەواوی تێک چوو. دەیزانی هەر ئێستا کۆپتێرکە شوێنەکە دادەگرێ. هەر بۆیە پێش هاویشتنی راکێتەکە خۆی بە هیوا داداو لە گەڵ خۆی بردیە پەنا دیواری باغچەیەک، تەواو بە عەرزیدا نەکەوتبوون کە راکێتێک لە کوچەکە دراو تەپو تۆزی بەرەو ئاسمان بڵیند کرد. هیوا ئەمجارەیان زانی کە ئەگەر سمایل فریای نەکەوتبا ئێستا لەت و پەت ببوو. لەولاش سمایل کە زۆر تووڕە بوو، دوای ئەوەی زانی کە هیچیان لێ نەهات دوو جنێوی چاکی لە هیوا هەڵکردو بە توندی پێی گوتی بەرخم ئەوە فیلم نیە؟ شەڕە شەر. شەڕ فەننی خۆی هەیەو دەبێ لێی بزانی دەنا تێدا دەچی. ئاوا بکەی مانگێکی دیکە ناگرێ دەکوژرێی.

سمایل گوتی تەقە کردن لە کۆپتێر لێزانینی دەوێ، چاو لە من کە! ئاوای تەقە لێ بکە. دوایە لە کاتێکدا کۆپتێرەکە بەسەر ئاوایی‌دا دەسووڕایەوە داییە بەر رەگبار. سمایل دەستی کردەوە بە قسە: دیارە بەو چەکانەی ئێمە پێمانە زەحمەتە زەفەریان پێ بەرین، بەڵام هەر ئەوەی کە ئاوا دەست دەکەینەوە خۆی دەستکردنەویەکی ڕووسوورانەو سەربەرزانەیە.

ئەو گوندە بۆ ماوەی نیو سەعات لەلایەن ئەو سێ کۆپتێڕەوە درایە بەر شەستیرو ڕاکێت. نێو ئاوایی پڕ ببوو لە تەپو تۆزو چەڕە دووکەڵ و






بۆنی باروت. هیوا کە فێرببوو چۆن دەبێ تەقە بکا، هەر کاتێ هێلیکۆپتێرەکان دەگەڕانەوە لوولەی تفەنگەکەی لە گۆشەی دیوارێکەوە دەردێناو سیلەی لێ دەگرتن و خەشابێکی تێ هەڵ دەکرد، خەڵکی ئاواییش کە هەموو چەکیان هەبوو وێڕای پێشمەرگەکان لە هەموو ماڵێکەوە تەقەیان لە کۆپتێرەکان دەکرد.

کاتێک کۆپتێرەکان ڕۆیشتن خەڵک و پێشمەرگە لە دەوری یەک کۆ بوونەوەو هەر کەسە لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی ئەو شەڕەی دەکرد، شەڕێک کە دەکرێ بلێی هەموو تێی دا بەشدار بوون. هیواش وەک خەڵکەکە ڕووداوەکانی شەڕەکەی بیر دەهاتەوە، کۆپتێرەکان، تل خواردن لە نێو کۆڵان و یەکەم تەقەی ڕوو لە هێزەکانی دوژمن، خۆپێدادانی سمایل و لە مەرگ ڕزگار کردنی، بۆنی باڕووت و دووکەڵ.... سەرپەلی پێشمەرگەکان فەرمانی پێ کردن کە هەر کەسەو بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوەو پێشمەرگەکانیش بچنەوەو بۆ بنکەکانیان، بەڵام لەسەر هەست بن، چونکی لەوانەیە دوژمن بێتەوە سەریان .

دوانیوەرۆ سەرپەل لە سەر لێکدانەوەی شەڕی بەیانی کۆبوونەوەی بۆ پێشمەرگەکان گرت و باسی چۆنیەتیی دابەش کردنی هێزەکان لە کاتی ئاواو چۆنیەتی پەلامارو بەرگری بۆ کردن. دوایە بە بزەوە لە هیوای پرسی کوڕە ئەوە تۆ نەدەترسای بەمجۆرە تەقەت لەو کۆپتێرانە دەکرد.؟ سمایل هەڵی دایەو گوتی: ئای ئەگەر من نەدەبووم، دەمزانی ئێستا لە کوێ بوو، یەکسەر شەهید ببوو. هیواش گوتی کوڕە نەوەڵا ترسی چی؟ ئەگەر ترسابایەم بۆ دەهاتمە پێشمەرگایەتی. ڕەشتاڵەیەک لەولاوە کە ناوی عەلی عەبەشەل بوو گوتی کوڕە چۆن نەترسا، وەڵلا ڕەنگی بە ڕوو نەمابوو! سمایل زوو هەلی دایەو گوتی لێی مەڵێ با تێت نەسرەوێنم، وەڵلاهی ئەوەی ئەو بە چوار ڕۆژ پێشمەرگایەتی فێری بووە تۆ بە مانگێگ بارهێنانیش فێر نەدەبووی. لەو قسانەدا بوون کە پیاوێکی سوورکارە، ڕێکوپێک، لەسەرەخۆ لە بنکەی پێشمەرگەکان وەژوور کەوت، هەموویان لەبەری هەستان و ڕێزێکی زۆریان بۆ دانا. سەرپەلەکە گوتی کاک قاسم (٦) بەخێر بێی؟ هیچ بووە؟

هیوا زوو زانی کە ئەو کابرا سوورکارە کێیە، ئەو فەرماندەی لک بوو کە یەکەمجاربوو دەیتی.

فەرماندە دوای چاک و چۆنی لەگەڵ پیشمەرگەکان لە هاتنی ئەو کۆپتێرانەی پرسی و بەوە کە هەموو پێشمەرگەکان سڵامەتن، تەواو کەیفی ساز بوو.

قاسم فەرماندە لک دوای ئاگاداربوون لە پەلاماری کۆپتێرەکان بە پەلە لە ئاوایی کۆنە مەلالەرەوە بە چەکی کالیبرِ پەنجاوە وەرێ کەوتبوو، بەڵام لە کاتی خۆیدا نەگەیشتبوویە، چونکی هیچ کۆپتێرەکان پاش نێو سەعات بەپەلە گەڕابوونەوە بۆکان. هیوا گوێی لێ بوو کە پێشمەرگەکان دەیانگوت ئەگەر ئەو کالیبرِ پەنجایەمان پێ دەبوو، کۆپتێرەکان نەیاندەتوانی ئاوا تەڕاتێن بکەن و دیوارو ماڵی خەڵکی بڕووخێنن.

فەرماندە لک دوای تاوێک کۆبوونەوەیەکی پێک هێناو لایەنی باش و خراپی ئەو بەربەرەکانییە لەدژی کۆپتێرەکانی لێک دایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەوە کرا کە کێ فیشەکی هاویشتوە تا فیشەکیان پێ بدەنەوە. نەفەرێکیان دیاری کرد کە ناوەکانیان لە لیستەیەکدا بنووسێ. پێشمەرگە نەبوو تەقەی نەکردبێ، لە ٢٠ گوللەڕا بگرە تا ٦٠ گوللە، بەڵام تەنیا هیوا بوو کە ٩٥ گوللەی هاویشتبوو. سەرپەلەکەی کاتێ بەوەی زانی لێی تووڕە بوو. لێی هاتە پێش و گوتی کاکە ئاوا نابێ، ئاوا بڕۆیە پێش تووشی شەڕێک بین بەشە گوللەی

٦- قاسم محەممەدپوور سەرپەرستی هێزی بەیان بوو لە گوندی باغلوجە کۆمەڵە شەهیدی کرد






هەموو پەلەکەش بەشت ناکا. دوایە سەرپەلەکەی تێی گەیاند کە لە شەڕی پارتیزانیدا بۆیە دەبێ حیساب بۆ تەقەمەنی بکرێو نابێ گوللە بە فیرۆ بدرێ. هیوا ئەو قسانەی وەک دەرس لەبەر دەکرد، ئەگەرچی لەسەر ئەو گوللە بەفیرۆدانە زۆریان سەرکۆنە کرد، بەڵام ئەو زۆری لە دڵ گران نەهات .

فەرماندەری لک پاش ماوەیەک بانگی کردو کۆمەڵێک ڕێنوێنی باشی کردو زۆری دڵخۆشی دایەوە پێی گوت کە حیزبایەتی ئەوانەی هەیەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فێری شت دەبی و لە شەڕدا ئەزموونی زیاتر وەسەریەک دەنێی. ئەو قسانەی قاسم لەگوێیدا دەزرینگانەوە کە پێی گوتبوو دڵنیام دەبێ بە پێشمەرگەیەکی نمونەو کوڕێکی هەرەباشی ئەو هێزە، بەڵام ئەوەی لەبیر بێ لە قسەی سەرپەلەکەت دەرنەچی.



شەهید کەریم نارامش — شەهید سولیمان نارامش — شەهید محەممەد نارامش

هیوا گوتبووی ئەی ئەدی ئەگەر شتێکیان پێ گوتمو ئەمن پێ باش نەبوو؟ فەرماندە پێی گوت ئەگەر قسەیەکت لە سەر فەرمان و بڕیاری سەرپەلەکەت هەبوو، دوایە دەتوانی لە شوێنی خۆی و لەکاتی کۆبوونەوەدا باسی بکەی....

## پێنج [ ٥ ]

سێ مانگ لە پێشمەرگایەتیی هیوا تێپەڕیبوو. لەو ماوەیەدا ئەوان هەر لەو ناوچانە مابوونەوە. هیوا تا ئەو کاتیش پێی وابوو پێشمەرگە لەو ناوچەیە هەر ئەوەندەن کە پێکەوە لەو پەلە دان. تا ئەوەی ڕۆژێکی فەرماندەری لک لە سەر بڕیاری سەرەوەتری خۆی هەموو ئەو پێشمەرگانەی کۆ کردەوە کە سەر بەو لکەن. کاتێک پێشمەرگەکانی ئەو لکە کۆبوونەوە هیوا سەری سووڕمابوو. ئەو زۆر کەسی دەناسی کە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری خۆیان بوون. ئەوە یەکەمجار بوو کۆبوونەوەی بەمجۆرەی دەدی. لەوەش تێ نەدەگەیشت کە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ چ مەبەستێکە، بەڵام ئەوانەی لەو بە ئەزموونتر بوون و ڕابردووی پێشمەرگایەتی‌یان لەو زیاتر بوو، دەیانزانی کە ئەو کۆبوونەوە خۆ ئامادە کردن بۆ عەمەلیاتێکی گەورەیە. بۆیە پچەپچی ئەوە لە نێو پێشمەرگەکان دا بڵاو بۆوە کە ئاخۆ ئەو عەمەلیاتە لە کوێ دەکرێ، بەڵام کەسیان بەوەی نەدەزانی جیا لە فەرماندەکان. ئەو ڕۆژە فەرماندە هێز لەگەڵ فەرماندە لک و سەرپەلەکان کۆببوونەوەو لەسەر ئەو عەمەلیاتە بڕیاری خۆیان دابوو، بەڵام ئەو بڕیارە لای پێشمەرگەکان ڕوون نەبوو.

پاش ماوەیەک هەر سەرپەلەو پێشمەرگەکانی خۆی جیا کردەوە، دوایە ڕاگەیەندرا کە نێوەڕۆ بەرەو لای حوسێن مامە وەڕێ دەکەون. پێشمەرگەکان شەو درەنگان گەیشتنە ئاوایی و بە سەر چەند ماڵ دا دابەش کران، شەوێک پێشتر لەسەر ئەوە ساغ ببوونەوە کە دەچنە کەمین و پێیان ڕاگەیەندرابوو کە چەند ماشێنی هێزەکانی ڕێژیم بەرەو میاندواو دەچن و ئەوان دەبێ لای ئێوارێ لە سەر جادە لێیان دەن.

بەرپرس و سەرپەلەکانی هێز پێشتر ئاگایان لە تەرح و گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە بوو، بەڵام پێشمەرگەکان تەنیا بەوەیان دەزانی کە لەلای ئاوایی حوسێن مامە بۆسە بۆ هێزەکانی ڕێژیم دەنێنەوە.






ئاوایی حوسێن مامە لە نێوان چۆمی تەتەهوو و جادەی بۆکان ـ میاندواو هەڵ کەوتووە، واتە جادەکە لە ڕۆژهەڵاتی ئاوایی و چۆمەکە بە ڕۆژئاوای گوندەکەدا تێدەپەڕێ. ئەوبەری حوسێن مامە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکانی پێ دەڵێن کە شاخی سەخت و ڕژدی لێ نیە. پێشمەرگەکان دەبوا لە ناوچەی ئەحمەدی کۆرڕا بەرەو شوێنی عەمەلیات ڕێ کەون. حوسێن مامە بە پردێکەوە بەو ناوچەیە بەستراوتەوەو هەمووی دەشتاییە، بۆیە دەبوو پێشمەرگە بۆ ئەو کارە گەورەی بڕیاری بۆ درابوو، بە بێدەنگی لەو ماڵانەدا بمێننەوە...




ئەو گوردانەی کە چوار مانگ پێشتر، واتە سەرەتای پاییز شاری بۆکانی داگیر کردبوو، کۆتایی بە مەئمورییەتەکەی هاتبوو. بڕیار درابوو کە بەرەو میاندواو بگەڕێتەوە. نیزیک بیست ڕۆژ پێشتر سێ لاوی خەڵکی بۆکان بە سەرپەرستیی شەهید سمکۆ خۆیان گەیاندبۆ مەقەری هێز لە عەزیزکەندو داوای چاو پێکەوتن لەگەڵ فەرماندە چیا (٧) دەکەن. لەوێ زۆریان پێ دەڵێن کە چییان هەیە بە بەرپرسی ئەرکانی هێزی بڵێن، بەڵام ئەوان پێ دادەگرن کە هەر دەبێ کاک چیا ببینن و بە خۆی بڵێن کە بۆچی هاتوون. ئەو چاوپێکەوتنە ڕێک خرا. لەو کۆبوونەوەیەدا سمکۆ فەرماندە چیا و حەسەن ئاگادار دەکا کە ئەو هێزەی بۆکانی داگیر کردەوە، قەرارە بۆ فەرماندەیی خۆی بگەڕێتەوە.

سمکۆو هاوڕێکانی هەموو ئەو زانیارییانەی لەبارەی جووڵەی هێزی دوژمن و شوێن و کاتی گەڕانەوەی دوژمن کۆیان کردبۆوە، دەخەنە بەردەستی چیاو حەسەن و دوایە بێدەنگ بەرەو بۆکان گەڕابوونەوە.

چیا کە پێشتر سەرهەنگی ئەرتەشی پاشایەتی بوو، لە ڕاستی و دروستیی ئەو هەواڵ و زانیارییانە دڵنیا بوو. بۆیە بێ ڕاوەستان لەگەڵ حەسەن، عەلی، قاسم و عوسمان بۆ شناسایی و دەستنیشان کردنی شوێنی عەمەلیاتەکەو لیدان لە هێزی دوژمن وەرێ کەوتن. ئەوپێی وابوو باشترین شوێن بۆ ئەو عەمەلیاتە دەبێ هەڵبژاردنی شوێنێک لە بۆکانڕا تا گوندی حوسێنمامەو کیولواباد بێ، چونکی لەوێڕا بۆ خوارەوە دەرفەت بۆ زەبروەشاندن لەو هێزە نەدەبوو.

ئەوان پاش چەند ڕۆژ گەڕان بە ناوچەکەدا بڕیاریان دا گوندی حوسێن مامە بۆ خستنە کەمینی هێزەکانی دوژمن باشترین شوێنەو لەوێ دەتوانن زەبرێکی باش لەو هێزە بدەن. ئەوان دایان نابوو وەک هەورە تریشقەو ئەوەندە کتوپڕ بە دوژمن دادەن کە دەرفەتی هیچیان پێ نەدەن. دوای هەڵسەنگاندنی وردی شوێنی کەمینەکە جێگای تایبەت بۆ هەر کام لەو ٢٧ پێشمەرگەیە دەستنیشان کرا کە دەبوا لەو عەمەلیاتەدا بەشدار بن. جۆری چەکەکان و شێوەی دەسپێکی عەمەلیات و بردنە پێشێی شەڕەکە بە وردی تاوتوێ کراو ساغ بوونەوە کە کاتی عەمەلیاتەکە برایمۆف ئارپیجی و حەسەن بازووکای پێ بێ.

ئەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی شوێن و کاتی عەمەلیاتەکە شەوانەو ئەوەندە بە وردی و بەنهێنی کاری لەسەر کرا کە جیا لە فەرماندە هێزو چوار فەرماندەی دیکە، تەنانەت هیچ کام لە سەرپەلەکانیش پێیان نەدەزانی.

٧- چیا ئەو کات فەرماندەری هێزی ١١٠ی بەیان بوو لە سوئید ئەمری خوای کرد.

دوو رۆژی پێش عەمەلیات سمکۆ لە گەڵ دوو هاورێکەی لە نێو شارەوە بۆ ئەرکانی هێز چوون و چاویان بە چیا، قاسم، عەلی، عوسمان و حەسەن کەوتەوە کە لە داڕێژەرانی عەمەلیات بوون. لەو دانیشتنەدا دوایین زانیاری‌یەکان بە فەرماندەکان دران. سەرهەنگ چیا پێش گەڕانەوەی سمکۆو هاوڕێکانی بۆ بۆکان بە ڕووخۆشی‌یەوە ئەوانی دواندو هیوای خواست کە نموونەی لاوی وا ئازاو شۆڕشگێر زۆر بن.



سەرهەنگ چیا هەموو فەرماندەرانی خوار خۆی ئاگادار کردبۆوە کە لەگەڵ پێشمەرگەکانیان لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر کۆ بنەوە. دوای کۆبوونەوەی پێشمەرگەی هەموو پەل و لکەکان سەرهەنگ چیا کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی بۆ گرتنو لەسەر ئەو عەمەلیاتەوە بۆ پێشمەرگەکان دوا. چیا ناوی ئەو عەمەلیاتەی " تۆڵەی گەورە" (انتقام بزرگ) ڕاگەیاندو لە کۆتایی قسەکانی رووی لە پێشمەرگەکان کرد گوتی "کوڕینە! سبەینێ رۆژی حیماسە خوڵقێنیی ئێوەیە! سبەینێ تەواوی ناوچەی موکریان بە هۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەو بێ وێنەیەی کوڕەکانیان، جێژنی خۆشیو شادی دەگرن و شایی لە دڵیاندا دەگەڕێ. ئەوان یەک یەکی ئێوە لە باوەش دەگرن و چاوتان ماچ دەکەن و سڵاوتان بۆ دەنێرن. منیش وەک خۆم، وەک سەرهەنگ چیا، وەک هەمیشە لە ئێستاوە دەستخۆشیتان پێ دەڵێم و سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازم" پێشمەرگە یەکرا هوڕەیان کێشا.



داڕێژەرانی عەمەلیات لەسەرەوە شەهیدان : عوسمان دادخاه، سەرهەنگ چیا، قاسم باقی، عەلی بالدار، حەسەن جەمشیدی، روحی هەموویان شاد بێ.

دوای ئەو قسانەی چیا، دەستەکان دابەش بوون و بەرەو گوندی حوسێن مامە رێکەوتن. پێشمەرگەکان هەموو لەسەر هەست بوون. ئەوان دەیانزانی هەر لادان و کەمتەرخەمی‌یەک تا کاتی عەمەلیات ئاکامو کاردانەوەی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، چونکی هەموو ئەو زەحمەتانەی بەو زستانە ساردەو لەو ماوەیەدا بە شەونخوونی فەرماندەو گەلالەداڕێژەرانی عەمەلیاتەکە کێشرابوو، بەفیرۆ دەچێ. هەر بۆیە زۆر بە نهێنی خۆیان بە ماڵانی حوسێن‌مامەدا کرد ...

خاوەن ئەو ماڵەی هیوای لێ بوو لای سەعات ١١ی شەو گوتی کاکە ئەمشەو بە تەما نین بڕۆن و جێ بگوازنەوە؟ خاوەن ماڵەکە ئاگای لێ نەبوو کە ئاوایی پڕ لە پێشمەرگەیەو ئەمشەوە قەرارە چ ڕوو بدا. سەرپەلەکە گوتی: کەمێک پشوو دەدەینو بەرەبەیان زوو دەڕۆین. خاوەن ماڵ ئەو شەوە تا لای بەیانی چاوی نەچووە خەو. هێشتا سیوادی بەرە بەیانی نەدابوو کە هاتە ژوورەوەو بە هێواشی سەرپەلەکەی لە خەو






هەستاندو گوتی کاکە کاکە... هەستن ڕۆژ بۆوە خەڵک دەتانبینن. سەرپەلەکە لە وەڵامدا گوتی تازە بۆ ڕۆیشتن درەنگەو ئەورۆ لێرە دەمێنینەوە. خاوەن ماڵ بە تەواوی ترسی ڕێنیشتبوو.

کەوتە پاڕانەوە کە خەڵک پێ دەزانن و ڕاپۆرتمان لێ دەدەن و هەم ئێوە تووشی کێشە دەبن و هەم ماڵی منیش وێران دەبێ. سەرپەلی پێشمەرگەکان کە نەیدەتوانی کابرا لە بەرنامەی ئەو ڕۆژەیان تێگەیەنێ، دڵخۆشی داوەو پێی گوت کە خۆی ناراحەت نەکا. پێی گوت ڕۆژ بۆتەوەو تازەناتوانن لە ئاوایی دەرکەون. کابراش سەری قسەو بنی قسەی ئەوە بوو کە دەترسێ ڕێژیم پێ بزانێو هەڵکوتنە سەر ماڵەکەی. بەڵام پێشمەرگەکان کابرایان خاو کردەوەو دڵنیایان کردەوە کە هیچ شتێکی نەخوازراو نایەتە پێش. ئەو ڕۆژە خاوەن ماڵ کە زراوی چوبوو، هەر لە هاتوچۆدابوو. هەر دەچووە دەرەوەو هەر ماشێنێکی هێزی ڕێژیمی بدیبایە کە بە جادەدا دەهاتن و دەچوون، لە ترسان ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا. یان هەر کە چاوی بە پارێزەرانی جادەی بۆکان . میاندواو دەکەوت کە بۆ کاری دوکان و کڕینی پێداویستییەکانیان دەهاتنە نێو ئاوایی، بە یەکجاری زندەقی دەچوو.

کابرای خاوەن ماڵ پاش نیوەڕۆ کەمێک هاتبۆ سەرەخۆو، لای پێشمەرگەکان دانیشت و دەستی بە قسەی خۆش کردبوو. کابرا ئەو دوانیوەڕۆیە بێ پسانەوە تاریفی پێشمەرگەی کرد. لای سەعات ٣ پێشمەرگەکان بەرەبەرە خۆیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا لەو شوێنانە خۆیان جێگیر بن کە بۆیان دیاری کرابوو...

لە کاتی خۆیدا هەموو پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون. هەموو لە سەر هەستو دەست لەسەر پەلاپیتکە. چاوەڕوانی ڕوودانی شەڕێکی نادیار. لەگەڵ دوژمنێک کە نازانن ژمارەیان چەندەو چەکەکانیان چین، بەو تەرحەیان زانیوە یان نا، سەرکەوتوو دەبن یاخۆ شتێکی نەخوازراو ڕوو دەدا...


شوێنی لیدانی ستوونەکە - حوسێن مامە

ئێوارێک بەفرێکی خۆش دایدایە. ئەو بەفر بارینە مەودای بینینی زۆر کەم کردبۆوە. کەس زیاتر لە دە میتر بەرچاوی خۆی نەدەدی. ستوونی هێزەکانی دوژمن دیار کەوت. هیوا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لە نێو بەفرەکەدا خۆی بە زەوییەوە مەڵاس دابوو. سەرپەلێکی زۆر ئازای لێ نزیک بوو. ماشێن سەریان دەرکەوت، زۆر بە هێواشی دەهاتن. هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەو بۆسەیەدا خۆیان بۆ حیماسە خوڵقێنی ئامادە کردبوو ٢٧ کەس بوون، بەڵام دیار بوو چاوەڕوانی ئەو هێزەگەورەو پۆشتەی ڕێژیم نەبوون. هیوا لە ژیانی دا شتی وای نەدیبوو، دەیزانی ڕۆژێکی زۆر سەختیان لەبەرە. لە دڵی خۆیدا لێکی دەداوە کێ بەو کەمە پێشمەرگەیە دەتوانن بەرەنگاری ئەو ستوونە ببنەوە ئێمە شێت نەبووین!

یەکەم ماشێنی ستوونەکە لە هیوا تێپەڕیبوو، بەڵام بنی ستوون دیار نەبوو، کۆتایی نەدەهات. ماشێن یەکەم هێشتا لە نێو دێی حوسێن مامە تێنەپەڕیبوو کە برایموف هەستا. فەرماندەی عەمەلیات لە دوورەوە هاواری کرد کوڕە برایموف نەکەی، ستوونەکە زۆرە، لە ٣٠ ماشێن زیاترە ...






بەڵام برایمۆف، ئەو پێشمەرگەی بۆ ئازایەتی ناوی لە سەر زاری دۆست و دوژمن بوو، ئەو کوڕە نەبوو چاوی لە زۆریی هێزی دوژمن بترسێ. ئەو لە ١٠ میتریی جادەو لە نێو بەفر هاتە دەرێ‌و، ئارپیجی لە سەرشان داناو لە ماشێنی دووهەمی دا. یەکەم ماشێن توانی دەرباز بێ. هیوا یەکەمجار بوو گوێ لە گرمەی ئارپیجی دەبوو. چاوی لە برایمۆف نەدەترووکاند کە هاوار بەرز بۆوە " لێیان دەن بە قوربانتان بم". هیوا هێشتا چاوی لە سەر برایمۆف هەڵنەگرتبوو کە لە شانی راستیڕا حەسەن یەک بازووکای لە نێوەراستی ستوونەکەدا، لە پشتەوەی ستوونەکەش کە لە هیوا دیار نەبوو گرمەو تەقوتۆق ساز بوو. هیوا چونکی پێشتر لە هاتنی کۆپتێرەکان پێیان گوتبوو بە ڕەگبار گوللە نەهاوێ، تفەنگەکەی لە سەر تەکتیر دانابوو. دانە دانە گوللەی لە هێزەکانی ڕێژیم هەڵ دەکرد، شەڕ بە تەواوی گەرم بوو.
کەس نەبوو فریای هێزەکانی ڕێژیم بکەوێ، ئەو هێزەی نیزیک بە ٥ مانگ لەوە پێش ڕۆڵی سەرەکی لە گرتنی شاری بۆکان هەبوو، ئەو هێزەی بەچەند شەڕی کورتی ئەو کات توانیبووی بۆکان بگرێتەوە، ئەو هێزەی کە ئەو کات لەگەڵ بەربەرەکانیی زۆر بەرەوڕوو نەببوو، تەواو لە خۆبایی ببوو. ئەو هێزەی ڕێژیم قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە لەو شوێنەو لە ٢٠ کیلومیتریی شاری میاندواو بکەونە داوەوەو ئەو زەبرە گورچکبڕەیان وێ کەوێ. هیوا وێڕای پێشمەرگەکان شاڵاوی بردە سەر ماشێنەکانی حکومەت. ئەو دەیدی کە پێشمەرگەکان چەندە بەبەرنامە تەقە دەکەن و بە چ شێوەیەک پێشڕەوی دەکەن. چاوی لەو پێشمەرگە ئازایانە بوو کە چۆن بە نارنجەک هەڵدەکوتنە سەر ماشێنەکانی ڕێژیم و ئاوریان دەدەن.  هیوا ویستی بەشی زیاتری بەو سەرکەوتنەوە بێ. چەند میتر ئەولاوتر ماشێنێک وەستابوو. لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بە ناوی محەممەد نارنجەکیان خستە نێو ماشێنی هەڵگری مووشەکتاو سووتاندیان. بەڵام ئەو جارەش کەوتە بەر تیروتوانجی پێشمەرگەکانی نیزیک لە خۆی کە ئەو ماشێنەت بۆ ئاگردا؟ ئەو مووشەکتاوەمان زۆر پێویست بوو. هیوا لەو جەنگەیەدا بیری لەوە دەکردەوە کە نەکا دوای تەواوبوونی شەڕەکە لە سەر سووتاندنی ئەو ماشێنە لە حیزبی دەربکەن ...
بۆیە زۆر ناراحەت بوو. تەواو بە وریایی و وشیاری تەقەی دەکرد. قاسم کە چاوی پێی کەوت گوتی چییە هیوا، ئەوە بۆ وادەکەی؟ بەپەلە وەڵامی دایەوە کە ئەو نارنجەکەی لەو ماشێنە هاویشتوەو سووتاندوویەتی. بەڵام سەعدون و ناسر لێی توورەن و دەڵێن کە نەدەبوا ئەو کارەت کردبا. قاسم وتی ئاگات لە خۆت بێ و خوا دەکا تۆ ئەوەندە ئازا دەبی کوڕە هەر هەموویان بسووتێنە ...
هیوا پشوویەکی هاتەوە سەرەخۆی و شان بەشانی پێشمەرگەکانی دیکە درێژەیان بەو شەڕە دا. بەفرو گوللە، سەرماو گەرما بە رەهێڵە بە سەر هێزەکانی دوژمن دا دەباری. هێزی ڕێژیم سەری لێ شێوا بوو. بە تەواوی تاسابوون. شارەزای شوێنەکەش نەبوون، بۆ هەرکوێ ڕایان کردبا وەک گەڵای پاییز هەڵدەورین. هێزی پێشمەرگە ئەگەرچی سی کەسیش نەدەبوون، بەڵام لەو شەڕەدا بە تەواوی باڵا دەست بوون. پێشمەرگە کات بەکات زەختی زیاتری دەخست سەر هێزەکانی دوژمن و فشارەکە بە رادەیەک بوو کە ئیدی توانای دەستکردنەوەیان نەبوو. هەر کام لەوان لە بیری ئەوەدا بوو کە چۆن خۆی دەرباز بکا. ئەو هێزەی ڕێژیم کە لە بۆکانڕا بەرەو میاندواو دەگەڕایەوە، زیاتر لە ٤٠ ماشێن بوون. چەکی گەورەو چۆراوجۆر وەک، مووشەکتاو، تۆپ، خۆمپارەهاوێژ، تۆپی ١٠٦ میلیم، پەدافەندی ٦٩ میلیم، پەدافەندی ٢٣ میلیم و جۆرەها چەکی سووک و نیوە سووکی دیکەیان پێ بوو. سەیر ئەوەبوو کە ئەو ستوونە زەبەلاح و کۆک و پۆشتەیەی ڕێژیم بێجگە لە چەک و چۆڵ و تەقەمەنیی زۆر کۆمەڵێک شتی نێوماڵیشیان پێ بوو، وەک ئەوەی بۆ کرینی شت لە وڵاتێکرا بۆ وڵاتێکی دیکە چووبن، تەنانەت قەل و قازو مریشک و کەڵەباب و مراوییان لە گەڵ خۆیان دەبردەوە. بەڵام چونکی هەموو ئەوانەیان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە تاڵان بردبوو، هەر هەموویان لە گەروو هێنرایە دەر.
هێزی ریژیم بە تەواوی تێک شکا. مەگەر چەند کەسێک توانیبێتیان لە گەرمەی شەڕدا بۆ تەپەکانی ئەوبەری ئاڵەشین ڕایان کردبێ و خۆیان






دەرباز کردبێ، دەنا ئەوەی مابۆوە کوژرا، یان بە دیل گیرا. کۆتایی عەمەلیاتەکە زانرا کە سەرجەم ٤٣ ماشێن، ٦ ئوتوبوسی هەڵگری نەفەرات سووتاوەو سەرجەم ٣٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون.

هێزی ٢٧ کەسیی پێشمەرگە کە ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەست هێنابوو، ئەو شەوە تاریکو ساردەی لێ بووە ڕۆژێکی رووناکو شادی و خۆشی. هەموو دەشتی حوسێن مامەو گۆلی مەرزینگ بە ئاوری ماشێنە سووتێندراوەکانی هێزی دوژمن رووناک ببوو. پێشمەرگەکان ئەوەندەی بۆیان هەڵ دەگیرا دەسکەوتیان لەگەڵ خۆیان بردو شەو درەنگانێک جادەو شوێنی عەمەلیاتەکەیان چۆل کرد.


لەراستەوە : حەبیبە کول، عوسمان دادخاە تۆپچی، حەسەن جەمشیدی، وەستا ئەحمەد، تۆپی ١٠٥ کە پیێ لە پایەگای حاجیاباد درا.

هیوا، ئەو پێشمەرگە تازەلاوەی لەو شەوەدا حیماسەی خوڵقاندبوو، دوو تفەنگی بە شان دادابوو. وەختی خۆی بڕیاریان دابوو هەر کەس تفەنگی باش لە شەڕدا بە دەسکەوت بگرێ، دەتوانێ بۆ خۆی لە شانی بکا. سمایل هاتە لای، ئەویش دوو کلاشی پێ بوو. پێی گوت ئەو ژ - ٣ موزەلییە هەڵگرە بۆ خۆتو ئەوەی دیکەیان رادەستی هێز بکەوە. هیوا پێی وانەبوو سمایل ڕاستی لەگەڵ گوتبێ. زۆری پێخۆش بوو ئەو ژ - ٣ موزەلییەی هەبێ و لەکۆڵ ئەو ژ - ٣ قۆنداخ دارە بێتەوە. کاتێک بەیانی تەفەنگو دەسکەوتەکانیان ڕادەستی هێز کرد، قاسم تفەنگە موزەلییەکەی لێ وەرنەگرتەوە، هیوا لە خۆشی ئەوی ئەو تەفەنگەی پێ دراوە، شایی لە دڵ دا دەگەڕا. ئەو شەوە بۆ هیوا شەوێکی لەبیرنەکراو و پڕ ئەزموون بوو. لە شانس و بەختی هیوا شەڕ بەو جۆرە هات کە دوژمن دەستی پێ نەکرایەوە. ئەوە بۆ هیوا دەرفەتێکی باش بوو تا بتوانێ زیاتر فێری هونەری شەڕ کردن بێ.

لەتەرحی گەڵالەکە دا بە جۆرێک هاتبوو کە لە کاتی عەمەلیاتەکەدا لە شوێنێکی دوورترو بە تۆپی ١٠٥ لە پایەگای حاجیاباد بدەن، چونکی وەک پایەگای هەرە سەرەکیی دوژمن لە ناوچە چاوی لێ دەکرا. لێدان لەو بنکەیەی دوژمن بۆ ئەوە بوو کە نەتوانێ هێزی یارمەتیدەر بۆ لە داوکەوتووەکانیان بنێرێ. هەر بۆیەش پێشمەرگەکان ئەو بنکەیەی ڕێژیمیان بەر تۆپ داو بێدەنگیان کردبوو .

ئەو ئێوارەیە کابرایەک بە ناوی عەوڵا کە خەڵکی گوندی قەڵا بوو، دەزانێ کە پێشمەرگە لە سەر جادە پێشیان بەو ستوونە گەورەیە گرتووە. ساڵەش کە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی ئەو عەمەلیاتە بوو، کوڕی ئەو مام عەوڵایە بوو. عەوڵا خۆی دەگەیەنێتە چیای فەرماندەری هێز کە لەو بەری چۆمەکەڕا فەرماندەیی بەرەی شەڕەکەو چاوەدێریی هاویشتنی کالیبرِ ٥٠ی هێزەکەی دەکرد. عەوڵا زوو خۆی دەگەیەنێتە لای سەرهەنگ چیاو لە گەڵی دەکاتە شەڕو پێی دەڵێ: " پێم ناڵێی چۆن بەو پێشمەرگە کەمەوە لە گژ ئەو هەمووە هێزەی ڕێژیم هاتووی؛ مەگەر من کوڕم بۆ تۆ گەورە کردوە؟" عەوڵا کە پیاوێکی کورتەباڵاو زۆر قسە خۆشیش بوو، بە باڵا نەدەگەیشتە چیاو ئەویش هەموو جارێ پاڵی پێوە دەناو لە بەفرەکەی وەردەدا، بەڵام عەوڵا وازی نەدێناو دیسان هێرشی بۆ چیا دەکردەوەو لە گژی ڕۆدەچوو. سەرهەنگ چیاش زوو زوو جنێوی دەدا دەیگوت: "دەوەرن ئەو سەگبابەم لێ دوور خەنەوە". سەرهەنگ چیا نەیدەزانی چێ لە عەوڵا بکا. لەولای سەر جادەکە شەڕ گەرم بوو،






لێرەش عەولا لە کۆڵی نەدەبووە، بەڵام شەڕی ئەو دووانەش لەگەڵ تێکشکانی ستوونەکە کۆتایی هات، دواتر کە عەولا زانی هیچ پێشمەرگەیەک شەهید نەبووە بەرەو قەلا گەڕاوە. دوای کۆبوونەوەی هێزەکەش سەرهەنگ چیا ئەو بەسەرهاتەی بۆ ساڵە گێڕایەوە کە لەو کاتەدا باوکی چ پەندێکی پێ داوە....

ئەو عەمەلیاتەو ئەو حیماسەیەی هێزی پێشمەرگە لە تەواوی ئێران و کوردستاندا دەنگی دایەوە. شێرەکوڕانی دێموکرات ستوونێکی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیرازیان تێک شکاندبوو. خەڵکی کوردستان لە خۆشیی ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگە شاییان لە دەڵدا دەگەڕا. هێزی پێشمەرگە دوای سەرکەوتنی عەمەلیاتەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەر هەر هێرشێکی تۆڵەستێنانەی ڕێژیم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئامادە باشی ڕاگەیاند. پێشمەرگەکان لەو عەمەلیاتەدا بە سڵامەت سەرکەوتبوون، شەهیدیان نەدابوو، ئەوەش خۆشی و شیرینیی ئەو سەرکەوتنەوەی زیاتر کردبوو. دوای کۆتایی عەمەلیاتەکە پێشمەرگەکان گوتنەوەی سروودی "چەک هەڵگری خاکێکم دوژمن لە سەری زاڵە.... " لە شەڕگە دوور کەوتنەوە.

ئەو شەوەو دوای شەڕەکە زۆربەی خەڵکی ئاوایی حوسێن مامە و کیلوئاباد لە ترسی دڕندەییو ئەگەری پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم نێو دێیان بە جێ هێشت. ئەوان دەترسان بەیانی هێزی ڕێژیم بڕژێنە ئاوایی و کۆمەڵکوژییەکی دیکە لەوێش وەڕێ بخەن. ئەو پێشبینییە وەڕاست گەڕا. ئەو ماشێنەی کە توانیبووی خۆوشانسی لەو مەرگەساتە ڕزگار بێ، هەواڵەکەی بۆ میاندواو بردبۆوە. ئەو شەوە نەیانویرابوو بجووڵێن، بەڵام بۆ بەیانییەکەی بە ستوونێکی گەورەتر لە ستوونی تێکشکاوی پێشوویان خۆیان بەنێو ئاوایی حوسێنمامە داکرد. هێزە قین لە زگ و بەزیوی ڕێژیم هەرچی لە نێو ئاوایی بەر دەست کەوتبا، دەیکوشت و دەیسووتاند. ئەوان بەزەییان بە مەڕو ماڵاتو جوجک و مریشکی خەڵکیشدا نەهاتەوە، چییان هاتبا سەر ڕێ دەیاندا بەر دەسرێژو ئاگریان دەدا.

بەیانیی ئەو ڕۆژە لە یەکێک لە ماڵەکانی ئاوایی دوو کوڕ نوستبوون. ئەوان شەوی رابردوو میوانی خانەخوێ بوون‌و هەرچی خانەخوێ گوتبووی کە لەگەڵمان وەرن دەچینە ئەو گوندەکانی ئەو بەری چۆم تا بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام ئەوان گوێ نادەنێ و دەڵێن کەڕەی بەیانی سواری ماشێن دەبن و بەرەو بۆکان دەکەونە ڕێ. کەچی بەیانی بە دەنگی تەق و تۆق لە خەو هەڵدەستن. کاتێک دێنە دەرێ دەبینن ئەوە هەر ئاورو دووکەڵە. قسەی شەوێی خانەخوێکەیان هاتەوە بیر کە گوتبووی کوڕە دەتانکوژن، لەگەڵمان وەرن با بڕۆین ....


پردی حوسێن مامەیە. کە دیارە ئێستا ئاوی تیدا نەماوە ئەوکات لەبەر زۆری ئاو هەر هاژەی دەهات.

کات ئەستەم بوو. چوار دەوری ئاوایی بە هێزی تووڕەو برینداری دوژمن تەنرابوو کە ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و ئاوریان دەدا. دەیانزانی ئەگەر بکەونە بەردەستیان بێ سێ و دوو لێکردن دەیانکوژن. بیریان لەوە کردەوە کە لە هەر ماڵێکیش خۆ بشارنەوە، ئەوا ئاگر دەدرێ و دەبنە خەڵووزو کەسیش پێ نازانێ، ئەو ماڵە حەوشەیەکی گەورەیان هەبوو. لەو






سووچێکی حەوشەکە تەنوورێکی گەورەی لێ بوو کە هاوینان کەپریان بۆ درووست دەکرد، بەڵام ئەو زستانە چەند تەلیسە گەنم لە ژێری داندرابوو. پێیان وابوو باشترین شوێن هەر ئەوێیە. چوونە نێو تەندوورەکەو سەریان نایەوە. چەند تەلیسە گەنمیشیان بەسەر تەندوورەکە بەردایەوەو لە نێو تەندووردا خۆیان مات کرد. پاش کەمێک پاسدار بە ماڵەکە وەر بوون‌و ئەوێشیان ئاوردا. هاتنە نێو کەپرەکەو نەوتیان بە گەنمەکە داکردو کەپرەکەشیان سووتاند. گەنمەکە بەرەبەرە دەسووتاو وەک فەریکەی لێ دەهات. ئەو دوو کەسە تا دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەو تەنووره دابوون، کاتێک دەنگەدەنگ تەواو بوو و دڵنیا بوون کە هێزەکانی ڕێژیم چۆڵیان کردوە، لە تەنوورەکە هاتنە دەرێ. بۆنی دووکەڵ و سووتانی ئاژەڵ ڕۆژە ڕێیەک دەرۆی. هێزی ڕێژیم گوندەکەیان چۆڵ کردبوو،


ئەو وێنەیە دوای گرتنی پایەگای قوچاغ لە نێوان سەقز و بۆکان پاییزی ١٣٦٠ گوندی نۆبار

بەڵام سەرپردی حوسێن مامەیان مین‌ڕێژ کردبوو، ئەو دیمەنەی ئەو دوو نەفەر چاویان پێی کەوت لە کوردستان نەبێ لە هیچ کوێی دنیا رووی نەدابوو، بۆچرووکی گۆشت بەو زستانە سارده تەواوی ئەو ناوچەیەی هەڵگرتبوو. دەبوا لەوێ خۆیان دەرباز کردبا. نەیان وێرا بچنە سەرجادە، بۆیە بە باشیان زانی کە لە پردەکەوە بپەڕنەوەو بەرەو قارنجە داگەڕێن، لە نێوە راستی پردەگە یەکیان کەوتە سەرمین و دەسبەجێ گیانی لە دەست دا. لەگەڵ تەقینەوەی مینەکەو بەرزبوونەوی گرمەی مینەکە هێزەکانی ڕێژیم لە سەر جادەی قیرتاوەکە داگەڕانە لای پردەکەو تەقەیان لەو پیاوە کرد کە بە سەر تەرمی هاوڕێکەی دا داهاتبۆوەو تەواو حەپەسا بوو. هەر گوللە بوو بە سەریدا دەباری. لە تاو گیانی خۆی خستە نێو چۆمی .
ئەو توانی بە مەلە لە نێو ئەو ئاوە سارده خۆی بگەیەنێتە شوێنێکی ئەمن و گیانی خۆی دەرباز بکاو دواتر بەسەرهاتی ئەو جینایەتەی بە چاوی خۆی بینیبووی بۆ خەڵکانی دیکەی بگێڕێتەوە. هەر ئەوەش بوو بە هەوێنی ڕقێکی پیرۆز، بۆ ئەوەی چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شان. بۆ ئەوەی تۆڵەی هاوڕێی بە ناحەق کوژراوی هاوڕێکەی بکاتەوە .
ئەو بۆ ماوەی سێ ساڵ پیشمەرگەیەکی نەسرەوتوو بوو کە بۆ ساتێکیش ئەو رووداوەی لە بیر نەکرد تا دواجار لە مەیدانی شەڕێکی قورس لە دژی هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی شاروێران شەهید بوو...
خەڵکی ئاوایی کە لە ترسی هێزەکانی ڕێژیم پەنایان بۆ گوندەکانی دەورووبەر بردبوو، چەند ڕۆژ دواتر بەسەر ماڵە سووتاوەکانی خۆیان‌دا هاتنەوە. لە گەڕانەوەی خەڵکەکەش دا خالید کە خەڵکی قارنجە بوو، کەوتە سەر مین و ئەویش لەوی گیانی لە دەست دا.
هێزەکانی دوژمن دەچوونە هەر شوێنێک هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد پێشمەرگە لە هەر شوێنێ شەڕ بکا، دوایە ئەو شوێنە وێران دەکرێ. ئەوەی هێزەکانی ڕێژیم بە سەر گوندی حوسێن مامەیان هێنا، کردەوەی ئەو هەڕەشانە بوو. حوسێن مامە سووتا، بەڵام خەڵکەکەی ئاوەدانیان کردەوە و حیماسەی پێشمەرگەکان لە دڵی خەڵکی کوردستان و برینی ئەو تێکشکانە قورسە لە ناخی ڕێژیم و مێژوودا بۆ هەمیشە هەرمان و زیندوو مایەوە....






## شەش [ ٦ ]

ئەو زستانەی بەفریکی زۆر باریبوو. هیوا ماوەی چەند مانگ دەبوو سەردانی گوندەکەی خۆیانی نەکردبۆوە. ئاوی چۆم تا سەرسینگان دەهات. هیوا کە بە تەواوی بیری ماڵێی کردبوو، بۆ ماوەی چەند رۆژ ئیزنی لە سەرپەلەکەی خواست و لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی مەحموود بەرەو ئاوایی خۆیان وەرێ کەوتن. بارودۆخەکە جۆرێک بوو کە نە هێزی رێژیم و نە هیچ ماشێنێکی دیکە تا ٨ ی بەیانی هاتووچۆیان نەدەکرد. دیارە هاتوچۆی خەڵک تا ئەو کاتە لەلایەن حکومەتەوە قەدەغە کرابوو. ئەوان لای ئێوارێ بە تەراکتۆر پەڕینەوەو چوونە ئاوایی. هیوا داڵغەی ئەوەی بوو کە بەو هەمووە تامەزرۆیی‌یەوە کە خۆی گەیاندۆتەوە ماڵێ، لەلایەن باوکی‌را بە ساردی وەرگیرێن، چونکی باوکی زۆر جار لێی تووڕە ببوو کە بۆ وەشاخی کەوتوە .

هیوا دوایە بۆی دەرکەوت کە هۆی ئەو تووڕە بوونەی باوکی بۆ ئەو زەختە زۆرە دەگەڕاوە کە هەم لەلایەن رێژیمەوە لەسەری بوو، هەم هیندێ کەسانی سپڵە و فریو خواردووی رێژیم کە هەموو جارێ دەچوونە پاڵی و پێیان دەگوت بۆ کورەکەت نایەتەوە خزمەتی تۆ بکاو گۆچانی دەستت بێ و... ئەو قسانەش کاری دەکردە سەر باوکی هیواو داڵغەی زۆری بۆ ساز کردبوو. بە تایبەت کە دەیدی لەو گوندە تەنیا کوڕەکەی ئەوە پیشمەرگەیەو بۆ خۆی گوتەنی بۆتە خولەپیزە !

بۆیە هیوا ئەگەر باوکی لەماڵەوە بوایە نەدەچۆوە. دەیزانی شەوانە دوای نان خواردن لە ماڵێ بەند نابێو سەردانی شوێنان دەکا، لەو کاتانەدا دەچۆوەو چاوی بە دایک و براکانی دەکەوت.

لەگەڵ مەحموودی هاوڕێی لە ماڵێک نانیان خواردو دواتر چوونە دوکانی ئاوایی کە هەموو گەنجەکان لەوێ کۆ دەبوونەوە، بەفرێکی زۆر لەعەرزی بوو، هەواش تا بڵێی سارد بوو، تفت هەڵاویشتبا دەیبەست. هیوا لەگەڵ گەنجەکانی ئاوایی بە گاڵتەو شۆخی دایبەستبوو. ئەوان تا سەعات ١٠ی شەو لە ئاوایی مانەوەو لە کاتی ماڵاوایی‌دا هیوا یەکێک لە گەنجەکانی بانگ کردو گوتی تراکتۆری کێ کار دەکا، چونکی بەشی زۆریان لەبەر ساردیی هەوا دەیبەست. برێکیش نهێنی‌پاریزی دەکرد لە بەر ئەوەی بەیانی رێژیم خاوەنەکانیان ئەزیەت و ئازار نەدا. ئەو کوڕە گەنجە بە هیوای گوت لەو ٨ تەراکتۆرەی لەنێو ئاوایی‌دا هەن تەنیا ئی ماڵی حاجی حوسێن ئێوارێ کاری دەکرد. ماڵی حاجی حوسێن ئەو ماڵە بوون کە ئەو ساڵە لە مەزرا زۆر چاکیان لە هیوا دابوو. هیوا کە قەت بیری لە تۆڵە نەکردبۆوە، چونکی وەک پێشمەرگەیەکیش باوەڕی بەوە نەبوو، خۆی لەوە نەدا بچێو داوای تەراکتۆریان لێ بکا. چونکی نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەوان ئەو داوایە جۆرێکی دیکە لێک دەنەوە. هیواو مەحموود سەردانی چەند ماڵیان کرد بەڵام تراکتۆری هیچ کام لەوان هەڵ نەدەبوون، هیوا بەرەو چۆمی چوو. مەحموودیش چووە بەر دەرگای ماڵی حاجی حوسێن کە دوو کوڕیان لە بەر دەرگا وەستابوون، هەر ئەو دوو کوڕەی هیوایان خوری‌شۆر کوتابوو.

مەحموود دوای ئەحواڵ پرسی داوای لێ کردن کە هەوا زۆر ساردەو ئەگەر دەکرێ بە تەراکتۆرەکەیان لەچۆمی بیان پەڕێننەوە. ئەو دوو کوڕەش زۆر بەلالووت و بە زمانی ناشیرین بەگژ مەحموودا هاتن. یەکیان گوتی: برۆ بەرەڵای خوێڕی، ئێوە کێن وا بەتەنیا هاتوون، بێو نەبێ چەتەن؟ سەیر بوو مەحموودی ئازاو شەڕکەر بێ هەڵچوون وەڵامی دانەوە کە پێشمەرگەن و پێی گوتن کاکە بە قوربانت بم ئەو زەحمەتە بکێشە. تەراکتۆری کەس هەڵنابێ. یا بە هیممەت یا بە قیمەت. بەڵام ئەوان دیسانەکەش هەر قسەی سووک و جنێوو دەدا. مەحموود ئیدی تاقەتی نەماو هەر دووکیانی بۆلای چۆمی وەپێش خۆی دا. کوڕەکانی حاجی حوسێن هەر کە چاویان بە هیوا کەوت،






جنێوەکانیان زیاتر کردو گوتیان کوڕە خۆ ئەوە فیتی ئەو خوێڕییەی دێیەکەی خۆمانە، ڕۆژێکمان مابێ بۆ تۆمان مابێ. شا ئەو بەزمە هەر منداڵێک هەڵدەستێ و تەفەنگێک بە شانڕدا دەکاو ناوی خۆی دەنێ پێشمەرگە. پێشمەرگەی چی؟ پێشگوو،،،؟ حیزبی چی؟ حیزبی زەهرەمار؟ "
هیوا زۆری ئەو قسانە پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دوایە قسەی نەیەتەوە سەرو، نێوان ناخۆشی نەخستبێتە نێوان باوکی و بنەماڵەی حاجی حوسێن، دەیەویست کێشەکە بە ئارامی چارەسەر بێ. بۆیە زۆر لەسەرەخۆ پێی گوتن کاکە خۆتان دەبینن وەزعەکە وایە، هەوا ساردەو خۆمان لە چۆمی بدەین دەیبەستین. وەرن ئەو زەحمەتە بۆ ئێمە بکێشن و بمانپەڕێننەوە. بەڵام ئەوان لە قسەی ناخۆش و بێ مانای خۆیان بەردەوام بوون. کار گەیشتە ناخۆشی و ئەوان قسەی تاڵ و زۆرناخۆشیان بە هیواو بنەماڵەکەی گوت. مەحموودیش کە تا ئەو کات یەک کلیمە چیە قسەی زۆری لە کەس قەبووڵ نەدەکرد، کەچی ئەو شەوە زۆر بێدەنگ و لەسەرەخۆ بوو.
هیوا کە گوێی لەو جنێوانە بوو، ئیدی سەبری نەما، هەڵچوو. تەفەنگی لە شان هێنایە خوارو گوتی ئینسانی ئەوەندە بێ ئەخلاقی وەک ئێوەم نەدیوە، ئەوە چونکی خەڵکی یەک گوندین و بنەماڵەمان چاویان بە چاوی یەک دەکەوێتەوە بۆیە ئاوا پشووی لێ هەڵکێشاوە. هێشتا هیوا قسەکەی تەواو نەکردبوو مەحموود بە هەموو کەیفی خۆی یەک قونداغە تفەنگی لە یەکیان داو لە سەر زەوی درێژی کرد. هیواش کە دیتی کار لە کار ترازاوە ئەوی دیکەیانی گرت و خستیە بن خۆی. کوڕەکانی حاجی حوسێن ئەو شەوە لێدانێکی چاکیان خوارد. هیواو مەحموود جوان جوان لە ئاوی چۆمییان هەڵکێشان و بەڕێی ماڵێیان کردنەوە. دوایە بۆ خۆشیان بە جلەوە لە چۆمیان دا. ئاو تا سەرسینگان دەهات. شەختەبەند بوو. ئەو شەوە مانگەشەو بوو، بەڵام لە هیچ کوێ ڕەشایی دیار نەبوو. هیواو مەحموود لە چۆمەکە پەڕینەوە. تا گوندەکەی ئەوبەر ڕێگای نیوسەعاتیان لەبەر بوو. هەر چەند دەقە دوایی جلەکانیان وەک دارە مەیتی لێ هات. بەبەریانەوە ڕەق ڕەق ببوون، بەڵام لاوو تازە پێگەیشتووو شایی بەخۆ بوون. لە ڕێگا توشی ڕەوە گورگێک بوون، سەرما لە لەشیاندا نەما، وریا ببوونەوە. دەیانزانی بە چووکترین کەمتەرخەمی دەکەونە مەترسییەوەو کەس دەنگیان نابیستێ. هیوا ئەو شەوەی بیر کەوتەوە کە لەگەڵ باوکی گورگ دەوریان دابوون، هەموو جارێ غیرەتی بە خۆی دەدا کە تفەنگم پێیەو هیچ نیە، قامکیان لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ دانابوو، وەردە وردە هەنگاویان دەنا. کە گورکەکان لێیان نزیک دەبوونەوە، ئەوانیش ڕەگبارێکیان پێوە دەنان. دەیانزانی کە دەنگی تەفەنگ لە زستانان زۆر کەمەو زۆر بڕ ناکا.




چاوێکیان لێ ببوو بە ٤ چاو، ئەو ڕێگایەیان بە یەک سەعات بڕی. بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆیان سێ گورگیان کوشتبوو.
کاتێک گەیشتنە یەکەم ئاوایی سەر ڕێیان، سریوەی هیچ بوونەوەرێک نەدەهات. تەواو شەکەت و هیلاک ببوون. دەیانزانی نیوەی ئەوەندە ڕێگەیەی بڕیبوویان، نەگەیشتبانە شوێنی مەبەست لە سەرمان ڕەق دەبوونەوە. زۆر بە بێ دەرگای مزگەوتیان کردەوەو بە زحمەت توانیان کوورەی داری مەزگەوت داگیرسێنن، کوورەیان پڕ لەدار ئاخنی و نەوتیان پێ داکردو ئاگرەکەیان خۆش کرد. لباسەکانیان کە هەموو بەستبووی بە دەوری کوورەکەدا بڵاو کردەوەو

یەکی بەرماڵێکی مزگەوتیان بە خۆیان داداو بۆی نووستن. لە نیوەشەودا پۆلوو بە دەرگای کوورەدا بەرببوونەوە سەر فەرشی مەزگەوت و چەند فەرشێکیان سووتاندبوو. مجێوری مزگەوت کە بۆ نوێژی بەیانی هاتبۆ بانگدانێ کاتێ ئەو دیمەنە دەبینێ بە سەریاندا دەگورێنێ کە ئێوە کێن هاتوون مزگەوت ئاور بدەن. هیواو مەحموود لە خەو ڕادەپەڕن‌و بە شۆرتێکەوە لەبن بەرماڵ دێنە دەرێ. کاکی مجێوەر کە ئەو دیمەنە دەبێنێ دەڵێ بیسمیلا ئەو عیبرەتانە چین بەو کەرە بەیانی‌یە تووشم بە توشیانەوە بووە. زۆری نەمابوو لە هۆش بچێ کە مەحموود دەنگی هەڵێناو گوتی کاکە مەترسە پێشمەرگەین، شەو دەرنگ گەیشتینێ‌و هاتینە مزگەوت تا مزاحیمی خەڵکی نەبین، لە چۆمی‌مان دابووو هەموو گیانمان بەستبووی.



شەهیدان : خالند ئەمینی. ئەحمەد قادری. حوسێن ڕەحمانی، جەعفەر ئەحمەدپوور و کەماڵ ئەشعەری

لە گەڵ مجێور زوو ئاورەکەیان کووژاندەوە، لباسەکانیان کە وشک ببۆوە لەبەر کردەوەو دوایە بۆ خواردنی نانی بەیانی چووونە ماڵێک. هەر ئەو ڕۆژە بە نێو ئاوایی‌دا بڵاو بۆوە پێشمەرگە دوو کەسیان لە چۆمی هەڵکێشاوەو گۆیا قسەیان لەسەر بووە، هیواو مەحموود کە دەیانزانی چ باسە، هیچیان نەگوت. دوای دوو ڕۆژ دەرکەوت کە کوڕەکانی حاجی حوسێن پێشتر هاتووچۆی پایگای پشت دێیان کردووە خەڵکیش بەوەی دەزانی، بەڵام لێدانی مەحموودو هیوا لە سەر سووکایەتی و جنێوەکانیان بوو، ئەگینا ئەوان بەوەیان نەزانیبوو .

پاش چەند ڕۆژان هەموو پێشمەرگەکانی لک بە فەرماندەیی قاسم کە لە نێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو، ڕوویان کردە ئاوایی‌یەکەی ماڵی هیوا. کوڕەکانی حاجی حوسێن لای قاسم شکایەتیان لە هیواو مەحموود کرد. قاسم بۆ لێپرسینەوە بانگی کردن و لە مەسەلەکەی پرسی‌یەوە، ئەوان ڕووداوەکەیان وەک خۆی بۆ قاسم گێڕایەوە، قاسم کە دەیزانی کوڕەکانی حاجی حوسێن وردە شووشەیان هەیەو قسەشیان لەسەرە، بانگی کردن‌و دوای گێڕانەوەی باسەکە سەرو زللەیەکی باشی لێدان‌و گوتی هەر ئەوەندەو بەسە. جا چۆن ئێوە هاوکاریتان نەکردوون کە هیچ، چی قسەی سووک و ناشیرینیشتان بە حیزب و بە خۆیان داوە. بڕۆن دوعای بەخێرپیان بۆ بکەن نەیان کوشتوون، خۆ ئەگەر من بوایەم وەک سەگ دەم تۆپاندن. ئەوەشتان با پێ بڵێم یەک جاری دیکە ببیستمەوە سەردانی پایەگای دوژمن دەکەن، هەر دووکتان بە قوربانی یەک گوللە. ئەو جارەیان وابزانن هیچم نەبیستوە ..

هیوا ئەوەی پێ سەیر بوو کە چۆنە ئەو خەڵکی دێیی خۆیانە، بەڵام بە هاتوچۆی ئەوانی بۆ لای دوژمن نەزانیوە، بەڵام قاسم پێی زانیوە.

هەر لەو سەردانەدا قاسم کە لەگەڵ باوکی هیوا زۆر تێکەڵ و نێوانیان زۆر خۆش بوو، بۆ شام چووە ماڵی ئەوان، بەڵام هێوا لەگەڵی نەچۆوە ماڵی خۆیان. قاسم کە هاتەوە ١٥٠٠ تمەنی لە دەستی هیوا ناو گوتی ئەوە باوکت بۆی ناردووی.

پێشمەرگەکان دوای حەسانەوەیەکی باش نیزیک نیوەشەو لە ئاوایی وەدەر کەوتن.






## حەوت [ ٧ ]

ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی بوو. بەهاری سەرسەوزی ناوچەی موکریان تیژ تێپەڕیبوو. هاوینو وەرزی خەلەو خەرمانی خەڵک گەیشتبوویە. هاوینی ئەو ساڵە فێنکو ناوچەکە بە باغ و باغاتی میوە رازابۆوە. لە سەر هەر بەرزایی یەک بڕوانیە دەشتی بۆکان، بەهەشتێکی جوان و ڕازاوەت لە بن پێ دابوو.

بەیانیی ڕۆژێکیان قاسم، فەرماندە لکی پێشمەرگەکان لکەکەی خۆی کۆ کردەوە. زیاتر لە حەفتا پێشمەرگە لە نێو باغە ڕازاوەکانی تازەقەڵا کۆبوونەوە. بڕیارٍ درابوو بەرەو گوندی عەزیزکەند لە بناری تەرغە وەڕێ بکەون. ئەوان بۆ ئەوەی زووتر بگەنە شوێنی مەبەست بە تراکتۆر لە ئاوایی تازەقەڵاڕا وەڕێکەوتن.

عەزیزکەند لەبناری کێوی تەرەغە ناوەندی هێزو ئەرکانی هێزی لێ بوو. گوندەکانی دارەگردەڵە، نۆبار، سێوەدین، عیلماباد، خۆراسانەو باغی خۆراسانە دەوری عەزیزکەندیان گرتووە، گوندەکەش خۆی لە لاپاڵی تەپۆڵکەیەک هەڵکەوتوەو خوارەوەی چۆمێکی چووکەو چەند باغی میوەش دەورووبەری ئاوایی چووکەتر کردبۆوە.

کاتێک گەیشتنە نێو ئاوایی، لکەکانی دیکە کە عەلی باڵدارو حەسەن فەرماندەیان بوون لەوێ بوونو لەگەڵ لکەکەی قاسمو پێشمەرگەکانی دیکە یەکیان گرتەوە. کۆمەڵێک سەرپەلی ئازاش لە دەوری فەرماندە لکەکان هەر لە هاتووچۆ دابوون. عەزیزکەند نزیک بە دووسەد پێشمەرگەی هێزی بەیانی لەئامێز گرتبوو. پێشمەرگەکان دوو دووو سێ سێ بە یەکەوە قەدەمیان لێ دەدا. ئەوان دەیانزانی هەرکاتێ لە شوێنێ پێشمەرگەی زۆر کۆبێتەوە، ئەوە عەمەلیاتی گەورەیان بەدەستەوەیە. خەڵکی ناوچەش دەیانزانی ئەوە پێشمەرگە بە نیازی عەمەلیاتە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک هاوکارییان دەکردن، چونکی ئەو شوێنەش لە ناوچە ئازادکراوەکانی بن دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو، خەمی هیچیان نەبوو. فەرماندەو بەرپرسەکانی هێز لە ماڵێک کۆ ببوونەوەو پێشمەرگەکانیش لە گرووپی پێنج کەسی دابەش کرابوون، بەڵام لە ماڵاندا دە تا پازدە کەس لە ماڵێک دەمانەوە. هیوا لەو ماوەیەدا ناسرابوو، ئازایەتییەکەی لە مەیدانی شەڕدا نێوبانگی دەرکردبوو. ئێستاش بە تەواوی کەیفی ساز بوو. چونکی لەو کۆبوونەوەی هێزی پێشمەرگەدا زۆریەک لە پێشمەرگەی خەڵکی گوندەکەی خۆیانو چەند ڕەفیقی هاوپۆلیی خۆی دیبۆوە کە کاتی خۆی لە بۆکان پێکەوە خوێندبوویان .

لای ئێوارە پێشمەرگەکان کۆبوونەوەو بە تراکتۆر بەرەو مەحمووداوا وەڕێ کەوتن. لە نیزیک کەرێزە هەرکەسەو دەستەی خۆی جیا کردەوەو، نزیک بە دووسەد کەس بێ خشپە بۆ نێو شاری بۆکان خوشین. ئەو ئێوارەیە نێو شاری بۆکان باوەشی بۆ پێشمەرگەکان کردبۆوە...

پێشمەرگەکان هەر پێنج کەس لە پۆلێکدا دابەش کرابوون و یەکیان بەرپرسی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بوو. بیرۆکەی عەمەلیات لەنێو شاری بۆکان ئی حەسەن بوو. حەسەن کە پێشتر لە نێو شاردا تاکسی هەبوو، لە بست بە بستی هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا شارەزا بوو. زۆربەی ماڵەکانیشی دەناسی، بۆیە لە دابەشکردنی هێزەکەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو.

هیوا لەگەڵ دەستەیەکی پازدە کەسی دانرابوو کە بەسەر سێ دەستەی پێنج کەسیدا دابەش کرابوون، عوسمان بەرپرسی ئەو دەستە بوو کە هیوای تێدابوو. محەممەدو رحمانیش بەرپرسەکانی دیکەی ئەو گرووپە پازدە کەسە بوون.

دوو سەد پێشمەرگە بە چەکو تەقەمەنییەوە لە کاتێکدا لە نێوشار دامەزرابوون، کە شار بە تەواوی لە کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕێژیم دابوو، بەڵام ئەوان ئەوەندە بە بەرنامەو بە وردی چوبوونە پێشێ کە کەس هەستی پێ نەکردبوو. ئەوشەوە پێشمەرگەکان لە نێوشارو لەو ماڵانە






نووستن کە بۆیان دیاری کرابوو. بەیانی زوو لەو ماڵەی هیواو هاوڕێکانی دیکەی لێ بوون، پێشمەرگەیەک بە ناوی ڕەحیم کوڕەکانی لە خەو هەستاندو بە هێواشی بە بەرپرسەکەیان عوسمانی گوت کە ژنی خاوەن ماڵ دەڵێ هێزی ڕێژیم لە کۆڵانەکە هاتووچۆ دەکەن. لەو عەمەلیاتەدا هیچ پێوەندی و رایەڵکەیەکی ئیرتباتی لە نێوان پێشمەرگەکاندا نەبوو تا بتوانن یەکتری ئاگادار بکەنەوە. پێشمەرگەیەکی جوانچاک و دەموچاوجوان لە دەستەکەی هیواو لەو ماڵە دابوو. ئەو کە برای شەهیدێکی حیزب بوو، ماوەی چوار مانگێک دەبوو هاتبوو نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. روخساری دەتگوت کچە، هەر بۆیە گورج لیباسی ژنانەی لەبەر کردو عوسمان بەڕێی کۆڵانی کرد. پاسدارەکان لە نێو کۆڵاندا دەیبینن کە ڕاست لەو ماڵەی ئەوان شکیان لێیەتی دێتە دەرەوە، سەر ڕێگای پێ دەگرن و لێی دەپرسن: ئەو ماڵەی ئێوە کێی لێیە؟ ئەویش بێ ئەوەی قسە بکا، چارشێوەکەی لە سەری توند دەکاو بە سمت بادان و نازونووز تا سەری کۆڵان مل پێوە دەنێ و ئاوڕ لە دواوە ناداتەوە. کاتێ پاسدارەکان لە کۆڵانەکە دەچنە دەرێ، ئەو بە پەلە خۆی گەیاندەوە ماڵەکەو عوسمانی لەوە ئاگادار کردەوە کە هێزەکانی دوژمن شکیان کردوە. عوسمان کە کوڕێکی زۆر زیرەکو وردبین بوو، پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە دوژمن لەپڕدا بەسەریان دادەدا. بۆیە پێشمەرگەکانی لە چەند شوێنی گرینگی ماڵەکە ڕێک خست و ئەوەی دەبوو بیکەن پێی سپاردن.

هیوا کە هێشتا ساڵێک نەبوو ببوە پێشمەرگە گورج خۆی بەست و لەبەر دەمی عوسمان قیت ڕاوەستا. محەممەد، یەکێکی دیکە لەو پێشمەرگانە چاوێکی لێ کردو گوتی کوڕە بکشێوە ماڵەکەتە تۆ جارێ هێشتا منداڵی...

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو کە تەقەتەق لە دەرگا پەیدا بووو کتوپڕ چوار پاسداری بەرگ سەوز لە حەوشە وەژوور کەوتن و هەرای خاوەن ماڵیان کرد:" کسی خونە نیست؟ صاحبخانە کجایی؟ "

ژنەش زۆر ئازایانە جوابی داوە کە:" برادر کسی خونە نیست" دوایە چووە حەوشەو هیوا دیتی کە پاسدارەکان پاش چەند قسەیەک لەگەڵ یەکتری و ژنەکە چوونە دەرێ. ژنە هاتەوە لای پێشمەرگەکان و بە عوسمانی کوت کاکە دڵنیام ئەوجار بێنەوە، دێن ژوورەکان دەگەڕێن! هەر ئەوەندەن، یا پێشمەرگەی دیکەشتان لە گەڵە؟...

ئەو ماڵەی هیواو ئەوانی لێ بوو پازدە کەس بوون. پێشمەرگەکان خۆیان پێچاوە و ئامادە دانیشتن، سەر لەنوێ پاسدارەکان لە دەرگای حەوشەیان داوەو سێ کەس بۆ پرسیار کردن هاتنەوە حەوشە، ئەوان لەلایەن کەسانی خۆفرۆش و هەڵخەڵەتاو هەواڵیان پێ درابوو کە شەو لەو گەڕەکە چەکداریان دیوە، بۆیە ئەوانیش ئاوا ئاسان لە کۆڵ نەدەبوونەوە، چەند پرسیاریان لە ژنی ماڵەکە کرد وەکوو" کێ لە ماڵە؟ پیاوتان لە ماڵەوە هەیە؟ چەند سەر خێزان لەو ماڵەدا دەژی؟" پاشان ژنەکە وەڵامی پرسیارەکانی داوەو دووبارە چوونەوە کۆڵان و لە کوچەدا ئەوسەراوسەریان دەکرد. عوسمان زانی کار گەیوەتە جێی ئەستەم و حەتمەن تووشی شەڕ دەبن. زوو پازدە کەسەکەی لە ماڵەکەدا دابەش کرد. پێنج کەسی ناردە هەورەبانی سەرەوە، هیواو سولیمانی لە حەمامەکە داناو چوار کەسی لە ژوورەکەدا هێشتەوەو چوار کەسیشی ناردە سەربان. بارودۆخەکە جۆرێک بوو نەیدەتوانی ئەو ماڵانەی دیکەش ئاگادار بکاتەوە کە پێشمەرگەی لێ بوو. هیچ کەرەستەیەکی پێوەندی وەک بێسیمیشیان پێ نەبوو. بەڵام دڵنیا بوو کە بێتوو تەقە ساز بێ، پێشمەرگەکانی دیکە کە لە ماڵەکانی دەوروبەر دامەزرابوون دێنە یارمەتیان.

هێزەکانی دوژمن کاتژمێری لای ٩ی بەیانی سەربانی ماڵی رووبەروویان گرت و چەند پاسدار بە ئارپیجییەوە لێی دامەزران، حەوت پاسداریش هاتبوونە حەوشەی ماڵەکە. یەک لە پاسدارەکان بەرە و ژوورێ وەڕێ کەوت، بەڵام بەر لەوەی بگاتە سەرێ ژنە بە سولێمانی گوت ئاوی حەمامەکە بەردەوە.

ژنی خاوەن ماڵ لە هاڵەکەو لە نێوان دەرگای ژوورەکان وەستابوو. پاسدارەکە سەر کەوتو بە فارسی لێی پرسی کە کێ لە حەمامە؟ ژنە لە وەڵامی داوە کە کچەکەمە خۆی دەشوا. پاسدارەکە گەڕاوە حەوشە، لەو کاتەدا پێشمەرگەکان لە نێو ژوورەکان لە سەرێو خوارێی ماڵێ دەست لەسەر پەلاپیتکە تفەنگ، خۆیان بۆ هەرچەشنە ڕووداوێک ئامادە کردبوو. هیندەی پێ نەچوو پاسدارەکە دیسان هاتەوە سەرێو بە ژنەی گوت دەبێ چاو لەو نێو حەمامەکە بکەم و چاوی لێ دەکەم؟ ژنەکە کە دەزانێ ئەو جارەیان دەقەومێ و مەسەلەکە زۆر جیدی‌یە، گوتی کەیفی خۆتە. پاسدارەکە دەستی بە دەرگای حەمامەوە نا کە بیکاتەوە، هێشتا دەرگا تەواو نەکرابۆوە کە سولێمان ڕەگبارێکی لە زگی داو خستی. ژنی خاوەن ماڵ بۆلای ژێرزەمینی ماڵێ شۆڕ بۆوەو لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەقە پاسدارەکانی سەربان یەک گوللە ئارپیجی‌یان بە ماڵەکەوە ناو لە تەپو تۆزدا نوقمیان کرد. شەڕێکی گەرم لە نێو ماڵو دەرەوەی ماڵ دەستی پێ کرد. ئەو پێشمەرگانەی لە هەورەبان بوون، ئازایانە دەستیان کردەوەو پشتی خۆیان پاکسازی کرد، هیوا وێڕای سولێمان پاسدارەکانی حەوشە دەدەنە بەر دەسڕێژو ئەوانەی ژوورەوەش لە پەنجەرەڕا ئاور بارانیان دەکەن، سەربانەکانی دەورووبەر هەموو پڕ لە پاسدار بوون و هەر جارێ پۆلێک پەلاماری ئەو ماڵەیان دەدا. ئەگەرچی دەرەتانی پێوەندی بە یەکتر گرتن نەبوو، بەڵام پێشمەرگەکانی دیکە کە لە ماڵانی دەورووبەر بوون، زوو خۆیان ڕێک خست و هاتنە سەری کۆڵانەکان و شەڕ لە نیوەی شاری بۆکان دەستی پێ کرد. لەو ماڵەی هیوای لێ بوو، شەڕە نارنجەک زۆر گەرم بوو، کورد گوتەنی باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەبوو، لە زۆربەی کوچەو کۆڵانەکانی دیکەی نێو شاریش شەڕ درێژەی هەبوو.


بریندارەکانی شەڕی نێو شاری بۆکان - بیمارستانی قالوی

پێشمەرگەکان لەو ماڵەی هیوای لێ بوو شەڕێکی قورسیان کرد. ئەوان تا دوای نیوەڕۆ درەنگانێک جا توانییان گەمارۆکە بشکێنن، بەڵام تا تێکشکاندنی ئەو گەمارۆیە ٥ پێشمەرگە کە تا دواگوللە شەڕیان کردبوو، شەهید بوون. هیوا چونکی هەڵسووڕ بوو بۆ هەموو لایەکیان دەنارد. عوسمان ئەگەرچی سەریشی بریندار بوو، بەڵام زۆر وشیارو ژیرانە ئاگای لە وەزعەکە بوو. عوسمان هیوای لە نهۆمی خوارەوە ناردە سەرێ، هیوا لەوێ چاوی بە تەرمی ٥ هاوڕێو هاوسەنگەری کەوت کە ئەو شەوە تا بەیانی قسەی خۆشیان بۆ یەکتری کردبوو. حامید گوللە وەسەری کەوتبوو مێشکی پژابوو، لەو لاتر برایم دەستی لە نێو دەستی عومەردابوو، وەک بڵێی بەر لە شەهیدبوونیان دوایین ماڵاواییان لەیەکتری کردبێ، چەند هەنگاو ئەولاتر قادر سینگی ئاژن ئاژن کرابوو. ئەوەی هیوای تاساند ئەوە بوو کە محەممەد هاواری برای شەهیدەکەی دەکردو ئەویش بەبەرچاوی هیوا چەند چرکە دواتر گیانی دا. هیوا خۆی گەیاندە سەر سەربان و لەوێ دیتی کە محەممەدو ڕەحیم و کورەکانی دیکە ئازایانە شەڕ دەکەن. هیوا ببوە تۆپە گرێک کە جیا لە تفەنگەکەی‌و دوژمن هیچی دیکەی نەدەدی. بارانی گوللەی بەسەر پاسدارەکان کە چوار دەوری ماڵێیان گرتبوو، دەباراند. تا ئەو کاتە دوژمن نەیدەزانی لە کوێ‌ڕا تەقەیان لێ دەکرێو هەر کە چاویان بە هیوا کەوت بە نارنجەکو ئارپیجی ئاور بارانیان کردن، ڕەحیم زوو هاواری کرد کە هیوا دانیشە... کوڕە دانیشە؟ بەڵام تا هیوا ویستی بجووڵێ نارنجەک لە سەربان تەقییەوەو چەند






پڕیشکێک وە زگی هیوا کەوت. برینەکە سووک بوو، بەلام هیوا خوێنی لەبەر دەڕۆی، جەعفەر زوو گەیشتە سەری و لە باوەشی کردو بۆ نهۆمی خوارەوەی بردەوە، برینەکەیان پێچاو هەرکەس لە سەنگەری خۆی جێگیر بۆوە. فشاری پێشمەرگەکانی دیکەش لە سەر ئەو شوێنە زیاتر دەبوو، هەر ئەوەش وای کرد کە تا لە ئێوارە نیزیک دەبوونەوە، هێزی حکومەت زیاتر پاشەکشەی دەکرد. لای سەعات پێنجی ئیوارێ گەمارۆی ماڵەکە تێک شکا، بەلام شەڕ لە سەری کۆڵانەکان هەروا گەرم بوو.

هیوا کە دەیدی پێنج شەهیدیان داوە، کۆڵی نەدەدا. بە برینداریش لەگەڵ پێشمەرگەکان دەهاتو دەچوو و شەڕی دەکرد. لەسەری کۆڵانەکە شەڕەکە زۆر گەرم بوو. پازدە پاسدار کەتبوونە نیو گەمارۆی پێشمەرگەکانەوە. لە پڕ یەکیان نارنجەکێکی هاویشتە نێو پێشمەرگەکان. بەوە جەعفەر پڕشیکی وێ کەوت و چاوێکی دەرپەڕی. مستەفا لایەکی شەویلکەی هاتە خوارو لەولاوەتر محەممەدیش پشتی بریندار بوو. عوسمان زگی هەڵدڕاو عوسمانێکی دیکەش پڕیشکی وەسەری کەوت، بەڵام کوڕەکان کۆڵیان نەدا. سەعات حەوتی ئێوارێ هەموو ئەو پازدە پاسدارەی کەتبوونە گەمارۆوە کوژران .

شەڕ تا سەعات ٩ی شەو پەرشو بڵاو درێژەی هەبوو. تا نیوەشەو زیاتر لە دوو بەشی شار لە ژێر چاوەدێری پێشمەرگە دابوو، لە کووچەو کۆڵانەکانی ئەوێ کەلاکی زیاتر لە ١٠٠ جاش و پاسدار کەوتبوو...

فەرماندە چیا لە مەحمووداوەڕا چاوی لە شاری بۆکانو شەڕگەی پێشمەرگەکانی دەکرد. ئەو ڕۆژە تا شەوێ نانی نەخواردو هەر هاتو چوو و دووربینی لە شار گرتبوو. حەسەن، قاسمو عەلی سێ فەرماندەی پێشمەرگەکان سڵامەت بوون، بەڵام بۆ لە دەستدانی پێنج هاوسەنگەری ئازاو قارەمانیان خەمبارو پەشێو بوون. هێزی پێشمەرگە لەو عەمەلیاتە گەورەیەی نێوشاردا پێنج شەهیدی دا، بەڵام لەبەرامبەردا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنابوو. ئەویش لە کاتێکدا کە ڕێژیم بانگەشەی ئەوەی دەکرد هەموو ناوچەی لە دژە شۆرش پاک کردۆتەوە، بەڵام لە بۆکان، لە قووڵایی خاکی کورستان و لەنێو شار هێزەکانی تێک شکابوو. پێشمەرگەکان لەنێو شار خۆیان ڕێک خستەوەو بڕیاریان دا شار بە جێ بێڵن. پێشمەرگەکان شەهیدەکانیان هەڵگرتو لەگەڵ خۆیان هێنایانن. بۆ تاقە یەک چرکەش نەیانهێشت تەرمی پیرۆزی هاوڕێکانیان سەر عەرزی کەوێ. بە باوەش و کۆڵ و هەر جۆرێک بێ، لە کاتێکدا هەم خۆیان و هەم شەهیدکان خوێنیان لێ دەتکا، تەرمەکانیان تا گوندی مەحمووداوە بەشان هێناو لەوێ خۆیان بۆ دوایین ماڵاوایی لەگەڵیان ئامادە کرد.

چیا کاتێک چاوی بە شەهیدەکان کەوت تێک چوو. دڵی بڕوایی نەدەدا چاویان لێ هەڵگرێ. ئەو ڕۆژە فەرماندە چیا لە پێناو تۆمارکردنی دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و نیزامیی دا پێنج کوڕی ئازاو بەجەرگی خۆی بەخت کردبوو.

شەهیدەکان بە تراکتۆرێک بەرەو گوندی عەزیزکەندو پێشمەرگەش بەری بەیانی لە مەحمووداوە بەرەو نۆبارو عەزیزکەند وەرێ کەوتن. لە ڕێگا ئەو تراکتۆرەی کە هیوای تێدا بوو چەند برینداری دیکەو کۆمەڵێک پێشمەرگە لێ سوار ببوون. چەند تراکتۆر بە دوای یەکتردا دەرۆیشتن و تەپوو تۆزێک دەشتی داربەسەری داگرتبوو. لە پڕ دەرگای یەکێک لە ترێلیی تراکتۆرەکان کرایەوەو پێشمەرگە بەسەر یەکدا بەربوونەوە. زیاتر لە پێنج پێشمەرگە بریندار بوون، جا وەرە سەیر بکە چیا بەوتیژییە، شوفیر بەو فەقیرییە، تراکتۆر بەو خراپییەو پێشمەرگە بەو برینداریە. جا وەرە لە دەست سەرهەنگ چیا رزگارت بێ. کابرای خاوەن تراکتۆر کە لە ئەخلاقی چیا شارەزا بوو، خۆی مات کرد بەڵکوو بەخێرو خۆشی بۆی تەواو بێ، بەڵام لە پێشدا چیا هاواری کرد کە کوا ئەو سەگبابە؟! ئەگەر چاوی پێی کەوتو دیتی پیاوێکی ڕیشنە ئەوەندەی دیکەش تووڕە بوو. چیا زۆری رق لە ریش بوو، ئەوەشی کەدی و چاوی لە پێشمەرگە برینداریەکانی دەکرد، هەموو گیانی ئاورو غەزەبی لێ دەباری. پڕ بەو دەشتە هاواری دەکردو جنیوی دەدا کە دوازدە سەعاتمان لە نێو شاری بۆکان شەڕە تفەنگ لەگەڵ دوژمن

کردوە ئەوەندەمان بریندار نەداوە، چۆن دەبێ شتی وا روو بدا؟

دواتر قاسم چووە پێشێ و داوای لە چیا کرد کە ئارام بێ و واز لەو کابرایە بێنێ کە تاوانی ئەو نیە، بەڵام چیا دەسبەردار نەبوو، دەیگوت کە بۆ دەرگای ترێلی‌یەکی باش دانەخستوەو بەو ریشە پیسەوە هاتووە بۆ لای ئێمە، پێم بڵێن کێ ئەو نارەسەنەی هێناوە...؟

چیا پاش تکاو ڕەجایەکی زۆری قاسم و حەسەن وازی لە کابرا هێنا، بەڵام تا پێشمەرگە گەیشتنە عەزیزکەند بەین بەین هەر جنیوی داو کە چاوی بە کابرا ڕیشنەکە دەکەوت لە بن لێوەوە شتێکی هەر دەگوت.

لای سەعات سێی ئێوارێ گەیشتنە گوندی نۆبار. خەڵکێکی زۆر بەرەوپیلی پێشمەرگەکان و بەتایبەتی پێنج شەهیدەکان هاتبوون. پێشمەرگەکان بەرەو گوندی عەزیزکەند وەرێ کەوتن و لەوێ شەهیدەکان لە نێو خەمو پەژارەی خەڵکو هاورێ و هاوسەنگەرانیان بە خاکی نیشتمان سپێردران. زۆربەی پێشمەرگەکان، بە تایبەت ئەوانەی شەهیدەکانیان لە نیزکەوە دەناسی، لە کاتی بە خاک سپاردنیانزدا بە تەنیا لە گۆشەیەک هەڵکووڕمابوون، پێشمەرگەکانی دیکەش دڵخۆشییان دەدانەوە، ژن و پیاوی ئاواییەکانی دەوروبەر هەموو بە چاوی پڕ لە گریانەوە لە سەر قەبران کۆ ببوونەوە، پۆلێک پێشمەرگەش سروودی ئەی شەهیدانیان دەخوێندەوە. دوای بەخاکسپاردنی پێشمەرگەکان چیا چەند وتەیەکی لە بارەی ئەو شەهیدانەوە باس کردو پاشان هەموو پێشمەرگە پێکەوە بەڵێنیان دا کە رێگای ئەو شەهیدانە درێژە بدەن و تۆڵەیان بکەنەوە. دوای ئەوە هەر لک و پەلەی بەرەو بارەگای خۆیان گەڕانەوە .

## هەشت [ ٨ ]

سمکۆ ئەندامی رێکخستنەکانی حیزب لە نێو شاری بۆکان بوو. ئەو بە نەهێنی هاتبۆ گوندی عەزیزکەند تا سەردانی حەسەن و چیا بکا. فەرماندە قاسمیش بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی تایبەت چووبوە ئەو شوێنە. ئەو لەگەڵ خۆی هیواو مستەفاشی بردبوو. هیوا ئەوکات بە تەواوی لە نێو هاوسەنگەرانی دا خۆشەویست بوو. رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر ئازایەتی و بە نەزمی و شۆڕشگێریی هیوا لقوپۆی دەکردو وردەوردە لە پرسە سیاسی یەکان پوختەتر دەبوو. ئەو لە نێو پێشمەرگاکانزدا کۆبوونەوەی سیاسی دەگرت و لە نێو ئاواییەکان بۆ خەڵک دەدوا، تەنانەت بەو تەمەنە کەمەی خۆیەوە رێنوێنیی پێشمەرگەی دەکردو لە نێو کێشەکان دا هەوڵی زۆری بۆ چارەسەر کردنیان دەدا. هیوا هێشتا ساڵێک نەبوو پێشمەرگە بوو، بەڵام بووە خۆشەویستی زۆربەی پەلەکان و لە هەموو ئەو شوێنانە رێزیان دەگرت و ئەوەش وی کردبوو کە زیاتر لای قاسم و فەرماندەکانی دیکە بە رێزو حورمەتەوە چاوی لێ بکرێ.

کاتێک قاسم بە حەسەنی گوت لەگەڵ هیواو مستەفا هاتووم، سمکۆ سەری بەرز کردەوەو بە سەرسووڕمانەوە گوتی هیوا؟ ئەمن هیوا دەناسم، ئێمە لە بۆکان هاوپۆل بووین و زۆرم پێ خۆشە بیبینم و چاوم پێی بکەوێ ...

ئەوکاتەی سمکۆو هیوا بە یەکەوە لە قوتابخانە بوون، سمکۆ ئەوی زۆر خۆش دەویست تەنانەت زۆرجار دوای تەواو بوونی دەرسەکانیان دەچوونەوە ماڵی هیواو پێکەوە دەبوون. هیوا بە کاری تەشکیلاتیی سمکۆ بۆ حیزبی نەدەزانیو حەسەن کە سمکۆی زۆر خۆش دەویست، دڵی نەیەشاندو رازی بوو کە هیوا ببینێ. سمکۆ کاتێک چاوی بەهیوا کەوت، خۆی پێ نەگیراو فرمێسک بە چاوانی دا شۆڕ بوونەوە. یەکتریان لە باوەش گرت و دەتگوت برای حەوت پشتن لەیەک نابنەوە. هیوا ئاگای لە هاتنی سمکۆو جۆری پێوەندی و کاروباری حیزبیی ئەو نەبوو، هەر بۆیەش نەیدەزانی سمکۆ بۆیە هاتۆتە وێ فێری بەکارهێنانی چەک بکرێ بۆ هیندێک کاروباری نیزامیی لە نێو شار. ئەوان ماوەیەک بوو






پێکەوە دانیشتبوون و بیرەوەریی ڕۆژانی قوتابخانەیان وەرد دەداوەو باسی ڕووداوەکانی ڕۆژیان دەکرد. سمکۆ کە نەیدەزانی هیوا بە پێوەندیی ئەو نازانێ، بە سەرزاری داهات کە کومیتەی شارستان بەتەمای سزادانی جاشێکی گەورەی نێوشار بە ناوی ناسرە. هیوا کە بەوەی زانی گوتی مادام تۆ کەمتر کارت بە چەکوچۆڵ کردوە، منیشت لەگەڵ دەبم بۆ ئەوەی کارەکە بە سەرکەوتوویی تەواو بێ. ئەوان چوونە لای سەرهەنگ چیاو پێشنیارەکەیان هێنایە بەرباس. بەڵام چیا بە توندی ئەو داوایەی ڕەت کردەوە. چیا دەیگوت کە سمکۆ لەنێو شار دەژی و لەنێو شار زۆری کاری باشی بە قازانجی خەباتو بزوتنەوە لەدەست دێ. هەر بۆیە نابێ لەگەڵ هیوا بێ کە پێشمەرگەی ئاشکرای حیزبە و کەسێک بە بوونی ئەوان پێکەوە بزانێ، ئەوە ئاسایی نایەتە بەرچاوو لەوانەیە بەهۆی ئەوە سمکۆ ئاشکرا بێ.
بەڵام سەرکەوتنی بەرنامەی سزادانی ناسر پێویستی بە چەکی تەواو ئۆتۆماتیک بوو تا لە ماوەیەکی کورتدا کارەکە ببڕێتەوە، بۆ خۆشی کە شارەزایی تەواوی لە بەکارهێنانی چەکی گەرم نەبوو، هەر بۆیە سمکۆ قەناعەتی بە حەسەن هێنا کە هیوای لەگەڵ بێ و بە سڵامەتی بیباو بە سڵامەتی بۆ هێزی بێنێتەوەو وریا بن و خۆشیان ئاشکرا نەبن. حەسەن و قاسم دوای ڕاوێژو تاوتوێی بابەتەکە رازی بوون کە ئەو عەمەلیاتە بەو دوو هاوڕێیەی سەردەمی قوتابخانەیان بسپێرن و دوایەش ڕێنوێنیی پێویستیان بۆ سەرکەوتنی کارەکە پێدان.
مەبەستی قاسم لەو سەردانەیدا بۆ هێز، وەرگرتنی مەئمورییەتێک لە ناوچەی ئاڵەشین و فەرهادتاش بوو. ئەو بەتەما بوو لە مانگی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، واتە ساڵی ١٣٦١ گەشتێکی سیاسی نیزامیش لە ناوچەی فەیزوڵابەگیی بۆکان لێ بدا. ناوچەی ئاڵەشین و فەرهادتاش لە نێوان میاندواو، ساینقەڵا، بۆکانو سەقز هەڵکەوتوەو ناوچەیەکی زۆر هەستیارەو لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە لەو ناوچەیە هەمیشە شەڕو پێکدادانی نێوان پێشمەرگەو پاسدار زۆر بووە. ئەو ناوچەیە لەو شوێنانەی کوردو ئازەرییەکان پێکەوە یان لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەژیان زیاتر هەستیار بوو. تەنانەت زۆر جار پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە چۆمی جەغەتوو دەپەڕینەوەو گوندەکانی کوردیان دەسووتاندو بەباشیان دەزانی کە شەڕی کوردو عەجەمی لێ درووست بێ. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەیەویست کە پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لە نێو ئازەرییەکاندا قایم بکا .
قاسم بەر لەوەی لەگەڵ مستەفا بەرەو بنکەکانی لکی خۆیان بگەڕێنەوە، چەند خاڵێکی وەک ڕێنوێنی وەبیر هیوا هێنایەوەو پێی گوت کە ئەو مەئمورییەتە زۆر مەترسیدارو هەستیارەو، دەبێ تەواو ئاگات لە خۆت بێ؟ تۆ دەچیتە زاری هەژدیهاوە و کەس نیە فریای بۆ بەری، دەبێ هیچ هەڵە نەکەی. دوایە ماچی کردو لە کاتێکدا مستەفا بە تەواوی سەری لەو باسەو ئەو ماچ و ماڵاواییە سووڕمابوو، یەکتریان بەجێ هێشت.
قاسم ئەوەندە نەهێنی کار بوو کە لەلای مستەفاش نەیگوت چ باسەو تەنیا ئەوەندەی گوت کە هیوا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە هێز دەمێنێتەوە و کاری هەیە. هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی هیوا لەگەڵ سمکۆ بەرەو شاری بۆکان وەرێ کەوتن. لە نزیک شاری سمکۆ رەخت و تفەنگ و کەرەستەکانی دیکە لە تەلیسێک پێچا، هیوا برێک ترسا، چونکی قەت بێ تفەنگ نەبوو. ئەو پێی وابوو کە لەوانەیە دوژمن بە هاتنیان بزانێو چۆن دەبێ چەکەکەی لەبەردەست دانەبێ. ئەو تەنانەت لەو کاتە ناسکەدا گومانێک کەوتبوە دڵی کە تۆ بڵێی سمکۆ خەیانەتم پێ نەکا. دوایە دەهاتەوە سەرخۆی و بەسەر خۆیدا زاڵ دەبوو. ئەوان لە نیزیک پردی میراواو لە شوێنێک کە سمکۆ زۆر چاکی لێ شارەزا بوو وەستان.
سمکۆ گوتی تا ئەمن دێمەوە لێرە نەجوڵێی. دێمەوەو دەڕۆین. ڕێگای بەرەو نێوشار گرت و هیوای لای چەکوچۆڵەکان بە جێ هێشت. هیوا هێشتا داڵغەی ئەوە بەری نەدابوو کە کاری باشی نەکردوە چەکەکەی لەو تەلیسە ختسوەو خۆی بەدیاریەوە دانیشتوە؟ هەر بۆیە جارجارە






دەستی بۆ دەبردو دەیگوت چەکەکەم دەردێنم و لە شوێنێکی دیکە خۆم مات دەکەم، نەکا سمکۆ پێم خەیان بێ، یان بگیرێ و هێزی دوژمنی بێنێتە سەر.

ئەوەی گوت و بەڵام دوایە پەشیمان دەبۆوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت کە سمکۆ قەتم خەیانەت پێ ناکاو کارەکانیش بە بەرنامە دەچنە پێشێ و پێویست ناکا لەخۆوە تێکیان بدا. پاش دوو سەعات ماتۆڕێک هاتە ئەو نیزیکانە و پەنجا میترێک لەولاتر وەستا. سمکۆ بوو کە زۆر بە ئەسپایی بانگی کرد هیوا... هیوا .


شەهید مستەفا دامەنگیر
شەهید سمایل دامەنگیر

هێوا دەستی دایە تەلیسەکەو زۆر بە هیواشی هاتە سەرێ و سواری ماتۆڕەکە بوون. لەو بەری پردەکەش ماتۆڕێکی دیکەی لێ بوو. ئەوان تەنیا نیگەرانی گەشتی شەوانە بوون، چونکی هیچ هێزێکی دیکەی ڕێژیم بە شەو هاتووچۆیان نەدەکرد. ئەو دوو کەسەی دیکە کە بە ماتۆڕ هاتبوون قسەشیان لەگەڵ نەکردن، ئەوان کاری خۆیان پێ سپێردرابوو. سمکۆ زۆر بە خێرایی ماتۆڕەکەی لێ دەخوڕی و توند توند کوچەو کۆڵانەکانی نێوشاری دەبڕیو لە یەکێک لە کۆڵانەکان خۆی بە حەوشەیەکدا کرد. تەنانەت لە حەوشەش لە ترسی پەنجەرەی جیرانەکان و گرینگیی کارەکەی ڕانەوەستاو خۆی بە هۆدەیەکی بێ دەرگادا کرد. دوایە وەسایلەکانیان هێنایە خوارەوە. ئەوان هەر بەو شەوە بۆ پێشبینی کردنی ئەگەرێکی ڕووداوێک نەخوازراو چوونە دەرێو هێندێک شوێنی پێشان هیوا دا. لای نیوەشەو ڕەخت و تەفەنگەکانیان دەرهێناو لە پشت سەری خۆیان داناو تا نیزک قاوەڵتوون کەس بانگی نەکردن. نانو چایان خواردبوو کە پیاوێکی پێچووکڵاو لە سەریان لێ وەژوور کەوت و پیاوکە بە سرتە شتێکی بە سمکۆ گوتو پاشان دەنگی برێک بەرزتر کرد، ئەوەندەی کە هیواش گوێی لێ بوو کە گوتی جا کوا ئەوە کارە؟ دوایە ئاماژەی بە هیوا کردو گوتی ئەو کابرایە پێشمەرگەیەو لە ماڵی منداشتێکی لێ بێ ئابڕووی هەزار ساڵم دەچێ و لە نێو حیزبی دیموکرات و خەڵک و خزماندا چۆن سەر هەڵێنم. بۆچی بە تەنیا یەک پێشمەرگە هاتۆتە ئێرە؟ سمکۆ زۆر لە سەرەخۆ گوتی هەر ئەمرۆ لێرەیە، کارێکمان هەیە ئەمشەو دەیکەین و سبەی دەڕواتەوە بۆ هێز .

قسەو باسی ئەو پیاوە لەگەڵ سمکۆ تا نیوەرۆ درێژەی کێشا. جارجارە هیوا گوێی لە بۆڵەو پرتەیەکیش دەبوو. سمکۆ دوای نانی نیوەرۆ چووە نێو شار. لە نێو شار چاوی بە ناسر کەوت کە لەگەڵ چەند پاسدار لە خیابان دەخولانەوە. سمکۆ بێ ئەوەی کەس هەست پێ بکا تا ئێوارێ پێوشوێنی ناسر کەوت و زانی کە لە کوێ دەمێنێتەوە. دوایە زۆر بەپەلە گەڕاوە ماڵێ و بە هیوای گوت ساز بە وەختی هاتوە، ئێستا باشترین کاتە بۆ بەڕێوە بردنی کارەکە. گورج خۆیان ساز کرد. سمکۆ هەر تفەنگەکەی دەست دایە، بەڵام هیوا ڕەختیشی لە خۆی بەست و سواری ماتۆڕ بوون. هیوا بۆ ئەوەی ڕەختەکەی دیار نەبێ، شتێکی لە خۆی پێچابوو. سمکۆ بە خێراییەکی زۆر بە کۆڵانەکاندا تێپەڕی و لەو شوێنە نیزیک بۆوە کە ناسری لێ بوو. لە نیزیک شوێنەکە ماتۆڕەکەیان داناو دەست لە سەر پەلاپیتکە لەبەر دەرگای ماڵەکە وەستان، لەو کاتەدا ژنێکو منداڵێک بە فانۆسەوە بە لای ئەوانزدا تێپەڕین، ژنە هەر ئاوڕی دایەوەو زانی لیباسی کوردییان لەبەر دایە، وەک بڵێی هەستی کردبێ کە پێشمەرگەن و کارێکیان بەدەستە، گوتی" ئەوە لێرە چی دەکەن کاکە؟ خۆ ناسر لە ماڵ نیە؟ ئێستا من لە سەری ئەو کوچەیە






تووشی هاتم، نەفەرێکی لەگەڵ بوو لەوانەیە بگەڕێتەوە؟

دوایە ژنە وەک بڵێی تەواو دڵنیا نەبووبێ، گوتی پێشمەرگەن یان جاشن؟ سمکۆ کە ئاغابوونەیەکی لە مل و سەروچاوی هاڵاندبوو، گوتی پێشمەرگەین. ژنە گوتی بێتوو ناسر ئاوا بتانبینێ، لە دوورەوە تەقەتان لێ دەکا. ها ئەو فانۆسەتان پێ بێ، ئەگەر بە فانۆسەوە بتانبینێ وەدەزانێ خەڵکی ئەو گەڕەکەن؟ ماڵی ئێمە ئەوەتا نزیکە و ئێستا دەگەینەوە.

هێزەکانی ڕێژیم ئەو کات رایانگەیاندبوو کە شەوانە هاتوچۆ قەدەغەیەو ئەگەر کەسێک ناچار بە هاتووچۆیەک لەنێو شار بوو، دەبێ فانۆسی پێ بێ. سمکۆ سپاسی ژنەی کردو فانووسەکەی لێ وەرنەگرت، گوتی ئێمە پێویستمان نیەو زوو لێرە دوور بکەوە با تووشی کێشەو بەڵایەک نەبی. ژنە دوعای بەخێری بۆ کردن و بەپەلە دوور کەوتەوە. هیواو سمکۆش لە چەند میتریی ماڵی جاشەکە لە تاریکاییدا خۆیان حەشار دا.

پاش ماوەیەک لەسەری کۆڵانەکەڕا نەفەرێک دیار کەوت، لە دوورەوە دیار بوو چەکدارە، سمکۆ لە گەڵ هیوا ئامادە راوەستان و لێی گەڕان بێتە نێو دەرگای ماڵەکەی. راست هەر گەیشتە بەر دەرگا لەلایەن سمکۆو هیواوە درایە بەر دەسرێژ. لە چەند چرکەدا دوو ڕەگباری خەستیان پێوەناو بەپەلە سواری ماتۆڕەکەیان بوونەوەو لەو شوێنە دوور کەوتنەوە .

لە گەڕەکێکی دوور لەو شوێنە لە ماڵی یۆسف ماتۆڕەکەیان شاردەوە. یۆسف کە ئەندامێکی دیکەی ئەو تیمە عەمەلیاتییە بوو، بەر لە گەیشتنی ئەوان دەرگای حەوشە کردبۆوەو چاوەڕوانیان بوو. یۆسف هیواو سمکۆی لە باوەش گرت و پرسی: " شێرن یا رێوی؟" سمکۆ پێکەنی و گوتی جا ئەوە قسەیە دەیکەی؟ ئێمە کەنگێ رێوی بووین؟" دوایە چوونە ژوورەوە....

یۆسف لەگەڵ برایەکی چووکەو دوو خوشک و دایک و باوکی دەژیا. بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر بوون و حیزبیان وەک گلێنەی چاویان خۆش دەویست .

سمکۆ هیوای پێ ناساندن و گوتی ئەوە هیوایە. وەختی خۆی لە قۆتابخانە هاوپۆل بووین و ئێستا ئەو پێشمەرگەیەو منیش هەرلە شار دانیشتووم خەریکی خوێندنی خۆمم و .. هیوا قسەکەی پێ بڕی گوتی" نا وانیە؟ ئەوەی تۆ کردتو ئەوەی ئێوە دەیکەن لە ئەرکی پێشمەرگەیەک قورسترەو ئێوەش هەر پێشمەرگەن....

هیوا کە لە کاری تەشکیلاتی نەدەزانی بە ئەسپایی بە سمکۆی گوت" تۆ باوەڕت بەو ماڵە هەیە کە لێی دانیشتووین؟" سمکۆ هیوای دڵنیای کردو گوتی ئەوە کەسێکە هەر کارێکی لە نێو شاردا بەڕێوە بچێ لێی ئاگادارەو تۆش بێ خەم بە .

کچەکان هەر دووکیان تازە دەگەیشتنێ و تازەلاو بوون. ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو پێشمەرگەیان لە نیزیکەوە نەدیبوو، هەر چاویان لە هیوا هەڵنەدەگرت. هیواش لە شەرمان سەری هەڵنەدەهێنا باوکی یۆسف بە ڕووخۆشی بە هیوای گوت کە ئاسوودە بێو ئەوێ ماڵی خۆیەتی.

گوتی کە ئەمن خاوەن ماڵ نیم و ئیشەڵڵاو حەقتەعالا هەر سەربەرزو سەرکەوتوو دەبن. دواتر باسی خەبەری نێو پێشمەرگەی لێ پرسی. باسی شەهید بوونی پێنج پێشمەرگەکەی مانگی رابردووی نێو شاری هێنایە گۆرێ و گوتی کە زۆر پێ ناخۆش بووەو ئەو کات چی لەدەست نەهاتوە...

کاتی پەلاماردران و کوژرانی ناسر کەس لە ماڵی خۆی نەهاتە دەر. کەس لەخۆی رانەدەدی بێتە دەرێو چونکی تەقەکەش زۆر نەبوو، حکومەتیش زۆری گوێ نەدایە. بەیانی کاتێک خەڵک دوکان و بازار دەکەنەوە، زار بەزار لە نێو شاردا بڵاو بۆوە کە ئەمشەو ناسر کوژراوە. باوکی یۆسف لای قاوڵتوونێ پیاسەیەک بەنێو شەقامەکانی شاردا دەکاو دەبینێ لە هەموو دوکان و شوێنێک باس باسی کوژرانی ناسرە. جاشێکی بەناو بانگ کە ژیانی لە خەڵکی هەڵگرتبوو، بەڵام بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشتبوو، ئەوەش تۆوی شادی و هیوای لە دڵی






خەڵکدا چاندبوو. هێزی ڕێژیمیش لەو شوێنەی ناسری لێ کوژرا، بە ماڵاندا دەخولانەوەو چەند لاوێکی ئەو گەڕەکەیان گرتبوو.
سمکۆ بەیانی چۆوە ماڵی خۆیان. باوکی زۆری نیگەران بوو. بۆیە باوەشی پێدا کردو گوتی: رۆڵەگیان دەبێ زۆر وشیاری خۆت بی، بەخودای بگیرێن تازە قەت چاومان پێت ناکەوێتەوە. سمکۆ ئارخەیان و ئاسوودە چووە بازارو سەری بەهەر دوکانێکدا کردبوایەو لەگەڵ هەر کەسک راوەستابانەو دوو قسەی کردبایە، باس باسی کوژرانی ئەو ناسر جاش بوو. حاڵەتی شار نائاسایی بوو، پاسدارێکی زۆر بە شەقامەکاندا دەگەڕان، کەس بۆی نەبوو سێو چوار لە دەوری یەک کۆ ببێتەوەو شتی وایان دیبا دەیان گرتنو لەگەڵ خۆیان دەیانبردن. سمکۆ چۆوە ماڵی یۆسفو تا ئێوارێ لەوێ لەلای هیوا مایەوە. ئێوارێ هیوا ماڵاوایی لە بنەماڵەی یۆسف کردو لەگەڵ سمکۆ سواری ماتۆڕ بوونەوە. سمکۆو هیوا ئەمجارەیان ڕوویان کردە ئاڵبلاغ و لە گوێکتەپە هاتنەوە سەرجادەی قیری میاندواو بۆکان و لە پردی حوسێن مامە پەڕینەوە. ئەوان بەرەبەیان گەیشتنە ئاڵیکەندو خۆیان گەیاندەوە لای قاسم.
هیوا ئاڵیکەندی پێ دەزانی، لەبەر ئەوەش کە نەدەبوایە پێشمەرگەکان سمکۆ ببینن، زۆر بە هێواشی چوونە لە بەر دەرگای ماڵی قاسم. ماشێنەکەی لک لەبەر دەرگا بوو. زانییان قاسم لە ماڵەوەیە، لە دەرگایان داو قاسم بە دەمانچەیەکەوە هاتە دەرێو کاتێک چاوی بە هیوا کەوت لە خۆشییان باوەشی پێ داکردو گوتی ئەدی کوا سمکۆ؟ دوایە کە سمکۆ خۆی دەرخست باوەشیان بە یەکدا کردو چوونە ژوورەوە، قاسم کە پێشتر هەواڵی کوژرانی جاشەکەی بیستبوو، ئێستا بە دیتنی هیواو ساخ و سڵامەتیی ئەوان زۆر خوشحاڵ بوو. هەر بۆیەش بەو بەیانییە زووە ماشێنە جیپەکەی لکی هەڵکردو بێ راوەستان لەگەڵ سمکۆو هیوا بەرەو گوندی عەزیزکەند کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنێ چیا تازە لە خەو هەڵدەستا. پاش ماوەیەک حەسەنیش هاتو تاوتوێی عەمەلەیاتەکەیان کرد. سمکۆ چۆنیەتیی رووداوەکەی بە وردی گێڕایەوەو گوتی لە داهاتووشدا پلانی وردی دیکە بۆ سزادانی کەسانی دیکەش کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی سوور بووە دادەڕێژین. سمکۆ نانی بەیانی خواردو بێدەنگ بەرەو بۆکان گەڕایەوە. هیواش لەگەڵ قاسم بۆ بنکەکانی خۆیان چوونە. هیوا بەو کارەی ئەوەندەی دیکەش خۆشەویست ببوو. قاسم بە هۆی سەرکەوتنی ئەو مەئموورییەتە مەترسیدارە تفەنگێکی کڵاشی یەک لاقی (٨) بە دیاری دا بە هیواو تفەنگەکەی دیکەی لێ وەرگرتەوە.....

٨- ئەو کات دانی تفەنگی کلاشی موزەلی کە زور بە کەمی دەست دەکەوت گەورەترین تەشویق بوو.








## نۆ [ ٩ ]

پاییزی ساڵی ١٣٦١ بەرەبەرە خەریک بوو سەری بەماڵان دادەکرد. نێوەڕاستی مانگی خەرمانان بوو. فەرماندەری لک هەموو پێشمەرگەکانی لکی کۆ کردەوە کە زیاتر لە ٧٠ کەس دەبوون و کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. فەرماندە قاسم لەو کۆبوونەوەیەدا رایگەیاند کە دەچینە مەئمووریيەت و گەشتێکی دوور و درێژو دووحەوتووییمان بۆ ناوچەی میلیتاریزە کراوی ئاڵەشین و فەرهادتاش دەبێ. ئێوەش هەمووتان دەبێ ئامادە و لەسەر هەست بن، چونکی ئەو ناوچەیە هەم لە باری نیزامیی یەوە ناوچەیەکی گرینگەو هەم لە باری سیاسیش گرینگیی یەکجار زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی هاوسێی ئازەری یەکانە و بۆیەش حکومەت زۆری پێ حەساسە. کەوابوو هەموومان بەڵێن دەدەین وەک رۆڵەیەکی دێموکڕات سەر لە پێناو لەو مەئمورییەتەدا سەربەرزو رووسوور بین.

پێشمەرگەکان بە چەپلەیەکی توند وەڵامی "بەسەرچاو"یان بە فەرماندەکەیان دایەوەو قاسمیان دڵگەرم کرد. ئەوانەش کە خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە بوون زیاتریان پێ خۆش بوو، چونکی دەچوونەوە ناوچەکەی خۆیان و بەوە زیاتر دڵخۆش بوون. پێشمەرگەکانی رەحیمخان، قوولەر، ترکاشە و گوندەکانی دیکەش لە دەورەی یەک کۆ دەبوونەوەو ساتژمێریی ئەو کاتەیان دەکرد بۆ ئەو مەئمووریيەتە بکەونە رێ. چەند سەعاتێکی بۆ رۆیشتن مابوو. هیوا لە نێو هاوسەنگەرانیدا پیاسەی دەکردو لەگەڵ مەحمودو ئەبوبەکر دانیشتبوون‌و قسەیان دەکرد. ئەوان شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوون، بەڵام دەیانزانی لە باری جوغرافیایییەوە ناوچەیەکی حەساسەو حکومەت پێی ناخۆشە تاقە پێشمەرگەی لی ببینێ‌و دەنگی تفەنگی لێ ببیستێ. ئێوارە کە تیشکی خۆر لە کزی دا، پیشمەرگەکان ریزیان بەستو کەوتنە رێ. ڕیزی پێشمەرگە زیاتر لە ٢ کیلومیتر درێژەی بوو، موڵگەکانی سەر جادەی بۆکان _ میاندواو لە بەرزایییەکانی سەرجادە بە باشی چاویان بە پێشمەرگەکان دەکەوت، بەڵام دەنگیان دەرنەدەهات. هۆکاری ئەوەش کە تەقەیان نەدەکرد ترسیان لە پەلاماری شەوانەی پێشمەرگەکان بۆ سەر مۆڵگەکانیان بوو. وردە وردەو لەگەڵ کشانی تاریکی هەوا، هیوا لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی دیکە کە شارەزای ئەو ناوچەیە بوون خۆیان لە چۆمی نزیک کردەوەو پێشمەرگەکان بۆ شەوێ لە گوندی قەرەمووساڵی مانەوە .


شەهید خالید فەیزولاپوور
شەهید رەحمان فەیزولاپوور

گوندی قەرەمووساڵی بێجگە لە پاسگایەکی سەردەمی شا، دوو پایەگای دیکەشی لە بەرزایییەکانی رووبەرووی ئاوایی لێ دروست کرابوو کە بە سەر تەواوی ناوچەدا زاڵ بوو. گوندەکە لە سەر جادەی بۆکان _ میاندواو هەڵکەوتوەو خەڵکێکی باشی تێدا بوو. ئەوێ تەنیا گوندێک بوو کە تا ئەو کات پێشمەرگەی نەبوو. تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچەیە کوڕو کچەکانیان لە ڕیزی پێشمەرگەکان دابوون، بەڵام تا ئەو کات کەس لە قەرەمووسالی نەهاتبوە پێشمەرگایەتی. لە ئاوایی نیگابانی قایم داندراو پێشمەرگە بەسەر ماڵاندا دابەش بووو نانی شەوێیان خوارد، تا درەنگانی شەو هەموو کارێکی رێکخراوەیی‌و سیاسی کراو دواتر پێشمەرگەکان کۆبوونەوەو کەوتنە رێ. لە جادەکە پەڕینەوەو بەرەو ناوچەی ئاڵەشین و بۆ گوندی رەحیمخان کەوتنە رێ، تیمی پێشرەو لە






پێشەوەو ئەوانی دیکەش بە دوای یەکتردا ملی ڕێگایەکی دووروو درێژیان گرت، نیزیک بەرەبەیان بوو گەیشتنە ڕەحیمخان و لەوێ پشوویان دا.

ڕەحیمخان گوندێکی زۆر گەورەیەو گوندەکانی کانی مەملی، ئەرمەنی بڵاغی، سەراو، قوولەرو کێوی ئاڵەشین دەوریان تەنیوە. ئەو گوندە جیا لەوەی پێشمەرگەیەکی زۆری لە ڕیزی شۆڕشدا هەبوو، شەهیدی قارەمان وئازاشی بەختی بارەگای نیشتمان کردووە، زۆری خەڵکێکی حیزب خۆشەویست تێدا بوو.

پێشمەرگەکان دوو ڕۆژ لە ڕەحیمخان مانەوەو پاشان ڕوویان لە گوندەکانی دیکە کردو بەرەو ناوچەی فەرهادتاش بۆ کاری سیاسی و نیزامیی درێژەیان بە گەشتەکەیان دا. ئەوان ڕوویان لە هەر گوندێک دەکرد خەڵک جۆرێک بەرەوپیلیان دەهاتن و وەریان دەگرتن کە لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا بێ وێنە بوو، یارمەتی و هاوکاریی خەڵک لە هەموو بارێکەوە سەرکەوتنی ئەو گەشتەی دەستەبەر کردبوو....

ئێوارێ ڕۆژی دووشەممە، هەژدەی خەرمانان بوو. پێشمەرگەکان لە گوندی قازیاخاوی لە ناوچەی فەرهادتاش خەریکی پشوودان بوون کە هەواڵیان بۆ هات ڕێژیم هێزی کۆ کردۆتەوەو دەیەوێ لە گوندی جامەردڕا کە لە سەر ڕێگای بۆکان سایینقەڵایە هەڵکەوتوە هێرشتان بکاتە سەر. قاسم دوای نانی شەوێ محەممەدو ناسرو سەعدوونی (٩) بانگ کردو ئاگاداری کردن کە هێزی ڕێژیم هاتووەو لە وانەیە بەیانی هێرشیان بکرێتە سەر. لەو کۆبوونەویەدا بڕیار درا بە ئاوایی کانی گاواندا بەرەو هۆرتەکەند بڕۆن و سەعات ٢ی شەو لەو گوندەش هەر پەلەو شوێنێکی بۆ دیاری کراو ئەو پەلەی هیوای تێدا سازمان درابوو، نێو قەبرانی هۆرتەکەندیان بۆ دیاری کراو ئەوانی دیکەش لە شوێنێکی دیکەی ئاوایی جێگیر بوون.

شەو درەنگ بوو، سریوە لە وڵات بڕابوو. جگە لە قرەی بۆق و جارجارەش دەنگی وەڕینی سەگی ئاوایی کە هەستی بە نیگابان و گەشتی پێشمەرگە دەکرد، دەنگی لە هیچ کوێوە نەدەهات. هیوا وێڕای پێشمەرگەکانی دیکەی پەلەکەیان لە تەپکەکەی قەبرانی ئاوایی خەوتبوو، لەو کات و ساتدا تەنیا گوێت لە خشپەی پێی نیگابان دەبوو کە بۆ گۆڕینی شیفتەکانیان لە هاتوچۆ دابوون، تا مەلابانگدان هیچ باس نەبوو. هیچ هەواڵێک لە هێزی ڕێژیم نەبوو، سەعات ٤ بۆ ٥ نۆرە نیگابانیی هیوا لەگەڵ ئەردەشیر بوو. تازە سیوادی بەیانی دەدا. هێشتا چارەگێک لە نۆرە نیگهبانییەکەیان نەچوبوو. هیوا پاڵی وەکێلی قەبرێک دابوو، تەواو خەو بەری نەدابوو کە چاوی بە چەند تارمایی کەوت کە لە دوورەوە بەرچاو دەکەوتن. چاوی زیر کردەوەو بە وردی لە تارمایییەکانی ڕوانی و دیتنی کە دەجووڵێنەوە، بە پەلە چووە لای ئەردەشیر کە لەو سەری پێشمەرگەکان نیگهبانی دەداو پێی گوت کە چەند شتێکم بینیوەو وابزانم هاتوونە سەرمان. ئەردەشیر لە گەڵی داگەڕا خوارێ‌و چاوێکی بە وڵاتدا خشاندو هیچی نەدی. هیوا کە دڵنیا بوو لەوەی دیویەتی، زۆر بە وریایی چاودێریی ناوچەکەی دەکردو لە پڕ چاوی بە ڕەشایییەکان کەوتوە. بەپەلە چوو سەرپەلەکەی لە خەو هەستاندو پێی گوت کە چەند شتێکی بینیوە دەجووڵێنەوەو لێی روون نین بنیادەمن یان نا. ئەویش کە زۆر ماندوو بووو شەو بە درەنگ وەختان گەیشتبۆوە لای پێشمەرگەکان، بە بێ وازی گوتی هیچ نیە، بەڵام ئاگات لە وڵات بێ. هیوا چۆوە پەنا کێلەکە، هەوا کە کەمێک ڕووناکتر بوو، جاش‌و پاسدارەکان سەریان دەرکەوت و هیوا دیتی کە بەرەبەرە بۆ لای قەبران هەڵدەکشێن، هیوا دەرفەتی ئەوەی نەمابوو کە بچێتەوە بۆ لای سەرپەلەکەی یا بە ئەردەشیر کە لەگەڵی نگهبان بوو بڵێ ئەوە جاش هاتنە سەریان. بەردێکی هەڵگرت و بۆ پشتەوەی هاویشت کە ئەردەشیر لەوێ دانیشتبوو. ئەردەشیر گوتی چییە؟ هیوا قامکی دەستی بە نیشانەی بێدەنگ بوون بۆ لای دەمی بردو بە دەست ئاماژەی کرد کە کلکدار هاتن! مەبەستی جاش بوو. ئەردەشیر هەستا بۆ لای

٩- هەر ٣ کەسیان ئەو کات فەرماندە پەل بوون و شەهید بوون






هیوا بچێ. جاش و پاسدار چەند میتریپیان مابوو بگەنە سەریان، هیوا قامکی لە سەر ماشەی تفەنگ دانابوو. جاش و پاسدار زۆر بوون و نیزیک بە دوازدە کەسیان بەرەو قەبران دەهاتن. ئەردەشیرو هیوا زانیان کە کاتی وەخەبەرهێنانی پێشمەرگەکانی دیکە نیە. بۆیە دو کەسی لێیان هەستانە سەرپێ و دایان گرتن. هەر لەیەکەم دەسرێژدا پێنج پاسدار کوژران و ئەوانی دیکەش سەنگەریان گرت، بەڵام شوێنەکە ئەوە نەبوو کە بتوانن بەربەرەکانی بکەن. پێشمەرگەکانی دیکەش کە بە دەنگی تەقە وەخەبەر هاتبوون و قرمەی کلاشینکۆڤ و ژ - ٣ و بی کی سی بە سەریان دا ویزەی دەکرد، زوو خۆیان پێچاوەو لەوشانەو شانی قەبرەکان ئەوانی دیکەشیان هەڵبرێ و لەوانەی مابوون چوار کەسی دیکەشیان کوژران تاکوو ئەوانە کوژران، لە دەوروبەری ئاواییش تەقەساز بوو. ئەردەشیرو ساڵەو عوسمان و هیواو ئەبوبوکر دەستەو تفەنگ چوونە سەر کوژراوەکان و، دەسکەوتی شەڕ ئەو شەڕەیان لەگەڵ خۆیان هێنا.

لەو کاتەدا ئەردەشیر یەکەم برینداری پێشمەرگە بوو. ئەو کات هیچ پێوەندییەکی بێسیمی لە نێوان پێشمەرگەکان دا نەبوو، بەڵام فەرماندەکان دەیانزانی کە هەر دەستەو پەلێک لە کوێ سازمان دراوەو سەنگەری گرتووە. ئاگری شەڕەکە بەرەبەرە بە دەوروبەری ئاواییدا بڵاو بۆوە لە هیچ بەرزایی یەکی نوقتەی ستراتیژی پێشمەرگەی لێ نەبوو، ئەو لایەی کە هیوا سەنگەری لێ گرتبوو بەو بەیانییە زووە حکومەت شکستی خواردبوو، بەڵام شەڕ لە نێو ئاوایی گەرم بوو. تا لای قاوڵتوون پێش بە هێزی ڕێژیم گیراو لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو گوندەو نێو گوند شەڕ گەرم بوو. گرمەی ئارپیجی و نارنجۆک و قرمەی کلاش هەموو خەڵکی لە خەوی شیرین ڕاپەڕاند، خەڵکی ئاوایی لە نێو ماڵەکانیاندا خۆیان حەشار دابوو. لەگەڵ ئەوی کە پێشمەرگە ئاگاداری هێزی ڕێژیم بوو، پێشبینیی ئەوەیان کردبوو کە ڕۆژێکی درێژو دژواریان لە پێشە. لای نیوەڕۆ شەڕەکە توندتر بوو. هێزی ڕێژیم لە هەموو چەکێک کەڵکی وەردەگرت. بۆ ئەوان هیچ جیاوازی یەک لە نێوان پێشمەرگەو خەڵک نەبوو، هەر کەسیان بدیبا بە هەرچی بەردەستیان کەوتبا وەبەر دەسرێژیان دەدا.

خەڵکیش بە هانای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیانەوە هاتبوون و دەستەو دوعا ڕاوەستابوون، بە خشپەی پێ هەستیان دەکرد کە کامەیان لە نێو ئاوایی دایە چونکی پێشمەرگە بە هێواشی لە سەرەخۆ لەگەڵ خەڵک دەدوا، هێزی سەرنێزە بەدەستەکانی ڕێژیم لە دەرگاوە هەموو شتێکیان بەر گوللە دەدا، هەرچەند هێزی ڕێژیم زەختی زۆری هێنابوو، بەڵام ئازایەتیی پێشمەرگە وورەی بە خەڵک دەبەخشی. لە بەر دەرگاو لە هەموو ئاواییدا تەقینەوەی نارنجۆکو دەنگی چەکی دیکە دەبیسرا، هێندێک جار گرمەی تەقینەوەی خومپارەو تۆپو چەرە دووکەڵ هەموو ئاوایی لە تەپوتۆزدا نوقم دەکرد، دوانیوەڕۆ هیوا لەگەڵ چەند کەس لە هاوسەنگەرانی بەرەو لای محەممەد بەڕێ کران کە شەڕەکە لەوێ زۆر توند ببوو. ئەوان کاتێ گەیشتنە ئەوێ کە شەڕەکە ئەوەندە گەرم بوو کەس کەسی نەدەناسییەوە. هیواو حەسەن لە کۆڵانێک پەڕینەوەو چاویان بە محەممەد کەوت کە فەرماندەی پەلەکە بوو. محەممەد زۆر تووڕە بوو. ئەبووبەکری ژن برای کە ڕەفیقی منداڵیی هیوا بوو زۆر بە توندی بریندار ببوو، دوایین هەناسەکانی دەدا هیوا کەچاوی بە ئەبووبەکر کەوتو دیتی بریندارە، زوو تفەنگەکەی دایە دەستی چەپیو ئاگای لە هیچ نەماو خۆی بە سەر دادا. لە قووڵایی دڵەوە هاواری کرد ئەوە چی بووە ئەبووبەکر، کوێر بم ئەوە بۆ وات لێ هاتوە؟ لەو قسانە بوو کە تەپووتۆزیان لە دەورو بەری هەستاند، محەممەد یەک بەخۆی هاواری کرد: کوڕە سەگباب ئاگات لە خۆت بێ، لەوبەرەوە پاسداری لێیە لە کیس دەچی. وەرە دواوە دەتکوژن...

هیوا خۆی لە پەنا ئەبووبەکر بە زەوییەوە مەڵاسدا، حەسەنیش هاواری لێ بەرز بۆوە: هیوا!!!!!!! وەرە دواوە کورە دەکوژرێی. بەڵام هیوا لە تاوی ئەبووبەکر ئاگای لە خۆی نەمابوو، هەستایە سەر چۆکان تا ئەبووبەکر بێنێتە دواوە. سەربانەی ئەوبەر دوو پاسداری لێ بوو کە لە مێژ بوو محەممەد لە بەر ئەو دووانە نەیدەتوانی ئەبووبەکر بێنێتە دواوە. پاسدارەکان بەر دەسرێژیان داو هیوا کەوت. چەند گوللە بەر






کەلەکەی کەوتبوو. محەممەد هاواری کرد خۆت بمرێنە با تەقەی دیکەت لێ نەکەن، ئەویش لە نزیک ئەبووبەکر وەک مردوو خۆی درێژ کرد.

چەند پێشمەرگەی دیکە لەولاو ئەولا تەقەیان دەکرد. فەرماندە قاسم بەپەلە ساڵەو جەعفەری ناردە سەربانێک تا ئەو مەترسیە لەو کۆڵانە دوور خەنەوە. ئەوان بێدەنگ و چرپە چوونە سەر دوو پاسدارەکەو کوشتیانن و ئەوانی دیکەشیان لەو کۆڵانە ڕاونا. ئەبووبەکر لە باوەشی هیوادا کە بە توندی بریندار ببوو گیانی دا. پێشمەرگەکان هیواو ئەبووبەکریان هێنایە دواوە، هێزی ڕێژیم کە بە ژماردن و هێز چوار ئەوەندەی پێشمەرگەکان بوو، دیسان هێرشی کردەوە سەریان. لای ئێوارە شەڕێکی زۆر توند دەستی پێ کردەوەو ئەمجارەیان مامۆستا فایق کە بەرپرسی کۆڕی پەروەردە لە بۆکان بوو، شەهید بوو. سمایل و ساڵە و مەستەفاو عومەرو چەند پێشمەرگەی دیکەش برینی سووکیان هەڵگرت. دوای ئەوەی فشاری ڕێژیم بۆ سەر ئاوایی و بۆ سەر پێشمەرگەکان زۆرو چڕ بۆوە، فەرماندەری لک بڕیاری دا لە ئاوایی‌ڕا بەرەو شاخەڕەشی پشت نێو دێ پاشەکشە بکرێ.

لەتیف و خالید دوو پیشمەرگەی لکەکە لە ماڵێک کەوتبوونە گەمارۆوە. ئەوان ئاگایان لە بڕیاری پاشەکشەی پێشمەرگەکان بۆ چیاکەی پشت ئاوایی نەبوو. پیشمەرگەکانیش پێیان وابوو کە ئەو دوانە لە ماڵێکدا خۆیان حەشار داوەو دوایە یەکتر دەگرنەوە. لەتیف و خالید ئەگەرچی هێشتا ساڵێک نەبوو هاتبوونە پێشمەرگایەتی، بەتایبەتی یەکیان لە بیست ڕۆژی پێشمەرگایەتی بوو، بەڵام ئازاو بە دەستوبرد بوون. هێزەکانی ڕێژیم نێو ئاوایی‌یان گرت. ئەوان بە سەر کەلاکی زیاتر لە شەست حەفتا کەس لە هێزەکانی خۆیان داکەوتبوون. لەتیف و خالید تا دوایی گوللە شەڕیان کردو بێ تەقەمەنی لە ماڵێکدا کەوتنە گەمارۆ. زۆر گەڕان بەشکم سەروو گوللەیەکیان دەست کەوێ و نەهێڵن بە دیلی بکەونە دەستی دوژمن، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت. جاش و پاسدار ڕژانە سەریان و بە دیل گیران، بەڵام بێ چەکیش ئازایانە لەبەرامبەر هێزی دوژمن دا ڕاوەستان و لە مردن نەدەترسان.

هێزی بەزیوی دوژمن کاتێک دەبینن کوژراوەکانیان وەک گەڵای پاییز لێرەو لەوێ کەوتوون، لەتووڕەیی و قینلەزگی بەر چاوی خەڵکی ئاوایی لەتیف و خالیدیان گوللە باران کرد.

بەشێک لە پێشمەرگەکان لەگەڵ بریندارەکان بەرەو شاخەڕەشی پشت ئاوایی هەڵکشابوون، بەشێکی دیکەش لە دەوروبەری ئاوایی هەر شەڕی دەکرد. شەهیدەکان بە گوێدرێژ بەرەبەرە لەگەڵ بریندارەکان سەرکەوتن، فشار لە سەر ئەو بەشەی قەراغ ئاوایی زۆر بوو ئەوانیش هێدی هێدی بەرەو لای ئەوانی دیکە دەکشانەوەو بەرەو شاخی چوون.


شەهید ئەمیر ڕەزایی
شەهید عەلی ڕەزایی

ڕاست لەو کاتە دا گروپێکی دیکەی زەربەتی ڕێژیم لەگەڵ ٣ هێلیکۆپتێر هاتنە شەڕگە. پێشمەرگە کە تەنانەت بەردێکی چووکەشی لێ نەبوو خۆی لێ حەشار بدا پەلەپەلی گەیشتن بە سەر شاخەکەیان بوو. هێزی دوژمن بە تۆپی ١٠٦ میلیمو دۆشکەو سێ هێلیکۆپتێر پێشمەرگەیان ئاورباران دەکرد، گوللە وەک باران بەسەر پێشمەرگەکان دا دەباریو دەهاتە خوارێ. لای ئێوارەو بەر لە خۆراوابوون پێشمەرگەکان لە سەر شاخی جێگیر بوون، بەڵام زۆر شەکەت و هیلاک بوون. ئەوان لە کازیوەی بەیانیەوە بێ پشوودان خەریکی شەڕ بوون.






تا ئەو کاتە چوار شەهیدو١٤ برینداریان دابوو. بێ نان و ئاو بوون، برسی بوون، فیشەکیان کەم پێ مابوو، بەڵام ورەیان هەر بەرز بوو. هۆی بڕیاری فەرماندەری پێشمەرگە بۆ پاشەکشەش دووربینیی فەرماندە قاسم بوو. ئەو دەیزانی هێزەکانی رێژیم دەست ناپارێزن و هیچ فەرق و جیاوازی یەک لە نێوان خەڵک و ژن و منداڵ و پیری ئاوایی لەگەڵ پێشمەرگە ناکەن، هەر بۆیە بڕیاری دا بۆ پاراستنی گیانی خەڵکەکە ئاوایی چۆڵ بکەن.

پێشمەرگەکان لە سەر بەرزایی چیاکە بریندارەکان و دوو شەهیدەکەیان لە ژێر بەردێک داناو چاوەڕوان مانەوە. هێزی دوژمن توانای سەرکەوتن بە سەر چیاکەی دا نەبوو، ئەوەیان بە ئەزموون بۆ دەرکەوتبوو کە پێشمەرگە کە چیای گرت تازە هیچ هێزێکی چەکدار کاری لێ ناکا، بەڵام کۆپتێرەکان هێزی پێشمەرگەیان بەر شەستیرو راکێت دەدا. سەعاتێکی رۆژ مابوو کە شەڕ بەرەبەرە کۆتایی هات و ئیدی تەقە لە هیچ کوێ نەدەبیسترا. قاسم لە سەر چیاکە پێشمەرگەکانی کۆ کردەوە و تا مشوورێک لە خۆیان بخۆن. ئەردەشیر، هیوا، سمایل، عوسمان، رەحمان، ناسر، مستەفا و سەدیق، سمایلێکی دیکە ، قادر... بریندار بوون، بریندارەکان پەیتا پەیتا هاواری ئاویان دەکرد. دەمیان ویشک هەڵگەڕابوو. پێشمەرگەکانیش بەگشتی لە کاتی شەڕەکەدا ئەوەندەیان هاوارو گورەگوڕ کردبوو، هەموو لێویان قاش و کەمرەی بەستبوو، ئەوان کاتێک زانیان کە دوژمن ورەی نیە هێرشیان بکاتە سەر، کەوتنە عیلاجی خۆیان.

ئەو دیوی شاخەکە گوندی گاینجە بوو سەعدون لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکان بەرەو ئاوایی شۆڕ بوونەوەو ئەوانی دیکەش لە گەڵ بریندارەکان بە شوێنیان دا بەرەو ئاوایی رێکەوتن، لەگەڵ گەیشتنی تیمی پێشرەو، خەڵک بە حەماسەتەوە بە ژن و منداڵ و پیرولاو بەرەوپیلی پێشمەرگەکان و بە دەنگیانەوە هاتن .

کچان و ژنان گۆزە ئاو لەسەر شان گەیشتنە لایان و، پیاوان لە بریندارەکان هاڵابوون و یارمەتی‌یان دەدان. لاوەکان بە چارەکەنان لەلایان بوون‌و پیرەپیاو بە سواری گوێدرێژ خۆیان گەیاندە لایان. خەڵکی گاینجە ئەو ئێوارەیە چی لە توانایان دا بوو، خستبوویانە بەر لەپی دەستیان و لە بەردەستی رۆڵەکانیان دایان نابوو. خەڵکەکەو پێشمەرگەکان بەرەو ئاوایی گەڕانەوە، لە پشوویەکی یەک سەعاتەدا


شەهید سەلاح عەلییار شەهید کەریم عەلییار

پێشمەرگەکان بە تەواوی هاتنەوە سەرحاڵ و بووژانەوە، بریندارەکانیش کە برینەکانیان زۆر قورس نەبوون، بۆ ئاوخواردنەوە کێشەیان نەبوو، بۆیە ئەوانیش گەشابوونەوە. هیوا ئەوە دووهەمین جاری بوو کە بریندار دەبوو. ئەم جارەش دوکتور سوڵتان دڵنیای کرد کە برینکەی جێی مەترسی نیەو سەرچیغ گرتوویەتی...

کاتی رۆیشتن لەئاوایی گەیشتبوویە. خەڵکی گاینجە هەموو لێیان کۆببوونەوە. ژنان‌وکچان بۆ شەهیدەکان دەگریان. فەرماندە قاسم چەند قسەیەکی وەک پێزانین بۆ خەڵکەکە کردو پێیانی گوت کە کارێکی زۆر گەورەتان کردووەو حیزبی دێموکرات ئەو حەماسەیە لە بیر ناکا. کاتێ دوایین پێشمەرگەکان لە ئاوایی دەرکەوتن، خەڵکەکەش بە خەمناکی بەرەو ماڵەکانیان






بڵاوەیان کرد...

پێشمەرگەکان بە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بەرەو بنکەکانیان لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر شۆڕ بوونەوە. کازیوەی بەیان لە جادەی بۆکان _میاندواو لە نزیک باغی ئەحمەدی و دواتر لە چۆمی تەتەهوو پەڕینەوەو لە گووندی ئاڵیکەند کۆبوونەوە خەلکی ئەو گوندە دەوریان دابوون هەموو بە سەر بریندارو شەهیدەکان دا دەگریان دوای بە خاکسپاردنیان هەر پەلەی بۆ بنکەکانی خۆی گەڕایەوە. هیوا زۆری هەوڵ دا لە بەخاکسپاردنی ئەبووبەکری هاوڕێی دا بەشدار بێ، بەڵام بەهۆی برینەکەی ڕێگایان نەداو لەگەڵ بریندارەکانی دیکە بۆ ئەرکانی هێزو لەوێڕا بۆ نەخۆشخانەی قالوێ گوازرانەوە....

دوای حەوتوویەک مانەوە لە نەخۆشخانە و چارەسەری برینەکانیان، هیواو سەدیق و ڕەحمان ڕەوانەی هێز کرانەوە. ئەوان پێش ئەوەی بچنەوە پەلەکانی خۆیان و دەست بە ئەرکی خۆیان بکەنەوە، لە پێش دا چوونە گوندی ئاڵیکەندو سەردانی گڵکۆی شەهید ئەبووبەکریان کردو لەسەر گۆڕی هاوڕێی شەهیدیان بەڵێنی وەفاو درێژەدانی ڕێبازی ئەوانیان نوێ کردەوە....

## دە [ ١٠ ]

لە هەموو ناوچەکانی بۆکان و نێو شاردا بڵاو ببۆوە کە هێزی پێشمەرگە لە نزیک ساینقەڵا عەمەلیاتێکی باشیان کردوەو ٤ پێشمەرگەش شەهید بوون. دوای ئەو عەمەلیاتە ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان جارێکی دیکەش باوکی هیوایان کێشایە ئیتلاعات و لە زیندانیان کرد. باوکی هیوا حەوت ڕۆژ بوو هێنرابوویە ئەو شوێنە بەڵام هەر لێیان نەپرسیبوو. ئەوان دەیانویست لە چاوەڕوانیدا جەزرەبەی بدەن .....

نیوەشەو چەند مەئمووری ئیتلاعات هاتنە سلولەکەو لەگەڵ خۆیان بردیانە ژووری لێپێچینەوە. بەر لە هیچ پرسیارێک لێدانێکی باشیان لێ داو دواتر بە دەست بەسراوی هەڵیان واسی. ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە ڕایان گرت و ئەوجار لە سەر هیواو بە زمانی فارسی پرسیاریان لێ کرد کە بۆ کوڕەکەت چەکی بە دژی شۆڕش هەڵگرتوە، بۆ لەگەڵ دژە شۆڕشەکان کەوتوە؟ عەلی کە فارسی بە باشی نەدەزانی بەو جۆرەی پێشتریش وەڵامی دابوونەوە گوتی ئەمن نازانم. بڕۆن بیگرن و لە خۆی بپرسن. خۆ دەبینن ئەو لەلای من نیەو ئەمنی بەجێ هێشتوە، ئیدی بۆ لە من دەپرسن؟

عەلی هەر قسەیەکی دەکردو لە پشتەوە بە کابڵ لێیان دەداو ئەویش بەو نیوەشەوە هاواری لێ بەرز دەبۆوە. ئەو شەوە بۆ یەکەم جار بوو عەلی بەوجۆرە لێی دەدراو، دەسەڵاتی دەستکردنەوەشی نەبوو. ئەو تەمەنی لە ٤٥ ساڵ زیاترو کێشی نزیک بە ٩٠ کیلۆ دەبوو. ئاواش کە بە دەست هەڵیان واسیبوو، فشارێکی زۆری بۆ دەهات، کوتانو لێدانەکەش لەجێی خۆی. ئەوەندەیان لێدابوو پشتی وەک کفتەی لێ هاتبوو، کاتێک کە بردیانەوە بۆ سلولەکەی، سەرباقی هەموو شتێک مستێک خوێیان بە برینەکانی پشتی دا کردو، عەلی تا ڕۆژ بووە هاواری کرد. بەڵام دەنگی بە هیچ کوێ رانەدەگەیشت. زیندانییەکانی دیکە دەیانزانی عەلی باوکی پێشمەرگەیەو گرتوویانەو لێیان داوە. ئەوان دەیانزانی تەنیا تاوانی ئەوەیە کە کوڕەکەی پێشمەرگەیە...

عەلی بەیانی زوو بۆ نوێژکردن هاتە دەرێ. لە نێو ئاودەست هێندێک ئاوی ساردی بە پشتی داکرد بۆ ئەوەی چی دیکە نەبرژێتەوە. ئەو ڕۆژەی بە ژانو پشتئێشەیەکی کرد بە شەو،و ڕاست لە نیوەی شەوێدا بە دابی شەوی ڕابردوو بن پیلیان گرتو بە ڕاکێش ڕاکێش بۆ دیوی لێپێچینەوەیان بردەوە. لە سەر کورسی‌یەکی دار بەرەوڕووی بازجوو دایان نیشاند، دوو نەفەر لە پشتەوەی بوون. بازجووەکەی سەرەتا لە






وەزع و حاڵی پرسی و گوتی چایەکی بۆ بێنن. خەڵکی دێهات بە عام چایان زۆر پێ خۆشە. عەلیش لەوەتی هێنابوویانە ئیتلاعات لەو دە ڕۆژە دا چایەکیان پێ نەدابوو. چایەکەیان بۆ هێناو ئەویش نەیگوت ناخۆمەوە. پاسدارەکە بە زمانی فارسی هاتە قسەو بە نەرمی گوتی: ئێمەو ئێوە فەرقمان نیەو هەموو برای موسوڵمانی یەکترین. تۆ کوڕێکت هەیە پێشمەرگەیەو دوژمنی ئیمەو دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێمەیە. تۆش دەبێ هاوکاری ئیسلام بکەی. بچۆوە ماڵی خۆت و هاوکاریمان بکە. هەر ئەوەندەی کە هاتنەوە زوو پێمان بڵێ. خاترجەم بە کەسیش ناوێرێ بڵێ پشتی چاوت برۆیە.

عەلی بێدەنگ بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئای ترحێو، وەڵا بابم برای چاکین. دەتانەوێ بە چایی‌یەکی گەرم و دوو قسەی نەرم بمکەن بە جاش! دوایە هاتە قسەو گوتی ئێوە دەتانەوێ کە کوڕەکەم هاتەوە ماڵ پێتان بڵێم، بەڵام ئەمن کوڕەکانم هەموو لە ماڵێن، ئەوەتا ڕێباز، قارەمان، ڕۆستەم، نەبەزو سۆهراب. ئەوان هەموو لە ماڵێن و خەریکی کاری خۆیانن.

پاسدارەکە گوتی هەموویانت گوت، بەڵام یەکێکیانت لە بیر کرد، ئەوت نەگوت، ئەدی هیوا چی؟ بۆ باسی ئەوت نەکرد.

عەلی کە دەیزانی بێت و زۆریان دم بەدمە لەگەڵ بکا لەوە پیستری بەسەر دێنن‌و بەخۆڕایی تێدا دەچێ، گوتی هیوا کوڕی من نیە، دەنا ئێستا لەلام دەبوو. ئەو وەدوای ژیانی خۆی کەوتوە و فڕی بەمنەوە نیە.

پاسدارەکە وردەوردە لێی توند کرد: جارێ پێم بلێ بزانم ئەو ناوە سەیروسەمەرانە چیە لەسەر کوڕەکانت داناوە؟ هەر بەو ناوانەش سجیلت بۆ وەرگرتوون؟

عەلی گوتی ناوەڵلا، ئی سێ دانەیان بەو ناوی خۆیان دراون، ئەوانی دیکەم بە ناوی دیکە بۆ وەرگرتوون .

بازجووەکە گوتی ئەوەی ئێمە لێی دەگەڕێین و دەمانەوێ هیوایە. ئەگەر هیوا هاتەوە دێ دەبێ پێمان بڵێی، دەنا دیسان لێرە بە خزمەت یەکتر دەگەینەوە، دەی دەڵێی چی؟

عەلی هیچی نەگوت. قسەی نەکردو بێدەنگ چاوی لە بازجووەکەی بڕی.

بازجوەکە چاوی هەڵتەکاندو دوو کەسەکەی پشت سەری عەلی بە هەموو توانای خۆیانەوە دەستیان بە لێدانی عەلی کردەوە. شل و شەکەتیان کردو بۆ سلوولەکەیان بردەوە .

دوای ئەو بانگ کردنەوە حەوتوویەک لێیان نەپرسی، ئیزنیان نەدەدا بنەماڵەکەشی چاویان پێی بکەوێ. ڕۆژانی هەینی ڕێگە بە چاوپێکەوتنی بەندی‌یەکان لەگەڵ بنەماڵەکانیان دەدرا، بەڵام دەرکی سلوول لەو ڕۆژە دا لە عەلی نەدەکرایەوە. لە کاتی چوونە ئاو دەست بە چاوبەستراوی گوێی لە دەنگی خەڵکی دیکە دەبوو کە بەیەکتریان گوت ئەوە باوکی پێشمەرگەکەیە...

دوو حەوتوو زیاتر بوو ڕۆژی ڕوون و تیشکی خۆری نەدیبوو، ئازارو جەزرەبەکانیش جۆراوجۆر بوون. لە لێدان و کوتانی ڕۆژانەوە بگرە تا شتی ڕەوانیی وەک ئەوەی ئەمڕۆ شەڕ بوو کوڕەکەت کوژراو ئەوە جەنازەکەی دێننەوە. یان ئەوەی حیزب کوڕەکەتی دەرکردوەو ئەویش خۆی کوشتوە...

باوکی هیوا لە زیندان دابوو کە پێشمەرگە جارێکی دیکە چوونەوە نێو شارو ڕۆژێکی تەواو لە نێو شاردا شەڕیان کرد. لەو شەرە دا مەلایەکی دەسرۆیشتوو کە نوێنەری خومەینی بوو، بە بریندار بەدیل گیراو پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆیان هینایانە درێ. ئەو شەڕەی نێو شار کاریگەریی زۆری لە سەر بارودۆخی نێو زیندان دانا. لەو کاتەدا هەر باوکی هیوا لە زیندان نەبوو، زۆر براو باوکی پێشمەرگەی دیکە خرابوونە زیندانەوە و تەنانەت زۆر کەسیان بۆ شارەکانی دیکە دوورخرابوونەوە. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو عەمەلیاتە عەلی هەم دڵی خۆش بوو،






هەم دەیزانی کە تۆڵەی ئەو شکستە لەوان دەکرێتەوەو خۆی بۆ ئازار و ئەشکەنجەی زیاتری جەلادەکانی رێژیم ئامادە دەکرد. لە دڵی خۆی دا دەپارایەوە کە ئیشەڵا پیشمەرگەکان هەموویان سڵامەتن و چاوی دوژمن کوێر دەبێ.

نیوەرۆ بۆ دەسنوێژ هەڵگرتن، بە چاو بەستراوی بۆ سەر شێرەیان بردبوو. گوێی لێ بوو زندانییەکانی دیکە باسی ئەو عەمەلیاتەیان دەکردو دەیانگوت دوو پێشمەرگەش کوژراون. بۆ خۆشی نەیزانی نەیوێرا یان دڵی بڕوایی نەدا بپرسێ کە ناوی شەهیدەکان دەزانن یان نا؟ بە نەرمی بەو سەربازەی لە گەڵی بوو گوت سەرکار؟ ئەوە چ باسە؟ سەربازەکە جوابی دایەوە کە دۆینێ دژە شۆرش هاتوونە نێوشارو زۆریان لە برادەرانی ئێمە کوشتوە و ماشێنی زۆریان سوتاندوە و نوێنەری ئیمامیان لەگەڵ خۆیان بردوە. سەربازەکە گوتی وەک دەڵێن لە ئەوانیش دوو کەس کوژراون...

عەلی خەریکی دەسنوێژ گرتن بوو کە بانگیان کرد وەرە ئیجازەی ملاقاتت دراوەو خیزانت وکورێکت هاتوون. خورپەیەک کەوتە دڵی. لەسەرخۆ لەگەڵ سەربازە کەوتە رێ. بردیانە هۆدەیەک و لەوێ چاوی بە خێزانی و رێبازی کوڕی کەوت. مەئموورێکیش بەسەریانەوە ڕاوەستا بوو. خێزانی هەر دەگریاو ئەویش دڵخۆشی دەداوە. عەلی نەیدەزانی کە چۆن باسی هیواو شەڕەکەی دوینێی نێوشار بکا. دڵی دەکوڵی. لەو کاتەدا رێباز زۆر بە زیرەکی گوتی بابە دەزانی دۆینێ" دژە شۆرش"ەکان (١٠) هاتبوونە نێو شارو دوودانەیان کوژران و ئەوانی دیکەش هەڵاتن. هەردوو کوژراوکە ناویان محەمەدە و خەڵکی نۆبار و داشاغل بوون. مەئموورەکە لە پێشدا نێوچاوانی گرژ کرد، بەڵام کاتێ بیستی کە ڕێباز وەک زیدیی ئینقلاب ناویانی هێنا، نەک پێی ناخۆش نەبوو، برێکیشی پێدا هەڵگوت کە کوڕی باش بەوە دەڵێنو چاکیان دەناسێ کە ئەوانە کێن...

عەلی کە زانی کوڕەکەی سڵامەتەو نەکوژراوە، ئاهێکی هاتەوە بەرخۆی و ئەمجارەیان ڕووی کردە ژنەکەی و لە ماڵ و منداڵەکانی پرسی؟ پرسی کە ئاخۆ بۆ زستان، تفاقیان داخستوە یان نا .....

ماوەی پێنج دەقیقە چاو پێکەوتنەکە کۆتایی هاتو شەوێ جارێکی دیکەش عەلی بۆ لێپرسینەوە پەلکێشی ژووری لێکۆڵینەوە کرایەوە. رەفتاری ئەمشەویان دڕندانەتر لە جاران بوو. هێشتا نەگەیشتبوونە ئەوێ بە شەپو مست کردیانە ژوورێ. دوایە سەرەوبن هەڵیان واسی. بەو پاییزە سارده ئاوی سارديان پێ داکردو بە کابل لێیان دا. لێدانو کوتانەکە زۆر بێبەزەییانە بوو. پاش لێدان سەتڵێکی تەنەکەیان بەسەر داکردو دلۆپ دڵۆپ ئاوی وێدەکەوت، وەک عەلی پێشبینی کردبوو ئەوان تۆڵەی شکست لە مەیدانی شەڕیان لەوان دەکردەوە کە بەزۆر بە دیل گیرابوون. عەلی یەک بە خۆی هاواری دەکرد کە ئەی هاوار تاوانی من چیە؟ ئەمن کابرایەکی وەرزێرم، بۆ وام لێ دەکەن؟

بەڵام ئەوان کە لە شتێکی دیکە داخ لەدڵ بوون، ئەوەندەیان جەزرەبەدا تا لە زمان کەوت و لە هۆش خۆی چوو، دوایەش راکێش راکێش بردیانەوە سلوولەکەی. عەلی کە تەنیا بە تاوانی ئەوە گیرابوو کوڕەکەی پێشمەرگەیە، پاش سێ مانگ ئەشکەنجەو ئازار لە ئیدارەی ئیتلاعات درایە بەندی گشتیی زیندان. لە بەندی گشتیی زیندان چاوی بە زۆر بنەماڵەی دیکەی پێشمەرگە کەوت .

عەلی کە دوای سێ مانگ نیزیک بە ٢٥ کیلۆ لە کێشی دابەزیبوو، دوای مانگێک مانەوەش لە بەندی گشتی بە بارمتە ئازاد کرا....

کاتێ لە ماشێنی ئاوایی دابەزی، خەڵکەکە بەروپیلی چوون. پێویست بە باسکردن نەبوو. ڕواڵەتو لەشی تێکتەپیو، کزو سیسی عەلی بۆخۆی هاواری دەکرد کە لەو چوار مانگەدا چی بەسەرهاتوەو چییان لێ کردوە.

خەڵکەکە تا ماڵەوەیان بردەوەو بۆ ماوەی چەند رۆژ پۆل پۆل دەهاتنە سەردانیو دڵخۆشییان دەداوە. کەس پێی وانەبوو بتوانێ بژی. ژن و

١٠- لێرەدا مەبەست ضدانقلاب کە حکومەت بە پێشمەرگەی دەگوت بە کوردی هێناومە،






منداڵەکەی خۆشی یەکەم جار نەیانناسیبۆوە. ژنەکەی نێوکی کەوت کاتێ ئەو خەڵکەی دی کە خۆیان بە ژوورەوە داکرد. پێی وابوو مێردەکەی ئیعدام کراوە.

ئەو بێ هیچ سووچ و تاوانێک گیرابوو، ئەشکەنجە درابوو، لێی درابوو، هەر ئەوەشی هەبوو کە بۆ ئەو خەڵکەی بگێڕێتەوە دەهاتنە سەردانی. پێیان بڵێ تاوانم ئەوەیە کوڕم پێشمەرگەیە، بۆیە لێیان داوم، هەڵیان واسیوم، جەزرەبەیان داوم چونکی نەمویستوە بە دڵی ئەوان بکەم، کوڕەکەم بە گرتن بدەم، کوڕی خەڵک بە گرتن بدەم، ڕاپۆرت لە خەڵکی بدەم......

سێ مانگ زستانو حەسانەوە دەرفەتێکی باش بوو کە عەلی گیانێکی بێتەوە بەر. ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئاخری مانگی زستان بوو. عەلی بۆ کڕینی تایەی تراکتۆر چووە شاری بۆکان، لەو دوکانەی دەیەوێ تایەکەی لێ بکرێ کابرای خاوەن دوکان هەرچاوی لێ دەکردو دوایە گوتی ئەرێ کاکە تۆ ناوت عەلی نیە؟

گوتی بۆ دەپرسی؟

کابرا گوتی، ناوم بیستووی و جارێکیان لە دوورەوە تۆیان پیشان داوم. تۆ دەبێ باوکی هیوا بی کە ئەو ماوەیە گرتیانی و زۆریان لە زینداندا ئەشکەنجە دای.

عەلی گوتی بەڵێ بۆ خۆمم.

کابرای دوکاندار زۆری ئیحترام و حورمەت گرت و چای بۆ هێناو خەڵکێکی زۆری لە دەور هاڵا. خەڵکەکە زۆرشتیان بۆ پرسیار بوو، ئەویش بە نەرمی و زۆر بە پارێزەوە وەڵامی دەدانەوە. ئەو دوکانە ئی کوڕێکی باش بوو کە کابرایەکی زۆر نیشتمانپەروەر بوو. حاجی عەوڵا خەڵکی حاجیابادی جەغەتوو لەوێ بوو، کوڕێکیشی لە پێشمەرگایەتیدا شەهید ببوو. دوایە کە دەوریان چۆڵ بوو حاجی عەوڵا پێی گوت کاک عەلی دەبێ وشیاری خۆت بی، هەموو کەس پاک نیەو پێویست ناکا باسی زیندان و شتی دیکە لە هەموو جێیەک و بۆ هەموو کەسی بکەی .

عەلی تا لای نێوەڕۆ لەو دوکانە لەگەڵ حاجی عەوڵا قسەیان کرد، دوایە دوو تەگەری تراکتۆری لێ کڕی و ماڵاوایی لێ خواست. عەلی کەیفی ساز بوو، ئەوەی کە دەیدی خەڵک ئەویان بیرنەچۆتەوە، ڕێز لە خۆیو کوڕەکەی دەگرن و لە شوێن و جێیان حورمەتی بۆ دادەنێن. تازە دوکاندار خێری تگەرەکانیشی لێ نەستاندبوو، هەر بە قیمەتی کڕینەکە پێی دابۆوە. گوتبووی ئەمن چۆن خێر لە بنەماڵەی پێشمەرگە وەردەگرم. ئەو قسانە گوڕو تینێکی سەیریان لە دڵی عەلی دا وەکوڵ خستبوو. عەلی کاتێک گەراوە بۆ ماڵەوە هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆ خێزانەکەی گێڕاوە. گوتی هەست ناکەم هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەک درابێتم، دەک ڕۆڵە هیوا مەرگت نەبینم چونکی سەری ئێمەت ئاوا بەرز کردوە........



# یازدە [ ١١ ]

رۆژ هات و مانگ تێپەرین، هیوا لە پێشمەرگایەتی‌دا گەشەی کردو پلەکانی سەرکەوتنی بڕی. ئەو تازەلاوە ئێستا ببوە فەرماندەی پۆلێک لە پێشمەرگەکان، هیوا لەبەردەستی سەرهەنگ چیاو قاسم و حەسەن دا پەروەردە بوو. چیایەک کە گرینگیی زۆری بە دیسیپلینی نیزامیی و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە دەدا. باوەڕی زۆری بە پێویستیی نەزم لە کاروباری نیزامیی دا هەبوو. حیسابی وردی لەسەر هەموو شتێک دەکرد. هیوا زۆر جار دیبووی کە سەرهەنگ چیا دوای عەمەلیاتەکان لە پێشمەرگەکانی دەپرسی چەند فیشەکیان تەقاندوە. ئەو بەپێی جۆری عەمەلیات و شەڕەکە بۆی گرینگ بوو کە چەندە تەقەمەنی لەو شەرە دا بەکار هاتوە .

هیوای چاوکراوە بەمجۆرەو وردەوردە پوختەتر ببوو.

لە بەرە بەری نەورۆزی ساڵی ١٣٦٢ حیزب فەرماندە خەلیل خەلەبانی لەجێی سەرهەنگ چیا دانا. خەلیل خەلەبان کە خەڵکی کرماشان و فرۆکەوانی هێزی ئاسمانیی ئەرتەش بوو، هاتە بۆکان و لەجێی سەرهەنگ چیا دەست بەکار بوو. خەلیل خەلەبان تا دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و ڕاپەڕینی کورد لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی هەر لە ئەرتەش دا بوو. لە گەرمەی شەڕ لە کوردستان داوای لێ دەکرێ بۆمبارانی خەڵکی کوردستان بکا، بەڵام ئەو مل بۆ ئەو کارە ڕاناکێشێ و لە دەرفەتێک دا ئێران بەجێ دیڵێ و دەچێتە ئورووپا. پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ناوچەی ورمێ دەست بە تێکۆشانی حیزبی دەکاو بەرپرسایەتی وەردەگرێ. خەلیل خەلەبان کۆتاییەکانی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦١ هاتە بۆکان و لە گوندی لەگز لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر کۆبوونەوەیەک گیرا.

پێشتر پیشمەرگەکان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادار نەکرابوونەوە، هەر بۆیە چەند پێشمەرگەیەک کە ردێنیان هەبوو، فریا نەکەوتبوون بیتاشن. ئەوان ئەگەرچی دەیانزانی سەرهەنگ چیا بە دیتنی ڕیش، ئەویش بۆ پێشمەرگە قەڵسە، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

لە نێو مزگەوتی ئاوەدانی کە کۆبوونەوەکەی لێ گیرابوو، دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرزی نەدەکەوت. نێو مزگەوتەکەو دەرەوەی مزگەوتەکەش لە پێشمەرگە جمەی دەهات. سەرهەنگ چیاو فەرماندە قاسم و خەلیل و حەسەن و عوسمان لە خەڵکەکە وەژوور کەوتن. لە پێشمەرگەکان کەس خەلیلی نەدەناسی. تەمەنی ٢٨ ساڵی پێشان دەدا، هەموو هەستانە سەرپێ و ئەوانەی ریشیان بوو لەو مزگەوتە جێیان نەدەبۆوە، هیوا جارناجار ڕووی دەکردە ئازادو سمایل کە ڕدێنیان هەبووو دەیگوت کوڕە سەر هەڵنەهێنن....


لە ڕاستەوە: سەید کامیل نیزامی، شەهید ڕەحمان ئیبراهیم پوور، خەلیل خەلەیان.

سەرهەنگ چیا لای میحرابی مزگەوت ڕاوەستاو کۆبوونەوەکەی بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدان کردەوەو دەستی بە قسە کرد. زۆر کتوپڕ گوتی دەزانم پێتان خۆشە برۆم!! هەر وای گوت هەموو پێکەنین.

چیا دەستی بە قسە کردو گوتی دەفتەری سیاسی داوای منی کردوەو خەلیل خەلەبانی بە جێگای من ناردۆتە هێزی ١١٠ی بەیان، پاشان هاتە

سەر باسی بارودۆخی حیزب و ناوچەو لە کۆتایی دا بە پێکەنینەوە گوتی هیوادارم خەلیل چۆن بە ئاسمانزدا دەفڕێ، لە عەرزیش ئاوا بخوشێ و هەر بەو جۆرە بفڕێ !

پێشمەرگەکان بە چەپلە پێشوازی‌یان لە قسەکانی فەرماندە چیاو خەلیل خەلەبان کرد. دوایە خەلیل خەلەبان هاتە قسەو وێڕای دەسخۆشی لە سەرهەنگ چیا باسی ئەوەی کرد ئەوەندەی لە توانای دابێ بۆ پێشخستنی حیزب لە ناوچەی بۆکان بیکاو گوتی بۆ ئەوەش پێویست بە هاوکاریی هەموو لایەکمان هەیە.

بەر لەوەی کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ بێ سەرهەنگ چیا گوتی دوو مەسەلەش ماوە پێتان بڵێم، یەکەم ئەوەی تا دوو مانگی دیکەش لە بەر خەلیل لێرە دەبم، دووهەم ئەوەی پێویستە ئاگادارتان بکەمەوە کە هێزی بەیان لە لایەن پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە ڕێزی لێ گیراوەو بە ئیمزای دوکتور قاسملوو نامەمان بۆ هاتووە. ئەو قسەیەی چیا چەپڵەیەکی گەورەی لێ کەوتەوەو کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. پێشمەرگەکان تا ئەو بەری گوندی لەگز چیایان بەڕێ کردو دواتر پێشمەرگە لە نێو ئاوایی بۆ نانی نیوەڕۆیە بە ماڵاندا بڵاو بوونەوەو دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەر کەس بەرەو بنکەی خۆی گەڕایەوە.

دوکتور قاسملووی نەمر بەبۆنەی دەست بە سەر داگرتنی گوردانی ٨٠١ ی شیراز لە گوندی حوسێن مامە،
وەک ڕێزلێنان لە پێشمەرگەکانی هێزی ١١٠ی بەیان نووسیبووی:

### بەڕێز هێزی ١١٠ی بەیان (١١)

دەنگو باسی سەرکەوتنە گەورەکانی ئێوە لە خەباتی دژی سەرکوتکەرانی ڕێژیمی دژی گەلی خومەینی لە ناوچەی بۆکانزدا بۆتە هۆی دڵگەرمی و شانازی هەموو خەڵکی کوردستانو بە تایبەتی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات.

بەشدارانی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانن کە بەم بۆنەوە ڕێزتان لێ بگرن و سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانەی خۆیان پێشکەشی ئێوە ڕۆڵە حیماسە خوڵقێنەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گەلی کورد بکەن، هیوادارم کە لە داهاتووش دا شێوەی خەباتی قارەمانانەی ئێوە کە بریتی‌یە لە، دیقەت لە داڕشتنی گەڵاڵەی عەمەلیات، دیقەت لە ئیجرای عەمەلیات و دیقەت لە لێکۆڵینەوەو گوزاریش لە نەتیجەی عەمەلیات، ببێتە هۆی ڕێنوێنێکی باش بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات.

ژمارە: ١٥٤

پلینۆمی مانگی جۆزەردانی کومیتەی ناوەندی حیزب

ڕێکەوتی: ١٧ / ٣ / ١٣٦١

ئیمزا د. قاسملوو .

* * *

زۆری بۆ بەهار نەمابوو. دەوروویەری گوندەکان هەموو ڕەش بوونەوەوتەنیا لە لاپاڵە سێبەرەکان دا سپیایی بەفر مابوو. هێزی ریژیم لە لای سەردەشت دەستی بە جموجۆڵ کردبوو. هێزی دوژمن بەرنامەی دەست بەسەرداگرتنی جادەی سەردەشت _ پیرانشاری هەبوو. لە مەهابادیشەوە

١١- ئەو نامە تەشویقیە لە ئارشیوی خوا لێخۆشبوو کاک چیا وەرگیراوە






بەرەو جادەی بورهان هێرشەکانی دەست پێ کردبوو. لە ناوچەی بۆکانیش هەر چەند ڕۆژ دوای نەورۆز هێرشی کردە سەر گوندی قەرەکەند، ئەو گوندە لە سەر جادەی بۆکان _ مەهاباد هەڵکەوتوەو شاخی ڕژدو سەختی بە پشتەوە نیە. سەنگەری پێشمەرگە هەر ئەوە بوو کە ساڵی رابردوودا بە قولینگ و پێمەرە بە درێژایی یەک کیلومیترو قووڵایی ١٢٠ سانتمیتر هەڵیکەندبوو. ئەو ناوچەیە بەدەست لکی یەکی هێزی بەیانەوە بوو. هەر شەوەو پەلێکی ئەو لکە کەمینی بۆ هێزەکانی دوژمن دەنایەوەو ڕێی لە هاتنی هێزەکانی ڕێژیم دەگرت .

هێزی کۆک و پۆشتەی ڕێژیم فشاری زۆری خستبۆ سەر بەرەی شەڕ بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەنگەری پێشمەرگە. لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا پەلی ڕەحمان زۆر ئازایانە بەربەرەکانیی هێزی دوژمنی کرد. پێشمەرگە سەنگەریان لە خێڵی جاش و پاسداران گرتبوو. ورەی بەرزی پێشمەرگە و دەستوبردی جوامێرانەیان ئیزنی نەدا تەنانەت هەنگاوێک بەرەو پێش باوێن. دوژمن بۆ ڕۆژی دووهەم فشارەکانی چەند قات زیاتر کرد. لە ئاسمانو زەوی ئاور بە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەباری. پەلی عوسمان لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەی بەرەی شەڕدا بوون. سێ هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی شەڕەکە هەدادانیان نەبوو، بەڵام توانای داگەڕانە خوارەوەیان نەبوو. هێزی پیادەی ڕێژیمیش بڕستی لێ بڕابوو. لە ئێوارێدا شەڕەکە زۆر گەرم بوو. پێشمەرگەی دیموکرات وەک پۆڵا وابوو، کۆڵی نەداو لە بەرەنگارییەوە ڕووی کردە هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی ڕێژیمو لە ماوەیەکی کورتدا پاشەکشەی پێ کردن. دوای داگەڕانی تاریکایی هیوای سەرپەل بەخۆیو پێشمەرگەکانی جێی پەلی عوسمانیان گرتەوە. ئەرکی ئەوان پاراستنی ناوچەکەو لەسەر هەست بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی دوژمن بوو. پەلەکەی هیوا لە ئێوارەڕا تا بەیانیی ڕۆژی دوایی قامک لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگ بوون. هیوا بۆ خۆی لە سەنگەری هەرە پێشەوەدا سەنگەری گرتبوو، لەگەڵ ڕووناکیی بەیانی شەڕ دەستی پێ کردەوە. هێزی دوژمن زۆر بە پڕتاو پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانیدا. هیوا لەگەڵ محەممەدی هاوڕێی نیزیکی و هاوسەنگەرەکانی دیکەیان لێیان وەدەست هاتن و هێزی ڕێژیمیان وەستاند. شەڕو بەرەنگارییەکی تەواو ناهاوسەنگ بوو. شێرەکوڕانی حیزبی دێموکڕات کە ژمارەیان زیاتر لە ٢٠ پێشمەرگە نەبوو، لە بەرامبەر هێزی لە ژمار نەهاتووی دوژمندا وەک قەڵای قایم وەستابوون و درزیان تێ نەدەکەوت. هیوا بەباشی دەیزانی کە ئەو ڕۆژە هەموو ناوچەی موکریان و حیزبی دیموکرات لەو ناوچەیە چاویان لەوە. ڕۆژی حیماسە و نواندنی قارەمانەتی و تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە مێژووی پڕ سەرەوەریی حیزبی دێموکڕات و هێزی بەیان و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی ئەو هێزیە. هیوای چاوکراوە بە ژیری دەیڕاونییە بەرەی شەڕو لە هەر جێیەک هێزی دوژمن هاتبایە پێشێ دەیانخستە تەنگانەو لێیان دەدان و هێزی دوژمن ناچار دەبوو کوژراوەکانیان جێ بێڵن و پەلەکەی هیواش وێڕای کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی شەڕ لە چەک و چۆڵ و تەقەمەنی سەنگەرەکانی خۆیان توندوتۆڵتر دەکرد.

ئەو بەربەرەکانی و شەڕە گەرمو بەردەوامە تا لای ئێوارەی کێشا. بەرنامەی سەرەکیی ڕێژیم دەسبەسەرداگرتنی ڕێگای بۆکان بۆ مهاباد بوو. سێ هێلیکۆپتێری ڕێژیم ئەو ڕۆژە تاقە ساتێک حەجمینیان نەدابوو، بەڵام تا ئێوارە یەک سەنگەری پێشمەرگەکانیشیان پێ نەگیرابوو. لای ئێوارە شەڕەکە بە تەواوی لە گەرمی خۆی دابوو....

بەهارێکی نامۆ بۆ ناوچەی موکریان بوو. لە کاتێکدا شاخ و دەشتی بە پیت و بەرەکەتی ناوچەی بۆکان کراسی کەسکی پۆشیبوو، لە کاتێکدا شنەبای بەهار مزگێنیی شادکرانی دڵانی هێنابوو، بەڵام گوندەکانی قەرەکەند، چاوەرچین، دونگوزو سێوەدین کەوتبوونە بن پۆستاڵی ڕەشی دوژمنەوە و ئاورباران کرابوون...

هیواو پەلەکەی کە پاراستنی قەرەکەندیان پێ سپێردرابوو، لەو ڕۆژەدا وەک بەڵێنیان دابوو حیماسەیان خوڵقاند. لەو شەڕەدا کەلاکی دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە شەرگە کەوتبوو. چەندین جار پاشەکشەیان بە هێزی دوژمن کردبوو. هێزی یارمەتیدەری دوژمن پەیتا پەیتا






دەگەیشتنە مەیدانی شەڕ، بەڵام بەرگەی ئازایەتی و لەخوبوردوویی هێزی پێشمەرگەیان نەدەگرت. سێ هێلیکۆپتێرەکەش لەوە زیاتریان لە دەست نەدەهات، هەر بۆیە هێزی دوژمن فرۆکەی شەڕکەری ئێف ١٤ ی هێنایە مەیدانی شەڕ. دوو فرۆکەی شەڕکەر بە بۆمبو ڕاکێت سەنگەری پێشمەرگەیان ئاورباران کرد. دووکەڵ و ئاورو بۆنی باڕووت هەموو ناوچەی داگرتبوو، بەڵام خاک و بەردی نیشتمان ڕۆڵەکانی خۆیان لە ئامێز گرتبوو، پاراستبوویانن و دەیلاواندنەوە و هێزو گوڕو تینیان پێ دەدان. فەرماندە هیواو هاوڕێیانی دیکەی پێشمەرگەی بە کۆڵنەدانی خۆیان حیماسەیەکی دیکەیان لە دڵی نەتەوەکەیان دا تۆمار کرد. سێزدە سەعات شەڕی بەردەوام بە جۆرەها چەکی سوک و قورس. ئاورباران و پەلامار لە سەر عەرزو لە ئاسمانڕا، بەڵام ئەوەی لە شەڕگە کەوتبوو کەلاکی زیاتر لە سەد کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بوو. ئەوەی دەبیندرا سەدان قەبزە چەکو بە هەزاران فیشکە بوو کە لە سەنگەرەکانی دوژمندا بەجێمابوو. بەڵام سەنگەری شێرەکوڕانی دێموکڕات لەگیرانەوە نەبوو. پەلەکەی هیوا سێ شەهیدیان دابوو، بەڵام جێیان پڕکردبوونەوەو ڕێگەیان بە پێشڕەوی و سەرکەوتنی دوژمن نەدابوو .

ئێوارە درەنگ وەختان کە هێزەکانی ڕێژیم پاشەکشەیان دەکرد، هیوا بە دەنگە نێرانەکەی هاوڕێیانی پێشمەرگەی بۆ پەلامارو سەرکەوتنی زیاتر هان دەدا. گۆرانیی سەرکەوتنی بەگوێی ئەوان دا دەچپاندو چیرۆکی حیماسەی ئەو ڕۆژە پڕ سەروەرییەی بۆ دەگوتنەوەو نرکەی شێرانەی ئەو دەشتەی پڕ کردبوو. هیوا بۆ پێشەوە هەنگاوی دەناو پەلەکەی بۆ پێشەوە ڕێنوێنی دەکرد کە لەناکاو تیری دوژمن نیشتە دڵی. هیوا هاواری نەکرد. لە کاتێکدا خوێنی گەشی دەڕژایە سەر گیاو گوڵی شەڕگەودەشتی سەرسەوزی بۆکانی پاراو دەکردو دوا هەناسەی دەدا، چاوی گێڕا. هاوڕێکانی بە حیماسەوە سەنگەر بە سەنگەر لە دوژمن دەچوونە پێشێ. دوژمن تەواو پاشەکشەی کردبوو. هیوا بزەیەک نیشتە سەر لێوی و چاوە پڕ لە هیواکانی بۆ هەمیشە وێک نا .....

لەو شەڕەدا بە داخەوە هیوا دڵی بەر گوللەی دوژمن کەوتو تەرمی لە خوێن دا شەڵاڵی لە تەنیشت تەرمی ٣ هاوسەنگەری کەوتە سەر عەرزو خوێنیان بوو بە گوڵاڵە سوورەیەکی نێو دەشتی سەوزو دڵڕفێنی ناوچەی بۆکان و لەحیزب و هاوسەنگەرانیان بە یەکجاری ماڵ ئاواییان کرد. ئەوەی لە پاشی بەجێما ناوبانگی ئازایەتی و شۆڕشگێری و دڵسۆزی و عەشق بە ڕێبازو ئیمان بە حیزبەکەی بوو .




ڕادیو کوردستان دوو ڕۆژ بوو بە خۆڕاگریی پێشمەرگەی کوردستان لەو مەڵبەندەی هەڵدەگوت، لەولاش چەندین ئامبوڵانس لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بەردەوام لە هاتووچۆی نێوان شەڕگەو شاری بۆکان دابوون. تەرمی هیوا لە نێو خەمو پەژارەی هاوسەنگەرانیدا لە گوندی عەزیزکەند بە خاک سپێردرا، هاوسەنگەرانی هیوا نەک هەر لە پەلەکەی، بەڵکوو لە هەموو هێز بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە خەمبارو دڵگران بوون. مەرگی هیوا بە تایبەت بۆ قاسم و حەسەن ئەوانەی باوکی هیوایان دەناسی، جیا لە دڵگرانی نیگەرانییەکی قووڵیشی لەگەڵ بوو. کە چۆن سەردانی باوکی هیوا بکەن، چۆن لەگەڵی بدوێن و چۆن باسی ئەو ڕووداوە ناخۆشەی بۆ بکەن ......

بەیانیی ڕۆژی دوایی بە ناوچەدا بڵاو بۆوە کە هیوا لەگەڵ ٣ پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون. عەلی باوکی هیوا هێشتا بە شەهید بوونی






کوڕەکەی نەزانیبوو، کە هێزی ئیتلاعات بە وردی ماڵەکەیانی خستبۆ ژێر چاوەدێری.

باوکی هیوا دوو ڕۆژ بوو فریا نەکەوتبوو ڕادیۆ دەنگی کوردستان بگرێ، بەڵام دڵی غایلەی کردبوو. دەیدی کە جیرانەکانی جۆرێکی دیکە چاوی لێ دەکەن. ئێوارە عەلی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی کردەوە. لە کاتی قورئان خوێندنەوەکەدا بوو کە چەند کەس لە خزم و هاوماڵی وەژوور کەوتن. لەکاتی بەخێرهێنانی میوانەکاندا کورتەی هەواڵەکانی گوێ لێ بوو کە گوتی پاش شەڕێکی سێ ڕۆژە و کوژران بریندار بوونی سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم گوندی قەرەکەند کەوتە بەردەستی ڕێژیم.

عەلی ڕەنگی تێکچوو، میوانەکانی گوتیان بیکوژێنەوە با دوو قسە لە کێشەی ماڵی سوفی ئەحمەدو مام قادر بکەین! ئەوان دەیانزانی کە هیوا شەهید بووەو ویستیان بۆخۆیان جۆرێک پێی بڵێن کە کوتوپڕ نەبێ، ئەوان هەروا قسەیان دەکردو عەلی گوتی بەخودا هەتا رادیۆ هەواڵەکان باس نەکا قسە لە هیچ ناکەین. بێژەری ڕادیۆ دەستی بە خوێندنەوەی هەواڵەکان کرد. وەک چاوەڕوان دەکرا یەکەم هەواڵ باسی شەڕی پێشمەرگەکانی هێزی ١١٠ی بەیان لە جادەی قەرەکەند بوو. عەلی کە رادیۆکەی بە هەر دووک دەستی گرتبوو، لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکەدا چەند جار رادیوکەی لە دەست خلیسکا، بەڵام گرتییەوە. لە کۆتایی هەواڵەکەدا هاتبوو کە بە داخەوە چوار قارەمان، چوار پێشمەرگەی کۆڵنەدەرو فیداکار کە ڕۆڵەی بەجەرگی مەڵبەندی موکریان بوون، لەو عەمەلیاتەدا شەهید بوون ...

هێشتا ناوەکان نەخوێندرابوونەوەو ڕادیۆ ناسی وردەکاریی قارەمانەتی و گیانبازیی شەهیدەکانی دەکرد کە عەلی گوتی لە دڵم چەقیوە هیوای کوڕمی تێدایە، خەونم دیوەو دەزانم شەهید بووە. عەلی لەو قسانەدا بوو کە ڕادیۆ یەکەم شەهید ناوی هیوای خوێندەوە. میوانەکانی کە پێشتر هەواڵەکەیان بیستبوو، خۆیان بۆ دڵدانەوەی ماڵی هیوا ئامادە کردبوو، بەڵام ئەوە کارێکی زۆر سەخت بوو، لەو ژوورەی دیکە دایک و خوشکو براکانی هیوا خۆیان پێ ڕانەگیراو بە هاوارو گریان و لەخۆدان بەرەو لای عەلی هاتن.

عەلی لە کاتێکدا کە ورد ورد فرمێسکی هەڵدەوەراند، دڵخۆشیی ماڵ و منداڵەکەی دایەوە. ئەو خەڵکەی بۆ دڵدانەوەی عەلی هاتبوون بۆخۆشیان سەریان سووڕمابوو. عەلی گوتی خۆم بۆ ڕۆژێکی ئاواش ئامادە کردبوو. دەمزانی کەسێک لە سەنگەری خەباتو شەڕ لەدژی دوژمن دابێ، دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەش بێ. عەلی نەک وەک ڕۆڵە کوژراوێک، بەڵکوو وەک پیاوێکی جێکەوتووی ژیرو بە ئەزموون قسەی دەکرد. گوتی هەموو کەس ڕۆژێک دەمرێ، بەڵام هیوای من بە سەربەرزی سەری نایەوە، سەری ئێمەش بەرز کرد، جەرگم بڕاوە، بەڵام شانازی دەکەم کە کوڕەکەم شەهیدی ڕێی ڕزگاری و ئازادیی نەتەوەکەیەتی...

گریانو لەخۆدان هەموو دەورووبەری ماڵی هیوای گرتبۆوە. تەواوی ئاوایی بەو هەواڵە تاسابوو، هەموو خەڵکی گوند دەکوڵین. خەڵک وردە وردە بەرەو ماڵی هیوا شۆڕبوونەوە. سیخوڕەکانی ئیتلاعاتیش لەو کاتەدا هەلیان بۆ هەڵ کەوتبوو تا بزانن کێ سەردانی ماڵی عەلی دەکاو کێ زیاتر بۆ ڕووداوە بەپەرۆشە تا ڕاپۆرتی لێ بدەن.

تا بەیانی لەو ماڵەدا کەس چاوی نەچوە خەو، ڕێباز لە کاتێکدا لە ناخیدا ئاگرێکی بەجۆش دایسا، دڵخۆشیی دایکی دەدایەوەو پێی دەگوت ڕاستە هیوامان چوو، بەڵام ئەو خۆی بڕیاری بڕینی ئەو ڕێیەی دابوو، ڕێیەک کە هەموو کەس ناتوانێ بیگرێتە بەر، ئێمە دەبێ شانازی بەوە بکەین کە کەسوکاری ئەوین. باوکی هیوا کەمتر دەیهێشت خەمی دەروون زەفەری پێ بەرێ و لە رواڵەت دا خۆی بلۆڕێنێ، بەڵام لە دڵە خۆیدا دەکوڵی. هەر کاتێ ژن و منداڵەکەی لێ دوور دەکەوتەوە لە پڕمەی گریانی دەداو کە بریک ئەهۆن دەبۆوە دەیگوت خودایە شکوور.. رازیم بە ڕەزات.... بەشی منت هەر ئەوەندە دابوو...

بەیانیی ئەو شەوە هێشتا نان و چایان نەخواردبوو کە دوو تویوتای پڕ لە پاسدار لەبەر دەرگای ماڵی عەلی ڕایان گرت و جاش و پاسدار






بە ولاتەوە وەربوون و هەر یەکەی بە لایەک دا سەربان و بەردەرکەیان گرت. دەتگوت پەلێک پێشمەرگە لەو ماڵەدا خۆی شاردۆتەوەو هاتوونە سەریان. خەڵکێکی کەمیش لە دەوری ماڵی عەلی کۆبوونەوە. پاسدارێکی ریش درێژ کە عەلی پێشتریش دیبووی، چووە ژوورەوەو بە فارسی و بە گفتێکی رەق و ناخۆش گوتی" ها کاکە عەلی... ماڵەکەت زۆر شلووقە، تەواو پێک دادراوە، لە بیرتە چیم پێ دەگوتی؟ ئەی بۆ بە قسەت نەکردم، نەمگوت ئاوات بەسەر دێ...

قسە پڕ تیرو توانجەکانی پاسدارەکە ئەوەندەی دیکەی دڵی عەلی بریندار دەکرد، بەڵام بێدەنگ چاوی تێ بڕیبوو. لێوەکانی دەکرۆشت و لە دڵی دا نەحلەتو جنیوی بۆ دەنارد. بەدڵ پێی خۆش بوو قۆرقرۆچکەی بگرێو تا نەیخنکێنێ بەری نەدا، بەڵام دەسەڵات نەبوو...

دایکی هیوا لێیان وەژوور کەوت و دەستی کرد بە جنێودان بە پاسدارەکان. لە کاتێکدا خوێن بەرچاوی گرتبوو، ئاوری جەرگەکەی هەڵی گرتو چی قسەی ناشیرین و سووک بوو بەوانەی گوت، بەڵام هەر ئەوەی بڵێ کە بێ ویژدانان، خودانەناسن، خوێنمژن، جەردەن، دزن، پیاوکوژن بەوەندە سوکنایی نەدەهات. پاسدارەکە کە وادیار بوو فەرماندەیانە هیچی نەدەگوت و هەر چاوی لەو ژنە دڵ بریندارە بڕیبوو کە وەک هەوری بەهار دەیگرماندو دەیباراند. جاشێک کە لە پشت باوکی هیوا وەستابوو قسەی ناشیرینی بە دایکی هیوا کوت، عەلی خۆی پێ نەگیراو یەک مستی لە دەمی جاشە داو دەمو ددانی پڕ کرد لە خوێن. دوو جاشی دیکە لەولاوەتر چەخماخەی چەکەکانیان کێشاو بەرەورووی عەلی رایان گرت. دوو کەسی دیکەش لێی چوونە پێش و بە قۆنداغە تفەنگ بەربوونە گیانی. پاسدارەکە گوتی راوەستن؟ دوایە بە جاشەکانی گوت بۆ لێتان دا؟

ئەوانیش لە وەڵامی پاسدارەکەدا گوتیان ئەی مەگەر نابینی چی بەسەر ئەو براموسوڵمانەمان هێناوە. پاسدارەکە کێشەی هێوەر کردەوەو دوایە بە عەلی گوت کە بۆتان نیە نە لەماڵ و نە لە مزگەوت سەرەخۆشی بۆ هیوا دابنێین؟ دوایە بەربووە هەرەشە کردن کە بێتوو سەرەخۆشی بۆ دابندرێ، بانگ دەکرێنە ئیتلاعات و دەخرێتە زیندانەوە.....


شەهید سەیفولا فەیزی    شەهید عەولای فەیزی

جاش‌و پاسدار کۆیان کردەوەو بەرەو بۆکان کەوتنە رێ. بەڵام نە خەڵک‌و نە ماڵی هیوا گوێیان بەوە نەبزووت. نەک هەر خەڵکی ئاوەدانی، لە دێهاتەکانی دەورووبەریش سەردانی ماڵی عەلی‌یان دەکردو لەهەر جێیەک تووشی خۆی یان ژن و منداڵەکانی بوایەن، هاوخەمی‌یان دەکردن و دڵیان دەدانەوە. هاوخەمی و دڵدانەوەی خەڵکەکە بە رادەیەک گەرم و گوڕ بوو کە روحێکی نوێی بەبەری ئەو بنەماڵە شەهید و دڵ بریندارە داکردبوو .

هیوا شەهید ببوو. خەبات درێژەی هەبوو. عەلی و بنەماڵەی هیوا لە نێو خەڵکدا خۆشەویستتر ببوون. عەلی، باوکی هیوا بۆ تاقە یەک ساتیش هەستی بە ئاسوودەیی لە ناخی دا نەکرد، مەرگی هیوا لەپێی خستبوو ئەگەرچی دەیزانی لەوانەیە رۆژی لەوە سەختریشی لە پێش دابێ....






## دوازدە [ ١٢ ]

بەهاری ئەو ساڵە بۆ ماڵی عەلی زۆر ناخۆش بوو. وڵات گەرم داهاتبوو. کاری وەرزێری پەیدا بوون و خەڵکی وەرزێرو گەورەو بچووکی گوندی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

ئاخر مانگی بەهار بوو... عەلی لەگەڵ ڕێبازو قارەمان و نەبەزی کوڕی زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ لە مەزراو مووچە بوون. کچەکان نان و چایان بۆ بردوون و لە بن کەپرەکە دانیشتبوون. کچەکان لە ڕێو کاتێ لە ئاوەدانی وەدەر دەکوتن، بیستیان کە پێشمەرگە هاتوونە ناوچەو لە سەر نان و چاش بە تاسەوە ئەو هەواڵەیان بە باوک و براکانیان دا. ڕێباز قوشقی بوو. ڕووی کردە ئەسرین، خوشکە چکۆلەکەی و گوتی لە کوێن؟ تۆ بۆ خۆت دیتووتن؟ باوکی کە بەوردی چاوی تێبڕیبوو، گوتی چیە ڕێباز، تۆش سەرت لەو بەزمە دەخورێ؟ ڕێباز هیچی نەگوت، بەڵام ئەسرین هاتەوە نێو قسەو گوتی ئەمن نەمدیتوون، بەڵام بیستم کە لە نێو دارەکانی سەرچۆمی دیتوویانن !

عەلی کە ئەزموونی زۆری ئەو ڕۆژانەی هەبوو، دەیزانی کە لەوانەیە ئێوارێ یان شەوێ بەزمو هەرایەک لەو ناوچەیە ساز دەبێ، منداڵەکانی دەنگ دا کە ئەورۆ زووتر دەچنەوە ماڵێ.

عەلی چاوێکی بە مۆڵگەکەی ڕێژیم لەسەر تەپۆڵکەکەی قەراغ جادەدا گێڕا. بەچاو دیار بوو کە هێزەکان لە جموجۆڵ دان. دەستی بە گوێی گرت، دەنگی تەقەی تفەنگی بیست. ڕێباز کە کوڕێکی خوێندەوارو تێگەیشتوو بوو، بە باوکی گوت بابەگیان با بڕۆینەوە، هێزەکانی حکومەت ئاوا چارەی ئێمەیان ناوێ شتێکیش بێتە پێش بیانوومان پێ دەگرن و تووشی کێشەمان دەکەن؟ من تراکتۆرەکە دێنم، تۆش لەگەل کچەکان ئەو شتانە کۆکەنەوە با وەڕێ کەوین؟ هێزەکانی ڕێژیم لە پایەگارا بەماشێنێکی پڕ لە جاش و پاسدار بەرەو شوێنی تەقەکە چوون و عەلی و منداڵەکانی زوو خۆیان گەیاندەوە نێو دێ. خەڵک هەموو گوێیان لە تەقەو شەرە تفەنگ بوو کە بە جوانی دەبیسرا. ڕێباز بەگەیشتنەوەی زوو خۆی گەیاندە نێو خەڵکو گوێی لە دەنگوباس ڕاگرت. بەبیستنی ئەو هەواڵ و دەنگوباسەی خەڵک لە هێزی پێشمەرگەیان بڵاو دەکردەوە، کەیفی ساز بوو. خۆر لە ئاوابوون بوو، دەنگی تەقەش لە کزی دابوو. هەواڵەکە ئاوا گەیشت کە پێشمەرگەکان سەرجادەیان گرتوەو دوای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان کشاونەتەوە.

لەپڕ هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم لە پایەگای سەرەکیی ڕێژیم کە چاوەدێریی هەموو مۆڵگەکانی سەر جادەی دەکرد، بەنێو ئاوایی وەربوون و لە خوار ئاوایی نێو دارو باغەکانیان بە گوللە ئاورباران کرد. خەڵکی ئاوایی پۆل پۆل ڕاوەستابوون و چاویان لەو شوێنە دەکرد کە عەمەلیاتی لێ دەکرا. هێزەکانی ڕێژیم لوولەی تفەنگەکانیان وەرسووڕاندە خەڵکی و تەقەیان لە ئاپۆرای خەڵکەکە کرد. بەوەش خەڵکەکە بڵاوەی کردو خۆیان لە پەنا دیواران حەشار دا. تاریکی باڵی بەسەر ئاوایی کێشاو، خەڵک لە حەوشەو ماڵی خۆیان گوێیان لە بەردەوامیی تەقەی تفەنگ بوو. هەر کەسەو جۆرێک ئەو شەڕەی لێک دەدایەوە. بەیانی زانییان کە هێزی پێشمەرگە سەر جادەی بۆکان میاندواویان گرتوەو کەلاکێکی زۆریان لە هێزی دوژمن خستوە. ئەوانەی چووبوونە بۆکان و گەڕابوونەوە باسیان لەوە دەکرد کە نەخۆشخانەی نێوشار ڕێگای نەدەدا کەس نەخۆشیش بەرێتە ژوورێ. ڤیرەو ئاژیری ئامبوڵانس لە کار نەدەکوت و بەردەوام بریندارو کوژراوەکانیان بۆ شارەکانی دیکە دەگواستەوە. جاش و

پاسدار کە لە مەیدانی شەڕدا بەزیبوون، بە ماشێن لە نێوشاردا مانۆڕیان لێ دەداو دەهاتن و دەچوون و خەڵکیان چاوترسێن دەکردو لە خەڵک مۆڕ دەبوونەوە. زۆربەی شەقامەکان بە هێزی چەکدار تەنرابوو، ڕێگە بەکەس نەدەدرا کە بە یەکەوە ڕاوەستن و قسە بکەن، بەڵام






خەڵکی کەبۆیان روون بوو هێزی پێشمەرگە شەڕەکەی بردۆتەوە، بزەیان لە سەر لێو بوو، دەم بە پێکەنین لە هاتووچۆ دابوون. هەموو پەلە پەلی ئەوەیان بوو ئێوارێ زوو بگاتێ و تا لە ڕادیۆ گوێبیسی نوێترین عەمەلیاتی هێزی پێسمەرگە لە دژی ڕێژیم بن. ئێوارە رادیۆی حیزبی دێموکرات هەواڵی عەمەلیاتەکەی بە یادی هیواو سێ شەهیدەکەی عەمەلیاتی گوندی قەرەکەند خوێندەوە. لەو عەمەلیاتەدا کە بەیادی هیواو پێشمەرگە شەهیدانی دیکەوە کرابوو، زیاتر لە ٤٠ کەس لە هێزەکانی ریژیم کوژرابوون و چوار ماشێنیش سووتێندرابوون .

لە ماڵی عەلی هەموو لە دەوری ڕادیۆ کۆبوونەوەو لەگەڵ بیرهاتنەوەی هیوای جوانەمەرگیان لە خۆشیی سەرکەوتنی پێشمەرگەکان دەگریان. عەلی بە دڵپڕی ڕووی کردە خێزانەکەی و گوتی چاوتان لێیە هیوا چ کوریک بووە؟ عەمەلیاتەکە بەناوی ئەوەوە کراوە، دەک ڕۆڵە جێت بەهەشت بێ وەک چۆن ئێمەو خۆتت ڕووسوور کردوە. ئەو شەوە عەلی پڕێسکەی دڵی بۆ منداڵەکانی کردەوە. باسی ئەوەی کرد کە ئەو کاتەی هیوا بوو بە پێشمەرگە، ئەو پێی خۆش نەبوە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە پێی وابێ هیوا کارێکی خراپی کردبێ، بەڵکوو تەنیا لە بەر مەترسیی گیانی، چونکی دەیزانی ئەو رێگایە پڕ مەترسییە و هاتو نەهات و کوژران و برینداربوونی تێدایە. باسی ئەوەی کرد کە ڕاستە ئەو دوایە کە هیواش شەهید بووە، هەر بەو ئاورە سووتاوە، بەڵام کاتێ دەبینێ خەڵک رێزی لێ دەنێن، حورمەتی دەگرن و لە جێیان لە سەرسەرەوەی دادەنێن، شانازی بە خۆی و کورەکەی کردوە. ئەو گوتی کاتێ دەبینم هێزێکی پێشمەرگە بە ناوی هیواوە عەمەلیات دەکەن، تازە دەزانم کە کوڕی من چ ڕۆڵەیەک بووەو بە خۆم دەنازم کە باوکی ئەوم. عەلی گوتی بۆیە ئیدی چیدی هیچ هەست بە نەمانی هیوا ناکەم... ڕێباز قسەکەی لە دەمی باوکی وەرگرت و گوتی بابە گیان بۆ ئێمەش هەر وایە، چاکەی ئەو خەڵکە دەرهەق بە ئێمەش لە بن نایە. ئەوەش ئی ئەوەیە کە ڕاستە هیوا کوڕی تۆ بوو، برای من بوو، کوڕی ئەو ماڵە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کوڕی نەتەوەکەی بوو، بۆ ئەو نەتەوەیەش سەری دانا، هەر بۆیەش هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەی دا زیندوویە.

باوکی سەری وەرسووڕاندو تاوێک لە ڕێباز ڕاما. وەک بڵێی بۆنی شتێکی کردبێ گوتی چیە ڕێباز، ئەمشەو گڕت گرتوە، جۆرێکی دیکە قسە دەکەی، نەکا تۆش سەرت لە پێشمەرگایەتی بخورێ؟

دایکی ڕێباز کە بە گوێگرتن لە هەواڵەکەی رادیۆو ناوی هیواو ئەو قسانەی مێردەکەی و ڕێبازی کوڕی خەستە گریانێکی باشی کردبوو، لەگەڵ گوێی لەو قسەیەی مێردەکەی بوو ڕاچەنی و رووی کردە ڕێبازو گوتی نەکەی ڕۆڵە! شیری ئەو مەمکانەم حەڵاڵت بێ، بەڵام کوڕە ئەوەندەی دیکەم جەرگ بڕاو نەکەی؟ ئەوەتا کوڕی ماڵی حاجی حوسێن، حاجی حەسەن، سوفی خدرو مام سەعید، دەروێش قادرو کێ و کێ... دەی با ئەوانیش ماڵێ یەکیان بچێتە پێشمەرگایەتی؟ بۆ هەر کوڕی من دەربەدەرو ماڵوێران بێ...

ڕێباز گوتی دایەگیان لە خوڕا خۆت ناراحەت مەکە. کەی من گوتوومە دەچمە پێسمەرگایەتی؟ خۆ ئەگەر بچمە پێشمەرگایەتیش بێخەم بن شەرم لەکەس ناکەمو دەچم. هەر وەک کاکم، یان منیش وەک ئەو سەر دادەنیم، یان تا وەدیهاتنی خەونەکانی درێژە بە ڕێبازەکەی دەدەم. قسەیەک لە ڕێبازو قسەیەک لە دایکە جەرگ سووتاوەکەی و بێدەنگیی سامناک و ماناداری عەلی و تێڕامانی لە ڕێبازی کوڕی تا شەو درەنگانێک درێژەی هەبوو....

بەیانی تازە لەو خەو هەستابوون کە ماشێنێک جاش و پاسدار بەر دەرگایان پێ گرتن و تەقتەق بەربوونە دەرگا. ڕێباز تەواو دەرگای نەکردبۆوە کە جاشێک تفێکی لە نێوچاوانی کردو گوتی تەماشا دەلێی سەگە؟؟!! هەتیوە توتکە سەگە باوکت لە ماڵێیە؟ "

ڕێباز گوتی ئەوە چیە کاکە، برێک لەسەرەخۆو جوان قسە بکە؟ باوکی بە دەنگە دەنگیان هاتە دەرێ و گوتی" ئەوە چیە دیسان بۆ دەرگاتان پێ گرتووین، بۆ دەست بەردارمان نابن؟ چیتان دەوێ؟" پاسدارێک هاتە پێشێو بە فارسی گوتی خۆت وەرە سوار بە، دەبێ بتبەینە






ئیتلاعات.
عەلی گوتی بۆ؟ مەگەر چیم کردوە؟ ئەویش گوتی، ئێمە نازانین، گوتویانە بیهێنن، هێندێک پرسیارت لێ دەکەن و دواتر دێیەوە ماڵێ.
عەلی لەنێو نیگای پڕ لە نیگەرانی و چاوەڕوانیی بنەماڵەکەی و بە ناچاری لە گەلیان سوار بوو....
دوای بردنی عەلی بۆ بۆکان ڕێبازو منداڵەکانی دیکە روویان کردە مووچەو مەزراو کاتێ لای ڕۆژاوە هاتنەوە ماڵێ، دایکیان گوتی کە هیچ هەواڵێک لە باوکیان نیە. ئەو شەوەیان زۆر بە نارەحەتی و داڵغەی جۆراوجۆر کردە ڕۆژ. ڕێباز لەگەڵ دایکی بۆ ڕۆژی دواتر چوونە ئیدارەی ئیتلاعات و پێوشوێنی عەلی کەوتن، بەڵام نەک هەر نەیانهێشت چاویان پێی بکەوێ، حاشایان لەوەش کرد کە لەوێ گیرابێ. ڕێبازو دایکی هەر چەند هەوڵیان دا بە سەروسۆراغی عەلی بزانن، تەقەلاکەیان ئاسنی سارد کوتان بوو. لە هیچ کوێ وەڵامیان نەدانەوەو ئەوانیش بە ناهۆمێدیو دەستی بەتاڵ بەرەو ماڵێ گەڕانەوە...
لەگەڵ گەیشتن بە ئیتلاعات عەلی خرایە زیندانەوە. ئەو ڕۆژە کەس دەرگای لێ نەکردەوە، هەر لێیان نەپرسی، بەڵام نیوەشەو کە تازە چاوی چووبووە خەو، هەڵیان ئەستاندو بردیان بۆ ژووری لێپرسینەوە .
عەلی لەگەڵ ئەو ژوورەو جۆری لیپرسین و میوانداریی! بازجووەکان ئاشنا بوو. بۆیە خۆی بۆ زۆر شت ئامادە کردبوو. یەکەم پرسیاری بازجووەکە ئەوە بوو" ها ئاغا عەلی، زۆرت پێ خۆش بوو کە ئەو شەڕەیان بە تۆڵەی کوڕەکەی تۆ کرد؟ "
عەلی زۆر زوو گوتی" ئێوە لە مردووەکانیش دەترسێن؟ کوڕی من نزیک بە مانگێکە نەماوە، ئیدی نازانم بۆ وازم لێ ناهێنن؟ پێم بڵێن چیتان لێم دەوێ؟ ئێوە بۆ خۆتان پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێن بچنە شاخی، بۆ وا دەکەن نازانم. گوتی بچنە شاخی، نەیوێرا بڵێ بۆ پێشمەرگایەتی... پاسدارەکە کە جاشێک قسەکانی بۆ دەکردەوە فارسی، زوو تووڕە بوو گوتی" ئاهاااااا، دەتەوێ کوڕەکەی دیکەشت بەرێ کەیە دەرێ؟ دەت تۆپێنم وەک سەگ. بەیانی دەنێرم ئەویش بێننە لای تۆ، جا بزانە چیتان لێ دەکەم؟ دوایە جۆری قسەکانی گۆڕی و بە نەرمی گوتی کە نایانەوێ ئازاری بدەن و پێیان خۆشە هەموو ئەو شتانەی بۆ قەرەبوو بکەنەوە. پاسدارەکە بە عەلی گوت ئەتۆ تەنیا سووکەڵە هاوکارییەکمان بکە، ئێمە ئاگامان لێت دەبێ، تۆ منداڵت زۆرەو ئێمەش بە ژیانت ڕادەگەین و مانگانەیەکیشت بۆ دەبڕینەوە.
کابرا هێشتا قسەی لە زار دابوو کە عەلی لە نیازی دڵی ئەوان گەیشت. ئەو دەیزانی کە لای خەڵک چەندە خۆشەویستەو گەورەو بچووکی گوند ڕێزیان دەگرن، بۆیەش ئەوان دەیانەوێ بیشکێنن و سووک و چرووکی بکەن و حەیای پێوە نەهێڵن. عەلی دەیزانی ئەو حورمەتەی ئی ئەوەیە کە بنەماڵەی شەهیدە، هیوای کوڕی پێشمەرگە بووە، شەهید بووە، دەنا خۆ ئەو هەر عەلییەکەی جارانە، خۆ ئەگەر بێتوو بەحاڵ لەوە لابدا، ئەوە نەک هەر لەلای خەڵک، لەلای ژن و منداڵەکەشی دەبێ سەری بەرداتەوە... عەلی تاوێک بیری کردەوەو رووی کردە پاسدارەکە و گوتی ئەوەی تۆ دەتەوێ بە من ناکرێ. پێویستم بە پێڕاگەیشتن و پارەی ئێوەش نیە. ئەمن کابرایەکی جووتیارم و نان و ڕسقی خۆم و منداڵەکانم لە سەر عەرز پەیدا دەکەم، ئیحتیاجی ئەوەش نیم ئێوە لێم بپرسن، تەنیا ئەوەی لێم گەڕێن با کاروکاسبیی خۆم بکەم...
نەیانهێشت عەلی قسەکانی تەواو بکا بە دوو کەسان تێبەری بوون. ئەوەندەیان لێ دا لە زمانیان خست، دوایە بە ڕاکێش بردیانەوە سلوولەکەی و دەرکەیان لەسەر پێوە دا. ڕۆژی دواتر دوو ماشێن جاش و پاسدار بۆ گرتنی ڕێباز چوونە ماڵەکەیان، بەڵام ڕێبازو براچووکەکەی بەیانی زوو چوبوونە مەزرا .
هێزکەی ڕێژیم چوونە مەزراو ڕێبازیان کەلەپچە کردو لەگەڵ خۆیان بردیانە بۆکان. ڕێبازیان یەکسەر بردە ژووری لێکۆڵینەوە. بازجووەکە






لیی پرسی کە ئێمە دەزانین هیوای برات زور سەردانی ماڵێی دەکردەوە، دەمانەوێ بزانین تۆ پێوەندیت لەگەڵی هەبوو؟ ڕێباز زۆر لە سەرەخۆو بە هێمنی وەڵامی دانەوە کە هیوای برام نەماوە، ئەو کاتیش کە هیوا پێشمەرگە بوو من لە بۆکان دەمخوێندو تەنانەت یەکجاریش چاوم پێی نەکەوتووە. جاشێک و پاسدارێک ئەملاو ئەو لای رێبازیان گرتبوو. کاتێک ریباز ئەو قسەیەی کرد پاسدارەکە بە فارسی گوتی مەڵێ پیشمەرگە، بلێ دژە شۆڕش. دوایە قامکی بۆ لای جاشەکە درێژ کردو گوتی پێشمەرگە ئەوەیە، پیشمەرگەی موسوڵمان و گیانبازی شۆرش.

بە فەرمانی بازجوەکە چاویان کردەوە. کاتێ ڕێباز جاوی بە جاشەکە کەوت ناسییەوە، هەر ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژە تفی تێ کردبوو. ڕووی کردە جاشەکەو گوتی چیتان لێمان دەوێ؟ برایە کوشتان؟ باوکە بێ هیچ سووچ و تاوانێک چوار مانگتان خستە زیندانەوە، ئازای بەدەنتان شکاند، لێمان گەڕێن لە ماڵو لە سەر مەزراو مووچەی خۆمان ژیانی خۆمان بکەین .

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو کە بەر مست و پێلاقەیان دا. خوێن بە زارو سەریدا هاتنە خوار. پاسدارەکە گوتی باوکت دەڵێ پیشمەرگە لە مەزرا بووەو ئاگام لێ نەبوە و ڕێباز نان و چای بۆ بردوون، بۆ نان و چات بۆ بردوون؟

ڕێباز کە خوێن بە لاچاویدا تک تک دەوکەوتە سەرپانتۆلەکەی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی باوکی من وا دەڵێ؟ من یەک ساڵیش دەبێ بێجگە لە چەکداری دەوڵەت هیچ کەسی دیکەم نەدیوە، قەتیش پێم وانیە باوکم شتی وا بلێ. پاسدارەکە گوتی رووبەرووتان دەکەینەوەو ئەگەر وای گوت دوایە ئێعدامت دەکەین.

ڕێباز لە باوکی دڵنیا بوو، دەیزانی کە باوکی قەت شتی وای نەگوتەوە. زۆری پێنەچوو باوکو کوڕیان هێنانە لای یەکتری و چوار کەسیش لە دەوریان وەستان، سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات. عەلی کە چاوی بە ڕێبازو شەویلکەی شکاوو دەموچاوی خوێناویی کوڕەکەی کەوت، خۆی پێ نەگیراو گوتی وەڵاهی هەر سێ تەڵاقم بکەوێ و بە هیچ شێخ و مەلایەک چاک نەبێتەوە ئێوە بایی پووشێک نە لە ئیسلام حاڵێن نە کار بۆ ئیسلام دەکەن؟ کاری ئێوە تەنیا ئەزییەت و ناراحەت کردنی خەڵکە، باشە پێم ناڵێن ئەو کوڕەی من چ گوناحێکی کردوە؟" ڕێباز ویستی قسە بکا رێگایان نەداو پاسدارەکە ڕووی کردە عەلی و گوتی کە ئەوەتا ڕێباز دەڵێ باوکم لە مەزرا نان و چای بە پێشمەرگە داوە؟ ڕێباز تاقەتی لێ هەڵگیراو گوتی هەی درۆزنانە ئێوە بە منتان دەگوت کە باوکت وای گوتوەو ئێستاش دەیگوڕن و بە زاری منەوە دەیکەن. ئەگەر بیانووتان بۆ گرتن و لێدانی خەڵک نیە بۆ بوختانیان پێ دەکەن؟

باوکی لە سەرەخۆ گوتی ڕۆڵەگیان، لەوە زیاتر هیچمان نیە لە دەستی بدەین چییان پێ خۆشە با بیکەن، ئێمە هەر ئەو وەرزێڕەین کە شەوو ڕۆژ کاری مەزرایە دەکەین. ڕێباز لە دڵی خۆیدا وتی ئەگەر لێرە نەجاتم دەبێ، دەزانم روو دەکەمە کوێ؟ شەرت بێ هەتا بمێنم لێتان خۆش نەبم. دوای ئازار و ئەزیەتدانێکی زۆری باوکو کوڕ هەر کامیان لە ژوورێک کردنو بۆ حەوتوویەک خستیاننە زیندانەوە....

هەر ئەو ڕۆژەی عەلی و ڕێبازی کوڕی ئازاد کران، هاتنەوە سەر کاروباری مەزرا. چونکی وەرزی کاری مەزرا بوو، لەو ماوەیەشدا لە زۆر کاران دواکەوتبوون. لای نێوەڕۆیە ڕێبازو باوکی باسی زیندان و لێدان و ئەو شتانەیان بۆ یەکتری دەگێڕاوە کە بە سەریان هاتبوو. ڕێباز لە نێو قسەکانی دا زۆر باسی پێشمەرگەی کردو گوتی باشە ئیتلاعات ئەو پێشمەرگانەش شک دەبەن، دەنا بە یەکجاری وڵاتیان دەخوارد.

عەلی سۆسەی ئەوەی کردبوو کە ڕێبازی کوڕی کەوتۆتە دنیایەکی دیکەوە. دەیزانی دڵی لای پێشمەرگەکانەو شوێن هیواکانی کاکە هیوای دەکەوێ. لە دڵە خۆیدا ئەگەرچی پێی ناخۆش بوو، بەڵام لۆمەی نەدەکرد. دەیگوت ژیانیان لێ تاڵ کردوە، لە سەر هیچ و خۆرا دەیگرن و لێی دەدەن و سووکایەتی پێ دەکەن. ناحەقی نیە بیر لەوە بکاتەوە بەگژیان دا بچێتەوە. بەڵام نیگەران بوو. دەترسا کە نەکا ئەویش وەک






هیوا، وەک هیوای لاوچاکی، وەک هیوای جوانەمەرگی.... دەیزانی کە وەزعەکە لەوە خراتر دەبێ، گوندەکەیان مۆڵگەیەکی گەورەی ڕێژیمی لێ داندراوە، تەنانەت گرووپی زەربەتیان بۆ هێناوە، تانەو تەشەری جاش و پاسدارەکان لە کوڕەکانی و بەردەوام بەربینگ پێگرتن هەراسانی کردبوون. پەنایان بۆ کوێ بردبا، لە هەر ئیدارەی شکایەتیان کردبا کەس لێی نەدەپرسین، شەوانە لە بەر ئەوەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کە دەهاتنە نێو ئاوایی بیانوویان پێ نەگرن، ناچار نەبایەن نەدەهاتنە دەرێ و هەر لە ماڵێ دەمانەوە. عەلی هەموو ئەوانەی لە نێو مێشکیدا دێناو دەبرد. تەنانەت بیری لەوەش کردبۆوە ئەگەر لە تەمەنی ڕێبازی کوڕی دابا، ئەو کات چ بڕیارێکی دەدا؟ گیانی کوڕەکانی لە مەترسی دابوو. دەیزانی کە بە تایبەت ڕێبازی تووشی گۆنگەڵ دەبێ. دەی کوڕە خودا چۆنی پێ خۆش بێ هەر ئاوا دەبێ....

ڕێباز شەکەت و ماندوو لە مەزرا دەگەڕاوە. لەنێو ئاوایی چەند پاسداری بینی کە لە پایەگا داگەڕابوونە نێو گوند. ڕێگای لار کردەوە چاوی بە چاویان نەکەوێ. بەڵام پاسدارەکان لە کۆڵانەکەی ئەولا پێشاوبڕیان داوەو بانگیان کرد.

بیانوی ئەوەیان بە ڕێباز گرت کە بۆ ئەگەر دەیانبینێ خێسەیان لێ دەکا؟ هیوا گوتی کە ئەوە بیانوو پێ گرتنە، دەنا ئەو خێسەو مۆڕە لە کەس ناکا. قسەیەک لەوو قسە لەوان دەنگو هەرایان بەرز بۆوە. پۆلێک لاوی ئاواییش لێیان کۆ بوونەوە. پاسدارەکان دەستبەرداری ڕێباز نەبوون و جنێویان بە هیوای برای دا. ڕێباز چیدی تاقەتی نەهێناو داگژایە سەر یەکیان و شەڕ دەستی پێکرد. لاوانی نێو ئاواییش لەسەر ڕێبازیان کردەوەو ئامبازی پاسدارەکان بوون. شەڕەکە گەورە بۆوە. پاسدارەکان کە زانییان دەرەقەتی ئەو کوڕگەلە نایەن، چەخماغەی تفەنگیان کێشاو ڕوو لە حەوا تفەنگیان تەقاندو بەوە خەڵکەکە بڵاوەیان کرد. پاسدارەکان دوایە ڕژانە ماڵی عەلی و بە زەبری زۆر ڕێبازیان لەگەڵ خۆیان بردە لای گرووپی زەربەت. یەکێک لە ڕەفیقەکانی ڕێباز خۆی گەیاندە عەلی و لە ڕووداوەکەی ئاگادار کردەوە، ئەویش پەنای بۆ مەلای ئاوایی بردو لەگەڵ مامۆستاو چەند کەیخودا چوونە پایەگاو بە تکاو ڕەجای مەلاو ڕیش سپییەکان ڕێبازیان ڕزگار کرد، بەڵام کاتێ هاتنەوە ماڵێ و ڕێباز لیباسەکانی دانا، باوکی دیتی کە ئازای گیانیان ڕەش و شین کردۆتەوە. ئەو شەوە ماڵی مام عەلی پڕ بوو لە میوان. خەڵک دڵخۆشییان دەدانەوە و ڕێبازیان هان دەدا کە خۆی لەکێشە و شەڕ لەگەڵ پاسدارەکان ببوێرێ و بیانوویان نەداتە دەست.



شەهید بەهمەن سامبەگی

شەهید سەلاح سامبەگی

ڕێباز کە لە بەرخۆیەوە پیشی دەخواردەوە، بە ناچاری وەقسە هاتو گوتی تۆ خوا ئێمەش بەشەرین؟ تا کەی ئەو زوڵمە قەبووڵ دەکرێ، ئەوە ژیانە ئێمە بە دەست ئەوانەوە هەمانە؟ مەلاو کەیخوداکان ئارامیان کردەوە و شەو درەنگانێک بەرەو ماڵی خۆیان بوونەوە.....

ڕێباز ئەو شەوە خەوی لێ نەدەکەوت. لەلایەک ناڕاحەتی و زوڵم و زۆریی دامودەزگاکانی ڕێژیم دەرهەق بە بنەماڵەکەی ئاراو ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو، لەلایەکی دیکەش هەستێکی پیرۆزو ڕقێکی شۆڕشگێرانە لە دڵ و دەروونی دا دەکوڵی و بڵێسەی دەدا. ئەو تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەوەی چەکەکەی کاکە هیوای دەست داتێ، بچێتە ڕیزی پێشمەرگەکان و جێی کاکە هیوای بگرێتەوە. ڕێباز تا بەیانی ئەو خەیاڵەی لە مێشکی دا هێناو بردو نەیزانی کە دوایە چۆن و کەی خەو بردوویەتی یەوە .....






عەلی پێی سەیر بوو کە چۆنە ڕێباز لە خەو هەڵنەستاوە، قەت نەبوە بانگی بکەن، چۆوە ژووریّو بانگی ڕێبازی کرد، دوای چەند جار بانگکردن و راتڵەکاندن چاوەکانی هەڵێنا. باوکی گوتی ڕۆڵە هەستە دنیایەک کارمان هەیە، ئەوە بۆ ئەوەندە دەخەوی...

ڕێباز لە مەزراش هەر بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو قەولەی بباتە سەر، کاکە هیوای دەهاتە بەرچاوی کە بە قەڵافەتە مێرانەکەی کە زامی چەند گوللەش بەسەر سینگی‌یەوە دیار بوو، لێو بەبزە بانگی دەکرد. کە وەخۆ دەهاتەوەو چاوی بە باوکی دەکەوت، خەم دایدەگرت. نیگەرانی‌یەک، خورپەیەک دەکەوتە دڵی... بڵێی لە زیندانی نەخەنەوە؟ بڵێی نەیکوژن؟ بڵێی دەستبەرداری بن؟ ئەدی دایکی چی؟ بڵێی بەرگەی ئەو خەمە بگریّ؟ خەم بۆ ئەوە نا کە کوڕەکەی بۆتە پێشمەرگە، خەم بۆ ئەوەی نەکا دوور بێ ئەویش وەک کاکە هیوای...

ڕێباز خۆی ساغ کردەوە. نیوەڕۆ لە کاتی نان خواردن ڕووی کردە باوکی و گوتی بابە گیان چیدی تاقەتم نەماوە، دەڕۆم بۆ دەریّ. دەبمە پێشمەرگە و ئەوەم لە هەموو شتێک باشترە. باوکی کە دەتگوت لە مێژە خۆی بۆ بیستنی ئەو قسەیە لە زاری ڕێباز ئامادە کردوە، مەندو لەسەرەخۆ گوتی ڕۆڵە دەزانم فشارت لە سەرە، دەزانم ئاراو قەرارایان لێ هەڵگرتووی، بەڵام ئەدی نازانی تۆ بڕۆی چیمان بەسەر دێنن؟ تۆ چەکت لە شان دەبێ و هیچ حیسابێک بۆ دەوڵەت ناکەی، بەڵام ئەوە منم کە هەموو ڕۆژێ پەلکێشی ئیتلاعات و زیندانم دەکەن. بڕێکی دیکە ددان بە خۆتدا بگرە، بەشکم هەر ئەو ماوەیە بێ، با بزانین لای پاییز چیمان بە سەر دێ و وەزعەکە چۆنی لێ دێتەوە. با ئەو خەڵەو خەرمانەش لە سەر عەرزی نەمێنن، جاریّ وازی لێ بێنە، با بزانین ئەوانیش وازمان لی دێنن یان نا.....

بەڵام ئەوەی عەلی ئارەزووی دەکرد، وا نەبوو. ئیتلاعات وازی نەدێناو هەر ڕۆژێ بە بیانوویەک بەربینگی پێ دەگرتن و لە ژیان و کارو کاسپیی خستبوون...




پایەگای قاقڵاوە لە ناوچەی تورجانی بۆکان دەستی بە سەردا گیراو رادیۆش خوێندییەوە کە پێشمەرگەکان ئەو عەمەلیاتەشیان بە یادی چوار شەهیدی هێزی بەیان کردوە کە یەکیان هیوا بوو. بۆ بەیانیی ئەو شەوە ڕێباز برایەوە گرتنگەی ئیتلاعات و سەرلەنوێ دارکاریو ئەشکەنجە، لێدان و سووکایەتی، فشارو جەزرەبە، لەسەر چی؟ هەر لە بەر ئەوەی پێشمەرگەکان بە یادی برا شەهیدەکەی ئەو عەمەلیاتیان کردوە، بە تاوانی ئەوەی کاتێ پێشمەرگەکان زەبریان لە دوژمن داوەو هێزەکانیان لێ کوشتوون، برای ڕێبازیان لە یاد دا بووە، لەبەر ئەوەی چەندی داوای لێ دەکەن هاوکارییان ناکا، نابێتە جاش ....






ڕێباز کە لە زیندانی ئیتلاعات بەربوو، لای ئێوارە بوو. هاتەوە ماڵێ. باوکی لە ماڵ نەبوو. چووە ژووریّو نامەیەکی لە زمان خۆی نووسی. لە نامەکەدا ئەوەی نووسی کە چیدی ڕاناوەستێ، ئیدی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو هەمووە سووکایەتی‌یە ناگرێ. ماڵاوایی لە دایکی و باوکی و بنەماڵەکەی کرد. دوای گەردنئازایی لێ کردن، داوای لێبوردنی کرد کە بەجێیان دێڵێو لەوانەیە هەر بەو کارە کێشەو گرفتەکانی ماڵێ هیندەی دیکەش زیاتر ببن. لە کۆتاییدا دڵخۆشیی دایک باوکی دایەوەو نووسی ئەگەر مردیشم بۆم مەگرین، چونکی وا نامرێ کە دوژمن پێکەنینی بە مەرگی بێ، بەڵکوو وەک کاکە هیوای سەربەرزانە سەر دەنێتەوەو دەبێتە هۆی شانازایی زیاتری بنەماڵەکەی.

نامەکەی لە سەر تاقەکە داناو بە ئەسپایی لە ماڵێ هاتە دەرێو لە ئاوایی وەدەر کەوت. ملی ڕێگایەکی گرتە بەر کە پێش خۆی کاکە هیوایو زۆر ڕۆڵەی دیکەی ئەو ئاوو خاکە پێیدا ڕۆیشتبوون، بیری لە بڕینی چیایەک دەکردەوە کە پێش ئەو زۆری دیکە پێیدا سەرکەوتبوون، ئێستا نۆرەی ئەو هاتبوو... ڕێباز دەڕۆیو ئاوڕی بۆ دواوە دەداوە... بۆ گوندەکەیانی دەڕوانی.. بۆ مەزراکەیان کە نەدیو بوو، بیری لە دایکی دەکردەوە، بەڵام لەو بەر، لەو سەری چیاکە بانگیان دەکرد. کاکە هیوای بوو بانگی دەکرد.... ڕێباز هەنگاوەکانی توندتر کرد، ئەو هەنگاوانەی بەرەو چیا ڕێیان دەبڕی.....

## سێزدە [ ١٣ ]

ئاخر مانگی بەهارە. ڕێباز بە گوندەکانی دەوری کێوی تەرغەدا دەگەڕێ، بە سۆراغی هێزی پێشمەرگە نازانێ. پێشمەرگەکان لەبەر هەلومەرجی تایبەتی بنکەی سابیتیان لە ناوچە نەماوە، هەر بۆیەش هەر شەوێ لە شوێنێک و هەر جارە لە جێیەک دەمانەوە. ڕێباز ماوەی چەند ڕۆژ بوو پێوشوێنی هێزی پێشمەرگە کەوتبوو، بەڵام تا ئەو کات نەیدیبوونەوە .

ڕێباز لە گوندی دارەگردەڵە، لە بەرپاڵی کێوی تەرەغە دانیشتوەو چاوی لە دیمەنی دڵڕفێن و ڕازاوەی ئەو ناوچەیە بڕیوە. بۆ شەوێ لایدا ماڵێکو بوو بە میوانیان. بەر لە نان خواردن نیزیک بە سی چەکدار هاتنە نێو ئاوایی و بە سەر ماڵان دا دابەش بوون. ئەو چەکدارانە سەر بە کۆمەڵە بوونو دوو کەسیان هاتنە ئەو ماڵەی ڕێباز لەوێ بوو. ڕێباز لە دوو کەسی خەڵکی ئاوایی خۆیانی پرسی کە لەنێو کۆمەڵەدا بوون، بۆی دەرکەوت کە ئەوانیش لەگەڵ ئەو دەستەیەن کە هاتبوونە گوندی دارەگردەڵە. ڕێباز چوو سەردانی کردن و تا بەیانی لای ئەوان مایەوەو باسو خواسی گوندەکەیانی بۆ کردن. ناسیارەکانی کە دەیانزانی ڕێباز بۆ چ مەبەستێک ڕێ کەوتوە، زۆریان هەوڵ لەگەڵی دا کە ڕەگەڵ خۆیانی بخەن، بەڵام ئەو کۆڵی نەداو پێی گوتن دڵی تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات لێ دەداو جیا لە حیزبی دێموکرات نەبێ، ڕوو ناکاتە هیچ کوێی دیکە. بۆ سبەینێی ئەو شەوە کۆمەڵەکان ئەو گوندەیان بەجێ هێشت و ڕێبازیش بە داوێنی چیای تەرەغەدا بەرەو گوندەکانی کانییەرەش و حوسێنئاباد وەرێ کەوت. لە نیزیک و دووری کانییەرەش لە سەر تەپەکەی پشت دێ چاوی بە دوو چەکدار کەوت کە دەتگوت نیگهبانی دەدەن.

بە تەواوی بۆی روون نەبوو کە کۆمەڵەکانی شەوی رابردوون یا پێشمەگەری دێموکراتن؛ چەند میتری مابوو بیانگاتێ کە دیتی یەکێک لە نیگهبانەکان خالید، خەڵکی گوندەکەی خۆیانە. خالید پێشمەرگەی حیزب بوو. یەکتریان بە گەرمی لە باوەش گرت و تا ماوەیەکی زۆر لە ئامێزی یەکتردا مانەوە...

ڕێباز لەلایان دانیشت. خالید بە تاسەوە باس و هەواڵی گوندو کەسوکاری دەپرسی و ڕێبازیش بۆی باس دەکرد. دوایە گوتی کە هاتووە بۆ






پێشمەرگایەتی. عوسمان، ئەو پێشمەرگەی دیکەی لەگەڵ خالید نیگهبان بوو زۆری دواندو گوتی کە تۆ برایەکت شەهید بووە و بنەماڵەکەت ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندوە. هەم ئەوان ئێستا پێوستییان پێتەو هەم ئێستاش وەزعەکە وەک جاران نیە. ئێستا بنکەی سابیتمان نیەو هەموو کات بەرێوەین. بەڵام رێباز پێی گوتن کە بڕیارەو داویەتی و لێی پاشگەز نابێتەوە .

رێباز و خالید چوونە ئاوایی و روویان لەو ماڵە کرد کە قاسمی لێ بوو. قاسم کە پێشتریش رێبازی دیبوو، باوەشی بۆ کردەوەو لە ئامێزی گرت. دوایە هەواڵی باوکی و دێهاتەکانی ئەو ناوچەیەی لێ پرسی. پاشان رێباز تێی گەیاند کە مەبەستی بۆ هاتنە لای ئەوان چیە. باسی گرتنو جەزرەبەکانی ئیتلاعاتی بۆ گێڕایەوە، باسی خەون و ئارەزووەکانی خۆی بۆ کردو گوتی تەنیا ئاواتی ئەوەیە کە چەکەکەی کاکە هیوای بدەنێ. گوتی هاتووم جێی کاکە هیوام بگرمەوەو سەنگەری ئەوم چۆڵ نەکردبێ .

قاسم لە سەرەخۆ گوێی بۆ رێباز شل کردبوو، دوایەش کە زانی لەسەر قسەی سوورە، کۆڵی داو داواکەی رێبازی بەجێ گەیاند. ئەو کاتەی رێباز گەیشتە لای هێز، تازە دوو حەوتوو فەرماندەیەکی پەل کە ناسری ناو بوو شەهید ببوو. پیشمەرگەو فەرماندە قاسم و هەموو خەڵکەکە بۆ ئەوە زۆر بەداخ بوون. قاسم پێشمەرگەیەکی راسپارد کە ریباز فێری کردن و بەستنەوەی چەک بکاو هەندێ شتو جۆری بەکارهێنانی پێ بلێ. هەر ئەو شەوە تفەنگێکی ژ.٣ یان دایەو لە هێزدا جێ و رێیان بۆ دیاری کرد.

رێباز لە خۆشیی ئەوەی چەکیان داوەتێ، تا کاتی خەوتن هەر لە دەستیدا ئەمدەست و ئەو دەستی پێ کردو چەند جاری کردەوەو بەستییەوەو خاوێنی کردەوە. بۆ سبەینێش کە ڕەختی بەستو چووە نێو خەڵکو پێشمەرگەکانی دیکە ئەوەندەی دیکەش شایی بە خۆ بوو.

هەر ئەو ڕۆژە رێباز لە پەلی ڕەحماندا سازمان دراو ئەرکی پێ سپێردرا. زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو پەلە شەهید هیوای برا ڕیبازیان دەناسی، هەر بۆیەش زۆر بە گەرمی وەریان گرت و تا ڕاهاتن بە ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە رینوێنییان دەکرد.

رێباز کە کورێکی ژیرو چاوکراوە بوو، زۆر زوو توانی لەنێو دڵی هاورێیانیدا جێی خۆی بکاتەوەو لە بواری سیاسیشدا خۆی بێنێتە سەرێ. هەموو ڕۆژێکی ئەزموون و هەموو گەڕان و بینینێکی وەک دەرەتان بۆ فێربوون چاو لێ دەکرد. رێباز کە بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا پەروەردە ببوو، بە گەڕان بە دێهات و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەندەی دیکەش زیاتر لە مەینەتی و بەشخوراوی گەلەکەی گەیشت و لە سەر ئیمان بە ڕێبازەکەی سوورتر دەبوو .

رێباز مانگێک بوو پێشمەرگە بوو کە دیتی هێزەکەیان خۆی بۆ هێرش کردنە سەر پایەگای جەمۆغە ئاماد دەکا. تا ئەو کات رێباز ئەزموونی شەڕی نەبوو. ڕەحمان، سەرپەلەکەی پێی گوت دەبێ وریا بێ و لە پێشمەرگە بە ئەزموون و بە ڕابردووەکان جیا نەبێتەوە. هیزی پێشمەرگە هەمیشە لە دەرفەت دەگەڕا کە لە ناوچەدا کامە پایەگا لاوازەو زوو دەستی بە سەردا دەگیرێ هێرشی بۆ دەکرد. بۆیە پاش شناسایی پایەگای ناوبراویان بۆ زەبر وەشاندن هەڵبژارد.

پێشمەرگە بە سەر دەستەو گرووپ دا دابەش بوون و لە نزیک پایەگا چاوەڕوانی بڕیاری هێرش بوون. یەکەمین گوللەی ئارپیجی کە لە پایەگا هەڵ کرا، بێدەنگیی شەوی شکاند. رێباز وەک هاورێیانی دیکەی هەستا سەرچۆک و پایەگایان دایە بەر دەسرێژی چەکەکانیان. بەر لە دەسپێکی عەمەلیاتەکە هەموو کارەکان و وردەکاریی عەمەلیاتەکە دیاری کرابوون. ئەو گرووپەی بۆ هێرش دیاری کرابوو، پاش چارەگە سەعاتێک ئاورباارانی پایەگا، هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمنیان دەست پێ کرد. تیمی پشتیوان لە جێی خۆیان روو بە پایەگا چاوەڕوان مانەوە. کاتێک بە رێبازیان گوت تەقە مەکە سەری سوورما! گوتی بۆ؟ سەلاح، ئەو پێشمەرگەیەی لە پەنای بوو گوتی تیمی هێرش دەچنە پێشێ، ئەو تەقە گەرمەی دەیبیسی ئەوە ئەوانن کە بەرەو پایەگا دەچن، ئاگات لە تفەنگەکەت بێ. پاش ماوەیەک تەقە لە کزی داو لە






نیزیک سەنگەرەکانی دوژمن یەکەم تەڵەی ئینفجارییان تەقاندەوە. رەحمان کە فەرماندەری عەمەلیات بوو، پێکراو رێبازو پێشمەرگەکانی دیکەی دەستەی پشتیوان ئاوربارانی پایەگایان دەست پێ کردەوە تا تیمی هێرشبەر پاشەکشەیان کرد. بێجگە لە رەحمان چەند پێشمەرگەی دیکەش بریندار ببوون، دواتر بە هەموو تیمەکان راگەیەندرا کە بەرەو دواوە بکشێنەوە. عەمەلیاتەکەو گرتنی پایەگاکە سەرکەوتوو نەبوو. لە رێگا رێباز بیری لەوە دەکردەوە کە بڵێی هەموو شەرێک بەمجۆرە بێ، ئەدی ئەوەی رادیۆ باسی دەکا کامەیە، لەو فکرە دابوو کە عوسمان گوتی رێباز لەگەڵ ئەو کوڕانە بە نۆبە ئەو برینداره لە کۆڵ بکەن، رێباز کە لاوێکی بە تواناو ئازا بوو، هاوڕێ برینداره‌کەی لە کۆڵی داو زیاتر لە هەموو پێشمەرگەکانی دیکەی هەڵگرت، رێگایەکی زۆریان پێوابوو، بەڵام پایەگا لە دوورەوە هەر تەقەی دەکرد. بەیانی ئەو پرسیارەی لە زۆریەک لە پێشمەرگەکانی کرد کە رادیو چۆن ناوی کوژراوەکانی دوژمن دەخوێنێتەوە؟ چۆنیان باس دەکا؟ یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی ئێمە پایەگاکەمان بۆ نەگیرا، بەڵام ئەگەر دەستمان بەسەردا گرتبایە خۆمان هەموو زانیاریەکانمان کۆ دەکردەوەو بۆ ڕادیۆمان دەنارد. ئەوانیش دەیان خوێندەوە. دیارە هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە فەرماندەری عەمەلیات بریندار بوو پاشان هێرش کردنە سەر پایەگا دەبێ زۆر زوو هێرش بکرێتە سەنگەرەکانی یەکەم، برینداری فەرماندەر لەکاتی هێرشدا کاری گرتنی پایەگای سەختتر کرد.

پێشمەرگەکان دوای ئەو عەمەلیاتەش بە گوندەکان داو بۆ کاروباری سیاسی تەبلیغی لە گەڕان دابوون. لە سەرەتای هاوینڎا هەموو دەستەو پەلەکانی هێز لە گوندی عەزیزکەند کۆبوونەوە. کۆبوونەوەی هێز لە یەک جێ بە مانای خۆ ئامادەکردن بۆ عەمەلیاتێکی دیکە بوو. خەلیل خەلەبان، فەرماندەری هێز لە سەر مەئموورییەتی نوێی هێزەکەی چەند قسەیەکی بۆ پێشمەرگەکان کردو پاشان قاسم بە نوێنەرایەتیی ئەو لە سەر گرینگیی ئەو ناوچەیە قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد، لەوێڕا بەرەو گوندی ئەحمەدی کۆر شۆڕ بوونەوە ئەو شەوە لە ئاوایی لەگز بۆ پشوودان لایان دا. پێشمەرگەکان بۆ سبەی ئێوارێ لە چۆمی تەتەهوو پەڕینەوەو رێگای دەشتی ئاڵەشینیان بەرەو کانی مەملی و رەحیم‌خان گرتەبەر. هەر لەکەی لە گوندێک بۆ پشوودان لایان دا. گوندەکانی ئەرمەنی بڵاغی، قوولەر، رەحیم‌خان، کانی مەملی، کانی گورگەو دوایەش ئەربەنووس مەڵبەندی قارەمانەتیی پێشمەرگەکان لەو جەولەیەدا بوو...



ئێوارێی رۆژی هەشتی پووشپەڕ نەفەرێک کە خەلکی ئەو ناوچەیە بوو قاسمی دەناسیو بەپەلە خۆی گەیاندە گوندی ئەربەنووس و داوای دیتنی قاسمی کرد. رەنگ و رووی تەواو تێک چووبوو، بەپەلە دیار بوو. خەلیل خەلەبانو قاسم و ئەو کەسە بۆ ماوەی نیو سەعاتێک پێکەوە قسەیان کرد. دوایە هەموو بەرپرسەکانی هێز بانگ کران.لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی هێزدا باس لەوە کرا کە بەپێی زانیاریەکان...






سبەی هێزێکی زۆری ڕێژیم لە گوندی جامەردرا هێرشیان دەکەنە سەر. پێشمەرگەکان لە گوندی ئەربەنووس بوون. ئەربەنووس گوندێگە لە ناوچەی ئاڵەشین و قولەر، ئاغجێوان، کانی گورگە، گامێشان و جامەرد ئاواییەکانی دەوروبەری ئەربەنووسن و لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخێکی نزم،

بەڵام سەختی بە پشتەوەیە. ئەربەنووس نیزیک بە چل ماڵ دەبوو خوارەوەی بۆ لای قوولەر دەشتاییەیە، لە جامەردەوە باریکە ڕێیەک دێتە نێو ئاواییو ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێ دەکەوێتە زۆنگاوێکەوە. خەڵکەکەشی زۆر حیزب خۆشەویست و نیشتمانپەروەرن و خاوەنی شەهیدێکیش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دابوون.

ئێوارێ بەرپرسەکانی هێز کۆبوونەوەو کارو بەرپرسایەتییەکان بە ڕێکوپێکی دابەش و دەستنیشان کران. بەپێی ئەو دابەشینە ئێوارە لکی یەک لە نێو ئاوایی، لکی دوو لە ڕۆژاوەی گوندەکەو لکی سێ لە ڕۆژهەڵاتی ئاوایی جێگیر بوون. بۆ یەکیەتیی لاوانی بۆکان و چەند مامۆستای شۆڕشیش کە بۆ ئەو جەولەیە لەگەڵ کەوتبوون، شوێن و ئەرک دیاری کراو لەجێگەی خۆیان دابەش کران ڕێباز و چەند پێشمەرگەی دی لە پێشەوەی دێ لە کەمیندا بوون. پێشمەرگەکان دەست لە سەر پەلاپیتکەو لە سەر هەست بوون، بەڵام تا لای قاوڵتوونێش هیچ باس نەبوو. کاتێ جۆرێ دڵنیایی دروست بوو کە هێزی دوژمن لە پەلامار پاشگەز بۆتەوە، چەند پێشمەرگەیەک لە بەرزاییەکان وەک دیدەبان بە جێ مان و پێشمەرگەکانی دیکە لە نێو ماڵان دا بڵاوەیان کرد، بەڵام هێشتا خۆیان نەکردبۆوە کە بەپەلە بانگ کرانەوە سەر شوێنەکانیان و سەنگەریان گرتەوە. چوار ماشێن لە جامەردەوە سەرکەوتبوون و بە دوای یەکتردا ڕیز ببوون و بەرەو ئەربەنووس دەهاتن. ئەو ڕێگایەی ئەوانی پێدا دەهاتن ئەوبەراوبەریان گەنم بوو. پێشمەرگە لە ناو گەنمەکەداو، لە پێشەوەی دێ خۆیان لە هێزی دوژمن حەشار دابوو. ئەوپەلەی ڕێبازی تێدا بوو سمکۆی لێ بەرپرس بوو. سمکۆ کە هاوڕێی نیزیکی هیوا بوو، ساڵێک دەبوو هاتبۆ دەرێو تێکۆشانی ئاشکرای بە ڕەسمی دەست پێ کردبوو. دوایە کە ڕێباز بوو بە پێشمەرگە، داوای کردبوو کە بۆ پەلەکەی ئەو بگوازرێتەوە تا چاوی بە سەریەوە بێ. سمکۆ لاوێکی جوانچاک و باڵابەرز بوو. کاتێ ڕەختی دەبەستو تفەنگی دەست دەدایە هەر شیرین بوو چاوی لێ بکەی. بیستو دوو ساڵی تەمەن بوو، بەڵام زۆر ڕەوشت بەرز بوو، بە هۆی ئازایەتی و دەست وبردیش لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ببوە سەرپەل. پەلەکەی سمکۆ لە پێشی ستونەکە وەستابوو، هەمزەش بە چەند کەسەوە لەوبەری سمکۆ خۆیان دامەزراند. سمکۆ بە ڕێبازی گوت: ڕێباز گیان ئاگات لە خۆت بێ، ئێستا شەڕ دەست پێ دەکا. دڵنیا بە کە سەردەکەوین بەڵام لە بیرت نەچێ ئەوە سەرەتایەتی، چونکی دوای ئەو هاتنەیان جارەکانی دیکە وەک مەڕی گێژ مل پێوە نانێن. ئەوان ئێستا نازانن ئێمە لێرەینو دەکەونە کەمینەوە، بەڵام هێرشەکانی دیکەیان بەبەرنامە دەبێ و بێجگە لە تفەنگەکانی دەستیان چەکی گەورەشیان لەپشتی شەڕگە بۆ ئاوربارانی سەنگەرەکانی ئێمە ئامادەیە، بۆیە لە کاتی ئاوربارانی چەکی قورس نابێ هەستی و لە هاتووچۆ دابی...

ماشینەکان بە تەواوی نیزیک بوونەوەو پێشمەرگە لە هێزی دوژمن ڕاساو وەبەر بارانی گوللەیان دان. هێزی دوژمن وەها تاسابوو هەر دەستی بۆ نەکراوە، ئەوانەی توانییان هەڵێن خۆیان دەرباز کردو ئەوانی دیکە هەموو کوژران. پێشمەرگەکان کە هیچ زیانێکی گیانییان بەر نەکەوتبوو، بەر لەوەی هێزی یارمەتیدەری دوژمن بگاتە شەڕگە، دەسکەوتەکانی شەڕیان کۆکردەوەو خۆیان بۆ کشانەوە ئامادە کرد. ڕێباز کە دیدی ئەو هەمووە کەلاکەی دوژمن لە شەڕ کەوتوە، ڕوو بەوان دەیگوت ئێوە لێرە چ دەکەن؟ تۆی ئیسفەهانی، تۆی ئەردەبیلی، تۆی قەزوینی، تۆی بیرجەندی بۆ هاتوویە کوردستان و بەشوێن ڕۆڵەکانی ئەو ئاووخاکە ڕادەکەی؟ دەپێم بڵێن خۆتان لە پێناوی چیدا بە کوشتن داوە؟ .....ماشێنەکان لەکار نەکەوتبوون. کەریم، ڕێباز، ڕەحمانو سمکۆ ماشینەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنا، بەڵام لە نیزیک ئاوایی ماشێنی پێشەوە






لە نێو زونگاودا چەقی. هێزی یارمەتیدەری دوژمن کە بە هەواڵی شەڕەکەیان زانیبوو، نەیدەوێرا لە شەڕگە نیزیک بێتەوەو لە دوورەوە تەقەی دەکرد، زیاتر لە دە پێشمەرگە لە ماشێنەکان هاڵابوون و پاڵیان بە ماشێنەکەوە دەنا لە قوڕی دەربێنن. هێزی ڕێژیمیش خۆی ڕیک خستبۆوەو بە تەمای هاتنە پێشێ بوو. دەنگی قەنناسەش پەیدا بوو. لەو کاتەدا گوللەیەک سەری قاسمی گرت. ڕێبازو چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە کۆڵیان کردو بەرەو ئاوایی داگەڕان. پێشمەرگەکانی دیکەش هەوڵیان دەدا ماشێنەکان دەر بێننەوە. هێزی ڕێژیمیش بەرەو پێش دەهات... تا ئەو کاتە تەنیا قاسم بریندار ببوو. برینەکەشی زۆر سەخت بوو. هەمزەو سمکۆو ڕەحمان وێڕای هاوسەنگەرانیان لە پێشی ئاوایی بۆ هێزی تازە نەفەسی دوژمن دامەزران، پێش ئەوەی تەقە گەرم بێ، ماشێنەکان بە ناچاری سووتێندران. ڕێبازو ئەسعەدو خالیدو محەممەد لەگەل سمکۆ لە پێشەوە خۆیان حەشار دابوو. کەمینەکەیان جۆرێک دارشتبوو ئەگەر دوژمن تێی کەوتبا تاقی دەرنەدەچوو. لکی سێ کە ڕۆژهەڵاتی ئاوایی گرتبوو، لکەکەی دیکەو لاوانیش بەشێکی دیکە لە ڕۆژئاوای ئاوایییان بە دەستەوە بوو. هێزی زۆری ڕێژیم لە دوو بەرەوە هێرشی دەست پێ کردبوو. یەکیان لەو شوێنەی کە سەر لە بەیانی تویوتاکانی لێ سووتا بوون،و ئەوی دیکەیان لە بەرەی لکی سێ کە پشتی بە شاخەکانی جامەردو ئۆینەچییەوەیە دابوو، تۆپخانەیەکی قورسیشی لە پشت ئاوایی جامەرد دامەزرابوو. تۆپخانەکە لە پێشدا بە چەکی قورس نێو ئاوایی کوتاو هێدی هێدی هێزی پیادەی ڕێژیمیش لە ژێر ئاوری تۆپخانەدا بەرەو ئاوایی دەهاتنە پێش. نیزیک نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە لای ئاوایی و پێشمەرگەکان لە هەموو بن دیوارو ماڵ و جۆگەلەی پێش ئاوایی وەبەر دەسرێژیان دان. شەڕێکی گەرم لەو بەرەیە دەستی پێ کرد، لە بەرەی ڕۆژهەڵات و لە سەر بەرزاییەکانیش شەڕەکە گەرم ببوو، دوژمن ئەوەندەی هێز ناردبوو کە پێشمەرگە زۆر ئازا نەبایە فریای خەشاب گۆڕینیش نەدەکەوت. ڕێباز هەستابۆ سەرپێ و تەقەی دەکرد کە هەمزە لەوبەرەوە گوڕاندی کوڕە دانیشە دەتکوژن؟ دەنگی هەمزەو ویزەویزی گوللە پێکەوە ڕیبازیان تاساندو لە تەپ و تۆزی ئەو گوللانەی لە نیزیکی دەکەوتن نوقم بوو. سمکۆ زوو فریای کەوتو داینیشاند، فریای ئامۆژگاری زۆر نەکەوتو هەر ئەوەندی گوت کە بە پێوە شەڕ ناکرێ... سیلە لە هێزی دوژمن بگرەو گوللە باوێ. لەو لاوە جەعفەر بانگی هەمزەی کرد کە بەهمەن شەهید بووە... هەمزە کە پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمان بوو و لە شەڕێکی دیکەدا لە گوندی لەگز زگی هەڵدڕا بوو بەڵام چاک ببووە، بە تووڕەیی گوتی شەڕی خۆت بکە جارێ لە شەهید گەڕێ! با ئەو بەرسوورکانە ڕاو بنێین دوایە سەری خۆمان دەخوێنینەوە.

لەلای ڕۆژاوای ئاوایی، دەستەیەک لەگەڵ برایمۆف لە شانەوە لە هێزی دوژمنیان دا. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو. لەو بەرەیەشدا گوللەیەکی دوژمن بەر سەری سمایل کەوتو لە جێدا شەهید بوو. پێشمەرگەکان بە ئازایەتی فشارەکانیان بۆ سەر هێزی دوژمن چڕ کردەوە. هێزی ڕێژیم کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کەلاکیان لە شەڕگەدا کەوتبوون، کەوتە پاشەکشە، بەڵام بە ئاوری تۆپخانە ئاوایی داگرت. ئاوربارانی تۆپخانەکە جۆرێک بوو کە پێشمەرگەکان تەنانەت دەرەتانی کێشانەوەی شەهیدەکانیشیان نەبوو... لەو کاتەدا سێ هێلیکۆپتێرپش هاتنە ئاسمانی شەڕگەو بە هەموو ئەو چەکانەی پێی بوو گوندەکەو دەوروبەریان بە گوللە کێڵا. لەو کاتەدا ڕێباز لە گەڵ رسوڵ و محەممەد و برایم و کەریم دوو شەهیدەکەیان بۆ ئەو سەری ئاوایی دەبرد، کە کەوتنە بەر ڕەهێڵەی راکێتی هێلیکۆپتێرو ڕەسوڵ و محەممەدیش لەوێ شەهید بوون....

ڕەسوڵ خەڵکی بۆکان و مامۆستای شۆڕش بوو، محەممەدیش خەڵکی قوروەو پێشمەرگەی هێزی بەیان بوو. لەو ڕێژنە گوللەیەدا کەریم و برایمیش بە سووکی بریندار بوون، لەو پێنج کەسە تەنیا ڕێباز بوو کە بە ساغی دەرچوو... .

شەهیدەکانی ئەو شەڕە بوون بە چوار کەس، ڕێباز لە گەڵ دوو برینداڕەکە خۆیان لە چاڵە گەنمێکی بەتاڵدا مات کرد. تا ئاوری تۆپخانەو






هێلیکۆپتێرێ کەم بێتەوە.

فەرماندە خەلیل بەهۆی برینداربوونی قاسم تەواو ناڕاحەتی پێوە دیار بوو. لەو کاتەدا لە گەڵ ڕەحمان و پێشمەرگەیەکی دیکە بەویدا هاتن و خەلیل چاوی بە چوار شەهیدەکە کەوت، ڕێباز زوو هاواری کرد وەرنە ئێرە، ئەو دووانەش بریندارن، خەلیل لەگەڵ ڕەحمان و پێشمەرگەکەی دیکە چوونە لایان تا ئاوری تۆپخانە کەم بۆوە لەوێ خۆیان حەشاردا. دواتر کەریم و برایم بردرانە لای قاسم کە پێشتر بریندار ببوو، ڕێبازیش لەگەڵ ڕەحمان و پێشمەرگەکە شەهیدەکانیان لە حەوشەی ماڵێک داناو پاشان لەگەڵ خەلیل چوونە لای هەمزە و سمکۆو برایمۆف. خەلیل لە سەر وەزعی شەڕەکەو بەرەبەرکانی لەگەڵیان دوا. پێشمەرگە لە دەسکەوتەکانی کە لە هێزی ڕێژیمیان گرتبوو، خەشابەکانیان پڕکردەوە و ئامادەی بەربەرەکانییەکی دیکە مانەوە .

لە بەرەی سەرەوەش، پێشمەرگەکانی هێزی دوژمنیان تێک شکاندبوو خەریک بوون خۆیان ڕێک دەخستەوە. برایمۆف دوای تاوتوێ کردنی ڕووداوەکانی شەڕ لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی هێز بۆ بەرەی خۆی واتە ڕۆژاوای ئاوایی گەڕایەوە.

لای ئێوارێ سەر لە نوێ هێرشی تۆپخانە دەستی پێ کردەوە ئەوە، ئەو پەیامەی بە پێشمەرگەکان دەدا کە دیسان هێرشی پێ‌ڕەویان دەکرێتەوە سەر. هەموو پێشمەرگەکان لە سەنگەردا خۆیان توندوتۆڵتر کردو قامک لە سەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانی دوژمن و بەرگری لە خاک و نیشتمان بوون. هیندەی پێ نەچوو جاش و پاسدار لە ژێر ئاوری تۆپخانە جارێکی دیکە خۆیان لە ئاوایی نزیک کردەوە. ڕێژیم ئەمجارە هێزێکی زیاتری لە شارەکانی سایینقەڵا، میاندواوو بۆکانڕا هێنابوە مەیدان. شەڕێکی گەرم دەستی پێ کردەوە. ڕێبازو هاوسەنگەرانی دەرەتانی ئەوەیان نەبوو کە بە هێواشی قسە لەگەڵ یەک بکەن. هەر لە ماڵەکانی یەکەمەوە شەڕی قورس دەستی پێ کرد. لە شاخی ڕۆژهەڵاتی ئاواییش شەڕەکە گەرمتر بوو، چونکی ئەو چیایەی ڕۆژهەڵاتی ئاوایی بۆ هەرکام لەلایەنی شەڕ گرینگیی ستراتیژی هەبوو. هێزی ڕێژیم زۆری هەوڵ بۆ گرتنی ئەو چیایەداو هەموو جارێ بە چەند کوژراو بریندار پاشەکشەی پێ دەکرا. هێزی زۆری دوژمن دوای نیزیک یەک سەعات شەڕ نیوەی ئاوایی‌یان لە دەستی پێشمەرگە دەرێناو داگیریان کرد. ئەوەش بۆ پێشمەرگە زەنگی مەترسی بوو، چونکی ئەگەر تەواوی گوندەکەیان لە دەست دەرێنابان، کارەساتێکی گەورە درووست دەبوو، لەبەر ئەوەی خوار ئاوایی هەموو دەشتایی بوو. لە دەشتاییشدا شەڕ لەگەڵ هێزی دوژمن بە پاڵپشتیی تۆپخانەو هێلی کۆپتێر نەدەکرا. فەرماندە خەلیل بڕیاری دا کەس بۆی نیە بکشێتەوەو بە هەموو سەرپەل و بەرپرسانی هێزو پیشمەرگەکانی ڕاگەیاند کە تا دوایین گوللە لەو ئاوایی‌یەدا شەڕ دەکرێ‌و دەبێ هێزی ڕێژیمی لێ دەرکرێ.

خەڵکی ئاوایی لە ماڵەکانیاندا خۆیان شاردبۆوەو هەر کەسەو لەجێییەکی ئەمندا خۆی مات کردبوو. شەڕ ئەوەندە گەرم بوو هیچ کۆچەو کۆڵانێک نەبوو کە گرمەی نارنجەک، یا لە سەربانان تەقەی تەفەنگی لێ نەیە، ئاوربارانی تۆپخانەش هەر درێژەی هەبوو، زۆربەی ماڵەکان بەر گوللە تۆپو خۆمپارە دەدران. هێزەکانی ریژیم کاتێک ماڵەکانی پێشەوەیان داگیر کرد، بێبەزییانە کەوتنە گیان خەڵک و پەلاماریان دان. هەر لە یەکەم چرکەکانڕدا سێ پیرەپیاوی تەمەن سەروو ۶۰ساڵی نێو ئاوایی‌یان کوشت. دروێش سوڵتان، مام عەلی و مام ڕەشید لە حەوشەی ماڵی خۆیان و بەبەرچاوی ژن و منداڵیان درانە بەر دەسرێژو کوژران.

تۆپێکی ۱۰۶ میلیمو دۆشکەیەک بە دووری ۵۰۰ میتر لە ئاوایی بە پشت هێزەکانی ڕێژیمەوە بۆ پشتیوانی لەوان دامەزرابوو. پێشمەرگەکان کە






شەڕی مان و نەمانیان دەکرد، بە گوڕو تینێکی دیکەوە بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوەو بە کەمتر لە سەعاتێک هێزەکانی دوژمنیان لە ئاوایی وەدەرنایەوە. ڕێباز لەگەڵ سمکۆو عوسمانو چەند پێشمەرگەی دیکە پێو شوێنی جاش و پاسدار کەوتبوون و راویان دەنان کە چاویان بە مەنسوورو لەتیف کەوت کە تەرمی بێ گیانیان لە کۆڵان کەوتبوو. دوای کشانەوەی هێزەکانی ریژیم لە نێو ئاوایی شەڕەکە لە دەوری گوند گەرم داهات. تۆپی ١٠۶ میلیم و دۆشکە نێو دێیان بە دڕەندانەترین شێوە دەکوتا. لە جامەردیشەوە بە خۆمپارەی ١٢٠ میلیم سەنگەرەکانی پێشمەرگەو نێو ئاوایی خۆمپارەباران دەکراو سەرباقی ئەوەش سێ هێلیکۆپتێرەکەش جارێکی دیکە هاتنەوە ئاسمانی شەڕگەو جۆرێک گوندی ئەربەنووسیان ئاورباران دەکردکە تەواوی لە چەرە دووکەڵ و ئاگردا نوقم ببوو. ڕێبازو زیاتر لە دە پێشمەرگەی دیکە لە پێشەوەی ئاوایی لە سەنگەر دابوون، سمکۆ لە لایەک و هەمزەش لە لایەکی دیکەوە بەو پێشمەرگانە ڕادەگەیشتن و ڕێنوێنییان دەدانێ. سمکۆ کاتێ زانی هێزی رێژیم غیرەتی هاتنە پێشەوەی نیە، لە هەمزە جیا بۆوە تا بۆلای پێشمەرگەکانی بەرەی خۆی بچێ، بەڵام لە نێو دەرگای حەوشەیەکدا تۆپێکی ١٠۶ میلیم لە بن پێی دراو زیاتر لە دە میتری فڕێ دا، ڕێباز کە چاوی بەو ڕووداوە کەوت، خۆی پێ نەگیراو یەک بەخۆی هاواری کرد کە سمکۆ شەهید بوو... هەمزە کە گوێی لە دەنگی ڕێباز بوو، ویستی خۆ بگەیەنێتە سمکۆ. گوللە وەک برێشکە بەرەو ئاوایی دەتەقی. بەڵام هەمزە گوێی نەدەدایە، پێی وابوو سمکۆ بریندارەو لەوانە پێویستی بە یارمەتی بێ، بۆیە لە هەر دەرفەتێک کەلکی وەردەگرت و چەند هەنگاوێک لە سمکۆ نیزیک دەبۆوە کە لە نێوەڕاست کۆڵانەکە کەوتبوو. گەیشتە لای سمکۆ و ویستی لە باوەشی بکا کە لەو ڕێژنەبارانە بە گوللەیەکی دوژمن پێکراو لە باوەشی سمکۆدا شەهید بوو. ڕێبازی کەم ئەزموون لە تاوان ئاوری گرتبوو، نەیدەزانی لەو ئاوربارانەدا دەبێ چ بکاو چۆن خۆی بگەیەنێتە لای هەمزەو سمکۆ. هەرچی هاواری دەکرد کەس وەڵامی نەدەداوە. لەو قرمەو هەڵایەدا قسەیەکی سمکۆی بیر کەوتەوە کە لە کاتی شەڕدا تەنیا شەڕ بکەو واز لە شەهیدانە بێنە کە لە شەڕگە تەرمەکانیان کەوتوون، دوایە کە هێزەکانی دوژمنمان ڕاونا دەچینە لایان... لەو کاتەدا خەلیل خەلەبان هاواری لێ بەرز بۆوە کە ڕێباز وەرە بۆ لای عوسمان. هێزی ڕێژیم لەگەڵ ئەو ئاوربارانە هەوڵی گرتنی ئاوایی دەدا، بەڵام ئەمجارەش هەوڵەکانی بێ ئاکام مایەوە. ئەوەندە کەلاکەی کە لەبەر دەستی هێزی پێشمەرگە کەوتبوون زیاتر لە سەد کەس دەبوون، بەڵام بەو حاڵەش ڕێژیم وازی نەدەهێنا. پێشمەرگەکان لەو دەرفەتەدا کە هێزەکانی دوژمن خۆیان بۆ پەلامارێکی دیکە ڕێک دەخستەوە، زوو بریندارەکانیان بۆ خوار ئاوایی گواستەوە. فەرماندە خەلیل کە دەیزانی ناوچەکە زۆر هەستیارەو ڕێگایەکی دوورو درێژیشیان بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەیەکی ئەمن لەبەرە، هێزەکەی بۆ کشانەوەی تاکتیکی ئامادە دەکرد. یازدە سەعات شەڕی بەردەوام، لە بەرەی دوژمن زیاتر لە سەدو پەنجا کەس کوژرابوون، بەڵام پێشمەرگەکانیش هەشت شەهیدیان دابوو، نۆ پێشمەرگەش بریندار ببوون، بە تایبەت ئەوەی کە برینەکەی قاسم سەخت بوو. بەهۆی ئەو گوللەیەی وەسەری کەوتبوو، دەستێکو لاقێکی لە کار کەوتبوون .

کاتێک پێشمەرگە لە ئاوایی هاتنە دەرێ، خەڵکەکەش لە ترسی قینی هێزەکانی ڕێژیم نێو دێیان چۆڵ کرد، لەو کاتەدا بە هێلیکۆپتێر تەواوی دەوری ئاوایی و نێودێ ئاگر درا، تاقە ماڵێک نەبوو کە جێگای تیکە خۆمپارەو تۆپو گوللەی پێوە دیار نەبێ. ڕێباز تەواو شەکەت و ماندوو بوو. بۆ ئەو کە پێشمەرگەیەکی تازەو کەم ئەزموون بوو، ئەو شەڕە قورسە هەم لەپێی خستبوو، هەم لە باری ڕووحیەوە کاریگەریی زۆری لەسەر دانابوو. شەهیدبوونی هەشت پێشمەرگەی هاوڕێی، بە تایبەت سمکۆ کە هاوڕێی کاکە هیوای و لەویش یەگجار نیزیک بوو، خەمێکی قورس بوو کە بەرۆکی بەر نەدەدا. هەودای خەیاڵی جارجارە بە گرمەی ڕاکێتی کۆپتێرەکان دەپسا، بەڵام دیسان لە دەریای بیرەوەریی هاوڕێیانی شەهیدیدا نوقم دەبۆوە، بیری لەوەش دەکردەوە کە ئەگەر ئەو یەکێک لەو شەهیدانە با، بلێی بنەماڵەکەی چ شینێکیان بۆ کردبا، ئەمجارە کە هیچ، بەڵام ئەو ڕێگەیەی ئەو گرتبوویە بەر ئەوی لەو ئەگەرو پاشەرۆژە نەدەپاراست...






خۆر بەرەبەرە لە کزی دەداو تیشکە بەهێزەکانی بە پشت کێوو پێدەشتەکانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان دا بڵاو دەکردەوە. پێشمەرگەکان شەهیدەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناو لە قوولەر، نیزیکترین گوند لە ئەرِبەنووس ڕادەستی خەڵکی دڵسۆزو بەئەمەگیان کردن تا بە خاکیان بسپێرن....

پێشمەرگە شەکەت و ماندوو وێڕای بریندارەکانیان بە هیلاکیو شەکەتی ریزیان بەست و بە دوای یەکدا بەرەو ناوچەی ئەحمەدی کۆرو بۆ گوندی قارِنجە کەوتنە رێ. ئەوان ئەگەرچی یەک ڕۆژی تەواو شەڕیان کردبوو، ئەگەرچی نە دەمیان بۆ پارووەنانێک بردبوو، نە قومە ئاوێکیان خواردبۆوە، ئەگەرچی هەشت ڕۆڵە، هەشت هاورێو هەشت شۆرەسواریان لە دەست دابوو، بەڵام ورەیان بەرنەدابوو، ئیمانیان لە کزی نەدابوو، سوورتر لە ڕابردوو هەنگاویان دەناو ئەگەرچی دەیانزانی لە بری ئەو هەشت شەهیدەی داویانە کەلاکی زیاتر لەسەد جاشو پاسداریان لە شەرِگە خستوە، بەڵام هەرکام لەوان لە خەیاڵگەیان دا بیریان لە عەمەلیاتێک بە یادی ئەوان و بە تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاویان دەکردەوە.

بەرە بەیان بوو. لە نزیک جادە رێبازو ساڵەو سمایلو چەند پێشمەرگەی دیکە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون، لە پێشەوە سەر جادەی میاندواو . بۆکانیان تاقی کردەوەو لەوێ مانەوە تا هەموو پێشمەرگەکان و بریندارەکان لە جادەو چۆمی تەتەهوو پەرِینەوەو لە گوندی قارِنجە لایان دا. قاسم برینەکەی زۆر سەخت بوو، بەیانیو پاش پشوودانێکی کورت ڕێباز چووە سەردانی. فەرماندە خەلیل لەلای دانیشتبوو. قاسم بە سەختی قسەی دەکردو کەم کەسیشی دەناسیەوە. ئەو ڕۆژە دوژمن چەند مانۆرێکی لە سەر جادەو گوندەکانی دەوروبەر لێ دا، بەڵام هێزی پێشمەرگە خۆیان تێ نەگەیاندو ئێوارێ لە قارنجەرا بە تراکتۆر بەرەو لای گەورکایەتیی مەهاباد کەوتنە رێ. تاهیر خەلیلی بە بۆنەی ئەو شەهیدانەوە سروودی لە " تەرەغەی سەربەرزەوە " ی دانابوو. پێشمەرگەکان لەگەڵ تاهیر خەلیلی بەدەم ڕۆیشتن و بەدەم رێگاوە تێیان هەڵ کردبوو: " هێزی پێشمەرگە نابەزن، شۆرِشگێرن هەموو ئەورۆ"......








## چاردە [ ١٤ ]

هاوینی گەرم دەستی پێ کردوەو خەڵک لە گوندەکان بێ وچان لە ماڵێ و مەزرا خەریکی کارو تێکۆشانن. پێشمەرگەش لە هەموو گوندێکەو لە هیچ گوندێک نیە، شەڕی پارتیزانی دەکاو تەنگی بە دوژمن هەڵچنیوە. بارودۆخی کوردستان گۆڕاوەو ئالوگۆڕ بە تەواوی بە سەر جۆری خەباتی پێشمەرگەش دا هاتوە. پێشمەرگە شەڕی جبهەیی ناکاو شێوازی شەڕی پارتیزانی لە دژی هێزەکانی ڕێژیم بەکار دێنێ.

ڕێژیمیش بەردەوام مۆڵگەکانی لە گوندەکان و سەر گردو تەپۆڵکەکان پەرە پێدەدان و بە گشتی دەستی بەسەر زۆربەی گوندەکان دا داگرتبوو. پێشمەرگە نە بنکەی جێگیری هەبوو، نە کومیتە شارستانی نەگۆڕ. کومیتە و هێز هەموو پێکەوە لە ناوچەدا هەڵدەسووڕان و هەرکەس ئەرکی پێ ئەسپێردراوی خۆی بەڕێوە دەبرد. قاسم کە بە توندی بریندار ببوو، بۆ چارەسەری بەڕێی نەخۆشخانە کرابوو. برایمۆف لە جێگای قاسم وەک فەرماندەی لک داندرابوو. برایمۆف پیاوێکی رەش ئەسمەر، باڵابەرز، گورجو گۆڵ و هەڵسووڕ بوو. ئازایەتی و ماندوویی نەناسی تایبەتمەندی یەکی دیکەی برایمۆف بوو. ئەو کە بەشداری لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا کردبوو، ئەزموونێکی زۆری لە شەڕی پارتیزانی و لێدانی کتوپڕ لە هێزەکانی دوژمن هەبوو. لەو هاوینەشدا پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی بۆکان چەند عەمەلیاتێکی کردبوو. لە گوندی قاراوە، لە جادەی بۆکان _ میاندواو و جادەی سەقز _ بۆکان هێرشی کردبۆ سەر هێزەکانی دوژمن و تێکی شکاندبوون. لە هەموو ئەو عەمەلیاتانەدا ڕێباز وەک پێشمەرگەیەکی بەزیپکو زاکوون، ئازاو بە دەست وبرد دەرکەوتبوو. جیا لەوەش وەک نموونەی ئەخلاق و ڕەوشت بەرزی لە نێو هێزو لە ئاوایی یەکان چاوی لێ دەکرا....

حەوتوویەک لە پاییز تێپەڕیبوو. هێزی بەیان بۆ دووهەمجار لە پازدە ڕۆژدا چوونە سەر جادەی بۆکان _ میاندواو بۆ ئەوەی زەبرێکی دیکەش لە دوژمن بدەن. ڕێباز وەک تیمی هێرشبەرو بۆ کەمینی سەرەکی دیاری کرابوو. فەرماندەیی ئەو تیمە لە ئەستۆی وەستا ئەحمەد بوو. ئەو تیمە دوانیوەڕۆ بە درێژایی دوو کیلۆمیتر سەرجادەی گرت، پێشمەرگەکان هەموو خۆیان بە قەراغی جادەکەوە مەڵاس دابوو کە لە پڕ تویتایەکی پڕ لە پاسدار کەوتنە کەمینەوەو لەلایەن پێشمەرگەکانەوە هێرشیان کرایە سەر. چەند دەقەی نەگرت کە شەش کەسیان لێ کوژراو سێ کەسەکەی دیکەشیان بە دیل گیران. چەند دەقیقە دواتر دوو تویوتای دیکەش کە یەکیان دۆشکەی لەسەر دابەسرابوو، هاتنە شەڕگەو کەوتنە کەمینەوە. پێشمەرگەکان دەستو بردیان کردو دایان گڕانە سەریان. نیزیک سەعاتێک دواتر دوازدە کەس لەوانیش کوژران و چوار کەسیان بە دیل گیران. بڕیار درا کە جادە چۆڵ بکرێ و هێزەکە بۆ دواوە بکشێتەوە. وەستاو رەحمان و ڕێباز و ئەحمەد و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە دەسکەوتەکانی شەڕیان کۆ کردەوە. وەستا ئەحمەد لەگەڵ چەند کەس لە پێشەوە بۆ ئەوبەری چۆمەکە وەڕێ کەوتن. رەحمان حەوت دیلەکەی ڕیز کردو دەیەویست ئێعدامیان بکا. ڕێباز هاواری کرد کورە ڕەحمان ئەوە چی دەکەی؟ گوتی ئێعدامیان دەکەم؟ ساڵەش لەولاڕا لێی وەدەنگ هات و گوتی نابێ ئەو کارە بکەی، ئەوانە خۆیان بە دەستەوە دا.

ڕەحمان گوتی ئەوانە لە شەڕدا گیراون و نابخشرێن!

ڕێباز کە هەم پێشمەرگەیەکی ئازاو هەم کوڕێکی ژیرو تێگەیشتووش بوو، هاتە لای ڕەحمان و گوتی لە هیچ قانوونێکدا نیە کە دیل بگری و ئێعدامی بکەی، جیا لەوەش ئێمە هەر ئەوڕۆکە زۆرمان لێ کوشتوون. شەڕی ئێمە بۆ کوشتنی هێزەکانی دوژمن نیە، بەڵکوو بۆ تێگەیاندنی ئەوان لە پەیامی خەبات و تێکۆشانمانە، بۆ ئەوەیە پێیان بڵێین کە بۆ شەڕ دەکەین، بۆ بەرگری لە خۆمان دەکەین، بۆوەی پێیان بلین ئەوە ئەوانن هاتوونە سەر خاکی ئێمە، بۆ ئەوەی تێ بگەن خەباتمان خەباتێکی ڕەوایە، هەر بۆیەش ئازاد کردنی ئەوانە قازانجی زیاترە و






سیاسەتی حیزبیش هەر ئەوە دەڵێ.

ڕەحمان چاوی لە زاری ڕێباز بڕیبوو. ڕێباز دڵخۆشیی ڕەحمانی داوەو گوتی دڵنیابە ئازادکردنی ئەو دیلانەو ئەوەی ئەوان دوایە دەیگرێنەوە، دە ئەوەندەی عەمەلیاتەکەمان لە ئێراندا دەنگ دەداتەوە، خۆ ئەگەر بەوەش بێ کە ئەوانە دەبێ ئێعدام بکرێن، ئەوە منم کە دەبێ لە هەموو ئێوە سوورتر بم، چونکی براکەم بە دەستیان کوژراوە، بەڵام ئیمانم بەو سیاسەتەی حیزبەو هەر دەبێ واش بکەین....




بەو قسانەی ڕێباز، ڕەحمان لە کوشتنی دیلەکان پەشیمان بۆوە....

دیلەکان دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە نێو هێزدا و گەڕان بە دێهاتو ناوچەو، بینینی باوەشی کراوەی خەڵک بۆ پێشمەرگەکان و ئاشنابوون بە سیاسەتو نێوەڕۆکی خەباتی حیزبی دێموکڕات ئازاد کرانو هەر وەک ڕێباز گوتبووی ئازاد کردنیان لە هەموو ناوچەدا دەنگی دایەوەو لە نێو خەڵکدا پێشوازی باشی لێ کرا. دیارە هەبوون کەسانێکیش کە لە دڵیان گران بوو ئەو کەسانە کە شەڕیان کردوەو خزمەت بە ڕیژیم دەکەن، بۆ دەبێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن، ئەوەش زیاتر هۆکاری دەروونی هەبوو، پێشمەرگە هەبوو چەندی هاوڕێی لە باوەشیدا شەهید ببوو، خەڵک هەبوو بە دەست جاش و پاسدارەوە جەزربەی زۆر درابوو، بەڵام ئەوانیش کاتێ ڕقو هەستی تۆڵەیان لە خۆیان دووردەخستەوەو بە وردی بیریان دەکردەوە، دەیزانی کە کاری دروست هەر ئەوەیە ئەوان ئازاد بکرێنو وەک باڵوێز ڕاستەقینەکانی کوردستان بۆ لای هاوڕێکانیان، بنەماڵەکانیان و خەڵکی شارو دێهاتەکانیان بەرنەوە .....

ئەو عەمەلیاتەی هێزی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی کوردستان، بە تایبەت ئەوەی کە پێشمەرگە هەموو سڵامەتو تەنانەت لووتیان لە خوێنیش نەهاتبوو، دوایەش ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ دیلەکانی شەڕ کردبوویان، هەموو ئەوانە گەشە و نەشەیان خستبۆ دڵی خەڵکی ناوچەکەو سووتانی ماشێنەکانی ڕێژیم بە دەستی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات پێشمەرگەکانیش....

لەو پاییزەدا حکومەت پەلاماری زۆر ناوچەی گەورکی مەهابادو مەحاڵێدەدا کە پێشمەرگە زۆرتر بۆ پشوودان لەو ناوچانە دەمانەوە. دوژمن لە هەموو ناوچە موڵگەی دانابوو، بە هێزی زۆرو کۆک و پۆشتە تەیاری کردبوون و بە گومانی خۆی بەوە توانیویەتی کوردستان بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆیەوەو هەموو جموجۆڵیک کۆنترۆڵ بکا ....






پێشمەرگەکانی هێز بۆ کۆبوونەوەیەک لە گوندی نۆبار بانگ کرابوون. فەرماندە خەلیل خەلەبان لە سەر داوای دەفتەری سیاسی دەگەڕاوە دەوری دەفتەرو "چرچەی بارام میرزا"ی لە جێی داندرابوو. ماڵاوایی فەرماندە خەلیل خەلەبان لە کاتێک دابوو کە هێزی بەیانزو لکی دووی هێزی پێشەوا عەمەلیاتێکیان لەنێو شاری بۆکان بە دەستەوە بوو، (١٢) هەر بۆیەش هەموو بەرپرسانی نیزامیی هێز لە شوێنێک کۆبوونەوەو وردەکاریی عەمەلیاتەکەو دیاریکردنی شوێنی پەل و دەستەکان تاوتوێ کران، ڕێباز ئەو کات و دوای شەهیدبوونی سمکۆ چووبوە پەلی ڕەحمان و لەو عەمەلیاتەش دا کە لە نێو شاری بۆکان کرا، هەر پێکەوە بوون...

شەو تاریکانە و تەنیا خشپەی پێی پێشمەرگەیە دڕ بە بێدەنگیی شەو دەدا. تەنیا هەڤدە ڕۆژ لە پاییز تێپەڕیوە. پێشمەرگەکان لە نزیک ئاوایی کۆستە لە چۆمی تەتەهوویان داو بەرەو بۆکان پەڕینەوە. سەفی دوورو درێژی پێشمەرگە کە ئەوسەراوسەری دیار نەبوو، بە قەراغ بۆکاندا تێپەڕین. گەشتی هێزەکانی ڕێژیم کە لە دەوری کولتەپە لە کەمین دابوون، وەک بڵێی هەستیان بە شتێک کردبێ، تەقەیان لە شتی نەدیو کرد. پێشمەرگەکان خۆیان بە عەرزی دادا، بەڵام تەنیا چەند گوللەیەک هاویشتراو دوایە بێدەنگی بەسەر شاردا زاڵ بۆوە. پێشمەرگەکان لە سەرەخۆو بێدەنگ بە پشت ناڵەشکێنەدا داگەڕانە نێوشارو بەپێی بەرنامەی لە پێشدا دارێژراو خۆیان بۆ عەمەلیاتەکە ڕێک خست. ڕێباز بەردەوام لەگەڵ ڕەحمان لە هاتووچۆ دابوو. ئەوان زوو خۆیان گەیاندە سەرجادەو تا پێشمەرگەکان لە جادەی کەمەربەندی پەڕینەوە. لەو عەمەلیاتەدا هەیاس و چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانیش لە سەر داوای خۆیان و ڕەزامەندیی کومیتە شارستان لەو عەمەلیاتەدا بەشدار بوون. زیاتر لە سەدوپەنجا پێشمەرگەی ئازاو بوێر بێ ئەوەی دوژمن کەمترین هەست پێ بکا لە نێو شاری بۆکانو لە شوێنە دیاریکراوەکان جێگر بوون. ئەو ماڵانەی پێشمەرگەکان ڕوویان تێ کردبوو لە خۆشییان شاییان لە دڵیاندا دەگەڕا.....

ئەو شەوە پێشمەرگەکان لە بێدەنگیی تەواوداو زۆر بە بەرنامە لە نێوشاردا مانەوەو لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆیەدا عەمەلیاتەکە بە یەکەمین تەقەی چرچە لە شەقامی کەمەربەندی دەستی پێ کرد. یەکەم زیانی دوژمن تویوتایەک بوو کە هەردوو سەرنشینەکەی لە جێدا کوژران. سەدو پەنجا پێشمەرگە دەستەو تفەنگ بە بیستنی دەنگی تەقە ڕژانە نێو کۆڵان و شەقامەکانی شارو، بەپێی بەرنامەی وردی پێشوویان ڕوویان کردە هێزو بنکەکانی ڕێژیم و دەرەتان و حەجمینیان لێ هەڵگرتن. ڕێژیم کە بە تەواوی لەو هێرشە گورچکبڕە تاسابوو، ورەی بەربەرەکانی نەبوو. تا ئێوارێ کۆڵان بەکۆڵان لە هێزەکانی دوژمن پاک کرانەوە. کەلاکی پتر لە سەدو بیست کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە سەر شەقام و نێو کۆڵانەکان کەوتبوو جیا لەوە پێنج ماشێنی تویوتا، سێ بێنزی باری، سێ پەیکان، یەک کومپرێسێر، دوو ئامبوڵانس، چوار نیسان، دوو لۆدێر، یەک ئەتڵەس، یەک بۆڵدزێر، یەک ترێلی هەژدە تگەری پڕ لە تەداروکاتی ڕێژیم تا ئێوارە سووتێندران. لەنێو گەرمەی شەڕدا دەیان لاوی نێوشار کە دەمو چاویان بەستبوو، یارمەتیی پێشمەرگەکانیان دەداو دەرگای هەموو ماڵان بەڕووی پێشمەرگە کرابۆوە، بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا لە ئامێزیان بگرن. ڕێبازی ئازاو ڕووحسوک لە هەموو شوێنەکان دیار بوو، لە هەر جێیەک تەقە گەرم بوایە، ڕێباز خۆی دەگەیاندێ، ڕێباز بیری کاکە هیوای کەوتبۆوە، ئەو کاتەی لە بن پۆلەدارەکەی قەراغ ئاوایی دانیشتبوون و هیوا باسی عەمەلیاتەکەی نێوشاری بۆ دەگێڕاوە، ئەوەی ئەو کات هیوا دەیگوت، ئێستا بە چاوی خۆی دەیبینی، ئێستا ئەو لە جێی هیوا بوو... دەنگی هاوارێک هەودای خەیاڵی ڕێبازی پساند. چاوی گێڕاو دیتی ڕەحمان بریندار بووە. ڕەحمان لەو بەری جادەکە لەگەڵ چەند برینداری دیکە دانیشتبوو. ڕێباز کە زۆر بەپەرۆش بوو، چاوی لە جادەکە بڕی بزانێ هێزی دوژمن دیارە یان نا، کەسی بەرچاو نەکەوت. بە هەڵاتن بۆ ئەوبەری جادەکە ڕۆی، بەڵام لەلای مەیدانی فوتباڵەوە وەبەر رەگباریان دا. ڕێباز خۆی گەیاندە ئەو بەری جادەکەو لەلای ڕەحمان دانیشت.

١٢- لەو عەمەلیاتەدا چوار کەسی مجاهیدینی خەلق لە گەڵ بوو.






سەیرێکی برینەکەی کرد. برینێکی قووڵ بوو کە دەستی ڕەحمانی لە کار خستبوو...

شەو باڵی بەسەر شار کێشابوو، ڕێژیم کە توانای هیچ جموجۆلیکی نەبوو، پەیتا پەیتا نوورئەفکەنی بەسەر بنکەکانیدا بڵاو دەکردەوە تا بنکەکانی لە هێرشی هێزی پێشمەرگە بپارێزێ. شەڕەکە تەواو ببوو. بەپێی بەرنامەی پێشوو دەبوا بکشێنەوە. پێشمەرگەکان لە شوێنی دیاریکراودا کۆبوونەوە. لەو عەمەلیاتەدا کە سەدان کوژراوی ڕێژیم لە شەڕگەدا بەجێ مابوون و دەیان ماشینیان سووتێندرابوو، لەهێزی پێشمەرگە رەحیم لە چوار کەسەکەی مجاهیدین شەهید بوو، تەنیا ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار ببوون. پێشمەرگەکان دوای خۆڕێکخستنەوە لە کاتێکدا ڕێباز تفەنگەی رەحمانیشی هەڵگرتبوو، بەرەو گوندی نۆبار کەوتنە رێ ....

بە دوای ئەو عەمەلیاتەدا خەلیل خەلەبان ماڵاوایی لە هێزی بەیان کردو گەڕاوە بنکەی دەفتەری سیاسی....

هەرلەو پاییزەدا دوو بەرپرسی نیزامیی هێز بە  چەک و چۆلەوە خۆیان ڕادەستی دوژمن کردو هەر دەسبەجێش بوونە جاش. یەک لەوان لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا ڕێبازی زۆر خۆش دەویست، هەر بۆیەش زۆر لە پێشمەرگەکان پێیان وابوو کە لەوانەیە کاریگەریی کردبێتە سەرڕێبازیش، بەڵام ڕێباز ئەو کوڕە نەبوو کە شتی لە دڵ و مێشکیدا هیچ گومانێک دروست بکا. بەڵام هەر ئەو ڕووداوە وای کرد کە فەرماندەرانی هێز گەڵاڵەی عەمەلیاتێکیان لەلا دروست ببێ. گەڵاڵەکە کوشتنی چەند جاشێکی شاری بۆکان بوو کە لە خۆشخزمەتی و بۆ ڕێژیم و ئەزیەت و ئازاری خەڵکدا ئاویان لە ئاوەڕۆ دەرکردبوو. لە سەر بڕیاری کومیتە شارستان و هێز بڕیار درا کە ڕێبازو پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی ڕەحمان بۆ کوشتنیان بچنە نێو شار. گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە وابوو کە ئەوان بە چەکەوە خۆیان ڕادەستی ڕێژیم بکەنەوەو دوای ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی بۆوە، ئەو کات عەمەلیاتەکە بەڕێوە ببەن. ڕێبازو رەحمان خۆیان پێچاوەو لە شوێنێک خۆیان ڕادەستی دوژمن کرد. ئەوان ماوەی چەند ڕۆژ لە ئیدارەی ئیتلاعات بێنەو بەرەیان پێ کردن و دواتر لە کۆڵیان بوونەوە. بڕیار درا حەوتووی جارێک بچن و سەردانی ئیتلاعات بکەنەوە .

چەند ڕۆژێک تێپەڕی. ئێوارەیەکیان ڕێبازو ڕەحمانی لە سەر شەقامی سەرەکیی شار تووشی جاشەکە دەبن. جاشەکە پێی گوتن" ئەگەر بە قسەم دەکەن بڕۆنەوە شاخی و لەو قوڕەکاریيە گەڕێن." ڕێباز گوتی شاخی چی کاکە ئەوە دەڵێی چی؟ ئێمە هاتووینەوەو خۆمان بە دەستەوە داوە...


شەهید یوسف ئەحمەد دووژن
شەهید عەولا ئەحمەد دووژن

ئەو جاشەی بەرنامەی کوشتنیان بە دەستەوە بوو، بە چەک و ڕەختەوە بەرامبەریان وەستابوو. ڕێباز پێی وابوو هەلی لەوە باشتریان بۆ هەڵناکەوێ. بیری لەوە دەکردەوە کە خۆ بە جاشەکە داداو بیخاتە قاناوەوە. دوایەش دەست دەنە چەکەکەی و هەر لەوێ بیکوژن و دەرباز بن. دوایەش بە خۆی دەگوت نا کوڕە جارێ کاتی ئەوە نیە. لە دەرفەتێکی باشتردا ئەو کارە دەکرێ، ئێستا ئەوان چەکیان نیەو ئەویش چەکدارە، کێشە ئەوە نیە کە بگیرێن یان بکوژرێن، بەڵام گرینگ عەمەلیاتەکەیە کە دەبێ بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێ.

ڕێباز ئەو قسانەی لە دڵی خۆیدا دێناو دەبرد کە جاشەکە دەستی لە سەر شانی داناو گوتی بە قسەم بکە ڕێباز واز لەوە بێنەو بگەڕێوە.






سبەی بتبینم و چاوم پێتان بکەوێتەوە بە گرتنتان دەدەم، ئەو جار دەزانن کیلۆیەک چەند پووتە.

ڕێباز و ڕەحمان چوونە ماڵی باوکی ڕێبازو چەند ڕۆژ لە ئاوایی مانەوە، دوایە گەڕانەوە بۆکان بۆوەی عەمەلیاتەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە گەڵاڵەی عەمەلیاتەکەیان ئاشکرا بووەو تەنانەت مەترسیی گیانیان لەسەرە، بۆیە جێبەجێ کردنی عەمەلیاتەکەیان بۆ کاتێکی دیکە دواخست و بۆ لای پێشمەرگەکان گەڕانەوە.

کاتێ گەیشتنەوە هێز پێشمەرگەکانی هێز کە بەو پلانەیان نەزانیبوو، سەریان سوڕمابوو، ئەوان وایان لێک دابۆوە کە ڕێباز بەزیوەو خۆی بە دەستەوە داوە، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەویش وەک کاکە هیوای جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی عەمەلیاتێکی نهێنی لە نێوشاردا پێ سپێردرابوو......

## پازدە [ ١٥ ]

زستانی ساڵی ١٣٦٢ زۆر سەختو بەستەڵەکو بەفروتووش نەبوو، هەربۆیە پێشمەرگە لە زۆر جێگای مەڵبەندی موکریان و، بە تایبەتی لە جادەی میاندواو بۆکان کردیانە گۆڕستانی دوژمنان. لەو ناوچەیەدا چەندین عەمەلیاتی باش و ڕێکوپێک و بە بەرنامە بەڕێوە چوو، لەوانە سێجار چوونە سەر پایەگای گوندی نۆبار، دوو جار لێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە باغی ئەحمەدی لە سەر ئەو جادەیەو سێ جار لە نزیک قەبرەکانی قەرەمووساڵی هەر لە سەر ئەو جادەیەو سەرئەنجام لە کورەخانەکانی ساروقامیش لە نزیک میاندواو. ڕێباز لە هەموو ئەو عەمەلیاتانەدا فیداکاریی زۆری لە خۆی نواند. ڕێباز سینگی ببووە دەریای بیرەوەری، بیرەوەریی خۆش و ناخۆشی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، شەهیدانی هاوڕێی، ساڵە، حەسەن، کامیل و حوسێن کە هەموویان لەو زستانەدا شەهید بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لەو زستانەدا بە هێزی ڕێژیمیان کرد، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەیە .

ڕێباز لەو شانازییانەدا بێبەش نەبوو. لێوەشاوەیی، ئازایەتی و تێگەیشتوویی بەرزی وای کرد لە ئاخری و ئۆخرییەکانی زستاندا وەک فەرماندە هەڵبژێردرێ و لەو کاتەش دا بۆ مەئمورییەتێک بەرەو ناوچەی ئەحمەدی کۆر وەرێ بکەوێ. ئەو ناوچەیە حەساس بوو. ڕێباز کە لەلایەن وەستا ئەحمەدەوە بەرپرسایەتیی نزیک بیست کەس لە پێشمەرگەکانی پێ سپێردرابوو، باش لە گرینگی و قورسایی ئەو بەرپرسایەتییە تێ دەگەیشت. بۆیەش خۆی ماندوو دەکرد، زیاتر هەوڵی دەدا تا بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ....

ڕێبازو هاوڕێیانی لە ئاوایی سەهۆڵان نیزیک دەبوونەوە. شەو باڵی بە سەر ئاوایی کێشابوو. پێشمەرگەکان لە بەیانییەوە بەڕێوە بوون، شەکەت و هیلاک و بێ پشوودان لە جووڵە و جموجۆڵ دابوون. هێزی دوژمن بە دوایانەوە بوو، ئەوان بێ ئەوەی ئاگادار بن کە هێزی دوژمن لەنێو ئاوایی و لە مزگەوت و لە چەند ماڵێکدا مۆڵیان خواردوە، خۆیان بە ئاواییدا کرد. هێشتا بە خۆیان نەزانیبوو کە شەڕ ساز بوو. ڕێباز کە ئەزموونی تەواوی لە شەڕ لەکاتی ئاوادا هەبوو، بەپەلە لەگەڵ محەممەد، عوسمان و سێ پێشمەرگەی دیکەی خۆیان گەیاندە تەپۆڵکەکەی بەرەورووی ئاوایی تا نیزیکترین بەرزایی لە دەستی دوژمن دەربێنێ. لەوێڕا داگژانە سەر هێزەکانی ڕێژیم بۆوەی دەرفەت بە پێشمەرگەکان بدەن بێ ئەوەی تووشی زیان بن لە نێو ئاوایی بێنە دەرێ.

هێزەکانی دوژمن کە ورەی هاتنەدەرێ لە ئاواییان نەبوو، ماڵەکانی خەڵکیان کردبۆ سەنگەر، پێشمەرگەکان کە نەیاندەویست لەو شەڕەدا کەس لە خەڵکی ئاوایی زیانی بەرکەوێ، وازیان لە شەڕی کۆڵان بە کۆڵان لە ئاوایی هێناو بەرەو چیاکانی حوسێن ئاباد کەوتنە ڕێ. ئەوان






بەپێی بڕیاری پێشوویان دەبوا لەگەڵ لکێکی هێزی پێشەوا یەک بگرن و بەرەو ناوچەی چۆمی مەجیدخان و شامات گەشتێک بکەن....

پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بێ ئەوەی چاویان کە هەستیاریی ئەو ناوچانە بترسێ، هەمیشە حەزیان بە مانەوەو جموجۆڵ لەو ناوچانە دەکرد. خەڵکەکەش لەو ناوچەیەی موکریان تینووی لە ئامێزگرتن و داڵدەدانی پێشمەرگە بوون. بە تایبەت ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بوو هێزی زۆری پێشمەرگە ڕووی لەو ناوچانە نەکردبوو، تەنیا ئەوەی تیمی چووکە چووکە دەچوونەوە ئەو شوێنانە.

نزیک بە دووسەد پێشمەرگە کەوتبوونە لای یەک و ئەو گوند بۆ ئەو گوند بە ناوچەدا دەگەڕان و لەگەڵ خەڵک دیداریان تازە دەکردەوە. نێوەڕاستەکانی مانگی ڕەشەممە بوو کە پێشمەرگەکان لە جادەی میاندواو . مەهاباد پەڕینەوەو لە گوندەکانی دێمەسوور، تاڵاو، جەعفەراوا بە سەرماڵان دا دابەش بوون. ئەو ناوچەیەش وەک ناوچەکانی دیکە بێبەری لە خۆشییەکانی کوردەواری نیە و سروشتێکی یەکجار جوان و دڵڕفێنی هەیە. خەڵکێکی حیزب خۆشەویست و بەئاگا، لەگەڵ ئەوەی نیزیک لە خەڵکی میاندواو دەژیان و مەترسیی زۆری ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمیان لەسەر بوو، بەڵام بە درێژایی مێژووی حیزبی دێموکڕات، پشت و پەنای ئەو حیزبە بوون. هەردوو ساڵ پێش ئەو جەولەیەی پێشمەرگەکان، ستونێکی گەورەی ڕێژیم لەو ناوچەیە و لە گوندی"خێرپاوا" تەفرووتنا کراو، "بابالی" جاشی بە ناوبانگی ناوچەکە لەو شەڕەدا کوژرا. خەڵکی ئەو ناوچەیە کە لە دەستی بابالی وەزاڵە هاتبوون، گۆرانییەکیشیان بۆ دانابوو :

"بابالی وەک بەرازی هاتبوو بۆ پاکسازی
وەک کەو کەوتنە نێو تەپکان بۆ خێڵی نێو پێشمەرگان
نەیان مابوو دەرەتان بابالییان زوو توپاند
بابالی وەک برازی گەلێ بە خوی دەنازی
پێشمەرگە زۆر ئازایە پاسدار باشاری نایە |

پێشمەرگە نەبەردێکی جوانیان نیشان دا
بە خوێنی چوار شەهید دوژمنیان لە قورێ وەردا ...
ئەوە شەو و ڕۆژ لە سەر زاری خەڵکی بوو وەک گۆرانی دەیانگوتەوە.

سێزدە ڕۆژ لە مانگی ڕەشەممە تێپەڕیوە. پێشمەرگە لە گوندی جەعفەراوا لە ماڵانێدا خەریکی پشوودانن ڕێباز لەگەڵ چەند هاوڕێی پێشمەرگەی لە دوکان بە سیگار کڕین سەرقاڵن کە لە پڕ پیاوێک خۆ بە دوکانێدا کرد. ئەو زانیبووی کە ئەو گوندە پێشمەرگەی لێیە، هەر بۆیە کە دەزانێ هێزێکی زۆری ڕێژیم لە میاندواوڕا خەریکە بۆ ئەو ناوچەیە وەرێ بکەوێ، بە سواری ماتۆر خۆی گەیاندبۆ ئەوێ. پیاوەکە کە چاوی بە ڕێباز کەوت زوو لە ڕووداوەکە ئاگاداری کردەوە. وەستا ئەحمەد، کامیل، حەسەن، ڕێبازو عەلی کە فەرماندەی پێشمەرگەکان بوون، دەسبەجێ پێشمەرگەکانی نێو ئاوایی جەعفەراوایان ڕێک خست و لە پێش ئاوایی بۆ هێزەکانی دوژمن چوونە کەمینەوە. پێشمەرگەکانی دیکەش لە ئاوایی دێمەسوورو تاڵاو بوون. وەستا ئەحمەد پێشمەرگەیەکی بۆ لای سەعدون، برایمۆف و سولێمان نارد کە ئاگایان لە خۆیان بێ دوژمن هێرشی کردوونە سەرو خۆیان بە بەرەوڕووبوونەوە ئامادە بکەن .

بەڵام لە میاندواو کاتێ ڕێژیم هەواڵی پێ دەگا کە چەند پێشمەرگە لە ناوچەی شامات دەگەڕێن و لە گوندی جەعفەراوە ماونەتەوە، چەند پاسدارێک بە بەرزەوێژ کەوتبوونە نێو شەقامەکان و لە نێو خەڵکی ساویلکە و دەمارگرژی میاندواو هێزێکی زۆر بە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە






کۆ دەکەنەوە.

مەبەستێکی دیکەی رێژیم لەو کارە نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوا خەڵکی کوردو تورکی ئەو ناوچەیە بوو. رێژیم دەیزانی کە خەڵکیکی زۆر لەو شەڕەدا دەکوژرێ‌و دوایە دەتوانێ لەو رێگەیەوە سیاسەتی تۆڵەستێنی و دژایەتیی نەتەوەیی ساز بکا، بۆیەش رژابوونە شەقامەکان تا بە دنەدان و دروشمی ئەوەی چەند کافری دژە شۆڕش هاتوونەتە نێوتان و لێتان نیزیک بوونەتەوە، خەڵکێکی زۆر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانەیان کۆ بکەنەوە.

کەسێک کە لەو کاتەدا لە نێو بازاری میاندواو بوو، بۆ پێشمەرگەکانی گێراوە کە دوای ئەو دنەدانی خەڵکە ئەوە هەر دووکاندار بوو کە دەرابەی دوکانەکانیان دادەداوەو لە سپاو دامو دەزگاکانی دیکەی سەر بە رێژیم چەکیان وەردەگرت و بەرەو شامات رێ دەکەوتن .

هێزەکانی رێژیم وردە وردە لە ئاوایی جەعفەراوا نیزیک بوونەوە. ئەو هێزانە بە دوو ئایفا، شەش تۆیۆتا کە دوانیان دۆشکەیان لە سەر دابەسترابوو، رەنجوێرێک، دوو جیب کە تۆپی ١٠۶ میلیمیتریان پێ هەڵگرتبوو، یەک لۆدێرو سەدان کەس بە پێیان بۆ مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ پێشمەرگە هاتبوون .

لای قاوڵتوون هێزی رێژیم لە گوندی دێمەسوورەوە بە لۆدێر دەستیان بە سەنگەر لیدان بۆ چەکە قورسەکانیان کردو دوایە کە لێبوونەوە رووی هێزەکەیان بەرەو ئەو شوێنە هێنا کە رێبازو هاورێیانی بۆیان دانیشتبوون. هێزی دوژمن کە نەیزانیبوو پێشمەرگە لە شوێنی دیکەو لە گوندەکانی تاڵاوو دێمەسووریش هەن، بێ هەستو خەیاڵ بۆلای جەعفەراوا دەهاتن. رێبازو پێشمەرگەکانی دیکە لە نزیک ئاوایی جەعفەراواو لەو دەشتە کە چاوەروانیان نەدەکرد، هێزی دوژمنیان بەر دەسرێژ داو بەرەنگاری هێزی پۆشتەو پەرداخی رێژیم بوونەوە. شەڕ لەو بەرەیە زۆر گەرم بوو. رێباز لە یەکەم ماڵەکانی ئاواییدا پێشی پێ گرتن و رێگای نەدا سەر بە ئاوایی دابکەن. ئەگەرچی ژمارەی پێشمەرگەکانی رێباز زۆر کەم بوو، بەڵام ئەوان وەک قەڵا بۆ بەرگری لە بەرامبەر دوژنی داکیرکەردا وەستابوون. پاش سەعاتێک شەڕ فشارێکی زۆر لەسەر رێباز کۆ ببۆوە، عەلی شەهید ببوو، دوو پێشمەرگەی دیکەش بە برینداری درێژەیان بە شەڕ دەدا. لەو کاتەدا وەستا ئەحمەد لە تەنیشتەوە بە نێو جۆگەو جوێبارو لابرِ پەلاماری هێزی دوژمنیان دا. رێبازو پەلەکەی پشوویەکیان هاتەوە بەر، بەڵام شەڕەکە بە هاتنی هێزی دیکەی یارمەتیدەری دوژمن ئەوەندی دیکە قورسترو بەربڵاوتر بوو. لەو بەرەیەدا ئەگەرچی لە پێشمەرگەکان خالیدو سمایل شەهید بوون، بەڵام دوژمن تێک شکاو پاشەکشەی پێ کرا. لەو لاشەوە برایمۆف و پیشمەرگەکانی پشتیان لە هێزی داگیرکەر گرتو هێرشێکی پڵینگ ئاسایان بۆ سەر تۆپخانەو ماشێنەکانی دوژمن دەست پێ کرد. بۆ نێوەڕۆ لە دوو لاوەو لە بەرەی رێبازو وەستا، لەولاشەوە لە بەرەی سولێمان و برایمۆفەوە، هەموو هێزەکانی دوژمن بۆ دواوە رایان کرد. پاشەکشەی بەزیوانەی دوژمن جۆرێک بوو کە چەکەکانیشیان پێ هەڵ نەدەگیرا، بۆیە لە رێگاو لە کاتی هەڵاتندا لیباس و رەخت و تفەنگیان فرێ دەدا. هەواڵ گەیشتێ کە لەکاتی تێکشکاندی تۆپخانەکەش پێشمەرگەیەک بەناوی محەممەد کە خەڵکی قوولەر بوو،



شەهید محەممەد قادری

شەهید حوسێن قادری

شەهیدبووە. پێشمەرگە دەستیان بە سەر هەموو تۆپخانەکەدا گرت، بەڵام تەنیا چوار تویوتایان لەگەڵ خۆیان هێنا کە یەکیان کالیبرِ٥٠ لەسەر دامەزرابوو. برایمۆف چووە پشت جیبەکان و چەند گوللە تۆپی ١٠۶ میلیمی بۆ پۆلیسی ڕێگای میاندواوە ناو ماشێنەکان و تۆپخانەکەی دیکەی ڕێژیم هەموو ئاگر دران .


دەستەیەک پێشمەرگەی لکی ٢ی هێزی بەیان دوای شەهید بوونی برایمۆف. ڕەشەمەی ١٣۶٢

دوای تێکشکاندنی دوژمن هەموو پێشمەرگەکان لە گوندی تاڵاو کۆبوونەوە. ئەوان دەیانزانی کە شکان و پاشەکشەی ریژیم پەلامارێکی دیکەی ئەوانی بە دواوەیە، هەر بۆیە لە چاوەڕوانیی هێرشێکی دیکەی هێزی دوژمندا خۆیان ڕێک خستەوەو لە دەوری ئاوایی لە چەندین لاوە کەمینیان لەسەر ڕێی هێزەکانی دوژمن داناو ماشێنی هەڵگری کالیبەنجاکەشیان ڕوو بە دوژمن ئامادە کرد.

سەعاتێکی پێ نەچوو کە هێزی دوژمن بە دوو تانکەوە هێرشیان هێنایەوە. دوژمن کە زەبرێکی ئەوەندە گورچکبڕِ وێکەوتبوو، وەک بڵێی شەڕِ وڵاتێکی دیکە بکا تانکەکانی وەکار خستبوو. هێزی پیادەی ڕیژیمیش کە نەیاندەوێرا خۆیان دەربخەن، لە پشت تانکەکانەوە بەرەوپێشێ دەهاتن. هێشتا دووسەد میترێکیان بۆ لای پێشمەرگەکان مابوو کە تانکەکان وەستان.


لکی ٣ی هێزی بەیان ١٣۶٣

هێزی پیادەی دوژمن غیرەت و هێزی هاتنە پێشەوەیان نەبوو. تانکەکان بە تۆپ دەستیان بە ئاوربارانی سەنگەری پێشمەرگەکان کردو لە پشت ئەوانیشەوە ئاتەشبارێکی تۆپخانە خاڵ بە خاڵی ئەو ناوچەیەی دەکوتا. پێشمەرگە تاکە سەنگەری بەرگری کە پێی شک دەهات جۆیباری دەشتی شامات بوو، کە خۆی تێدا حەشار دابوو سەنگەری لێ گرتبوو. ڕێباز لە گەڵ سولێمان بە کالیبرِ٥٠ هێزی دوژمنیان ئاگرداو هێزەکانی دوژمنیان ناچار بە کشانەوە کرد، تەنانەت تانکەکانیش زیاتر لە سەد میتر بۆ دواوە کشانەوە. هێزی دوژمن بۆ جارێکی دیکەش هاتە پێشەوەو لە هەموو لایەکەوە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئاگر باران کران، هێزی ڕێژیم بە جۆرێک وورەی لە دەست دابوو کە بە بەرچاوی پێشمەرگەکان فەرماندەکانیان بە شەڕەجنێو و لیدان و کوتانیش هێزەکانیان بۆ

کۆ نەدەبۆوە. کاتێک هێزەکانی دوژمن بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ هێزی شۆڕشگێرو بەئیمانی پێشمەرگە هیچیان بۆ ناکرێ، لە جێگای خۆیان وەستان و تۆپخانەیان وەکار خست.

تۆپخانەی ڕیژیم بەتوندی دەڕشاوە و نێو گوندو باغ و ڕەزی تاڵاویان سووتاند. ئاگری چەکی قورسی ڕێژیم بەجۆرێک درێژەی هەبوو کە هیچ پێشمەرگەیەک نەیدەتوانی ئەوسەنگەراو سەنگەر بکا. وەستا ڕێبازی بۆ لای برایمۆف نارد تا بەرەی ئەوێ بەهێزتر بکا. دەنگی خۆمپارە هاتە گوێ. ڕێباز خۆی بە عەرز دادا، بە تەقینەوەی خومپارەکە محەممەد چەند میترێک ئەولاتر خۆی بە عەرزەوە نووساند. ڕێباز هەستابۆوە سەر پێ، محەممەدیش هەستاوە سەر پێ، بەڵام یەکجێ کەوتەوە. کاتێ ڕێباز چاوی لی کرد دیتی کە لاقی محەممەد بە تیکەی خومپارەکە پەڕیوە،و تەنیا پێستەکەی پێوە مابوو. بەڵام محەممەد ئەوەندە بە غیرەت بوو هاواری نەدەکردو تەنانەت بۆ یەکجار دەنگی لێوە نەهات کە بڵێ بریندارم، کەریم گەیشتە لایان تا بە محەممەد ڕابگاو ڕێباز پێوشوینی برایمۆف کەوت. ڕێباز بانگی برایمۆفی دەکرد کە لەو بەری قاناوەکە سەنگەری گرتبوو. چاوی لێ کرد چەند میتری دیکە دەگەیشتە لای کە لەپڕ ئاگربارانێکی توند لە تۆپخانەرا بە سەریاندا باری، ڕێباز پریشکێکی چووکەی هەڵگرت، فەتتاح بە سەر قاناوی چنارەکاندا کەوت و دەسبەجێ شەهیدبوو، برایمۆف لایەکی زگی بە پریشکی کاتیۆشا هەڵدڕاو لەجێی خۆی کەوت. ڕێباز کە توانای ڕۆیشتنی هەبوو هاواری چەند کەسی کرد کە بێنە هانایانەوە. خوێن بە پشتی ڕیبازدا دەهاتە خوارێو بە پڕتاو خۆی گەیاندە لای برایمۆف. دەستی خستە بن سەری برایمۆف و ویستی لە کۆڵی بکا. بەڵام بۆی هەڵنەگیرا. بۆ خۆی بریندار بوو، برایمۆفیش پیاوێکی کەڵەگەت و بەخۆوە بوو. چەند کەس لەو دیوی جوگەکە چاویان پێیان کەوتو زوو هاتنە یارمەتی ڕێبازو برایمۆف یان بۆ نێو ئاوایی برد. برینەکەی برایمۆف زۆر قورس بوو، بەو حاڵەش ورەی بە پێشمەرگەکان دەداو پێی دەگوتن " لە منتان کەوێ، ڕێژیم وەری هاتنە پێشەوەی نیە لێیان بدەن بە قوربانتان بم. بەلام لە سەنگەری قایمدا دانیشن با وەک من پریشکتان وێ نەکەوێ، من نامێنم بەڵام ئێوە هەمووتان برایمۆفن"...



دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی یەکی هێزی بەیان زستانی ١٣٦١

ڕێباز برایمۆفی لە باوەش کردو گوتی من دەزانم کە دەمێنێ. لەوە دڵنیا بە. من دەچمەوە لای وەستاو دوایە دەگەڕێمەوە لات. خەمی هیچیشت نەبێ، تا ئێمە قوتابیی تۆ بین، دوژمن هەر بەشی بەزینە....

دوژمن حیسابی خۆی کردبوو. دەیزانی بە هێزی چەکداری پیادە دەرەقەتی پێشمەرگە نایە، بۆیەش هەر درێژەی بە تۆپ بارانی ناوچەکە دەداو پێشمەرگەش کە دەیانزانی تازە پەلاماری هێزی پیادەیان ناکرێتە سەر، چاوەڕوان بوون گرمەی تۆپەکان بێدەنگ بن و بکەونە جووڵە. لای ئێوارەدەنگی تۆپەکان لە کزییان دا. چرچە و وەستا ئەحمەد و پێشمەرگەکان وەخۆ کەوتن. شەهیدەکان و بریندارەکانیان لە شوێنێک






کۆ کردەوەو هەر دەستەو لک وپەلەی پێشمەرگەی خۆی ڕێک خستەوە. دوایین ساتەکانی لێدانی دڵی برایمۆف بوو. کۆمەڵێک هاوسەنگەری چەند ساڵەی لە دەوری خڕ بوونەوە، چاوەکانی کز ببوون، دەستی بە حاڵ دەجووڵاندەوەو چاوی بە پێشمەرگەکاندا دەگێڕا. توانای قسەکردنی نەمابوو، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە هێزی دوژمن بەزیوە، دەیزانی کە کەلاکی سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن لە شەڕگە کەوتوون، دەیزانی خەویان لە چاوی دوژمن زڕاندوە، هەستی بەوە دەکرد کە زەبرێکی گورچکبڕی دیکەیان لە دوژمن داوەو بەوە ئۆخژنی دەهات. برایمۆڤ بۆ دوایین جار چاوی بە هاورێکانی داگێڕاو بزەیەک نیشتە سەر لێوە ویشکەکانی و چاوەکانی وێک نا.... ڕێباز چاوی لە برایمۆڤ هەڵ نەدەگرت. برایمۆفی بە مامۆستای خۆی دەزانی. فەرماندەیەکی ئازا کە ناوی لە سەر زاری گەورەو بچووکی ناوچەی بۆکان بوو. پێشمەرگەیەکی گورج و هەڵسوڕو ئازا کە چەندین جار لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا بریندار ببوو، بەڵام هەموو جارێ پێش ئەوەی برینەکانی بە تەواوی سارێژ ببنەوە، خۆی لە کادری پزیشکی و دەرمانییەکانی حیزب دزیبۆوەو هاتبۆوە لای هاوسەنگەرانی. ڕێباز بیری لەوە دەکردەوە کە بە شەهیدبوونی برایمۆڤ چ خەمێکی قورس دەکەوێتە سەر دڵی خەڵکی ناوچەکانی ئەحمەدی کۆر، چۆمی مەجیدخان، ئاڵەشین، شاماتو شارۆێران کە برایمئۆفیان لە نیزیکەوە وەک پێشمەرگەیەکی نموونەو قارەمان دەناسی.



دەستەیەک پێشمەرگەی هێزی بەیان دوای شەڕی شامات ١٣٦٢

ڕێباز لە کاتێکدا دەستی بە دەموچاو روخساری ساردی برایمئۆف دادێنا، بیری لەو عەمەلیاتانە دەکردەوە کە برایمۆڤ بە ئازایەتی ناوی خۆی خستبوە سەر زاران، بە تایبەت ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەری لە تێکشکاندنی ستوونی ٨٠١ ی شیراز لە جادەی بۆکان ـ میاندواو. ئەو کەمینە سەرکەوتووانەی لە سەر ڕێی هێزەکانی دوژمنی دەنانەوەو هەر ئەوەش بوو کە هێزەکانی دوژمن زەندەقیان لێی چووبوو، بە جۆرێک کە بە بیستنی ناوی خورپەیان دەکەوتە دڵەوە...

پێشمەرگەکان سێ ماشێنیان بە دوای یەکدا ریز کرد. شەهیدەکان خرانە ماشینێک و بریندارەکان لە ماشێنێکی دیکەدا. ئێوارێ ڕێباز و عوسمان و چەند پێشمەرگەی شارەزا سەرجادەی مەهاباد _ میاندواویان گرت تا هەموو هێزی پێشمەرگە لە جادە پەڕینەوەو دوایە هەموو بۆ گوندی "سریلاوە" وەری کەوتن.

ڕۆژی دوای ئەو عەمەلیاتە قورسە لە گوندی سریلاوا شەهیدەکان لە نێو خەم و پەژارەی هاوسەنگەرانیاندا بە خاک سپێردران و پێشمەرگەکان بۆ بەردەوامیی تێکۆشان و ئەرکی پێ سپێردراویان کەوتنەوە ڕێ .....

ئاکامەکانی شەڕی شامات کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی ئاساییش دانابوو. ڕێژیم کە هێزێکی گورچکبڕی لێ کەوتبوو، لە گرتن و تەنانەت






## شازده [ ١٦ ]

کوشتوبڕی خەڵکی ئاساییش سڵی نەدەکرد. هەر بۆیە ئەوانەی هاتوچۆی شاری میاندواویان دەکرد، زۆر بە پارێزەوە کاروباری خۆیان دەکرد، چونکی دڵنیا بوون هەم ڕێژیم و هەم خەڵکی دەمارگرژی نێو شار گوێیان لەوە نەبوو کە بەرامبەریان کێیە و چ کارەیە، هەر کورد بوایە قینی ڕەشی خۆیان پێ دەڕشت. ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە پیاوێک کاسبکار کە بۆ کڕینی شتومەک سەردانی میاندواوی کردبوو، بەڵام لە نێو شار بە تەورو چەقۆ ئەنجنئەنجنیان کردبوو. ئەو بنەماڵانەش لە شامات و چۆمی مەجیدخان کە کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون، زۆربەیان بانگ کرانە ئیتلاعات و ڕەوانەی بەندیخانە کران. هەواڵی ئەو عەمەلیاتە هاوبەشەی هێزی بەیان و پێشەواو هەروەها ڕەفتاری ناوەندە ئەمنییەتی یەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوای چوار ڕۆژ لە رادیۆی حیزبی دێموکرات خوێندرایەوە. لە هەواڵەکانדا باسی گیرانی بنەماڵە پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیەش کرابوو کە باوکی ڕێباز یەک لەوان بوو.....

مام عەلی ماندوو و شەکەت لە کاری ڕۆژانەی داوای کرد کە جێی بۆ ڕاخەن. هێشتا نەچووبووە جێ کە دەنگی ڕاگرتنی ماشێن لە بەر ماڵێیان هات و لە دەرکەیان دا. چووە بەر دەرکاو بینی کە دوو ماشێنی ئیتلاعات پڕ لەجاش و پاسدارن. ڕێگای هیچ قسەیەکیان پێ نەداو هەر لەوێ چاویان بەست و سواری ماشێنیان کردو لەنێو قیژە و شین و واوەیلای بنەماڵەکەی لەگەڵ خۆیان برد .

مام عەلی کە چاوی بەسرابوو بە ماوەی ڕێگا بڕینەکەی زانی کە هێناویانەتە ئیتلاعاتی بۆکان. لەوێ لە ژووری لێپێچینەوە چاویان کردەوەو مام عەلی چاوی بە بازجووەکەی کەوت کە جاشێک و دوو پاسدار ئەملاوئەولایان گرتبوو. لە سەر کورسی‌یەکی بچووکیان داناو بازجووەکە بە فارسی لەگەڵی کەوتە قسە. لە ڕێبازی پرسی و گوتی زانیوتە ڕێبازی کوڕت بریندارە؟ مام عەلی کە هەواڵی عەمەلیاتەکەی لە ڕادیۆ بیستبوو، دەیزانی کە ڕێباز شەهید نەبوە، چونکی ناوی شەهیدەکانیان خوێندبۆوە، بە بیستنی بریندار بوونی کوڕەکەی خورپە کەوتە دڵی. بەڵام دوایە دڵخۆشیی خۆی دایەوە کە لەوانەیە بە ئانقەستو بۆ وەی ئازاری بدەن وای پێ دەڵێن. هەر بۆیە لە سەرەخۆ گوتی کێ دەڵێ ڕێباز بریندارە؟ جاشەکە گوتی هەواڵمان پێ گەیوە کە بە توندی بریندار بووەو لەوانەیە نەگاتە نەخۆشخانەو بمرێ .

مام عەلی ئەگەرچی لە قسەی ئەوان دڵنیا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا برینە سارێژنەبووەکەی پێشووشی زیندوو بوویەوەو کزە لە جەرگی هەستا، بەڵام دەسەڵاتی هیچی نەبوو. بۆیەش ورەی بە خۆی دا کە نابێ دڵی دوژمن بە نارەحەتیی خۆی خۆش بکا. پشوویەکی هێنایەوە بەر خۆیو وای خۆ نواند کە وەک بڵێی هەر هیچی نەبیستبێ. بازجووەکە گوتی ئێوە هەمووتان حیزبی و دژو دوژمنی ئەو شۆڕشەن. کوڕێکت کوژرا کوڕەکەی دیکەیت جێی گرتەوە، ئەوەشت بکوژرێ کوڕێکی دیکەت دەچێ جێی دەگرێتەوە، بیستوومانە بۆ خۆشت زمانت ڕاناوەستێ و لە نێو خەڵکدا هەر زەمی دەوڵەت دەکەی و باسی چاکەی حیزبی دێموکڕات دەکەی...

عەلی گوتی خراپیان پێ گەیاندوون، من بابایەکی وەرزێڕم و کارم بە کەس نیە ....

بازجووەکە داوای لێ کرد کە هاوکارییان بکاو لە بەرامبەردا چی بیهەوێ بۆی دابین دەکەن. بەڵام کاتێ عەلی ملی نەداو گوتی منی پیرەپیاو کە ڕۆژ تا ئێوارە لە مووچەو مەزرایە کار دەکەم کارم بەو کارانە نیەو نە جامینێ ئێوەم دەوێ و نە کارم بە کاری کوڕم داوە .مام عەلی ئەو کاتەی بیر هاتەوە کە لە ئیتلاعاتی بۆکان گرتبوویان و ئەو داوایەیان لێ کردبوو، ئەو کات هێشتا هیوای کوڕی شەهید نەببوو، بەڵام ئێستا بەهۆی شەهیدبوونی کوڕەکەی و ئەو ناوو ناوبانگەی ڕێباز پەیدای کردبوو، زیاتر لە جاران لە نێو خەڵکدا ڕێزی لێ دەگیرا، ئیتلاعاتیش دەیەویست بە یەک تیر دوو نیشان بپێکێ. هەم لە خۆشەویستیی ئەو بنەماڵەیە لە نێو خەڵکدا بداو هەم سیخوڕییان پێ






کردبێ.

هەر بۆیەش کاتێ مام عەلی ئەو داوایەی ڕەت کردەوەو هەڕەشەش کاری تێ نەکرد، زەختی زیاتریان بۆ هێنا. دوو پاسدارەکە گرتیان و سەرەوبن هەڵیان واسی. مام عەلی پێشتریش تەجرەبەی ئەو ئەشکەنجانەی هەبوو. دەیزانی کە هەر هەڵاواسینەکە نیەو بەر دەبنە گیانی. هەموو هێزو توانای لە خۆیدا کۆکردەوە تا بەرگەی ئەشکەنجەو ئەو لێدانو کوتانە بگرێ. دوو پاسدارەکە بە کابڵی برق هەموو گیانیان شینو ڕەش کردەوە. جارجارە ڕادەوەستان و ئاوی ساردیان پێدا دەکرد، بازجووەکە داواکەی دووپات دەکردەوە و کاتێ مام عەلی دەیگوت ئەوە بە من ناکرێ، دیسان لێدان و کوتانەکە دەستی پێ دەکردەوە. دوای ئەوەی پاسدارەکان شەکەت بوون و هیچیان دەست نەکەوت، بردیانە ژوورێکی پیس و تاریک و بەجێییان هێشت.

دە ڕۆژ گوزەرابوو. لەو دە ڕۆژەدا چەند جاری دیکەش بردیانەوەو قسەیان لەگەڵ کردەوە. بەڵام هەرچی ئەوان لە سەر داوایان خۆیان سوورتر دەبوون، مام عەلیش باوەڕ بەخۆتر حاشای دەکرد. لەو دە ڕۆژەدا بنەماڵەکەی لە هەر دەرکەیەکیان دا نەیانتوانی بە سەرو سۆراخی بزانن .

مام عەلی کە بۆ ئاودەست بردبوویانە دەرێ، چاوی بە مام برایم کەوت. مام برایمیش باوکی پێشمەرگە بوو. ئەو کات زانی کە بە تەنیا نیەو باوکو بنەماڵەی زۆربەی پێشمەرگەکانیان گرتوەو دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە هەم فشار بۆ کوڕەکانیان بێنن خۆیان بە دەستەوە بدەن، هەم ئەگەر بۆیان کرا پاڵپشتیی بنەماڵە پێشمەرگەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. بەڵام هیچ کام لەوانە خێریان نەداوە، هەر بۆیەش ئیدارەی ئیتلاعات ئەوانی بەرێی ورمێ، ناوەندی پارێزگا کرد تا بە خستنە ژێر فشاری زیاتر بتوانن شتێکیان چنگ کەوێ.

پاش ماوەیەک چەند کەس لە بنەماڵەی پێشمەرگە گیراوەکانو یەک لەوان عەلی، باوکی ڕێباز بەرێی ئیتلاعاتی ورمێ کران. لە ڕێگا دوو پاسدار کە لەگەڵ عەلی خرابوون زۆریان قسە بۆ کرد کە لەوێ مەلایەک نوێنەری دەوڵەتەو قسەت لەگەڵ دەکاو بەقسەی بکەی، زەرەر ناکەی. واز لەو کەللە ڕەقیە بێنەو دەوڵەتیش ئاگای لێت دەبێو هەموو شتێکت پێ دەدا، بۆ هیچ کارێکی حکومەتیش 5 دەقیقە ڕاناوەستی.... ئەوان قسەیان بۆ دەکردو عەلیش لە دنیای خۆی دابوو. جارجارە لێی دەپرسین باشە خۆ هەموو ئەو قسانە لە ئیتلاعاتی بۆکانیش دەکرا، ئەدی بۆ دەمبەنە ورمێ؟ چی دیکەتان لێم دەوێ، ئەمن پیاوێکی بە ساڵاچووم، جاسووسی نەک بۆ ئێوە، بۆ کوڕەکەی خۆشمی ناکەم....

لای ئێوارێ بوو گەیشتنە ورمێ و بە کوچە و کۆلانێک دا ڕۆیشتن و لە بەردەرگای ماڵێک وەستان. پاسدارێکی منداڵ کارە بە تەفەنگێکەوە لەوێ ڕاوەستابوو. یەکێک لەو پاسدارانەی لەگەڵ عەلی بوو بە فارسی گوتی: بۆ خۆمانین، بە حاجی ئاغا بڵێ لە بۆکانەوە هاتوون... پاش کەمێک دەرگایان کردەوەو چوونە ژوورەوە، مام عەلی نەفەرێکی پێش کەوت و بردیانە ژوورێکی ڕێکوپێک. شەش سەندەڵی لە دەوری مێزێک داندرابوو، پاش دەمێک چایەکیان بۆ هێنا. مام عەلی کە لە خەڵکی دیکەی بیستوو دەزگای ئیتلاعات مادەی سڕکەر بە خەڵکی دەداو قسەی لێ دەردەکێشێ، چایەکەی نەخواردەوە. بە هێواشی گۆشەی فەڕشەکەی هەڵداوەو چایەکەی پێدا بڵاو کردەوەو ئیستکانی لە سەر میزی نان خواردنەکە دانا. عەلی هەستی بە بوونی کامێرای شاراوە نەکردبوو، ئەو کەسەی قەرار بوو چاوی پێی بکەوێ نزیک بانگی شێوان لە دەرگای داو هاتە ژوورێ و زۆر بەگەرمی ئەحواڵپرسیی عەلی کرد. دوایە گوتی وادیارە لێرە زۆر نیگەرانی؟ باشە تۆ ئاوا لە دەوڵەت ڕادەبینی؟ عەلی پێی سەیر بوو! کابرا لێی پرسی باشە ئەو چایەت بۆ نەخواردەوە؟ ئەمن چاوم لێ بوو چایەکەت لە ژێر ئەو فەڕشە کرد، ناهەقت ناگرم چونکی ئیمە لە یەکتری ترساوین. هێزی ئێمە ڕوو لە هەر جێگایەک دەکا کورد دەیکوژێ، نازانم کێشە لە چی دایە؟ بۆیە ئێوەش لە ئێمە دەترسن؟ عەلی گوتی ئەگەر قسەی دڵی خۆم بکەم چیم لێ دەکەن؟






مەلاکە کە پاسدار بوو گوتی قەول بێ هیچ.

گوتی باشە ئەمن بۆ لێرەم؟ چیتان لە من دەوێ؟ کوڕ بە من چی؟ هەر کەس بە دینی خۆی. باشە کوڕەکەی تۆ ئێستا لە کوێیە؟ دەتوانی بە زۆر بیکەی بە پاسدار؟ دەتوانی بیکەی بە فەقێ تا ببێتە مەلا؟ ئەوجار ئەگەر بوو بە پاسدار بۆ دەبێ پێشمەرگەکان تۆ بگرن‌و ناراحەتت بکەن، ئەو کات بە تۆ چی..؟ نەیوێرا لەوە زیاتر درێژەی بدا. ئەویش وەڵامی داوە قسەکانت زۆر جوان و ڕێکوپێکن... پاسدارەکە چونکی دەیزانی عەلی لە بۆکان ئەشکەنجەی زۆر دراوە، قسەکەی گۆڕی‌و گوتی" ئێمە بۆیە لە شوێن ئێوەمان ناردووە بۆ ئەوەی کوڕەکەت بێتەوە سەر ڕێگای ئیسلام و خزمەت بە تۆ بکا، ئەگەر نایەتەوەو مادام ئێوە پێوەندیتان بە یەکەوە نیە، دەی باشە تۆ کار بۆ ئێمە بکەو ئێمەش چیت بوێ بۆت دابین دەکەین. عەلی سەری ڕاوەشاندو گوتی مامۆستا جەنابت یەکەم کەسی نی ئەو داوایەم لێ دەکەی. من شتێک دەڵێم ئێوە شتێک دەڵێن، من دەڵێم لێم گەڕێن با کاسپیی خۆم بکەم و پارووە نانێک بۆ ماڵ و منداڵم بێنمەوە. ئەگەر کوڕەکەشم هاتەوە بیگرن و بیکوژن، شەرت بێ هیچ نەڵێم...

هەرچی مەلا حەدیس و ئایەت و پاساوی بۆ عەلی هێناوە، ئەو هەر سڵاواتی لێ داو دوای ئەوەی کە مەلاکە نەیتوانی مام عەلی ڕازی بکا سرتەیەکی لەگەڵ یەکیک لە پاسدارەکان کردو هەر بەو شەوە بەرەو بۆکان گەڕانەوە. مەلاکە لە کاتی ڕۆیشتنی عەلی ڕووی تێکردو گوتی پەشیمان دەبیەوەو هەرچی زووتر پەشیمان بیەوە زەرەر ناکەی. ئەویش گوتی خودا گەورەیە، هیچم نەماوە لە دەستی بدەم و ئەوە ئێستا یەخسیری دەستی ئێوەم و خوداش چی پێ خۆشە ڕازیم بە ڕەزای ئەو......


پشتی حوسێن ئاباد لە کاتی پشوودان [ شەهید ئەبوو کانی درێژی ]

پاسدارەکان شەوێ نەیانوێرا لە ورمێ دەرکەون، بۆ مانەوە چوونە شوێنێکو بەیانی زوو وەرێ کەوتن. عەلی بێ ئەوەی دادگایی بکرێ‌و تاوانێکی لە سەر ساغ بکرێتەوە دوو مانگی دیکەش لە بەندیخانەدا هێشتیانەوە. بەیناوبەین بانگیان دەکردو دوای لێپرسینەوە دیسان داوای هاوکاری‌یان لێ دەکردەوە، بەڵام ئەو سوورتر لە جاران حاشای لی دەکردن و دوایە دیسان دەیانبردەوە سلولەکەی خۆی.

سێهەم مانگی بەهاربوو کە ئازاد کرا، عەلی بە تەواوی لە باری روحی‌یەوە رووخاندبوویان. لەو ماوەیەدا زۆریان هەواڵی درۆ پێ دابوو، بۆیە هەر کە هاتەوە لە ماڵەوە هەواڵی ڕێبازی پرسی و ئەوانیش پێیان گوت کە چەند رۆژ لەوە پێش لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بووەو دۆستان هەواڵیان بۆ هێناون کە لە ماڵی ئەوان بووە. عەلی بە بیستنی هەواڵی سڵامەتیی ڕێباز پشوویەکی هاتەوە بەرو هەموو ئازارەکانی زیندانی لە بیر چۆوە....

ژیانی بنەماڵەی عەلی بەمجۆرە لە خەمی شەهیدبوونی کوڕەکەیان‌و دووریی ڕێبازو فشاری ئیتلاعات ڕادەبووردو ئەو بارودۆخە قەت نەیهێشت

ژیانێکی ئاسایی خۆیان هەبێ. هەرکات پێشمەرگە عەمەلیاتی دژی هێزەکانی ڕێژیم لە هەر شوێنێکی بۆکان کردبا، ڕێباز لەو شەڕانەدا هەباو نەبا ئەو بنەماڵەیە ئازار دەدران و مام عەلی بانگ دەکرایەوە ئیتلاعات و لێی دەدرایەوە، ئەوەش هیچ کە بێبەش لە هەموو ئەو ئیمکاناتە کرابوون کە دەوڵەت بە وەرزیڕانی دەدا. بەڵام لەلایەکی دیکە خۆشەویستیی ئەوان لە نێو دڵی خەڵکی ناوچەدا قەرەبووی هەموو ناخۆشی و مەینەتی یانەی بۆ کردبوونەوە. بنەماڵەی مام عەلی بنەماڵەی شەهیدی حیزبی دێموکرات بوون، کوڕێکی دیکەیان پێشمەرگە بوو، ئازار درابوون بەڵام کۆڵیان نەدابوو، ئەوەش پێگەو حورمەتی ئەو بنەماڵەیەی ئەوەندەی دیکەش بردبووە سەرێ....



لە راستەوە: برایم چووکەڵی، (شەهید مستەفا محمودزادە)، محەممەد هەوشاری، جەلیل سوور، (شەهید سولیمان ئارامش،) جلال عەلیار، (شەهید رەشید خەلیلی،) سمایل شەریفزادە، خالق وزنقشڵاق. دانیشتوو: (شەهیدان:رەحمان مامش، حەسەن بەیان،)محەممەد قلیچ، (شەهیدان خدر عباسی، سەعید رحمانی،) رەحمان جەمشیدی،( شەهیدان:رەحیم ولیزادە، برایم خەتایی) ساڵی ١٣٦٢.






## حەڤدە [ ١٧ ]

هەلومەرجی کوردستان بەردەوام دەگۆردرا. هێزی پێشمەرگە بۆ کەمکردنەوە لە زیانەکانی خەڵک شارەکانی بە جێهێشتبوو. بەرەبەرە لە گوندەکانیش بۆ بەرزاییو شاخەکان هەڵ دەکشا. بنکەی یەکانگیری پێشمەرگە نەمابوو. شەڕ چوبووە قۆناغی پارتیزانیو هێزی پێشمەرگە بەردەوام لە جووڵەو گەڕان دابوو. زۆر کەس توانای بەرگەگرتنی ئەو بارودۆخەیان نەبوو، هەبوو خۆی بەدەستەوە دەداو دەگەڕاوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، هەبوو ڕێی هەندەرانی دەگرتە بەرو ئەوانەش کە مابوونەوەو پۆل پۆل پێشمەرگەی لاوی دیکەشیان پێ پەیوەست دەبوو، ئەوانە بوون کە بە ئیمان بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتو شەهیدان سەنگەری خەباتیان گەرموگوڕ ڕاگرتبوو. تاکتیکی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا کەمین دانانەوە لە سەر ڕێی هێزەکانی دوژمنو ڕووخان بە سەریاندا بوو، تاکتیکێک تا ئەوە کە سەرکەوتنی زۆری بۆ پێشمەرگەکان دەستەبەر کردبوو ...

ئاخر مانگی بەهاری ١٣٦٣ ی هەتاویە. پێشمەرگە بە شێوەی دەستەو لک دەگەڕێنو لە جادەکان کەمین بۆ دوژمن دەنێنەوە. ڕێباز هەر لەو مانگە سێ جار لەگەڵ هاوڕێیانی چوونەتە سەرجادەی میاندواو بۆکانو زەبری گەورەیان لە دوژمن داوە، ڕێباز بەهۆی هەڵمەتبەری و ئازایەتی لە سەرخستنی کەمینەکان لەلایەن چرچەی بارام میرزا، فەرماندەی هێزەوە تەشویق کرا. هێزی بەیان نەک هەر لە ناوچەی بۆکان، بەڵکوو لە ناوچەی ڕەبەتیش زەبرێکی گەورەیان لە هێزەکانی دوژمن دا، ئەگەرچی لەو عەمەلیاتەدا " مستەفا" شەهید بوو.... دوای ئەو عەمەلیاتە پەیام بۆ هەموو لکەکان و پەلەکان لێ درا کە دەبێ لە گەورکایەتیی مەهاباد کۆببنەوە. ڕێباز کە لە گوندی تەرەغە بوو، بەرەو ناوچەی تورجان وەری کەوت و دوای یەکگرتنەوەی لە گەڵ لک، پێکەوە بەرەو گەورکایەتی کەوتنە ڕێ. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاگەیەندرا کە هێزی بەیان بۆ مەئموورییەتی تایبەتی بەرەو ناوچەی مەهاباد دەچێ. بە پێی عادەت لێرەولەوی هێندێک پرتەو بۆڵە پەیدا دەبوو کە بۆ لە ناوچەی خۆمان نابین و ئێرەش پێشمەرگەی پێویستە، بەڵام ئەوە زۆری بڕ نەکردو پەل و دەستەکان دوای دیاری کردنی ئەرکەکانیان کەوتنەڕێو هەموویان بە دوای یەکدا لە جادەی مەهاباد سەردەشت پەڕینەوەو لەوێوە بەرەو مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەستیان پێ کرد.

ڕێبازو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان کە زیاتر لە دەشتاییدا پێشمەرگایەتیان کردبوو، هەر چاویان لەو شاخە سەختانە بڕیبوو کە لەو ناوچەیە هەڵکەوتوون. هیچ بەرزاییەک بە دوو سەعات لێی سەر نەدەکەوتی، ڕێباز بیرەوەرییەکانی مامی لەبارەی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧ – ٤٦ ی بیر کەوتبۆوە. کاتێک بە دۆڵی شێخاندا چوونە خوارەوە چەند خێوەت هەڵدرابوون کە پێیان دەگوت کومیتەی مەهابادو زیاتر لە سەد پێشمەرگەی لێ بوو. ئەگەرچی هاوین بوو، بەڵام شەوانە هەوایەکی سارد هەڵی دەکردو کەس لە سەرمان بێ کیسە خەو، خەوی لێ نەدەکەوت. دوو ڕۆژ دواتر لە ئاوایی سێلەکە هۆکاری کۆبوونەوەی پێشمەرگەکان ئاشکرا کراو ئەرک و بەرپرسایەتیی هەر دەستەو پەلێک بۆ ئەو عەمەلیاتە هاوبەشە دەستنیشان کرا .

عەمەلیاتەکە ئەوە بوو کە سێ لکی هێزی بەیانو لکی چواری هێزی پێشەوا بۆ عەمەلیاتێک دەچنە شاروێرانو سێ لکیش دەچنە نێوشاری مەهابادو عەمەلیاتەکەش هاوکات دەست پێ دەکا. گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە وا دارێژرابوو کە سێ لکی هێزی بەیانو لکی چواری هێزی پێشەوا بۆ

شاروێران و بۆ گوندەکانی "داشخانە"، "کۆنەدێ"، " خورخورە"و "گردی یەعقوب" بچن و دەستەیەکیش لە بەرزاییەکانی پشتی گردی یەعقوب جێگیر بن، ڕێباز لە دابەش کردن دا بەر گوندی کۆنەدێ کەوت. هاوکات وا بڕیار درا کە عەمەلیاتەکە ڕۆژی ١٢ی پووشپەر دەست پێ بکاو






لکی یەک و دوو سێی هێزی پێشەوا هەر ئەو ڕۆژە بچنە نێو شاری مەهاباد.

ڕۆژی عەمەلیات گەیشتێ و سێ لکەکەی هێزی پێشەوا کە دەبوا چووبانە نێوشاری مەهاباد، نەیانتوانی لە شوێنی خۆیان جێگیر بن و بەشەکانی دیکەی عەمەلیاتەکەش بەوەیان نەزانی. ئەو چوار لکەی دیکەش لە جادەی مەهاباد ورمێ پەڕینەوەو تا بەیانیی ئەو ڕۆژە لە شوێنی خۆیان دامەزران .

بەیانیی ڕۆژی عەمەلیات ڕێبازو پەلەکەی لە شوێنی خۆیان دامەزرابوون، ئەوە بێ ئەوەی کە کەس ئاگادار بێ کە هێزی ڕێژیم شەو، پێش عەمەلەیاتەکە ئاوایی داشخانەی گرتوە و لە نێو "شامی"دا بەدوای پێشمەرگەوەیە .

خەڵکی ناوچەکە بێ ئەوەی هەست بە بوونی پێشمەرگە یا مەترسیی شەڕ بکەن لە مووچە و مەزرا کاری خۆیان دەکرد، گەرمای ڕۆژ بەرەبەرە دەشتی شاروێرانی داگرت. ڕێباز وەک هەمیشە زەنگاڵی لە خۆی توند کردبوو. ئەو شەوە کە سەرخەوی شکاندبوو خەونی بە کاکە هیوای دیبوو. لە خەونی‌دا هیوا لە چۆمێکی قوراو دەپەڕیەوە کە تفەنگەکەی ئاو بردی. هاواری کرد ڕێباز تفەنگەکەم. ڕێبازیش خۆی بە ئاوەکە داداو ئاو بردی‌و لە خەو ڕاچلەکی ....

ڕێباز چاوەڕوانی فەرماندەری سەرەوەتری بۆ دەسپێکی عەمەلیات دەکرد، بەڵام لای قاوەڵتوون لە بەرەی چرچە واتە لە گوندی داشخانە پێشمەرگەکان ئاشکرا بوون و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دران. هۆکاری ئاشکرا بوونیان کە ڕۆژێک پێشتر دوو کادری نەغەدە گۆیا ئاشکرا دەبن بۆ شوێنە ونکە ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن ڕێژیمیش پێوشوێنیان هەڵدەگرێ‌و لە ئاکامدا بە سەر ئەو دەستە پێشمەرگەیە دا دەکەون و شەڕێکی توند لەوێ ساز بوو. عەمەلیاتەکە ئاشکرا کراو وەک خۆی نەچووە پێش. فەرماندە چرچە کە یەکەم تەقە لە بەرەی ئەوانەوە دەستی پێ کرد زۆر زوو لە نزیک داشخانە شەهید بوو، ئەوانی دیکەش بە شکاندنی چەند کەمین بەرەو لای ڕێبازو گوندی کۆنەدێ پاشەکشەیان کرد.

بەو تەقەو لێکدانەی گوندی داشخانە هەموو تەرح و گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە هەڵوەشاوە. ئەو دەستەیەی وەستا ئەحمەدو خالید لێی بەرپرس بوو لە گوندی خورخوره هێرشیان کردە سەر پایەگای ئەو گوندە. دەستەی کۆنەدێش لە پێش ئاوایی کەمینیان دانایەوەو پاش ماوەیەک ئەو دەستە پێشمەرگەیەی لەگەڵ چرچە لە داشخانە کەوتبوونە گەمارۆ، پاش شەهید بوونی چوار کەسیان خۆیان گەیاندە لای ڕێبازو ئەوان لە گوندی کۆنەدێ و وێڕای ڕێبازو پێشمەرگەکانی دیکە چوونە سەنگەرەوەو خۆیان بۆ شەڕێکی نابەرامبەر ئامادە کرد.

چرچە شەهید بوو هاوسەنگەرانی زۆر شتی لێ فێر بوون چونکی باشیان دەزانی کە چرچە بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی قارەمان و نەترس بوو، زۆر بە نەزم و ڕووح سووکیش بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەموو ژیانی پڕ شانازی لە پێشمەرگایەتی‌دا خاڵی لاوازی نەبوو هیچ کات لای پێشمەرگەکان کارێکی وای نەکرد یان بەشێوەیەک هەڵس و کەوتی نەکرد کە زەبر بە فەرماندەهی حیزبەکەی بکەوێ. زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی ئەگەر هەڵەکاری و چەوتی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێ‌دەکاو لە ئاکام دا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا .

هێشتا هێزی ڕێژیم هێرشی نەهێنابۆوە کە هەواڵی شەهید بوونی چرچە لە نێو پێشمەرگەدا بڵاو بۆوە، هەرچەند ئەو هەواڵە کاریگەریی خراپی لەسەر ورەی پێشمەرگەکان دادەنا، بەڵام پێشمەرگە زۆر لەوە زیاتر فێربوون کە بە لەدەست دانی فەرماندەکەیان چی بکەن. ڕێباز ڕووی کردە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەوروبەری و گوتی: کوڕەکان ئێوە فیداکاریی زۆرتان کردوە. ڕاستە چرچە شەهید بووەو ئێستا لە لامان نیە، بەڵام ئەگەر شەهیدیش نەبوایە ئێمە ئەو شەڕەمان هەر لە پێش بوو، بۆیە ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی ئێمەیە. ڕۆژی لە خۆبوردوویی و فیداکاری،






ڕۆژی تۆڵە و زەبرلێدان لە دوژمن. ئەو هێزە زۆرەی لە دوورەوە دیارە، هەر ئەوەیە کە بە دەیان جار لە ناوچەی بۆکان دەست و پەنجەتان لەگەڵ نەرم کردوون و تێکتان شکاندوون، وشیاری خۆتان بن، ئەو قسەیەی منتان لە بیر نەچێ دە کەسیان بکوژین بەسە، ئەوانی دیکە چاویان لێ بکەن چۆن وەک مێرۆلە ئەو دەشتەیان هەڵگرتووە، هەموو بەرەو دواوە دەکشێنەوە.....

هێزی زۆرو بۆری دوژمن دەشتی شاروێرانی داگرتبوو. پێشمەرگە لە سەنگەردا، قامک لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ لە نێو قانە و باغ و جۆیباری شاروێران هەناسەیان لە سینگدا ڕاگرتبوو، دڵە کوتە، دڵی پڕ لە ئاواتی راگرتبوو، دڵەکوتە بۆ سەرکەوتن، بۆ زەبر لێدان لە دوژمنی دڵڕەش .

لای نیوەڕۆ شەڕ لە کۆنەدێ دەستی پێ کرد. هێزێکی زۆر و زەوەندو لە ژمار نەهاتووی سەر بە قەرارگای هەمزە بۆ بەرەی شەڕ هاتبوو، تۆپخانەیەکی گەورەش پشتیوانی لەو هێزەی حکومەت دەکرد. لە قەراغ ماڵان شەڕێکی گەرم لە بەرەی ڕێباز لە ئارا دابوو. لە دەستی راستی ڕێبازرا هێزێکی دیکەی دوژمن بە جادەی خاکی کە بۆ ئاوایی دەهات کەوتە کەمینی دەستەیەکی دیکەی پێشمەرگەکان و لێیان درا. لەوێ ماشێنێک بە دۆشکەوە و خۆمپارەیکی ٦٠ میلیمیتری و چەند کلاشینکۆف بە دەسکەوت گیران، لە ئاوایی خۆرخۆرەش دەستەی وەستائەحمەد وخالید هێرشیان کردە سەر پایگاو لەو بەرەیەش شەڕەکە پەرەی سەند. هێزەکانی دوژمن لە دەستی چەپی ڕێباز ڕا هێرشیان هێنا، ئێستا لە سێ لاوە پەلاماری ئەو گوندە درابوو، بەڵام پێشمەرگە وەک پۆڵا لە سەنگەردا بەربەرەکانی دەکرد. ئازایەتی و دەستوبردی هیزی پێشمەرگە هێزی کۆک و پۆشتەی دوژمنی ناچار بە پاشەکشە کرد، بەڵام لەو بەربەرەکانی‌یە سەختەدا چوار پێشمەرگە بریندار ببوون. دوژمن کە لە هێرشی هێزی پیادە بە توندی تێک شکابوو، وەک پیشەی جارانی پەنای بۆ ئاوری تۆپخانە بردوو بەوەش رازی نەبوو، زۆری نەبرد سێ هێلیکۆپتێری شەڕکەر هاتنە ئاسمانی شەرگەو گوندەکە بە شەستیرو ڕاکێت لە ئاسمانەوە هێرشی کرایە سەر.

دوای دو سەعات ئاوربارانی نێوگوندو قەراغ ئاوەدانی هێزی پیادە دوژمن پەلاماری هێنایەوە. لە یەکەم ماڵەکانی ئاوەدانی شەڕێکی گەورە و حەیسییەتی دەستی پێ کرد. ئەو بەربەرەکانی‌یە بۆ پێشمەرگە حەیسییەتی بوو. ئەو بۆ پاراستنی شەرەفو کەرامەتی خەڵک هاتبۆ مەیدان و هاتبوو پیشانی داتەوە کە ئەو خاوەن ماڵەو هێزی حکومەت بێگانەیە. لە لایەکی دیکەوە بۆ حکومەتیش شوورەیی بوو کە ئیدیعای ئەمنییەتی ئەو ناوچەیە دەکرد، بەڵام لە نزیک شاری مەهابادو لە بن گوێی قرارگای هەمزە کە چەندین هەزار چەکداری لێیە، پێشمەرگە ئاوری لە سەر پشتیان کردۆتەوە. تۆپخانە بێدەنگ بوو. چاوەڕێ بوو بزانێ هێزی پیادە چی پێ دەکرێ و چارەنووسی شەڕ چی بە سەر دێ. هێلیکۆپتێرەکان بە سەر ئاسمانی شەرگەدا دەسووڕانەوە، مداوم ئاوریان بە سەر ئاواییدا دەباراند. پاسدارو پێشمەرگە بە جۆرێک تێکەڵ ببوون کە ئاستەم بوو بتوانی ئەو سەنگەراوسەنگەر بکەی، بەڵام بەو حاڵەش هێزی زۆری دوژمن نەیتوانی چۆک بە هێزی گەڵ داداو لای ئێوارێ هێزی ڕێژیم کە کەلاکی زیاتر لە پەنجا کەس لە چەکدارەکانی لە شەرگە کەوتبوو، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن فەرماندەکانیانەوە بە زۆر بۆ شەرگە دەنێردرانەوە، بۆ دواوە کشایەوە. لە سەر بڕیاری لێژنەی عەمەلیات سەعات ٨ی ئێوارێ بە پێشمەرگەکان ڕاگەیەندرا کە خۆیان کۆ بکەنەوەو بەرەو ئاوایی گردی یەعقوب بکشێنەوە تا لەوێ خۆیان ڕێک خەنەوە...

هەردەستەیەی بە شوێنێکدا بەرەو جێگای دیاری کراو کەوتنە رێ، ڕێباز کە نیزیک بیستو پینج کەسی لە گەڵ بوو، لە پێشەوەی شەرگە بوو. هێزی دوژمن کشابۆوە، بەڵام لە دووررا تەقەی دەکرد. ڕێباز پێشمەرگەکانی کۆ کردەوەو بە نێو ئاواییدا هاتە خوار، تازە لە ماڵان وەدەر کەوتبوون کە لە پڕ ڕەهیلەیەکی کاتیوشای چڵ لوول بە سەریاندا باری. ڕێباز وەک عادەتی هەمیشەیی لە کاتێکدا چەکەکەی بە دەستی‌یەوە بوو، لە سەر کاناڵەکە پێشمەرگەکانی بەرێ دەکرد کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئاتەشبارەی تۆپخانە کەوتە نیو پێشمەرگەکان.






لە یەک چرکەدا بیست و یەک کەس لەو پێشمەرگانە کە هەر کام لەوان لە بەیانی یەوە ئاوریان لە سەر پشتی دوژمن کردبۆوە، هەر یەکەی بە لایەک دا کەوتن و شەهید بوون. ڕێباز لێرەش هەر پێشەنگی ئەوان بوو. دوای بارینی ئەو ڕیزە کاتیۆشایە وڵات بێدەنگ بوو. ئاسمان خوێن و دوکەڵی لێ دەباری، پۆل پۆل شەهید، دووان و سێ بە سەر یەکدا کەوتبوون و خوێنی گەشیان دەشتی شاروێرانی پاراو دەکرد ڕێبازو هاوڕێیانی کە لەو ڕۆژەدا سەلماندیان دوژمن لە ئاست دەست و تفەنگیان زەبوون و داماوە، ببوونە قوربانیی نابەرامبەری و ناهاوسەنگیی هێز لەگەڵ دوژمن. ڕێباز چەکەکەی بە دەستەوە بوو. هێشتا بەری نەدابوو. توند لە ئامێزی گرتبوو، بە سەریدا کەوتبوو. هەر ئەو چەکەی کە دوای شەهید بوونی کاکە هیوای تاوی دابوویە، هەر ئەو چەکەی لە دەیان عەمەلیاتدا دوژمنی پێ تاساندبوو. ئەو چەکەی کە نەیهێشت دوای شەهیدبوونی کاکی وەعەرزی کەوێ. ڕێباز سووکباڵ و ئارام خەوی لێ کەوتبوو... خەونێکی تاهەتایی... پڕ سەروەرو پڕ لەشانازی.....لە گەڵ بیست و چوار هاوسەنگەری کە یەکیان چرچەی فەرماندەری بوو.....

## هەژدە [ ١٨ ]

وەرزێرو جووتیار لە موچەو مەزرایان بە کاری وەرزێڕییەوە خەریک بوون. خەڵک تاق و لۆق هاتوچۆی شاریان دەکرد، لە نێوشارو ناوچەکانی بۆکاندا بڵاو بۆوە کە پێشمەرگەکانی بۆکان لە ناوچەی مەهاباد عەمەلیاتیان کردوە و بیست و پێنج شەهیدیان داوە. زیاتر ناوی چرچەی بارام میرزا، فەرماندەی هێزی بەیان لە سەر زار بوو کە ئەویش شەهید بووە ...

مام عەلی تازە مانگێکە لە زیندان ئازاد کراوە. لەوەتی گوێی لەو هەواڵە بووە ئاراو قەرای لێ هەڵگیراوە. لە خۆی دەپرسی بڵێی ڕێبازیان تێدا بێ؟ بڵێی دیسان جەرگم بەبڕین چووبێ؟ دوایە بە خۆی دەگوت دەی ئەوە ڕێبازیش تێدا نەبوو، ئەدی ئەوانی دیکە چی؟ بۆ مەگەر بە لە دەستدانی ئەو بیست و پێنج شەهیدە هەموو برینەکانی دڵم گۆشتەزوو نەبوونەتەوە؟ مەگەر هەموو کوڕی ئەو خەڵکە نین، مەگەر منیش یەکیک لەو خەڵکە نیم؟... ڕاچەنی... نانا من وەک ئەو خەڵکە نیم... ئەمن کوڕێکی دیکەم تێدا چووە... ئەمن پێشتر جەرگم کونکون بووە.... ئەمن بەرگەی ئەو خەمە ناگرم نا... کێ هەست بە ئازاری دەروونی پڕ لە ناسۆرم دەکا... ئێوارە گوێی


شەهیدان : [ ئەبووبەکر کانی درێژی، سمایل خورشیدی ] برایم چووکەڵی، عومەر کانی سێوی

بە رادیۆوە نا. تا ماڵاوایی بێژەرەکە دەستی لێ بەرنەدا... هیچ باس نەبوو. بڵێی وانەبێ؟ بڵێی هێشتا هەواڵەکەیان پێ نەگەیشتبێ... ئەدی بۆ ئەو هەواڵەی نەخوێندەوە... خوایە گیان ڕاست نەبێ... دەی کوڕە هەموو شتێک لای خودا ئاسانە. بۆ خۆی داویەتی و بۆ خۆشی دەیستێنێتەوە.... پیاو هەر دەبێ شوکرانەبژێر بێ ...






بەیانی زوو لە خەو هەستا. ریشی تاشی و دوای خواردنی نان و چای بەیانی ڕێی مەزرای گرتەبەر. بەڵام بۆ یەک چرکەش داڵغەو نیگەرانی بەری نەدەدا. دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو. بەڵام لەبەر کوڕەکانی وەسەرخۆی نەدەهێنا. جیا لە ژنەکەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە مەزرابوون و خەریکی وێنجەدوورینەوە بوون. ئێوارە کاتی کردنەوەی ڕادیۆ گەیشتێ. مام عەلی رادیۆکەی گرتە دەستی و دەستی بە بادانی پێچەکەی کرد. کە گەیشتە شمشاڵەکەی مامە قالە ڕایگرت. دڵی توندتوند لێی دەدا. سروودی ئەی ڕەقیب و قورئانەکەش خوێندرانەوە... کورتەی هەواڵەکانیش باس کرا. کوڕەکان و کچەکانی مام عەلی کە خەریکی وێنجەدوورین و بژاری بێستان بوون، دەستیان لەکار هەڵگرت و لە دەوری بابیان و رادیۆکە دانیشتن. یەکێک لە کچەکان کترییە ڕەشی وەسەر ئاگرنا، تەفسیری سیاسیی ڕۆژ تەواو بوو. ڕادیۆ کە پێشتر کورتەی هەواڵی عەمەلیاتەکەی شاروێرانی خوێندبۆوە، دەستی بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی عەمەلیاتەکە کرد. دەنگی بێژەری ڕادیۆکە خەمو ماتەمی لی دەباری. ئەگەرچی لە هەواڵەکەدا هاتبوو کە ڕۆڵە ئازاکانی گەل لە مەیدانی شەڕی بەرەوڕوودا چ ئاورێکیان لە سەر پشتی دوژمن کردبۆوەو چۆن وەک خەزان کەلاکی هێزی پیادەی دوژمنیان لە شەڕگەدا خستوە، بەڵام ئەوەی دوای تەواو بوونی شەڕەکە ڕووی دابوو، کۆستێک بوو کە گەرووی بێژەری ڕادیۆی دەگوشیو مام عەلی زۆر بە جوانی هەستی بەوە دەکرد. ڕادیۆ ناوی شەهیدەکانی دەخوێندەوە، ناوی ڕێباز وەک دووهەمین شەهیدی بنەماڵە لە ناوەکانی هەرە پێشەوە دابوو.... گریان و لە بانگ و سەڵادان ئەو دەشتەی داگرت. کەس بە دەوری ئەو


برایم چووکەڵی، شەهیدان : [ خالید ڕەشیدی، حوسێن نادری و هەمزە ئیفتخاری ]

بنەماڵەیەوە نەبوو. مام عەلی و کوڕو کچەکانی هەر یەکەو لە سووچێک ملیان لە شین و گریان نابوو... کەس لەبەر گریان قسەی بۆ نەدەهات.... چی بڵێین... خوشکەکانی ڕێباز هەر یەکەو بە ئاوازێک بە سەر برا شەهیدەکانیاندا هەڵدەگوت... کوڕەکان بێدەنگو نەرمە نەرمە فرمێسکیان هەڵدەوەراند. سەریان بە هەنیسکەوە هەڵدەقەندرا. مام عەلی فرمێسکەکانی سڕییەوەو گوتی بەسی کەن ڕۆڵە، هەستن خۆتان خڕ کەنەوە دایکتان لە ماڵێ بە تەنیایەو ئێستا کەسی بە دەورەوە نیە.... بەڵام کەس تواناى بزووتنی نەبوو... مام عەلی کە بۆ خۆشی نەیدەزانی ئەو هێزەی لە کوێ هێناوەو تەواو بە سەر خۆی دا زاڵ ببوو، گوتی ڕۆڵە مەگرین. گریان هیواو ڕێبازمان بۆ ناهینێنەوە. ئەوان گیانی خۆیان بەخت کرد. بۆخۆیان ئەو ڕێگایەیان هەڵبژارد، چونکی ئیمانیان پێ بوو. خودا لە دڵی نابوون کە خۆیان بەختی خەڵکەکەیان بکەن. هەستن بە قوربانتان بم.. هەستن دایکتان بە تەنیایە. هیواو ڕێباز شین و گریانیان ناوێ... ئەوان سەربەرزی ئێوەیان دەوێ. ئیمانی ئێوەیان دەوێ بە ڕێگاکەیان. لە منتان کەوێ لەلای خەڵک خۆڕاگر بن. نەچن بگرین و دوژمنمان پێ خۆش بکەن. هیواو ڕێباز نەمردوون، قەت نامرن، تا دنیا دنیایە ناویان بە چاکی دەمێنێ، ئەوان گیانی خۆیان بۆ خەڵکەکەیان دانا، ئەو خەڵکەش چاکەیان دەدەنەوە... منداڵەکانیان بە ناویانەوە دەکەن ...

مام عەلی و کوڕو کچکەکانی بە بێدەنگی هەستان و لە کاتێک دا نەرمنەرم دەگریان بەرە و ئاوایی وەڕێ کەوتن. هەر یەکەو خەیاڵ بۆ






شوێنێکی هەڵگرتبوون. مام عەلی بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن دڵی ژنە دڵسووتاوەکەی بداتەوە، چۆن سەرەخۆشی بۆ ڕێبازی جگەرگۆشەی دابنێ کە خەڵک تووشی گیران و ئەزیەت و ئازار نەبن ...

نەبەز دەستی بە گیرفانیدا هێنا. بلوێرەکەی پێ بوو. بلوێرەکەی کاکە ڕێبازی. ئەو کاتانەی کە بەتەنیا لە مەزرا دەبوون ڕێباز بلوێری بۆ لێدەداو ئەویش بە دەم کارکردنەوە گۆرانی بۆ دەگوت. ڕێباز بەر لەوەی ببێتە پێشمەرگە بلوێرەکەی دابوو بە نەبەز. نەبەز لە هەموو شوێنیک ئەو بلوێرەی پێ بوو. بۆ خۆشی فێرە لێدانی ببوو... هەر کاتێ بیری کاکە ڕێبازی کردبا، هەر کاتێ بیری کاکە هیوای کەوتبا پەنای بۆ بلوێرەکەی دەبرد... بەڵام ماوەیەک بوو بلوێرەکەی لێ شکابوو. پێی لێ نەدەدرا... بەڵام نەبەز دڵی نەدهات فڕێی دا. لە ماڵێ دایناﺑوو. خستبوویە نێو یەغدانەکەی دایکییەوە. وەک گلێنەی چاوی پاراستبووی. دوێنێ کە هەواڵی شەڕەکەی شاروێرانی بیستبوو، چوبوو هەڵیگرتبوو. بەیانیش لەگەڵ خۆی بۆ مەزرای هێنابوو. دەستی بە بلوێرەکەوە بوو. توند بلوێرە شکاوەکەی گرتبوو. بەڵام بلوێر بێدەنگ نەبوو. تێی توراندبوو... کاکە ڕێبازی بوو لێی دەدا... دوور دوور لە سەر گردەکەی قەراغ ماڵێ بوو... دانیشتبوو بلوێری لێ دەدا... هەوایەکی غەریب لەو بلوێرە شکاوە دەهات... هەوایەک کە هەموو ئەو دەشتەی داگرتبوو ...

## نۆبار، ڕووپەڕێک لە دەفتەری حەماسەی پێشمەرگە

هەموو کاتێ کە ئاوڕێک بۆ رابردووی ژیان و خەباتی خۆمو حیزبەکەم دەدەمەوە، خەفەتێک هەموو ئازای لەشم دادەگرێ. خەفەتی نیشتنی تۆزی فەرامۆشی لە حەماسەی هێزی پێشمەرگە، تۆمار نەکرانی هەموو ڕووپەڕەکانی خەباتی هێزی پێشمەرگەو زۆر جار ونبوونی ناوو بیرەوەریی ئەو کەسانەی خوڵقێنەری ئەو شانازی یانە بوون. پاساوی ئەوە یان هۆکاری ئەوە هەرچی بێ، جا دەستەوەستانی، خەمساردی یان هەلومەرجی سەختی خەبات و تێکۆشانی چەکداری و بێ ئیمکاناتی و چی و چیی دیکەش هیچ لەو راستی یە ناگۆڕن ئەوەی لەو بارەوەو لەو بوارەدا کراون ئێجگار کەمە. هەرچی بێ مێژووی جووڵانەوەی کورد لە دەیەکانی ڕابردوودا لە سات بە ساتی ئەو ساتانەو ئەو ڕۆژە سەختو ناهەموارانەو لەو حەماسە و سەرکەوتنە شیرین و شکستە تاڵ و ناخۆشانە پێک دێ. کەواتە ئەو مێژوویە خۆی بە خۆی قەرزدارە و ئەگەر لە ڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناوی و چەکداری دا دەرفەت و دەرەتان و بوارو ئیمکاناتی تۆمار کردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبوە، جا چ بە وێنە، بە فیلم و چ بە نووسین و کۆکردنەوەی دێکۆمێنتەکان، بەڵام ئەمڕۆ غەدرە ئەگەر ئەو ڕۆژانە نەنووسینەوە، ئەگەر تۆزی فەرامۆشی لە سەر ئەو ڕۆژانە لانەدەین کە ئەوڕۆیان بۆ دروست کردووین. ئەو ڕۆژانەی کە ئەگەر بە نووسراوە بمێننەوە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەبنە هەوێنی دروستکردنی سەدان و بگرە هەزاران دێکۆمێنت و فیلم و بەڵگەی سیاسی، هونەری، ئەدەبی و... هتد.

یەک لەو ڕۆژە سەختانە، یەک لەو ڕۆژە شانازی خوڵقێنە، یەک لەو ڕۆژە پڕشنگدارەی بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی موکریان، ڕۆژی دەستبەسەرداگرتنی گوردانی نۆبار لەو ئاواییەیە لە شەوی حەوتی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوییە.

ئەو عەمەلیاتە لە مێژووی شەڕو بەرگریی چەکدارانەی حیزبی دیموکراتدا عەمەلیاتێکی بێ وێنە بوو. بۆ چی بێ وێنە بوو؟ لە بەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی بەرگریی چەکداری و عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگە تا ئەو کات کەم بووە عەمەلیاتی لەو چەشنە کە هەموو ئیبتکاری عەمەلیاتەکە بە دەستی هێزی پێشمەرگەوە بێ. واتە تەرح و گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دارێژرێ و بە ئیبتکاری خۆی بەڕێوەی بەرێ. لە زۆر جێگادا هێزی پێشمەرگە بەرپرچی پەلاماری هێزی ڕێژیمی داوەتەوە، واتە شەڕ بە سەردا سەپاوە ئەگەرچی لەو پەرچە کردارەش دا زیاتریش کەس لە هێزی دوژمن کوژراوە. عەمەلیات بووە کە دوژمن هێرشی کردۆتە سەر هێزی پێشمەرگەو ٣٠٠






کوژراوو سەدان برینداری داوەو تێکیش شکاوە، بەڵام ئیبتکارەکە ئی هێزی دوژمن بووە، پلانی داناوە، هێزی کۆکردۆتەوە، هێرشی کردووەو دوایەش تێک شکاوە. شەڕی "جەتەر"، " پشتی نەستان" ، گوندی تەنگیسەر" و زور عەمەلیاتی گەورەی دیکە لەو چەشنەن. زۆرجار پایەگاکانی ڕێژیم گیراون و زەبری کاریگەرو گورچکبڕ لە ڕێژیم دراون، هەر لە بۆکان زستانی ساڵی ١٣٦٠ کە گوردانی هەوابوردی شیراز تەنیا بە ٢٧ پێشمەرگە تەفرووتونا کرا، بەڵام ئەوەی کە جیاوازی ئەو عەمەلیاتە لەگەڵ ئەوەی نۆبار دەردەخا ئەوەیە کە ئەو کات هێزی پیشمەرگەو حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوچەی رزگارکراوی لە بەر دەست دابوو، بەڵام گرتنی گوردانی" ئیمام حەسەن" لە گوندی نۆباری بۆکان لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکڕات هیچ ناوچەیەکی ئازادکراوی لە کوردستان بە دەستەوە نەبوو، بەندی دڵی ڕێژیمی پساندو ئابڕووی هەموو هێزە چەکدارەکانی بەبا دا. ئەو گوردانە یەکێک لە گرینگترین بنکەکانی ڕێژیم بوو کە بۆ زەبرلێدان لە تەواوەتیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە دروست کرابوو. ئەو گوردانە هێزی چەکدارو تەقەمەنی بۆ زیاتر لە ٣٠ پایەگای دیکە دابین دەکرد. لەهەر جێیەکیش شەڕو پیکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمن بوایە، گرووپی زەربەت بۆ پشتیوانی لەو گوردانەڕا وەڕێ دەکەوت. زۆربەی شەوەکان و لە زۆر جێگای ژێر دەسەڵاتی خۆی کەمینی بۆ پێشمەرگە دەنایەوەو پەلاماری پێشمەرگەی دەدا.

جیا لەوە گرینگی‌یەکی دیکەی عەمەلیاتی نۆبار لەوە دابوو کە عەمەلیاتەکە لە قووڵاییترین ناوچەی کوردستان بەڕێوە چوو، ئەویش لە کاتێکدا کە هێزی پێشمەرگە بستێک خاکی لە بەر دەست دا نەبوو تا پشووی لێ بدا، تەنانەت بۆ هێنانەوەی بریندار لەو ناوچەیەڕا دەبوا نزیک بە ٧ رۆژ ڕێگە ببڕین...

بۆ باس لە سەر چۆنیەتیی گرتنی گوردانی نۆبار دەبێ لە سەرەتاوەو لە سەرەکیترین شتەکان ڕا دەست پێ بکەین. هەر لەوەڕا کە چۆن بوو بڕیار درا ئەو عەمەلیاتە بکرێ، هێزی فکری و پلاندانانی ئەو عەمەلیاتە گەورەیە لە کێ پێک هاتبوو، داڕشتنی گەڵاڵەکە چەندی خایاندو ئەو ئەرکە قورسە چۆن و بە چ تێچوویەک جێبەجی کرا. هەر بۆیەش لە سەرەتاوە پێویستە بگوترێ کە ناکرێ باس لە گرتن و تەفروتوونا کردنی گوردانی نۆبار بکرێ و باس لە وەستا ئەحمەد، فەرماندەری بەوەجی هێز بەیان (١٣) و ڕۆڵی کاریگەرو یەکلاکەرەوەی ئەو لە سەرکەوتنی ئەو عەمەلیاتەدا نەکرێ .

گرتنی گوردانی نۆبار لەلایەک ئەگەر شانازی یەکی هەرە مەزن بۆ حیزبی دێموکرات بوو، لەلایەکیش درەوشانەوەی نبووغی نیزامیی وەستا ئەحمەدو گەیشتنی ئەو بە چڵەپۆپەی پلاندانانی نیزامی بوو. شیکردنەوە و گێڕانەوەی ئەو عەمەلیاتە بێ هێنانە بەرباسی ژیانی وەستا ئەحمەدو ئاورێک لە ڕابردووی پێشمەرگایەتیی وەستا نوقسانە.

ئەو رابردووە، ئەو مێژووەو ئەو ساتانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاگرد بەننایەکی هەژار نابغەیەکی نیزامی دروست کردبوو....

وەستا ئەحمەد تا پێنجی سەرەتایی خوێندبوو. کە هاتە نێو ریزەکانی حیزبەوە لە پێشدا لە یەکیەتی لاوان سازمان درا. پاشان ساڵی ١٣٦٠ بە هۆی هۆگریی زۆری بۆ کاری نیزامیی هاتە هێزی بەیان. وەستا ئەحمەد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەشەی دەکرد، دەچووە هەر جێیەک باوەشیان بۆ دەکردەوە، ئازایەتی، جوامێری، ڕووح سووکی و کەسایەتیی بەرزی کۆمەڵایەتی ئەو خۆسەویستی کۆمەڵانی خەڵک کردبوو. هەر بەو ڕادەیەی لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو، ئەوەندەش دوژمنانی قین لە سگی لێی بەداخ بوون. هەر قین لە سگی و بە داخبوون نەبوو، لێی دەترسان،

زەندەقیان لە ناوی چوبوو. دەیانزانی کە وەستا ئەحمەد، وەستا ئەحمەدی زەحمەتکیش و خاکەڕا لە مەکتەبی حیزبی دێموکرات دا

١٣- کاتی عەمەلیات وەستا ئەحمەد جێگری هێز بوو.






شۆڕشگێڕێکی شێلگیری دێموکراسی و مافی چارەنووس و، نابغەیەکی نیزامیی و پڵینگی هەردانی لێ دروست بووە. دوژمن زۆری پیلان بۆ گێڕابوو، گەلێ بۆسەی بۆ دانابوو، تەنانەت خێزانەکەی خستبۆ بەندیخانەوە بۆ ئەوەی وەستا بە چۆک دا بێنن، بەڵام وەستا ئەحمەد پۆڵا بوو، دانەنەوییبوو، وەک شێر نرکەی لە دڵی دوژمن دێناو هەر گەشەی دەکرد. وەستا چەندین جار لە شەڕدا بریندار ببوو، بەڵام کۆڵی نەدابوو، پێش ئەوەی برینەکانی بە تەواوی چارەسەر بن، گەڕابۆوە سەنگەرو لەگەڵ هاوڕێیانی درێژەی بە تێکۆشان دابوو..

لەگەڵ وەستا ئەحمەد هەر هاوڕێی پێشمەرگەو هاوسەنگەری یەکتر نەبووین. دوو رەفیقی زۆر لێک نیزیک بووین، زۆر شت لە وەستا فێر بووم، بۆ زۆر جێگا لە گەڵی چووم، بۆ زۆر مەئمووریەت شانبەشانی بوومو لە هەر کام لەوان شتێک فێر ببووم ....

لە گرتنی پایگای ترکاشە پێکەوە بووین. کاتی شناسایی و لێکدانەوەی عەمەلیات پێشمەرگەکان لە دەرەوە مانەوە. وەستا ئەحمەدو ئەمن و شەهید کەریم کانی گورگەی بانگ کردو چووینە ماڵێک و شناسایی پایەگا هەر لەوێڕا دەستی پێ کرد... ئەوەی کە ئەو کارەی چۆن سەرخست وچۆن توانیبووی پێوەندی بە سەربازەکانی نێو پایەگاش بگرێ با بمێنێ، چونکی ڕەمزو ڕازی کاری نیزامیی یە، بەڵام هونەری وەستاو شارەزایی لە دەستنیشان کردنی شوێنی لاوازی پایەگاو کاتی هێرش و چۆنیەتیی هەڵمەتی کوڕەکان وای کرد شەوی دواتر پایەگا لە کەمترین کاتداو بە کەمترین زیان دەستی بەسەردا بگیرێ.... بۆ زۆر جێی دیکە لەگەڵی بووم، یەکێکی دیکە لەو شوێنانە شناسایی پایەگای باغلوجە بوو. باشم لەبیرە ئەو ڕۆژە وەستا ئەحمەد و ئەمن و محەممەد شەهرەوان، سمایل بازیار، شەهید محەممەد ئەسپوغە، شەهید ئازاد رەحیمزادە، شەهید سمایل خورشیدی و شەهید سەعید ڕەحمانی.... خۆمان لە پایەگا نیزیک کردەوە. ئێمە هێشتا بە تەواوی سەیری پایەگامان نەکردبوو، بەڵام وەستا بە چاو لێ کردنێک گوتی کوڕینە پایەگا گیراوە، تەنیا دەبێ لە فکری وسیلەیەک دابین بۆ گواستنەوەی دەسکەوت و تەقەمەنی یەکانی پایەگاکە... ئەوەندە دڵنیا بوو کە چاوت لە چاوی دەکرد بێ هیچ پرسیارو وەڵامێک تۆش دڵنیا دەبووی ....

پەروەردەی نیزامیی وەستا تایبەت و دەگمەن بوو. لە هەموو وڵاتان داو لە ئەرتەشێکی کلاسیک دا بۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی فەرماندەیەکی نیزامی ساڵەهای ساڵ دەرس و کلاسی نیزامیی یان بۆ دادەنێن، لە سەدان مانۆڕدا پەروەردەیان دەکەن، فەرماندەکانی گوردانی نۆبار یەک لەوان بوون، بەڵام هەموو ئەوانە لە بەرامبەر نبووغی نیزامیی و کارلێهاتوویی وەستا ئەحمەدو کەسانی دیکەی وەک ناوبراو بە چۆک دا هاتبوون. وەستا ئەحمەدو کەسانی دیکەی وەک ئەو کە لە قوتابخانەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکرات دا پێگەیشتبوون، هەموو تەرح و پیلانەکانی هێزێکی کلاسیکی زوبدەو پوشتەیان پووچەڵ دەکردەوە... نەک هەر جارێک، بە دەیان کەڕەت و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەوە بە بەڵگەوە سەلماوەو، شانازییەکیشە بۆ رۆڵەکانی گەل و حیزبی دیموکرات کە خاوەنی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەن، مێژوویەک کە گرتنی گوردانی نۆبار هەرچەند ڕووپەڕێک لە حەماسەی بەرزی پێشمەرگەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵۆپێکە لە دەریا.....

زەردیی خەزان کوردستانی داگرتبوو. خەڵک خەلەو خەرمانی کۆکردبۆوەو پێشمەرگەکانیش وردە وردەو بەر لەوەی وەرزی سەرما بگاتێ، خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ بنکە جێگیرەکانیان لە بناری قەندیل ئامادە دەکرد. بەڵام وەستا لە بیری شتێکی دیکەدا بوو. وەستا لەو کاتانەدا کە کەمتر کەس بیری لە عەمەلیاتی نیزامیی دەکردەوە، لە نێو مێشکی دا بەرنامەی زەبرلێدانی قورس و سەرکەوتووانە لە دوژمنی دێناو دەبرد.

هاوینی ئەو ساڵە تیمی ریکخستنی نەهێنی بۆ کاری تەشکیلاتی روو لە گوندی ساروقامیش دەکەن کە ناسر دامەنگیر (١۴) چاوی پێیان دەکەوێ بەبەرپرسی تیمەکە دەڵێ کە کورێکی ئێرە(ساروقامیش)بە ناوی عوسمان لە نۆبار سەربازە بەڵکوو قسەی لە گەل بکەن هاوکاریتان بکا، ئەوان جارێک لەوێ بینییان، ئەوە بوو بە دەسپێک و یەکەمین هەنگاو کارێکی ئەوتۆ بکرێ.

١۴- ناسر دامەنگیرکەم ئەندامە ئێستا لە ولاتی فنلند دژی لە جەریانی شەهید بوونی وەستا ئەحمەد بریندار بوو.






بەهارو هاوینی ئەو ساڵە دوو جار لە ڕێگای تیمەکانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبەوە، هەواڵیان بۆ هێنابوو کە عوسمان وخدر لە گوردانی نۆبار داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە، وەستاش ئەو داوایەی لەگەڵ کومیتە شارستان هێنایە بەرباس. وەستا ئەحمەد لە دوایین ڕۆژەکانی هاوین داو لە سەر بڕیاری کومیتە شارستان وا ساغ بۆوە کە لە پشتی حوسێنئاباد لە گەڵ چەند کەس بەرەو نۆبار بچن و چاوی بەو دوو کەسە بکەوێ. ئەوانەی لەو کۆبوونەوە نهێنی و تایبەتەدا هاوڕێی وەستا بوون بریتی بوون لە: سمایل بازیار، شەهید سمایل ڕەحیمزادە (ئازاد)، شەهید محەممەد ئەسپوغە، عەلی لالەو تاهیر ڕەشیدی. ئەو دوو کەسەش کە لەگەڵیان دانیشتن و بەشیکی بەرچاو لە شانازی یەکانی ئەو عەمەلیاتە گەورەیان پێ دەبرێ، شەهیدان عوسمان عەبدوڵلاهی و خدر عەرەبی بوون کە لەو گوردانەدا سەرباز بوون و پێوەندییان بە ڕێکخستنەکانی حیزبەوە گرتبوو کە دوای سەرکەوتنی عەمەلیاتەکەو دوای ئەوەی بە ڕەسمی هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، بە داخەوە هەر دووکیان شەهید بوون......

ئێوارێ ئەو ڕۆژە وەستا هاتە لام و بەگوێی دا چپاندم " برایم خۆت بۆ عەمەلیاتێکی گەورە ئامادە بکە ". ئەمن ئەو کات تەمەنم بیست و یەک ساڵ و فەرماندەری لک بووم. زۆری بە دەوردا هاتم و هێناو بردم بەڵام چی زیاتری پێ نەگوتم، وەستا ڕووی کردە سمایل بازیار گوتی " وەرە سمایل! نەمگوت ناوێرم بە برایم بڵێم تا هەمووم پێ نەدرکێنێ"...

سێ بە سێ ڕاوەستابووین. وەستا گوتی با بێمەوە پێت دەڵێم چیمان بە دەستەوەیە... دوایەش پێکەوە وەرێ کەوتن و بڕیاریان وابوو کە لەگەڵ عوسمان و خدر لە کوشکی "خاتزارا" یەکتر ببینن. ئەمن لە وردەکاری ئەو دانیشتنە ئاگادار نیم، بەڵام داوام لە کاک سمایل بازیار کرد بەو جۆرەی بۆ باس کردین.

"ئێوارەیەکی دواین ڕۆژەکانی هاوین بوو کە لە کوێستانەکانی پشتی گوندی حوسێنئاباد لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان، لە هاوڕێیانی پێشمەرگە لە هێزی بەیان سەر بە کومیتە شارستانی بۆکان، بۆ ئەنجامی مەئموورییەتی شناسایی جیابووینەوە. ئێمە شەش کەس بووین، شەهیدان (وەستا ئەحمەد، ئازاد ڕەحیمزادە، محەممەد ئەسپوغە،)و عەلی لالە، تاهیر ڕەشیدی ومن (سمایل بازیار). مەئمووەییەتی ئێمە شناسایی گوردانی زەربەتی ئیمام حەسەن جێگیر لە گوندی نۆبار بوو. سەرەکیترەین لە هەمان کاتدا گرینگترین خاڵی ئەو شناساییە، بینینی ئەو دوو سەربازە کوردە بوو کە سەر بە پورسێنێلی ئەو گوردانە بوون وقەولی هاوکاریان پێ دابووین. هەر ئەمشەوە گەیشتینە گوندی نۆبارو لە ماڵی یەکێک لە دانیشتوانی ئەو گوندە ماینەوەو پاش پێوەندی کردن بە هاوڕێی ریکخستنی نەهێنی( کە پێوەندی ئێمەو دوو سەربازە کوردەکە بوو بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماوەو ناوی لە لای ئێمە پارێزراوە) قەرارمان دانا کە لەم شوێنە سبەینێکەی چاومان بەو دوو سەربازە کوردە بکەوێ. بەڵام جێ بەجێ نەبوو. شەوی دووهەم شوێنی مانەوەمان گواستەوە بۆ ماڵێکی دیکەو بۆ ڕۆژەکەی قەراری چاوپێکەوتنمان دانا. بەڵام بە هۆی هێندێک گیروگرفتی تەکنیکی کە بۆ سەربازەکان هاتبۆ پێش ئەو ڕۆژەش چاوپێکەوتن سەری نەگرت.

لێرەدا پێم خۆشە باسی ڕووداوێک بکەم کە لە ڕۆژی دووهەمی مانەوەمان لە گووندی نۆباردا تووشی هاتین. نزیک سەعات چواری ئێوارێ بوو کە یەکێک کە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی لە ماڵیان مابووینەوە بەپڕتاو خۆی بە ژووری مانەوەی ئێمە دا کرد گوتی: گوردانی زەربەتی حەمامیان گەیشتنە ناو ئاوایی. ئێمە خێرا خۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر پێشهاتێک ئامادە کرد، لەباس وخواسی چ بکەین چ نەکەین دابووین من لە پەنجەرەی ژوورەکەوە چاوەدێری حەوشەم دەکرد، بینیم گروپێکی چەکدار لە دەرگای حەوشەوە وەژوور کەوتن، بەڵام یەکیک لە ئەندامانی بنەماڵەکە زۆر وشیارانە ڕێنوێنی کردن بۆ ژوورێکی بەرامبەر ئێمە، پێم وابێ نزیک بە سەعاتێک مانەوە نانیان خواردو دواتر ڕۆیشتن.







ئێمەش لەگەڵ تاریک بوونی هەوا لە گوند وەدەر کەوتین بۆ شوێنی قەراری چاوپێکەوتنی سبەینێمان، ئەمجار لە چیای "کۆشکی خاتزارا"، کە نزیک دوو سەعاتێک لە گوند دوور بوو. دوو سەربازەکە بۆ سبەینێ لەم شوێنە "تەئمینی ڕێگا" بوون و لە بەیانی زووە تا پاش نیوەڕۆ لە دەورووبەری ئەم شوێنە دەمانەوە.

بە یانی زوو ئێمە لە خەو هەستاین، دیارە سەرماو نەبوونی پێ خەو هەر زۆر زوو وەخەبەری هێنابووین. نێوان سەعات ٧ بۆ ٨ بوو کە دوو سەربازەکە بە چەکەوە گەیشتنە لامان، سەرئەنجام پاش دوو ڕۆژ توانیمان چاومان پێیان بکەوێ. نزیک بە دوو سەعات لە بن تاشەبەردێکی شوێنێکی نەدیوو لەگەڵیان دانیشتین، پرسیاری زۆرمان لێکردن .

زۆر بەوردی لەسەر هەڵکەوتوویی شوینی گوردانەکە، چۆنیەتی نیگابانی، ژمارەی نەفەرات، چۆنیەتی چەکوچۆڵەکانو شوێنی فەرماندیی و ژووری بێسیم و بە گشتی لەسەر هەموو کەلێنێک و قوژبنێک زانیاریمان لێ وەرگرتن و یادداشتمان دەکرد. ئەوانێش کە وادیار بوو لەمێژ بوو کە خۆیان بۆ ئەو گەلاڵەیە ئامادە کردبوو بە وردی وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان دەدایەوەو زانیاریان پێ داین. پاش نزیک بە دوو سەعات ئەوان ئێمەیان بە جێهێشت و ئێمەش دەمەو ئێواریێ بەرەو ناوچەی گەورکایەتی مەهاباد کەوتینە ڕێو دوای سێ ڕۆژ گەیشتینەوە لای هاوڕێیانمان" .

## ئەو کەسانەی لە شناسایی بوون؛

بەڵام ئەو ڕۆژەی تیمەکە دەچنە نێو ئاوایی نۆبارو هەر ئەو ڕۆژە کە ئەوان لە ماڵێک دەبن، گرووپی زەربەتی جاشەکانی حەمامیان دێنە ئاوایی و هەر چەند کەسەو بە سەر ماڵان دا دابەش دەبن. چەند کەس لەوان بۆ نانی نیوەڕۆ ڕاست دەچنە ئەو ماڵەی وەستا ئەحمەدو پێنج پێشمەرگەکەی دیکەی لێ بوو. ئەوان لە دوو هۆدەی رووبەرووی یەکتر دانیشتوون. پێشمەرگەکان خۆیان ئامادەی بەربەرەکانی و هەرچەشنە ڕووداوێکی نەخوازراو کردبوو، ئەگەرچی شتێک رووی دابا هەر شەشیان شەهید دەبوون، چونکی بێجگە لەو هێزە زەربەتەی حەمامیان گوردانی نۆباریش زیاتر لەسەد کەس هێزی چەکدار لە نێو ئاوایی بوو. جاشەکان نانیان خواردو ڕۆیشتن، وەستاو هاوڕێیانیشی تا ئێوارێ مانەوە ...



لەو ڕۆژەدا وەستاو هاوڕێیانی نەیان توانی چاویان بە سەربازەکان بکەوێ. ئەو گوردانە خۆی لە گرووهانی زەربەت، فەرماندەیی ناوەندیی گوردان و ناوەندی حەفازەتی ئیتلاعات پیک هاتبوو، جیا لەوەش هاوکات سەرپەرستی کردنی زیاتر لە سی پایەگاو بنکەی لە ناوچەو دەورووبەر لە ئەستۆ بوو ...

وەستاو هاوڕێیانی بە کارامەیی و لێزانیی زۆر هەموو لایەنەکانی شناسایی و وردبینی لە سەر هەڵکەوتوویی گوردانەکەی تەواو کردو لەگەڵ تیمەکەی گەڕانەوە هێز. گوندی نۆبار لە رۆژئاوای شاری بۆکان و لە بناری کێوی تەرەغە هەڵکەوتوەو ١٥ کیلومیتر لە بۆکان دوورە. لە باری جوغرافیایی یەوە ناوچەیەکی تەواو پێدەشتەو گوندەکە لە نزیک جادەی سەرەکیی بۆکان _ مەهابادەو هەروەها رێگای زۆر گوندی دیکەی ناوچەی پیرمحەممەدو ناوچەی سارم و میرقازی بەسەرەوەیە. هەر بۆیەش رێژیم وەک شوێنێکی ستراتیژیک و نیزامیی گرینگ چاوی لێ دەکا.



گوندی نۆبار، ئێستا شوێنی گوردانەکە تەخت کراوە.

بینای سەرەکیی گوردانەکە بە پانتایی ١٥٠٠ میتری چوار گۆشە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاوایی هەڵکەوتبوو. لایەکی گوردانەکە روو بە نۆبارو سێ لایەکەی دیکەی گوندەکەی ڕوو بە دەشتی نۆبار بوو. دەرگای چوونەژوورەوەی گوردانەکە لە باکوورو روو بە گوندی عەزیزکەند هەڵکەوتبوو. شەوانە چوار دەوری گوردانەکە بە دە پرۆژێکتۆری بەهێز ڕووناک دەکراو دوو ریز تێل دروو بە دەوراندەوری گوردانەکەدا کێشرابوو کە یەکیان ئاڵقەیی‌و ئەوەی دیکەیان رەستەیی بوو. نێوان چوار تا شەش میتریی ئەو دوو ڕیز تێل دڕووانە بە مینی دژەنەفەرو تەڵەیی مینرێژ کرابوو. جیا لەوانەش دەوراندەوری گوردانەکە بە بەرزایی زیاتر لە دوو میتر گڵی لی هەڵدرابۆوەو لە شێوەی کاناڵ سەنگەریان تێدا دروست کرابوو.

بینای گوردانەکە کە نیزیک پازدە ژووری گەورەو بچووکی لەخۆ گرتبوو، بە خەریتەی تەواو نیزامیی و لە شێوەی (L)دروست کرابوو. پازدە سەنگەر لە چوار دەوری گوردانەکە لێ درابوو کە دیارە شەوی عەمەلیاتەکەو گرتنی گوردانەکە تەنیا سێ سەنگەریان هێزی دوژمنی لێ دامەزرابوو. لە کاتی ئاسایی‌داو ئەگەر هیچ هەواڵێک لە بوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە نەبوایە، بەردەوام سێ نیگابان و پاسبەخشێک ئەرکی پاراستن و کێشکی شەوانەی گوردانیان لە ئەستۆ بوو، ئەگەر هەست بە مەترسی و بوونی پێشمەرگە لەناوچەش کرابا، ئەوا هەموو گوردانەکە دەکەوتە حاڵەتی ئامادە باشی یەوە. ئەو شەوەی کە هێرش کرایە سەر گوردانەکە، تەنیا سێ نیگابان لە سەر پۆستەکانیان بوون، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بە وردی و بە بەرنامە کارەکانی بردبۆ پێشێ کە دوژمن ببڕاوببڕە هەستی بە بوونی پێشمەرگە لە ناوچە نەکردبوو. بەپێی ئەو زانیاری یانە وەستا ئەحمەد و هاوڕێیانی لە سەرچاوەکانی دەستی خستبوو، ئەرکی نیگابانی و پاراستنی گوردان لە ئەستۆی پایەگای حیفازەتی ئیتلاعات بوو کە هەر لە نێو گوردانەکە دابوو. تیمی شناسایی بە سەرپەرستیی وەستا ئەحمەد جیا لە دەستنیشان کردنی هەموو وردەکاری یەکان دەریان هێنابوو کە سەرجەم هێزە چەکدارەکانی نێو گوردانەکە ١٤٨ کەسن، بەڵام شەوی عەمەلیاتەکە سێ کەسیان لەمەرەخەسی بوون. گرووپی زەربەتی گوردان لە ٧٠ کەس پێک دەهاتو زۆربەی کاتەکان لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بەدووی پێشمەرگەوە بوون و کەمینیان لە سەر رێی هاتوچۆی پێشمەرگە دادەنا. گرووهانی پارێزگاری لە گوردان ٢٥ کەس بوون کە کاریان تەنیا حیفازەت و پاراستنی گوردان بوو، بەسیج و دژبانیی گوردانیش لە ٢٠ کەس پێک هاتبوون، کادرەکانی حیفازەتی






ئیتلاعات ٤ کەس، فەرماندەیی ٥ کەس، تەبلیغات ٦ کەس، بەشی پێوەندی و مخابرات ٣ کەس، تداروکات ٧ کەس، ئاشپەزخانە ٥ کەس، ئەنباردراری نیزامیی ٢ کەس و ئەنباری تداروکاتیش یەک کەس بوو.

ئەو هێزانەی نێو گوردان چەکوچۆڵی زۆرو جۆراوجۆریان لە بەر دەستدا بوو، ئەنبارێکی گەورەی تداروکاتی نیزامییش لە ژێر زەوی دا دروست کرابوو کە ژوورێک بە پانتایی ٣٢ میتری چوارگۆشە و بەرزایی چوار میتر بوو. هێزە پیادەی گوردانیش بە چەکی کلاشینکۆف، ژ - ٣ ، تیربارى قەناسەو تەک تیر تەیار بوون، لە نێو ئەنباریش خۆمپارەی ١٢٠، ٨٠ و ٦٠ میلیم و هەروەها چەندین تیربارى قەناسەو ژ - ٣ بۆ کاتی پێویست داندرابوو، جیا لەوەش بە هەزاران فیشەکی جۆراوجۆری لێ هەڵچندرابوو. بەشی هاتوچۆی گوردانیش لە ٤ تویوتا، ئامبولانسێک و تراکتۆرێک پێک دەهات و دوو تانکەری گەورەی سووتەمەنیش لە حەوشەی گوردان بوو.

لە شناسایی گوردانەکەدا زۆر گرینگی درا بە ئەو هێزەی کە پێکهێنەری سەرەکیی گوردانەکەیەو تیمی شناسایی بۆی دەرکەوت کە گوردانی ئیمام حەسەن لە هێزەکانی پاسدار، جاش، جاش سەربازو بەسیج پێکهاتوون کە بەشی زۆریان لە لۆڕستانڕا هێنرابوون. هێزەکانی ڕێژیم لەو گوردانە بە هۆی ئەوە چەند جار لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕیان کردبوو، بە تایبەت لە شاخی تەرەغە و پشتی حوسێنئاباد بەرەوڕووی هێزی پێشمەرگە ببوونەوەو تێک شکابوون، ورەیان لە خوارێ بوو. بەهۆی ئەوەش کە بڕیار بوو دوای نوستنی هێزەکانی دوژمن هێرش بکرێتە سەر گوردانەکە، زانیاری لەسەر کاتی ڕاگەیاندنی خامۆشی گرینگیی زۆری بۆ داڕێژەرانی عەمەلیات هەبوو .

دوای هەموو ئەوانەو لەوانە گرینکتر دوو سەنگەری چوونە ژوورەوەی نێو گوردان بوو کە بە هۆی ئەوە چەند ماڵێکی ئاوایی لە نیزیک دەرگای چوونە ژوورەوە هەڵکەوتوو، ئەوە یارمەتیی زۆری ئێمە بۆ خۆ نیزیک کردنەوە لە زارکی چوونە ژوورەوەی گوردانەکە کردبوو.

تیمی شناسایی دوای تەواو کردنی کاری شناسایی و کۆکردنەوەی زانیاری گەڕانەوەو ڕاپۆرت و ئاکامی کارو تێکۆشان و پلانی عەمەلیاتەکەیان بە کومیتەی شارستانی بۆکان دایەوە. کومیتەی شارستان لە کۆبوونەوەیەک دا ڕەزامەندیی خۆی لە سەر بە ئەنجام گەیاندنی عەمەلیاتەکە راگەیاندو ئیستارتی جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی عەمەلیات لی درا. لە یەکەم دەرفەتداو لە پشتی ئاوایی برایم خەسار لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد کۆبوونەوەی فەرماندەرانی نیزامیی بۆکان گیرا. بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە شەهید هەمزە بهنام، فەرماندەری هێزی بەیان؛ شەهید وەستا ئەحمەد، جێگری هێز؛ شەهید عەوڵاشێنانی، فەرماندەری لک؛ برایم چووکەڵی، فەرماندەری لک؛ شەهید محەممەد ئەسپوغە، جێگری‌لک و هەروەها جەعفەر حامیدی وەک بەرپرسی کومیتە شارستان.

کاتێک وەستا ئەحمەد گەڵاڵەی عەمەلیاتەکەی هێنایە بەرباس بۆمان دەرکەوت کە چەندە بە وردی تەرحی ئەو هێرشەی داڕشتوە. گەڵاڵەکە لەسەر کاغەز هەموو شتێکی تێدا ڕوون کرابۆوەو بە وردی شوێنی یەکانگیریی هێزی پێشمەرگەو هێزی هەڵمەت و پەلامارو پشتیوانی دەستنیشان کردبوو. وەستا ئەحمەد لە کۆتایی دا رایگەیاند کە بەهۆی گرینگیی عەمەلیاتەکەو بەهۆی پێوستیی سەرکەوتن لەو عەمەلیاتە، ئەوەندە پێشمەرگەیەی هێزی بەیان لە ئێستادا لە بەردەستی دایە بەش ناکاو دەبێ هێزی یارمەتیدەرمان لەگەڵ کەوێ. لەو کاتەدا هێزی بەیان تەنیا ٤٥ پێشمەرگەی ئامادەی شەڕکەری هەبوو. بەشێک لە پێشمەرگەکان لە شەڕەکانی پێشوودا شەهید ببوون، بەشیک لە پێشمەرگەکانیش بریندار بوون و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانیش بۆ بردنەوەیان بەرەو بنکەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی بەڕێ کرابوون. وەستا ئەحمەد کە بە وردی پێشبینیی هەموو لایەنەکانی ئەو عەمەلیاتەی کردبوو، پێی وابوو کە بەبەشداریی کەمتر لە ٦٠ پێشمەرگە ئیمکانی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە کەمە، هەر بۆیەش وای دانابوو کە هێزێک بۆ بەرپرچدانەوەی ئەگەری هاتنی هێزی پشتیوانی ڕێژیم بۆ یارمەتیدانی گوردانە لە کەمین دا مابانەوە، بۆ ئەوەش پێویست بە بوونی ١٥ پێشمەرگەی دیکە هەبوو...






دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە سەر بڕیاری کومیتە شارستان بریار درا کە لکێکی هێزی پێشەوا بەشداری ئەو عەمەلیاتە بکرێ. دوای کۆبوونەوەی فەرماندەرانی نیزامیی هێز، جەعفەری حامیدی پەیامی بۆ کومیتەی مەهاباد نارد کە بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک پێوستیمان بە چاو پێکەوتنێک هەیە. لەو ساڵەدا هێزی بەیانو هێزی پێشەوا پێکەوە دوو عەمەلیاتی هاوبەشی دیکەمان کردبوو. هەر دوو ئەو عەمەلیاتەش ئاکامی زۆر باش و سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو.

لەگەل گەیشتنی ئەو پەیامە رۆژی ٣ی رەزبەر شەهید خدرەسوور لەگەڵ لکێک لە هێزی پێشەوا، لە گەورکایەتیی مەهاباد خۆیان گەیاندە کومیتەی شارستانی بۆکان و لەگەڵ گەیشتنی و بێ راوەستان هەر سێ شەهیدی فەرماندە، شەهیدان خدرەسوور، هەمزە بهنامو وەستا ئەحمەد بەیەکەوە کۆ بوونەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا خدرەسوور لە گەلالەی عەمەلیاتی گرتنی گوردانی نۆبار ئاگادار کرا.

خدرەسوور دوای بیستنی وردەکاریو پلانی عەمەلیاتەکە لە زمان وەستا ئەحمەد بێ ئەوەی پرسیارێکیشی بۆ درووست بێ، ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری راگەیاندو پێخۆشبوونی خۆی لەو عەمەلیاتە هاوبەشە نەشاردەوە.

کاتێک کۆبوونەوەکە تەواو بوو چوومە لای خدرەسوورو لێم پرسی لەگەڵمان بەشدار دەبی یان نا؟ ئەویش گوتی لە گەڵاڵەیەکدا کە وەستائەحمەد دایڕشتبێ چۆن بەشداری ناکەم؟ دوایە بە جەفەنگ گوتی ئەوە لەگەڵ پەلی بارام عەجەمم نەکرد...!

بەیانی رۆژی چواری رەزبەر بڕیاری نزیکبوونەوە لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان درا کە گوردانی نۆبار لەو ناوچەیە هەڵکەوتبوو. هەر ئەو رۆژە بڕیار درا کە بۆ هەموو پێشمەرگەکان خامێکی سپی لە قۆڵ خۆیان بکەن بۆ ئەوەی شەوێ لە تاریکی شەوداو لە کاتی عەمەلیاتدا کە کەسانێکی زۆر لە نێو گوردان دا دێن و دەچن، یەکتر بناسینەوە. بەڵام ئەو قۆڵبەندانە لەکاتی خۆی دا نەگەیشتنێ و تەنانەت کاتی چوون بۆ عەمەلیاتو بۆ هەڵگرتنیان، لە گوندی قالوێ پێشمەرگەیەکیشمان بەهۆی هاتنەخوارێی فەرماندەی پایگاو لێکدان لەگەڵیان بریندار بوو...

رۆژی پێنجی رەزبەر، بڕیاری جێبەجێ کردنی عەمەلیات درا. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە بناری چیای تەرەغەی سەربەرزو لە هەوایەکی تەواو فێنکدا پشوومان داو دوانیوەڕۆ هەموو بەرپرسانی نیزامیی بۆ دابەشکردنی کارەکان لە نێو دارەقەیسییەکان کۆ بووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا نەقشەی گوردانەکە پێشان یەک بە یەکی ئامادەبووان دراو، هێزەکان بەسەر لێپرسراوانی بەشەکاندا دابەش کرانو هەموو وردەکارییەکانی عەمەلیات جارێکی دیکەش تاوتوێ کرانەوەو بەرنامەیان بۆ داڕێژرا. ئەو ڕۆژە بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە پۆستی نیگابانیی گوردان عەمەلیاتەکە نەکراو بۆ ڕۆژی دوایی وەدوا خرا. وەستا ئەحمەد کە بەردەوام لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی زانیارییەکانی لەسەر شوێنی عەمەلیات نوێ دەکردەوە، لە چووکترین ئەگەرەکانیش خۆش نەدەبوو. هەر بۆیەش بڕیار درا کە هێزەکە لە جێی خۆی نەبزوێ و تا کاتی عەمەلیات هیچ جموجۆڵێکی ئیزافی نەبێو تەواو بە نەهێنی بمێنێتەوە...

ئێوارەی رۆژی ۶ ی رەزبەر جارێکی دیکە بەرپرسانی نیزامیی هێزی عەمەلیات کۆبوونەوە: شەهید هەمزە بهنام، فەرماندەری هێزی بەیان؛ شەهید خدرەسوور، فەرماندەری هێزی پیشەوا؛ شەهید وەستا ئەحمەد، جێگری هێزی بەیان، بە هۆی شارەزابوون فەرماندەری عەمەلیات بەو سپێردرا، برایم چووکەڵی فەرماندەری لک؛ محەممەد ئەسپوغە جێگری لک، عوسمان ئەفشین، جێگری لک، رەحمان جەناح و عەوڵای کانیسیرانی سەرپەل و، سمایل بازیار کە ئەو کات بەرپرسایەتیی نیزامی لە هێزدا نەبوو بەڵام لەو عەمەلیاتەدا لە سەر داواو پیداگریی وەستا ئەحمەد بەرپرسایەتیی دەستەیەکی پێ درا. چەند کەسێکی دیکە وەک جێگر پەل بەشدار بوون.

لەو کۆبوونەوەیە بڕیار درا کە تا هەموو دەستەو پەلەکان لە شوێنی خۆیان دانەمەزرێن کەس تەقە ناکا، مەگەر ئەوەی شتی پێشبینی






نەکراو بێتە پێشێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا دەستەیەک بە فەرماندەیی شەهید ئەبووبەکری جامەردی بۆ نانەوەی کەمین لەسەر ڕێگای سەرەکیی هاتنی هێز لە بۆکانەوە دیاری کرا .

لە گەڵاڵەی عەمەلیاتدا هاتبوو کە نزیک بە٢٠ کەسیش بە فەرماندەیی عوسمان ئەفشین دوای گرتنی نیگابانەکان لە خاکریزی گوردان بەرەوڕووی هێزی زەربەتی دوژمن دادەمەزرێن تا هەموو پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکە لە شوێنی خۆیان جیگیر دەبن، مەبەست لەوەش ئەوە بوو کە ئەو هێزە بتوانێ تا کاتی دامەزرانی تیمەکانی دیکەو پێش کاتی دیاریکراو لە ئەگەری ئاشکرابوونی بەشیکدا وەڵامدەری ئاگری دوژمن بێ تا پێشمەرگەکانی دیکە زەربە نەخۆن.

سمایل بازیار لە گەڵ ٥ کەس ئەرکی لێدان لە حیفازەتی گوردانی پێ سپێردرا، خدرە سوورو هەمزە بهنام لەگەڵ چەند پێشمەرگە بەر دەرگای گوردانیان پێ سپێردرا کە دوای دەسپێکی عەمەلیات چاوەدێریی ئەو بەشەی کارەکان بکەن تا شپرێوی دروست نەبێ، وەستا ئەحمەدو برایم چووکەڵی لە سەرەوەی گوردان لەگەڵ ٥ کەسی دیکە لێدان لە بەشی فەرماندەیی و ئیتلاعات و بێهداریی گوردانیان پێ سپێردرا، شەهید محەممەد ئەسپوغە مخابرات و پورسینیلی و پاشان هەر بەردەرگایەک و بەر پەنجەرەیەک دوو پێشمەرگە و جێگرپەل یا سەرپەلێکی بۆ دیاری کرا.

دوای دابەشکردنی کار، دەبوا زۆر بە دەستوبردو پیشمەرگانە بۆ غافڵگیرکردنی دوژمن دەست بەکار بین. بەپێی گەڵاڵە کاتی دەسپێکی عەمەلیات دوای لێدانی خامۆشی و لەکاتی نووستنی هێزەکانی دوژمن دیاری کرابوو. پێمان وابوو لەو کاتەدا رادەی ئامادەیی هێزەکانی دوژمن نەک هەر لە خوارێیە، بەڵکوو کتوپڕ بە سەر ڕووداوەکەیاندا دەخەینو ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆزو سەرلێشێواویان دەکەین، حیسابی گەڕانەوەو دوورکەوتنەوەی خۆشمان لە شوێنی عەمەلیات کرابوو، هەر بۆیەش کاتژمێر یەک و پازدە دەقەی بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەر وەک گونجاوترین کات دیاری کراو بڕیاری لە سەر درا.

هێزی دوژمن نیزیک سێ ئەوەندەی هێزی پێشمەرگە بوون، بۆیە بڕیار درا ئاورێکی وایان لەسەر پشت بکرێتەوە زراویان بچێ و دەرەتانی کەمترین دەسکردنەوەیان پێ نەدرێ. هەر بۆیەش جی نارنجۆکمان هەبوو، هەموومان بە خۆمانەوە هەڵواسیبوو، چونکی تەقاندنەوەی نارنجۆک و کاریگەریی ئەو چەکە بە تەواوی ورەی بە دوژمن بەردەداو لە کاتی ئاوادا ئەوانی دەتەزاند.

وەک هەموو جارەکانی پێشوو، بەڵام ئەو جارەیان بە تایبەتی ئەوەی لەو شەوەدا زۆر گرینگ بوو، پیویستیی نەزمو ڕێکوپیکی لە جێبەجێ کردنی هەموو قۆناغەکانی عەمەلیاتدا بوو کە هەم ڕۆڵێکی ئەساسی گێڕاو هەمیش سەرکەوتنی بۆ ئیمە دەستەبەر کرد...


کاتژمێر دەی شەو دەست بەکار بووین و بەرەو گوندی نۆبار کەوتینە ڕێ. بە شێوەیەکی زۆر نەهێنیو هەرکەس لە پێش دەستەی خۆیەوە بێ سریوەو خشپە لە گوردان نزیک بووینەوە، دوو کەس لە ئەندامانی ڕێکخستنی حیزب، شەهیدان عوسمان و خدر لە دەرگای گوردان نیگابان بوونو کەسێکی سنەیی کە ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو، لە سەربانی گوردان کێشکی دەدا. ڕەمزی جێگیربوونی هەموو بەشەکانی عەمەلیات لە ١٥ دەقیقە پێش دەست بەکار بوون، هەڵکردنی چڵە شەمچەیەک بوو. وەستا ئەحمەدو خدرەسوورو برایم چووکەڵێ و سمایل بازیارو ئەفشین چووینە لای نیگابان، دەستەی عوسمان ئەفشین لە پێشدا دامەزرا. پاس بەخشی گوردان نەخەوتبوو. ئیشتیای لە چایی بوو بەڵام چای ویشکی نە دۆزیبۆوە. هاتبوو بە نیگابان بڵێ کە چاییەکە لە کوێ داندراوە. ئەو لەبەر دەرگاو یەکەم کەس بوو کە بە دیل گیرا.

پاشان دوو نەفەر دیاری کران تا نیگابانی سەربان بگرن، دوای تەواو بوونی کاری ئەوان کە زۆر ژیرانەو بێ هەڵە بەڕێوەیان برد، هەموو






کوڕەکانی دیکە لە شوێنی ئاستەمی خۆیان دامەزران و گوردان بە تەواوی گەمارۆ دراو بەر هەموو دەرگاو پەنجەرەکان گیرا. هێشتا ماوەیەک بۆ دەسپێکی عەمەلیاتەکە مابوو. وەستا ئەحمەد، فەرماندەری عەمەلیات بە نووسەری ئەو دێڕانەی گوت کە لەگەڵ عوسمان عەبدوڵاهی بچنە ژووری فەرماندەیی و فەرماندەی گوردان بەدیل بگرن. ئێمە چووین، بەڵام دەرگا لە ژوورەوە داخرابوو. گەڕامەوەو بە وەستام گوت کە داخراوە. وەستا گوتی نارنجۆک بخە دیوی ئیتلاعات و بەوە دەست بەکار دەبین. لەسەر بڕیاری وەستا ئەحمەد ئاڵقەی نارنجۆکێکی ڕووسیی چاشنی باریکم کێشاو بە دەستم شووشەی سەروو دەرگاکەم شکاندو خستمە ژوورەوە. کاتژمێر یەکو چارەگی نیوەشەو، یان باشتر وایە بلیم بەرەبەیان بوو کە شەڕ بە هاویشتنی ئەو نارنجۆکە دەستی پێ کرد. هێزی دوژمن کە قەت چاوەڕوانی ئەو هێرشە لەناکاوەی نەدەکرد، بە تەواوی حەپەسان. ئاور وەک بڕێشکە بە سەر هێزەکانی دوژمندا هەڵ دەتۆقین. شەڕ سات بە سات گەرمتر دەبوو، تەنانەت جێی واهەبوو کە پێشمەرگەو پاسدار باوشیان بە یەکتردا دەکردو فریای تەقە لە یەکتر نەدەکەوتن. دەست بەسەر داگرتنی گوردان کەمتر لە دوو سەعاتی برد. هەموو ئەوانەی دەستیان کردبۆوە کوژران و ئەوانەی خۆیان بە دەستەوەدا بەدیل گیران و پایەگاکەش ئاگری تێبەردرا ...



نەقشەی گوردان

لە کاتی عەمەلیات ئەوانە بەمجۆرە بەرپرسایيەتیان هەبوو. هەمزە بێهنام فەرماندەری هێزی بەیان، خدرە سوور فەرماندەری هێزی پێشەوا، وەستا ئەحمەد جێگری هێزی بەیان، برایم چووکەڵی فەرماندەری لک لە هێزی بەیان، عوسمان ئەفشین جێگری لک لە هێزی پێشەوا، محەممەد ئەسپوغە جێگری لک لە هێزی بەیان .

لەو عەمەلیاتەدا بە سەدان چەکی جۆراوجۆرو بە هەزاران فیشەک بە دەسکەوت گیرا، بەڵام خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە شەهیدبوونی چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی حەسەن عەزیزی ناسراو بە "حەسەن بەیان" و ڕەحمان زارعی لە هیزی بەیان و، ڕەحمان جەناح و وەلی فەتاحی لە هێزی پێشەوا شەهید بوون. ڕەحمان جەناح لە شەڕەکەدا بریندار ببوو، بەڵام بە هۆی کاریگەر بوونی برینەکەی ڕۆژی دواتر لە تەرەغە شەهید بوو. لەو عەمەلیاتەدا چەند پێشمەرگە کە هەر ئەوانەم لەبیر ماوە، بە ناوەکانی سمایل بازیار، عەلی لالە، هەمزە مەنگوڕ، عەلی سەراوی، سەعید ڕەحمانی، محەممەد عەلیزادە و عوسمان سەلیمی بریندار بوون...

لیدان لە گوردانی ئیمام حەسەن لە نۆبارو تەفروتوونا کردن و سووتاندنی ئەو گوردانە ڕێژیمی بە تەواوی تاساندو زەبرێکی تەواو گورچکبڕ بۆ ڕێژیم بوو.

هێزی هاوبەشی بەیانو پێشەوا دوای عەمەلیاتەکە بەرەو چیای تەرەغە کەوتینە ڕێ. هەرچەند سەرەتا شوێنی پاشەکشە پشتی حوسێن ئاباد دیاری کرابوو، بەڵام بەهۆی ئەوە عەمەلیاتەکە زۆری خایاندو بریندارمان هەبوو، نەمانتوانی خۆمان بگەیەنینە ئەو شوێنە.






بومە ڵێڵی بەیانیی ڕۆژی ٧ ی ڕەزبەر گرووپی زەربەتەکانی سپاو جاش و بەسیج و جوندولا خۆیان گەیاندە گوردانە سووتاوەکەو کەلاکی کوژراوەکانیان کۆ کردەوە. لە مەهابادیش‌ڕا هێزێکی زۆر خۆیان گەیاندبۆ ئاواییەکانی پاشبڵاغ، باخچەو نۆبار. هێزی پێشمەرگەش بەیانی بەپەلە خۆیان ڕێک خستەوەو بەرزاییەکانی تەرەغە، کۆشکی"خات زارا"و پشتی سەرباخچەیان گرتو چاوەڕوانی هاتنی هێزی ڕێژیمماینەوە. دیارە هیچ کام لە هێزەکانی پیادەی ڕێژیم ورەی نزیک بوونەوەیان لە پێشمەرگەکان نەبوو، هەر بۆیەش لە دوورەوە بە چەکی قورس دەستیان بە کوتانی سەنگەرەکانی ئێمە کرد...




کاتژمێری یەکی دوا نیوەڕۆ پۆلێکی حەوت کەسی جاش کە غیرەتیان وەبەر خۆیان نابوو، بەرەو چیای تەرەغە هەڵکشان، بەڵام هێشتا لە نیوەی ڕێگایەدا بوون کە کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانەوەو یەکیان بەناوی "جانە" بە دیل گیراو یەکیان برینداروئەوانی دیکەش بە شپڕێوی توانیان خۆیان ڕزگار بکەن...

ڕێژیم بۆ بردنەسەرێی ورەی هێزەکانی بەتۆپ سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران دەکرد، بەڵام تا ئێوارێ هێزی ڕێژیم توانای هاتنە پێشێی نەبوو. لای سەعات شەشی ئێوارێ گوللە تۆپێکی دوژمن کەوتە جێیەک کە برینداروودیلەکانی شەڕی نۆباری لێ بوو.

هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە پڕیشکێک وەسەری خدرەسوور، فەرماندەی هێزی پێشەوا بکەوێو بە توندی بریندار ببێ.

هێزی ڕێژیم لەگەڵ ئاوابوونی خۆر لە پاشەکشەی داو هێشتا هەوا ڕووناک بوو کە پێشمەرگە لە بەرزاییەکان‌ڕا هاتنە خوار. بە پەلە خۆم گەیاندە لای خدرەسوور. ئەوەی من بینیم جێی هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونەوە نەبوو، بە داخەوە سەعاتێکی دیکەی نەبرد کە شەهید بوو. خدرەسوور فەرماندەیەکی بە توانا، لێهاتوو، بە ئیمان و خۆڕاگر لەڕاستیدا چقڵی چاوی دوژمن بوو. لە فیداکارییەکانی ناوچەی مەهاباد جێ پەنجەی بە هەموویانەوە دیارە، بە دەیان لەخۆبوردوویی لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەکانی دێموکراتدا تۆمار کرد.

لە پیداچوونەوە بە جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی عەمەلیاتی گرتنی گوردانی نۆبار بەو جۆرە ئاکامگیری کرا کە شناسایی ورد، هاوکاری لە نێوخۆی گوردان‌ڕاو ئەسڵی غافڵگیری و ئاوری قورسی پێشمەرگە هۆکاری سەرکەوتنی عەمەلیاتەکە بوون‌و هەموو ماوەی عەمەلیاتەکەو دەستبەسەر داگرتن و کۆکردنەوەی بەڵگەو دەسکەوتەکان و سووتاندنەکەی سەعات و نیوێکی خایاند.

هەڵبەت ئەو کارە گەورەیە بێ کەم و کورێش نەبوو، ئەگەرچی باس کردن لەو کەموکوڕی و نوقسانانە هیچ لە گەورەیی و سەرکەوتنی عەمەلیاتەکە کەم ناکاتەوە، بەڵام ئاماژە پێ کردنیان بۆ مێژوو بە کەڵکە تا وەچەکانی داهاتوو بتوانن قامک لەسەر شوێنە لاوازەکان دابنێن و ڕێ لە دووپاتبوونەوەیان بگرن.

بەڵام نوقسانی یەکان چ بوون؟ هەرچەند لە کاتی شناسایی و، لە کاتی کۆبوونەوەی فەرماندەرانی نیزامیی‌دا ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرینگ،ئەویش نەردەی پەنجەرەکان کرابوو کە لە کاتی هاویشتنی نارنجۆک بۆ نێو ژوورەکانی نێو گوردانەکە کێشەیان بۆ ساز کردین. ئەوە






پێشمەرگەکان لە بەرچاویان نەگرتبوو. لەو کاتانەدا هیندێک نارنجۆکەکان بەر نەردەی پەنجەرەکان دەکەوتن و دەگەڕانەوە، هەر بەوەش چەند پێشمەرگەمان بریندار بوون. خاڵێکی دیکەش کە وەک کەم و کوڕی دەتوانین ببینین ئەوە بوو کە بە باشی ئەوە لێک نەدرابۆوە کە ئەگەر بریندار زۆرمان هەبێ، دەبوا بۆ چارەسەری و گواستنەوەیان بۆ دواوە لە کاتی پاشەکشەدا مشووری زیاترمان خواردبا. بەڵام هۆیەکان و خاڵە بەهێزەکانی گەلاڵەکە زۆر زۆر لەوە زیاتر بوون، هەر بۆیەش بووو کە توانیمان گوردانێکی ١٤٨ کەسی لەبەر یەک هەڵتەکێنین. بێ گومان ئەگەر نەزم و شناسایی وردو نەهێنی کاریی تەواو نەبوایە، کاری ئاوا گرینگ سەرنەدەکەوت. بێ گومان ئەگەر هێزەکانی دوژمن دەرەتانی دەسکردنەوە و خۆ ڕیکخستنیان پێ درابا، نە عەمەلیاتەکە سەردەکەوت و نە ئێمەش بەمجۆرە ڕزگارمان دەبوو. بێشک ئەو کات زیانەکانی ئێمە زۆر لەوە زیاتر دەبوون ...

تیمی شناسایی زۆر بە وردی زانیارییەکانی لەسەر جوغرافیای گوردان، دیدەبانی، وەرەی هێزەکان، پێکهاتەی هێزەکان، لە کارخستنی نورئەفکەنەکان، دەستنیشان کردنی ناوچەی مینرێژکراو، چۆن دزەکردنە نێو گوردان خڕ کردبۆوەو ئەساسی عەمەلیاتەکەش لەسەر ئەو زانیارییە وردو ڕاستانە دارێژران .

لە لایەکی دیکەوە دوژمن ئەو بنکە نیزامییە گرینگەی لە شوێنێک دانابوو کە لە معادلاتی نیزامیی خۆیدا قەت پێشبینی ئەو ڕۆژەو حیسابی بۆ هێرشی ئێمە بۆ سەر ئەو گوردانەکەی نەکردبو. ڕێژیم پێی وابوو بە هۆی دەشتایی شوێنی گوردانەکە کەس ناتوانێ خۆ لە قەرەی بداو بە هۆی زۆربوونی هێزی نێو گوردانەکە قەت پێی وانەبوو پێشمەرگە بیر لە هێرش کردنە سەر ئەو شوێنە بکا. ئەوەش فەرماندەرانی ئەو شوێنەی غەڕرە کردبوو، بەڵام ئەوە پلاندانەران و فەرماندەرانی پێشمەرگە بوون کە ڕاست ئەو خاڵە لاوازانەی دوژمنیان قۆستەوەو کاریان لەسەر کردو ئەو شانازییەیان بۆ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کرد....



شەهیدانی نۆبار : ڕەحمان جناح، وەلی فەتتاحی، ڕەحمان زارعی و حەسەن عەزیزی

خاڵی بە هێزی دیکە هەر لەو ساڵەدا هاوکاری دوو هێزی پێشمەرگەی ناوچەکانی بۆکانو مەهاباد بوو. هاوکاریی هێزی بەیانو هێزی پێشەوا لە چەندین عەمەلیات لەو ساڵەدا بە ئەزموون دەری خست کە لە کاتی پێویست دا هاوکاری و گۆڕینەوەی ئەزموونەکان دەتوانێ زۆر دەسکەوتی مەزن دەستەبەر بکا. لە گرتنی گوردانی نۆباریشدا هاوکاریی دوو هێزی بەیان و پێشەوا بووە هۆی ئەوەی ئاورێکی وا لە سەر پشتی دوژمن بکرێتەوە کە قەت نەتوانن لە بیری بکەن و وەرەی خەڵکیش وەک پشتیوانی بە هێزی پێشمەرگە ئەوەندەی دیکە بچێتە سەر .

پێم باشە کە وەبیری بێنمەوە رادیوی حیزبی دێموکرات لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئەو عەمەلیاتەدا بۆ یەکەمین جار شەش کەڕەت لەسەر یەک گوتی "سەرنج بدەن.. سەرنج بدەن"، ئەو دەستەواژەی کە ئەو کات بۆ سەرکەوتنی مەزنی هێزی پێشمەرگە بەکاریان دێنا. دیسان هەر بە باشی دەزانم وتاری" ئەوەیە هەڵمەتی قارەمانانە" کە بە قەڵەمی دوکتور سادق شەرەفکەندی بە بۆنەی ئەو عەمەلیاتەوە نووسرابوو. ئەو وتارە چوار ڕۆژ دواتر لە رادیو خوێندرایەوە :

# ئاڵبۆمی وێنەکانی مێژوو




لەراستەوە خاڵەحەسەن، حوسێن ساڵحی، برایم چووکەڵی وشەهید محەممەد علیزادە بریندارەکە: عەلی شەهابی دوو رۆژ دواتر شەهید بوو ساڵی ١٣٦٩




لەراستەوە:حسن داشاغل، عارف داشاغل، شەهید محمدسالح ئیبراهیم ئازەر، ئەسعەد باریکە، شەهیدرەحمان بوردزیل، شەهید خالیدپژگول، ئەنوەر سەرچاوە، ئیسلام رەحمەتی و سولیمان بارزان. دانیشتوان: حەسەن میرزایی، ئەبووبەکر نوورانی، جەعفەر کەتانی و رەحیم مکانیک ساڵی ١٣٦١







برایم چووکەڵی، شەهید حوسێن نادری هاوینی ساڵی ١٣٦٥


سلێمان سەعیدی و برایم چووکەڵی پێش عەمەلیاتی دارەگردەلە گەلاوێژی ١٣٦٥


برایم چووکەڵی، سوڵتان گولاوی و شەهید سمایل خورشیدی ساڵی ١٣٦٤


برایم چووکەڵی  یوسب ئیسماعیل زادە پاییزی ساڵی ١٣٦٤


برایم چووکەڵی، محەممەد بۆکانی و عەلی لالە ساڵی ١٣٦٥ ساعەت ٥ی بەیانی قوشەهوو



شەهید سمایل خورشیدی، برایم چووکەڵی و شەهید ئەحمەد قادری بەهاری ساڵی ١٣٦٥



شەهیدان : عەلی باڵدار، ڕەحمان بۆردزێل و تاهیر خزری ١٣٦١



خالید فلاح زادە، عەلی محموودی، محەممەد مام حوسێنی، فەتتاح ئیلخانی زادە و عوسمان مەمیل



شەهید خالید ڕەشیدی. محەممەد شەهرەوان، شەهید شاماڵ و فەتتاح ئیلخانیزادە. ساڵی ١٣٦٤



شەهید هەمزە ئیفتخاری، عەلی لالە، برایم چووکەڵی و سمایل شەریفزادە بەهاری ساڵی ١٣٦٥



پێش گرتنی پایەگای باغلووخە کە زۆر ماندوو بووین ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥



شەهید عوسمان عەبدولاهی، کەماڵ شێرخانی، سەید ئەحمەد تورابی، برایم چووکەڵی و شەهید محەممەد عەلیزادە ساڵی ١٣٦٨



لەراستەوە: ؟، سولیمان بارزان، رحمان جەمشیدی، شەهیدعەلی زارعی، فەتاح سور، محەممەد گامێشگۆلی، سمایل ئینگیجە،
شەهید عومەر کەریمی، مەحمود ترکاشەوشەهید ناسرباریک ١٣٦١





شەهید برایم خەتایی، جەلیل سور، برایم چووکەڵی، شەهید خلەمێوژە، شەهید جەعفەرنۆمسلمان،
عەولای عەولادی، قارەمان سلیمی، مستەفا رەحمان پوور، شەهید مستەفا مەحمودزادە،





جەعفەر خەبات، برایم چووکەڵی، عوسمان بەدری و هادی سیدە.
هاوینی ١٣٦٣ نەخۆشخانەی شۆڕش [ دەشتیو ] دوای شەڕی شارویران










ڕۆژە سەختەکان




پێشمەرگە
هەڵۆی سەرشاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چرۆ بستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیداکارو قەڵا ڕووخێنە پێشمەرگە
ئەحمەد قادری
ڕەحمان نەقشی




## رۆژە سەختەکان

نووسینی : برایم چووکەڵی

ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی